تصوير أبو عبد الرحمن الكردي

کورد و گەڕان بەدوای خۆدا

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

ئەکرەمی میهرداد

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

کوردو گەڕان بەدوای خۆدا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب

* * *

ناونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

کورد و گەڕان بەدوای خۆدا

ئەکرەمی میهرداد

ناوی کتێب: کورد و گەڕان بەدوای خۆدا
نووسینی: ئەکرەمی میهرداد
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٦٢٤
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: مریەم موتەقیبیان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٩٧)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

پێشەکی

بۆ گەڕان بەدوای کوردا یان گەڕانی کورد بەدوای خۆدا، بەشێکی زۆری دەچێتە ناو گەڕان لە مێژوودا یان گەڕانەوە بۆ ڕابردوو. بۆ ناسین و لێکدانەوەی مێژوویش پێویستیمان بەشێوەیەک تێگەیشتن و گەڕان دەبێت کە بتوانێت بەشێکی زۆری گۆڕانکاری و کاریگەرییەکانی مێژوو لێک بداتەوە و لە هەموو ئاستە جیاوازەکانی جوگرافی (شوێن)، مێژوویی (کات) و مرۆڤایەتیدا لێکدانەوە بکات و بتوانێت کاریگەری و کارلێکی هەموو ئەم ئاستانە لەسەر یەکتری و سەرەنجام مێژووی پەیدا بوو بەهۆی ئەو توخمانەوە، هەڵبسەنگێنێت.

هەر وەک دەزانین چۆن لە بیر، سیاسەت و فەلسەفەدا، چەندین ڕێباز و قوتابخانە هەیە، هەر بەو شێوەیەش بۆ ناسین و تێگەیشتنی مێژووش چەندین قوتابخانەی لێکۆڵینەوەی مێژوویی هەیە کە لە سەردەمە جیاوازەکاندا توانیویانە بەشێک لە ئەزموونی مێژووی مرۆڤایەتی بەپێی لێکدانەوەکانی خۆیان بناسن و بناسێنن. قوتابخانەی مێژووی کورتخایەن یان قوتابخانەی (مێژووی ڕووداوەکان)[1]ی سەدەی نۆزدەهەم مێژووی سیاسی و دیپلۆماتیک بەنموونەی هەرە دیاری مێژووی ڕووداوەکان دەزانێت. ئەم شێوەیە لە بیرکردنەوەی مێژوویی، کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا ناودار بوو، نە تەنها مێژوو وەکو تابلۆیەک یان بابەتی بوونێک "عینیت" دەناسێت کە تیایدا بینەر بەتەواوی پشتگوێ دەخرێت، بەشێوەیەک کە هیچ مەودایەک بۆ بیرکردنەوەی مێژوویی بەناونیشانی دووبارە سازی و نوێکردنەوە نامێنێت، بەڵکو ئەم ڕێبازە پرسی مێژووی ڕابردوو، وەکو پرسێکی نەگۆڕ و وەستاو، دەناسێت. واتە درێژ بوونەوە و بەردەوامبوونی کاریگەریی مێژووی ڕابردوو لەسەر ئێستا نابینێت و تێگەیشتنی میتافیزیکی نەگۆڕ و نابەردەوام لە مێژوو، بەیان دەکات.

یەکێک لە دژوارییە کاریگەرەکانی، کە زاڵە بەسەر قوتابخانەی کورتخایەندا،

ئەوەیە مێژوو دەکاتە واقیع نامەیەکی بەدەر لە تێگەیشتنی قووڵ و گۆڕاو و بەردەوام لە خودی ئەو مێژووە. هەر وەکو باسمان کرد دەیکاتە تابلۆیەک یان پەیکەرێک بەناوی بابەتی بوونەوە. ڕوانگەی چوون یەکی کاتی "زمنی" و تاکێتیی ڕوانگەکان کە ئەم مێژووە کورتخایەنە پشتی پێ دەبەستێ، کاتێک کە ناچارە گۆڕان و خوێندنەوە و کاریگەریی هەڵوێست و ڕوانگەکانی دیکە لەسەر مێژووەکەی خۆی ببینێت بەناوی شێوەیەک لە نمایشی ساز و بەرگی بیانی دەیناسێت، واتە دیسان ئامادە نییە کە هەڵوێستی هاوئامێزی و کاریگەریی چالاکی و ڕوانگەکان لەسەریەک وەکو کارێکی سروشتی و مرۆڤانە و مێژوویی ببینێت.

ئەم قوتابخانەیە پەیوەندی و کاریگەریی ڕووداوەکان و ساتە مێژووییەکانیش لەسەریەک نابینێت و هەر سەردەم و ڕووداوێک بە جیا لەوانی دیکە سەیر دەکات و پەیوەندی و ئاڵۆزیی ڕووداوەکان و کاریگەریی درێژ ماوەی مێژوویی و بەردەوامبوونی کاریگەرە مێژووییەکان لەسەر ئێستا نابینێت و مرۆڤەکانی ئێستا دەکاتە بینەرێکی بێ کار لە بەرامبەر ئەو سەردەم و ڕووداوانەدا.

تیۆری و ڕێبازی مارکسیزم، یەکێکە لە قوتابخانەکانی کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بەولاوە کاریگەریی هەیە لەسەر تێگەیشتنی مێژوویی. ئەم قوتابخانەیەش هەر وەکو قوتابخانەی "کورتماوەی ڕووداوەکان" تاکە لێکدانەوەیەک و تاکە ئاستێک بۆ تێگەیشتنی مێژوویی لەبەرچاو دەگرێت و دەڵێت: کاریگەریی بوونی کۆمەڵایەتییە کە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات، کە بێگومان مێژوویش بەشێکە لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی. ئەم لێکدانەوەیە سەرەڕای ئەوەی کە تاک ڕەهەندە، تاک ئاراستەشە، چونکە ئەوە نابینێت کە هۆشیاریی کۆمەڵایەتیش دەتوانێت کاریگەریی زۆر جدی - جیروفی لەسەر دیاریکردنی بوونی کۆمەڵایەتی بکات. ئەم ڕێبازە هەموو ڕووداوەکان و گۆڕانەکان وەکو ڕەنگدانەوەیەکی پێویستی بوونی کۆمەڵایەتی و کاریگەریی سیستەمی ئابووری- سیاسی- کۆمەڵایەتی دەناسێنێت.

لە ناوەڕاستی سەدەی بیست بەدواوە و دروست لە ساڵی ١٩٤٩دا، ڕێباز و قوتابخانەیەکی دیکەی تێگەیشتنی مێژوویی کە بە قوتابخانەی (مێژووی درێژخایەن)[٢] یان قوتابخانەی (ئانالّ) بەچاودێریی فرنان برۆدێلی فەرەنسی

(١٩٠٢- ١٩٨٥) دێتە ئاراوە و گەلێک گۆڕانکاریی میتۆدیی گرنگ لە تێگەیشتنی مێژوودا بەدی دەهێنێت و لێکدانەوەی فرەیی و چەند ئاستی و فراوان بۆ ناسینی مێژوو پەیدا دەکات. فرنان برۆدێل و هاوڕێکانی لە قوتابخانەی ئانالی فەرەنسی چەمکی مێژوویی فراوانتر دەکەن و کاریگەریی لەسەرخۆ و شێنەیی جوگرافیایی دەخەنە ناو مێژووەوە و گۆڕانی (مێژوویی) نەتەنها بەهۆی ئاگایی بەدەر لە ڕووداوەکان، بەڵکو لەگەڵ گۆڕانکارییە درێژ ماوەکاندا دەیگونجێنن کە سەرەڕای ئاگایی بکەرەکان ڕوو دەدات.

پاشان، مێژووی درێژخایەن، مێژووی گۆڕانکارییە بونیادییە سەرەکییەکانیشە، بەڵام ئەم گۆڕانانە تەنها بەوە لێک نادرێتەوە کە توانیویەتی چ شێوەیەکی گۆڕان پەیدا بکات، بەڵکو دەتوانێت لەوە تێ بگات ڕووداوەکان یان بونیاد تەنها بڕیاڕدەری ئەم گۆڕانانەن. بۆ ناسین و تێگەیشتنی زیاتر لەم قوتابخانە و تیۆرە مێژووییە، پێویستیمان بەوە هەیە کە سیفات و ئاستەکان و پێکهێنەرەکانی تێگەیشتنی "مێژووی درێژخایەن" شارەزا بین:

یەکەم، ڕەهەندی شوێن و کاریگەریی شوێن لەسەر مێژوو، فراوانکردنی تێگەیشتنی مێژوویی کە جێگای کاریگەریی شوێنی تێدا بێتەوە لەسەر گۆڕان و ڕووداوە مێژووییەکان. ئەم ڕەهەندە سەربەخۆ لە ئاگایی بکەرە مێژووییەکان و لە سەرووی ویست و خواستی ئەوانەوە، کاریگەریی زۆری لەسەر مێژووی ئەو ناوچەیە هەیە. واتە مێژوو تەنها بەمانای کارەکانی مرۆڤی پێشوو نییە، بەڵکو زۆرجار بەشێوەیەکی بڕیاردەریش، مێژوو بەرئەنجامی کاریگەرە شێنەیی و هەست پێنەکراوەکانی شوێن و سروشتیشە. لە ئەنجامدا بەهەمان ڕادەی کە کارەکانی مرۆڤ کاریگەرە لەسەر زەمینەی شوێن و سروشت، بەهەمان شێوەش زەمینەی سروشتی دەتوانێت کار لە گۆڕانکارییە مرۆڤایەتییەکان بکات. تێگەیشتنی ئەم قوتابخانەیە سەبارەت بەشوێن دەتوانێت بەم جۆرە بێت: (کات مەندکردن) یان (مێژوو مەندکردنی) شوێنە، واتە دانی ڕەهەندی کاتە بە شوێن.

بۆ سەلماندنی ئەم خاڵە و تێگەیشتنی کاریگەریی شوێن لەسەر مێژووی کورد، بەبڕوای من دەبێت تەماشای ناوچەی ئازەربایجان (ئاگر بایەگان) بکەین بەهەردوو

ناوچەی باکوور و باشووریەوە. ئەم ناوە، ناوێکی ئاری و ئێرانییە و لە کۆنەوە ناوچەیەکی ڕەسەنی نیشتەجێبوونی خێڵەکانی "ئێریەن ڤاچ"ە و لە پێش سەردەمی زەردەشت و میدیاوە، نیشتمانی ڕەسەنی خێڵە ئارییاییەکان ناوچەی "ئازەرییە"، کە هەردوو وشەی ئاری و ئازەری هەمان مانای ئاگر دەدات و وەکو ئاشکراشە کە ئاگر چ سیفەتێک و کاریگەرییەکی خێڵە ئارییاییەکان بووە. بەڵام ئەم ناوچەیە نزیکترین و گونجاوترین ناوچەی ئارییاییە، کە خێڵە تۆرانی و تورکمانەکان، توانیویانە لە ڕێگەیەوە دەست بکەن بەداگیرکردنی ناوچەکانی باشوور و ڕۆژئاوای خۆیان. خێڵە تۆرانییەکان کە لە زێد و ناوچەیەکی بیابانیی سارددان و لە شوێنێکی بێدەرەتاندان، بەردەوام پێویستییان بە داگیرکردنی ناوچەکانی دیکە بووە، کە نزیکترین شوێن لێیانەوە، ناوچەی ئازەربایجان بووە. هێرشەکانی سەلجووقی، مەگۆلی، تەتەری، ئاق قۆینلۆ و قەرەقۆینلۆ و سەرەنجام عوسمانییەکان لە ڕێگای ئازەربایجانەوە لە ئەنجامی مێژوویەکی درێژ ماوەدا، ئەو ناوچە (ئازەری و ئاری)یەی کردووە بەناوچەیەکی تورک و تورکمان نشین.

دووەم، تیۆری مێژوویی درێژخایەن، جیاواز لە قوتابخانەی مێژوویی سوننەتی و گێڕانەوە "ڕوایی"، کاریگەریی کار و چالاکییە فرە و بەرامبەرەکان کە یەکێتییەکی مێژوویی فراوانتر دروست دەکەن، لەبەرچاو دەگرێت. برۆدێل ئەم یەکێتییە بەزاراوەی "پەیوەندی و بونیاد" بەیان دەکات، کە کاریگەریی تێگەیشتنی نیچەی لەسەرە، قسەکردن لە مێژوو، بەهۆی ئەوەیە کە لەیەک کاتدا گەلێک هەڵوێست یان تیڕوانینی جیاواز کار دەکەنە سەر هەمان مێژوو(٣)، نەک تەنها یەکێک لە لایەنەکان دروستکەری مێژووە، ئەگەر ئەو لایەنەش لە ئەنجامدا سەرکەوتوو بێت. بۆ سەلماندنی ئەم هاوکاریگەری و دروستبوونی یەکێتییە مێژووییە، نموونەی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، نموونەیەکی بەرچاوە، هەر چەندە لە ئەنجامدا ئەوان سەرکەوتوون و کوردستانیان داگیرکردووە، بەڵام کوردیش بەدەوری خۆی توانیویەتی کاریگەریی خۆی لەناو ئەواندا بهێڵێتەوە. بوونی میرنشینەکانی کورد لەناو ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێرانی دەتوانرێت وەکو مانەوەی کاریگەری کوردی حسابی بۆ بکرێت، هەرچەندە پاشکۆیەتی ئەو میرنشینانە بۆ هێزە ئیمپراتۆرییەکان دەبێت وەکو کاریگەریی ئەوان لەسەر کورد لێک بدرێتەوە.

مەسەلەی تەسەوف و دینی ئیسلامی عەرەبیش، بەبڕوای من دەتوانرێت وەکو کاریگەریی دینیی کورد و ئیسلام لەسەر یەکتری حسابی بۆ بکرێت و سەرەنجام ناوەرۆکی دینیی کورد (ناوەڕۆکی تەسەوف) و ڕواڵەتی دینی عەرەبی (تەسلیم بوونی تەسەوف لەکار و بارەکانی دنیادا و وازهێنانی لە مەسەلەی حوکم و دەسەڵات بە قازانجی خەلافەتی ئیسلامی) دەبێتە یەکێتییەکی پەیوەند و بونیاد لە وڵاتی کورداندا.

سێیەم، مێژووی برۆدێل، هەر وەکو مێژووی فۆکۆ، لە جیاتی کۆشش بۆ جیاکردنەوەی پلەکانی واقیعییەت کە لە ساتێک یا چەند ساتێکدا ڕوودەدات، هەوڵ دەدات کە لە "چۆنییەتی پەیدابوونی شێوەکانی وتار و کار"[٤] تێ بگات و بتوانێت ئەلگۆکانی سروشت و چالاکی و هێزە بەرامبەرەکان لەسەر یەکتری بناسێت. برۆدێل دەڵێت: پێش کارەکانی قوتابخانەی ئانالّ، مێژوونووسان بەمێژووی کورتخایەن، یان ئەوەی کە بە "مێژووی ڕووداوەکان، ناسراوە" پشتیان دەبەست. لەلای برۆدێل، مێژوویەکی تاک ئاراستە بوونی نییە، هەر بەو شێوەیەی کە تاکی دابڕاو بوونی نییە. لە لای برۆدێل، مێژوو "سیمایەکی بەردەوامە" کە هەمیشە لە جووڵەدایە؛ "تۆڕێکە لە پرسەکان" کە هەموویان بەیەکەوە گرێ دراون کە هەریەک "بەنۆبەی خۆی دەتوانێت سەد لایەنی جیاواز و ناکۆک"، بەخۆیەوە بگرێت.

ئەگەر تەماشای شۆڕشەکانی کررد بکەین، نابێ هەروا تێ بگەین کە کاریگەریی شۆڕشەکان لەسەر کورد، تەنها کاریگەرییەکی پۆزەتیف و بەقازانجی کورد بووە. گەلێک جاریش دەستبردن بۆ شۆڕش و وەلانانی سازش بووەتە کاریگەرییەکی نێگەتیف و زیان پێگەیەنەری کورد و کوردیش گەلێک هەلی لەدەست چووە، بۆ بنیاتنانی ژیانێکی ئارام و پڕلە ئاسایش، بەهۆی خراپ هەڵسەنگاندن و زوو پەنا بردنە بەر شۆڕش و توندوتیژی، سەرەڕای ئەوەی کە شۆڕشەکان زیانیان بەداگیرکەران گەیاندووە، بەڵام لەڕاستیدا چەندانی ئەوە زیانیان بەکوردیش گەیاندووە.

چوارەم، پەسەندکردنی ڕێبازی مێژووی درێژخایەن بەمانای ئامادە بوونی گۆڕانی هەر شتێک: لە بیرکردنەوە سەبارەت بەشێوازی نووسین و دەربڕینی بیروباوەڕەکان

له دەوری مێژوو تا پەسەندکردنی گۆڕانکارییەکان لە هەموو ئاستەکانی شوێنی و کاتی و مرۆڤایەتیدا و پاشان کاریگەریی هەموو ئاست و گۆڕانکارییەکان لەسەر پەیدا بوونی مێژوویەکی درێژماوە و بەردەوام تاکاتی ئێستا و تەنانەت کاریگەریی ئەو مێژووە و ئاستەکانی لەسەر ئایندەش. قوتابخانەی ئانال، مێژوو بە پرسێکی کراوە و چەند لایەنە و بەردەوام و ئاڵگۆڕکەر دەناسێت و ئامادەیە تێگەیشتنی خۆی بسازێنێت لەگەڵ هەر گۆڕان و بەردەوامبوونێکدا کە ڕوو دەدات. وێڕای ئەمانەش کاریگەرییەکانی ئابووری، جوگرافیا، مرۆڤ و کۆمەڵناسی دەتوانێت لەسەر بوون و پەیدابوون و گۆڕان و بەردەوامبوونی مێژوو دەوری هەبێت و تەنانەت بیر و باوەڕ و ئایدۆلۆژیاکانیش بەدەوری خۆیان کاریگەرییان هەیە لەسەر دروستبوون و گۆڕانی مێژوویی.

دەست ڕاگەیشتن بەڕاستیی بوونی مرۆڤ و سروشت، مۆنۆپۆڵکراوی هیچ یەکێک لە زانستەکان بەتەنها نییە، هەرچەندە مەنتقی لێکدانەوەی ئەم زانستانە ئەو مانایە بەدەستەوە دەدات کە هەق و ڕاستی تەنها لە لای ئەو زانستە یان ئەو بیر و باوەڕەیە بۆ بەدەستهێنانی مانایەکی ڕاستیی بوونی مرۆڤ و سروشت و مێژوو. برۆدێل (لە پێناوی نووسینی مێژووی) زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا سوود لە هەموو ڕشتە و زانست و بیر و باوەڕەکان وەردەگرێت، چونکە گرنگیی سەرەکیی مێژووی بنیاتنراو لەسەر دەورانی درێژخایەن لە گرەوی ئەوەدایە کە بەڕاستی چەند لایەن و ئاست و بیر و باوەڕ و زانست و ڕووداوەکان، بۆ تێگەیشتنی ئەو مێژووە بەکاریگەر بزانێت.

پێنجەم، نوێگەریی برۆدێل لە نووسینەوەی مێژوودا، کاریگەرییەکی گەورەی کردووەتە سەر ڕێبازی مێژوویی دوای خۆی و توانیویەتی قوتابخانەکانی دیکە لە قوتابخانەی گێڕانەوە یان کورتخایەنی ڕووداوەکان، تا قوتابخانەی مارکسیستی پشت بەستوو بە تێگەیشتنی مادی لە مێژوو بەجێ بهێڵێت و ئاسۆیەکی نوێ، فرە، چەند ئاستی، چەند تێگەیشتن، بەردەوام و گۆڕاو لە مێژوودا بەدی بهێنێت بەیانی ئەوە بکات کە تاکە لێکدانەوەیەک، ئاستێک، هۆکارێک، کاتێک کە دابڕاو و نەگۆڕن ناتوانێت دەستی ڕابگات بەتێگەیشتنی نزیک و گونجاو لە سروشت، مرۆڤ مێژوو. لێکدانەوەکانی برۆدێل دەتوانێت نەک تەنها نووسینەوەی مێژوو بێت، بەڵکو بۆ خۆی

هەوڵێکە بۆ بەدیهێنانی "فەلسەفەیەکی نوی بۆ مێژوو" یەکێک لە کارە هەرە گرنگەکانی برۆدێل ئەوەیە کە ئێمە ڕزگار دەکات لە تاک ئەندێشی و دوگم (جەزم) ئەندێشی و لە ناسنامە داخراو و تاک و نەگۆڕەکانیش وەرمان دەچەرخێنێ، بۆیە بەڕاستی دەتوانین بڵێین کە برۆدێل یەکەمین مێژوونووسی پۆست مۆدێرنە(٥).

شەشەم، قوتابخانە و تیۆری مێژووی درێژخایەن، وێڕای ئەو خاڵانەی کە پێشتر باسمان کردن، گرنگی دەدات بە کاریگەریی ڕژێمە سیاسی- کۆمەلایەتی- ئابوورییەکان و ڕووداوەکان (بەڕووداوی پێویست و پەیدابوو لە ئەنجامی شوێن، سیستەم و ڕووداوەکانی پێشوو تا ڕووداوە ڕێکەوتەکانیش کە هەندێک جار دەتوانێت کاریگەریی هەبێت) و بکەرەکان (بکەری کۆی کۆمەلایەتی و بکەرە تاکەکان) دەوریان هەیە لە نەخشاندنی مێژوو وە بەردەوامبوون و ئاڵوگۆڕەکانی. بەشێوەیەکی گشتی برۆدێل و تیۆرەکەی سەرەڕای ئەوەی کە گەلێک توخم و ئاست و کاریگەریی مێژووی نوێی بۆ تێگەیشتن لە مێژوو زیاد کردووە، دەستبەرداری لێکدانەوەکانی پێشوویش (لێکدانەوەی مارکسیتی و تیۆری مێژوویی کورتخایەن) نابێت و لەگەڵ ئەوانیشدا دەتوانێت هاوئامێزانی و کۆدەنگی بۆ ناسین و شارەزابوونی مێژوویی بەدی دەهێنێت و هەوڵ ئەدات لە هەر کەناڵێکەوە، ئاستێکەوە، بەهۆی هەر بیر و ئەندێشەیەکەوە بێت، مێژوو و کاریگەرییەکانی مێژوو بناسین و لێوەی فێربین، ئەمە وێڕای درێژ بوونەوە و بەردەوامبوونی مێژوو بۆ کاتی ئێستا.

لە بەشەکانی داهاتووی ئەم نووسینەدا، هەوڵ ئەدەم کە بە پێی تێگەیشتنی تیۆری مێژووی درێژخایەنی فرنان برۆدێل، خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ گەڕانی کورد بەدوای خۆیدا بنووسم.

سەرچاوە

(١) جان لچت، پنجاە متفکر بزرگ معاصر، (از ساختارگرایی تاپسا مدرنیتە) ترجمە، محسن حکیمی، انتشارات خجستە، تهران ١٣٧٧ (١٩٩٨).

(٢) هەمان سەچاوە.

(٣) و(٤) و(٥) هەمان سەچاوە.

بەشی (تاریخ نگاری ساختاری)، فرنان برۆدێل.

بەشی یەکەم

* هەموو زانایان و شارەزایانی نەتەوایەتی و ئەسنۆگۆافیا لەسەر ئەوە هاوڕان کە زۆربەی نەژادەکانی[1] جیهان ئەم قۆناغانەیان بڕیوە کە بریتییە لە خێزان، خێڵ، ناوچە، میللەت (القوم) و نەتەوە. ئەم قۆناغانە هەر یەکەیان لە دوای ئەوی دی دێت و بەبۆنەی قۆناغەکەی پێش خۆیەوە، پلەیەکی پێشکەوتووتری ژیارییە. قۆناغی خێزان کاریگەریی ئەوتۆی لەسەر نەژادەکان نییە، واتە کاتێک دەتوانین بڵێین نەژادێک بەرەو دروستبوون دەچێت کە بچێتە قۆناغی خێڵەوە و ئەویش لە ئەنجامی کۆبوونەوەی چەند خێزانێک پێک دێت. لێکدانەوەی نەژادی کورد، لەم قۆناغەدا (خێڵ) بەخێڵە ئارییاییەکان، خێڵە زاگرۆسییەکان، خێڵەکانی میسۆپۆتامیای باکوور و ئەنادۆڵ ەوە گرێ دراوە. بۆیەش دەڵێم گرێ دراوە و ناڵێم کتومت کورد بریتییە لەو خێڵانە، چونکە هەر ئەو خێڵانە پەیوەندییان بە نەژادەکانی دیکەوە هەیە، بەتایبەتی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی (ئاریایی). لە ڕاستیدا ئەگەر بێتو واز لە ڕوانینی نەژادپەرستانە بێنین و بە چاوێکی مێژوویی- زانستی- مرۆڤایەتییەوە لە دروستبوونی نەژادەکان بکۆڵینەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هیچ نەژادێک لە تەنها سەرچاوەیەکەوە پەیدا نەبووە و نەژادی تاک و پاک "نقی" Pure لەناو میللەت و نەتەوەکاندا بەدی ناکرێت و هەموو نەتەوەکان (بەتایبەتی ئەوانەی لەنزیکی یەکتر دەژین) پەیوەندیی نەژادییان بەیەکترەوە هەیە و خێڵەکان سەرچاوەی پێکهاتنی ئەو نەتەوانەن. خێڵەکانی زاگرۆسی و ئاریایی بەو پێیەی پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە، هەر بەو ڕادەیەش سەرچاوەیەکن بۆ پێکهاتنی نەتەوەی فارسیش.

لەگەڵ پەیدابوونی میدیا لە دەوروبەری (٧٠٠پ.ز) کورد دەچێتە قۆناغی میللەتەوە و لە ئەنجامی یەکگرتنی خێڵەکانیماننا، ماد، میهری، خۆرییەکان و خێڵەکانی دیکەی زاگرۆس و ئەریزانتییەکان (ئاری) قەوارەی میللەتی میدیا پێک دەهێنن و بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەم ناوچەیەدا، دەسەڵاتی شار و دەوڵەتی شار (هەمەدان)

پێک دێت. بەشێک لە مێژوونووسەکان و سەرچاوەکان دەڵێن کە میدیا بەتەواوی باپیرە گەورەی کوردانن و هەندێکی تریان دەڵێن سەرەتای هاتنە ناو مێژووی وڵاتی ئێران و ئارییەکانە، واتە میدیا دەبەنەوە بۆ هەموو ئێرانییەکان نەک تەنها بۆ کورد. بەڵام ئەگەر تەماشای سەرچاوەکانی سەردەمی میدیا و کەمێک پاش میدیا (ئاڤێستا، بەردە تاشراوەکانی بێستون و نووسینە گریکییەکان) بکەین لە بۆچوونی دووەم نزیک دەبینەوە و میدیاش (میللەت)، هەر وەکو خێڵە زاگرۆسییەکان و ئارییەکان، بەشێکە لە نەژادی ئاری و ئێرانی و بەپێی وتەی خودی زەردەشت و ئاڤێستا[٢]، کە زمانی نووسراوی میدیایە، زمانەکەیان و نەژادەکەیان بە "ئێریەن ڤاچ" ناسراوە کە مانای (ئەوانەی بەئاری ئەدوێن) دەدات. ئێریەن واتە ئاری و ئاریایی و ڤاچ واتە دواندن و ئێستا بووەتە (وێژە، واتە، واژە، وتە، وشە و لە لای هەورامییەکان ماچۆ). بەپێی ئەم بەڵگە کۆنانە دیسان دەتوانین بڵێین کە میدیا هەر بەشێکە لە نەژادی ئاری و لەم سەردەمەشدا، نەژادی ئاری هەر پێکەوە بوون و دابەش بوون (بۆ کورد و فارس) لە گۆڕێدا نییەو بەڵام دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت کە ئەم گۆران و بەرەو مێژوو چوونە (زانا ئێرانییەکان دەڵێن یەکەم جار وڵاتی ئێران و نەژادی ئاری لەساڵی "٧٠٠پ.ز"دا و بەدواوە هاتنە ناو مێژووەوە، سەردەمی پێش میدیا بە سەردەمی ئەفسانە و پێش مێژوو دادەنرێت)[٣] لە ڕۆژئاوای ئێران، لە میدیا و لە کوردستانی ئێستادا بوو[٤].

لە نەمانی (ڕووخانی) میدیا و هاتنە سەرکاری هەخامەنشی، دیسان هەمان لێکدانەوە دێتە گۆڕێ و هەر وەکو میدیا بەشێکە لە نەژادی ئاری، هەر بەو شێوەیە هەخامەنشیش بەشێکە لە نەژادی ئێرانی، بەڵام ئەمیان لەناوەڕاست و باشووری ئێران (پارس). ئەگەر تەماشای وشەی (کۆرش) بکەین کە دامەزرێنەری دەسەڵاتی هەخامەنشییە و لە وشەی کوردەوە نزیکترە تا لە وشەی فارس (پارس) و پاشان کۆرش کچەزای ئاستیاگە کە دوا پاشای میدیاکانە. لەناوچوونی دەسەڵاتەکان و جێگرتنەوەی بەدەسەڵاتی دوای خۆی مانای گۆڕانی نەژادەکانیش نادات، بەڵکو تەنها گۆڕینی دەسەڵاتی خێزان و بنەماڵەکانە. ئەم ڕەوشە لە مێژووی ئاریادا بەردەوام دەبێت و تەنانەت ساسانییەکان کە بەهێزترین و درێژماوەترین دەسەڵاتی

ئارییە هەر لەو چوارچێوەیەدا لێک دەدرێتەوە، نەک ئیمپراتۆریایەکی فارس و دژ بەکورد، بەڵکو دەسەڵاتێکی ئارياييیە[٥]. دەسەلات و دەوڵەتەکانی ناو ئێران هەتا هاتنی داگیرکەرانی عەرەبی ئیسلامی و بە زۆر بەئیسلام کردنی ئارییەکان (بەکورد و فارسەوە) دەتوانین تەنها ناوی نەژادی ئاریيان لێ بنێین، نەک کورد و فارس بەو مانایەی کە ئێستا بەکار دەهێنرێت.

* کاتێک لەشکر و دەسەلاتی عەرەبە داگیرکەرەکان بەزۆر دینی زەردەشتیان نەهێشت و خەڵکیان کردە ئیسلام هیچ جیاوازییەکیان لە نێوان دانیشتوانی (میدیا و پارس)دا نەکرد و هەموو کەسیان لە ڕێگای شمشێر و باج و سەرانەوە (جزیە) کردە ئیسلام. شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کە دژ بەداگیرکاری عەرەبی ئیسلامی دەکرا، دەبی هەر لەو چوارچێوە و هەر بەو ڕوانگەیەوە لێک بدرێتەوە. خەباتی کوردەکان و ئێرانییەکان لە دژی داگیرکردنی ئیسلامی دوو سەدەی خایاند و لە سەدەی حەوت تا سەدەی نۆیەمی زایینی بەردەوام بوو. لە ساڵانی (٦٠٧- ٦١٦ز) هۆزەکانی کوردی گابانی و مەیموون لەناوچەکانی تکریت و نەینەوا و هەڵوان (حلوان) بۆ یەکەم جار ڕوو بەڕووی سوپای بەدەویی عەرەبی ئیسلامی بوونەوە و پاشان کوردەکانی زاگرۆس توانییان تا ساڵی ٦٣٧ز بەسەرکردایەتیی سەرکردەیەکی کورد بەناوی (مەهران)، هێرشی عەرەبەکان لە شوێنی خۆیان ڕابگرن. بەشداریی جەنگاوەرانی کورد و فارس لە ڕۆژهەلاتی خووزستان و ناوچەی پارسدا لە ژێر فەرمانی دەسەلاتی ساسانیدا بۆ بەرگری کردن لە شارەکانی ئەهواز و فەسا و دارابگەرد، یەکێکە لەو نموونانەی کە ئێرانییەکان بەدژی داگیرکاری عەرەبە ئیسلامییەکان نواندیان[٦].

دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریای ساسانییش، ڕاپەڕین و بەرەنگاریی ئارییەکان لە بەرامبەر سوپای عەرەبی ئیسلامیدا کۆتاییی نەهات و ڕاپەڕینی لێرە و لەوێ و ناوچەیی و بەتایبەتی ناوچە دوورە شاخاوییەکان (کوردستان) کۆتاییی نەهات و سەرەنجام ڕاپەڕینی خوڕەمی (٨١٧- ٨٣٨ز) بە سەرکردایەتی بابەکی خوڕەم، یەکێکە لە بزووتنەوە گەورەکان بۆ ڕزگارکردنی نەژادی ئاری لە چنگی دەسەلاتی داگیرکەر و سەرهەڵدانێک بوو بۆ ئازادبوونی کۆمەلایەتی لەدەستی ستەمگەریی ئیسلامی. لەشکر و هێزی خوڕەمییەکان (کە ڕەنگی سووریان بۆ مێزەر و ئالاکانیان

هەڵبـژارد بوو)[٧] لە خـەڵکـی زۆربەی ناوچەکانی کـوردسـتـان و ئێران پێـک هاتبوو، بەڵام قورسـایی و مەڵبەندی بزووتنەوەکـەیان لە ناوچەی ئازەربایجان (ئاگرپایەکان - ئاترۆپاتین)[٨]دا بوو.

لە سـەدەی سێی کـۆچی بەدواوە (سـەدەی نۆی زایینـی) لە ناوچەی لورسـتـان و لە رۆژئاوای ئێران، بزووتنـەوەیەکی دینیی بەهێز لەسـەر دەستی باڵوولی ماهی (باڵوولی مـادی) دەسـتی پێ کـردبوو بۆ زیندوو کـردنەوەی ئایینی ئێران (ئایینی کـوردان) کـە بەرێبـازی ئەهلی هەق نـاسـرا و پاشـان لە سـەردەمی سـان سـەهاکی بەرزنجی گـۆرانـیدا (سـاڵی ١١٨٢ز لەدایک بووە) ناوی یارسـان و کاکـەیی بۆ زیاد کـرا و ئەم جووڵانەوەیە (فـەرهەنگی- دینی نەک سیـاسـی- کـۆمـەڵایەتی) بەئاشـکرا بانگەوازی ژیانەوەی ئایینی ئێرانی (کوردی)ی دەکرد و داوای دەکرد کە بگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕێباز و سـەرچاوانە، بەڵام لەژێر کـاریگـەریی عـەرەبی ئیسـلامیـدا، چەندین توخم و ڕەمز و دۆگـمـای ئیـسـلامی تێکـەوت و بۆ یەکـەم جـار (لەژێر داگـیـرکـاری و ترس و چەوسـانەوەدا) شـێواوی و نامـۆ بوون "قلق" کـەوتە ناو فـەرهەنگی ئاری و کـوردەکـان (ئێرانیـیـەکـان!) ناچارکـران پـەیوەست بن بەڕواڵەت و دەربڕینی نائاری و نانەژادی، بـەڵام دەروون و ناوەڕۆکـی زەردەشـتـی و ئێـرانـی وازی لـێ نـەهێنرا[٩]. هەر بـەو شێـوەیە بزووتنەوەکـانی عـەلەوی (قـزڵبـاش)[١٠]، ئیـسـمـاعـیلی، ئێزیدی هـەرچەندە دەربڕینیـان لـەگـەڵ ئەهلی هەق و لـەگـەڵ یەکـدیدا (سـەبارەت بە شـوێن و زەمـان) جیاوازی هـەیە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هـەر هەمان بیر و بۆچوونی دینیی ئاری هەیە.

سەردەمی ئیسلام و داگیرکـاریی ئیسلامی، بۆ ئارییەکان هەر تەنها داگیرکردن و بەزۆر لەدین وەرگێڕان و تەسلیم کردنی خـەڵک نەبوو بەدینی بێگانە (ئیسلام)، چ لە ڕێگای بەزۆر (بەزەبری شـمشێر) یان لە ڕێگای فشـاری ئابوورییەوە (دانانـی "جزیە" لەسـەر ئەوانەی کە نـەدەبوونە ئیسـلام و کـەوتنە ژێر باری چەوسـانەوەی ئابووری)، بەڵکو سـەرەتایەک بوو بۆ لێک ترازان و هەڵگەڕانـەوە و دوور کـەوتنەوە و لەبـەریەک هەڵوەشـانـی ئەو نەژادە و سـەرەنجـام دابەشـبـوونـی بۆ ناوچە و مـیللـەت "القـوم" و دەسـەڵاتۆکـەی جیـاواز و تەنـانەت ژیانەوەی خێـڵایـەتی لە بەرژەوەندی داگـیـرکـەران. نەژادی ئاری دەمێک بوو قۆنـاغی خێڵی بڕیبوو کە ئەو خێڵانە خاوەنی دەسـەڵاتی -

هۆزی خـۆیان (شـاهۆزەکـان) بـوون و پەڕیبـوونەوە بۆقـۆناغی مـیللەت (یەکگرتـنی خێڵەکان) و دەسـەڵاتی شار و دەوڵەتی شارەوە، بەڵام دوای داگیرکـردنی ئیسـلامی، دەسـەڵاتی ناوچەکـان و شـاهۆزەکـان دەسـتی پێ کـردەوە، جـا یان لە ڕێگای دامەزراندنی قەوارەی دەستکردی سەر بەناوەندی دەسەڵاتی ئیسلامی، یان لە ڕێگای ئەوەی کە ئەو ناوچانە بتـوانن ئەوەی کـە ڕزگـار دەکـرێت ڕزگـاری بکەن لە چنگی داگیرکردن کە ئەمەش لە دوو ڕێگاوە یان هەڵگەڕانەوە و شۆڕش یان بەهـۆی سازش و سـازان لەگەڵ دەسـەڵاتی داگیـرکەر و دامـەزراندنی قـەوارەی بچـووک و ناوچەیی و دابڕاو و سەرکزکردنی دەسـەڵاتدارانی ناوچەیی بۆ پاراستنی هیچ نەبێت ناوچەکەی خۆیان و خۆ دوور خستنەوە لە شەڕ و شۆڕ. سەرەڕای هـەوڵەکانی کە باسمان کردن (خورەمی، ئەهلی هەق، عـەلەوی و ئێزیدی) بۆ گـەڕانەوە سـەر دینی باب و باپیران و فـەرهـەنگ و گـیـانی نەژادی (ئاری) و بەڵام ئـەم جـووڵانـەوانە ناچارکـران (مـەحکووم کـران) بەچەند ڕەوشی کـاریگەر و بڕیاردەر کـە تا ئێسـتـا لە پانتـایی و قـووڵاییی (کوردا) کاردەکات.

یەکەم، سەبارەت بە بەهێزی و دڕندەیی دەسەڵاتی داگیرکەر و ستەمگەریی عەرەبی ئیسـلامی، ئەو بزووتنەوانە وادارکران کـە بەرگ و دەربڕینـی سـەردەم (سـەپێندراو) بپۆشن و نەتوانن بەئاشکرا ڕای بگەیەنن کە ئەمان دەیانەوێت دینی نەژادیی خۆیان زیندوو بکەنەوە و بگەڕێنەوە سەر مێژوو و فەرهـەنگی خۆیان.

دووەم، هـەر سـەبارەت بەبەهێزیی ئەو دەسەڵاتە، ئەم سەرهەڵدانانە (جـەماوەری یان فـەرهـەنگی) نەیاندەتوانـی لە تەواوی پانتـایـی وڵاتی ئێـران و کـوردانـدا بڵاوببنەوە و بۆیە بەناچاری لەناوچە جـیاجـیا و دوورەکاندا (چیاکان) قـەتیس مـابوون و نەیان دەتوانی بڵاوببنـەوە. ئەگـەر بیانویستـایە سـەر بەنەژاد و فـەرهـەنگی خۆیان بن دەبی لەژیان و پێداویسـتـیـیەکـانی سـەردەم (شـارەکان) دووربکەونەوە و بێبـەش بن لە ژیانێکی ئـارام، پێشکەوتوو شـارسـتـانی (بەپێی پێوەرەکانی سـەردەم) و ئەگـەریش خـوازیاری ژیانێکی ئارام و بەهرەمـەند بوونایە دەبوایە (مـەحکووم بن) بەوازهـێنان لەدین، فـەرهـەنگ، ڕۆح و دەروونی نەژادی و تـەسلیم بـوونایە بە دین و فـەرهـەنگ و ڕۆحی داگیـرکـەران. لێرەوە بەدواوە دوو کـەرتبـوون و چەند کـەرتبوون، ڕووی دا و لە

(چیـا) بوون دابڕان له ژیانێکی بەهرەمـەند و ئاسـایش و کـەوتنە ناو ڕاپەڕین و شـۆڕشـەکـانەوە و ئەوانەی لە تەختـایی و شـارەکـانیـشـدا دەژیان، دەبووایە لەژێر چەپۆک و ڕەحمی داگیرکەراندا وازیان لە تایبەتمەندییەکانی خۆیان بێنایە، یان لانی کەم دەبووایە ڕێگای سازش و سـازانیان بگرتایە بەر (نموونەی ئەهلی هەق، عەلەوی، ئێزیدی، و پاشان تەسەوف و عیرفان).

سێیەم، لە ئەنجامی لێکترازانەکـان (چ ئەوانەی لە ڕاپەڕینەکـاندان و چ ئەوانەی لەبەردەسـتی داگـیـرکـەراندان) پەیدا بـوونی جـیاوازی و نـاکۆکی نێـو نەژادی ئاری (ناوچەی مـیدیا و کوردسـتان بـەهۆی نزیکییـان لە ناوەندی دەسـەڵاتی ئیـسلامـەوە) و هەوڵدان بۆ خۆگونجاندنی ئەو ناوچانەی لەبەردەستی دەسەڵاتدارانی تازەدان، لەگەڵ داگیرکەراندا و زۆر جاریش دیارە بە قیمەتی دژایەتی کردنی ناوچەکانی دیکە دەبێت (ئەوانەی کە هـەڵگەڕاونەتەوە) و سـەرەنجـام بەکـارهێنانی تەسلیم بووەکـان (زۆربەی جـار نـاچارکـرابوون کـە تەسلیم بـبن) بەدژی ڕاپەڕیوەکـان و پەیدا بوونی ڕەوشی نۆکـەرایەتی و جـاشـێـتی بەدژی ئـەوانەی کـە دوێـنی لە هـەمـان نەژاد بوون. **چوارەم،** سـەرەنجـام، دابڕانی ناوچەکـان لـە یەکدی و گرێ نـەدرانەوەی مـێژووەکـان پێکەوە و ناچار بوون بەوەی کە لەگـەڵ یەکتری نەبن و هـەموو مێژوویەکی نوێش هەوڵ بدات کە سـەرلەنوێ و بە پشت بەستن بەهێزی ناوچەیی و کـاتیی خـۆی، دەست بکاتەوە بەخۆ بنیاتنان، واتە ناچار بێت لەگەڵ ئەو ناوچانە نەبێت کە وەکو خۆی نیین (چ ئازاد یان داگیرکراو یان دۆڕاو) و لەگەڵ ئەو زەمەن و مێژووەشدا نەبێت کە خزمەت بەڕەوشی ئێـسـتـای ناکـات (کـە بێگومـان ئەو ڕەوشـە سـەپێندراوە). ئاییني ئەهلی هـەقی لێ دەربچی کە توانیی بەشـێکی زۆری باکووری ئێران و باشوور و ڕۆژئاوای مـیدیا هـەتا شاری مووسڵی ئێستا بگرێتەوە[11]، هەموو جووڵانەوەکان نەیاندەتوانی بەرینایی گـەورە بەدەست بهێنن و لێره بەدواوە، ڕێگا خـۆش بوو بۆ پەیدا بـوونی مـیرنشـینە ناوچەیی و ئایین و فەرهەنگە زۆرەکانی وڵاتی ئێمە.

بەرەنگاریی بەهێز و جەماوەریی خەڵکی وڵاتی میدیا لە بەرامبەر داگیرکەرانی نوێ هەر لە خورەم دینەکان، ڕوزامیە، هەریرییە، توانییان ماوەیەکی زۆر ڕێگا لە هێرشی بێگانەکـان بگرن، بە سـەرەتای بـەرەنگاربوونەوەی نـەژادی ئاری دادەنرێت و بۆ

پاراستنی وڵات، دین و فەرهەنگی خۆیان. لەدوای دەسەڵاتی عەباسییەکان (٧٥٠-١٢٥٨ز) کە ئەوانیش بەهۆی ڕاپەڕینەکانی ئەبوو موسلیمی خوراسانییەوە توانییان دەسەڵاتی ئەمەوییەکان لەناوبەرن، زۆری نەخایاند کە چەندین بزووتنەوەی گەورەی جەماوەری لە دژیان و لەسەر بنچینەی جیاوازیی ئایینی و مەزهەبی و گیر وگرفتەکانی کۆمەڵایەتی، سەریان هەڵدا و بەشداریی کورد لە بزووتنەوەکانی ئیسماعیلی، خەواریج، ڕاپەڕینی یەعقوبی سەفار (٨٦٨- ٨٧٩ز) و شۆڕشی ڕەش پێستەکان (زەنج) (٨٣٨ - ٨٦٨ ز) و بەڵام بزووتنەوەی هەرە بەهێز لەڕووی ئیدۆلۆژی و بنکەی جەماوەرییەوە، ئەوەی بابەکی خوڕەمییە (٨١٧- ٨٣٨ز) کە زۆر جاران بەشۆڕشی چینایەتی ناو دەبرێت[١٢].

ڕاپەڕینی میر جەعفەری کوردی (میر جەعفەری کوڕی میهرجەش) کە ساڵی ٨٣٨ز لە دژی دەسەڵاتی خەلیفەی عەباسی موعتەسەم بیللا (٨٣٣- ٨٤٣ز) لە ناوچەی مووسڵ هەڵگیرساوە و هەموو نێوان مووسڵ و ئازەربایجان و ئەرمینیای گرتووەتەوە تا ساڵی ٨٤٠ز خایاندووە و لە ئەنجامدا (ئایتاخ) سەرکردەی سوپای خەلیفە، هێزەکانی میر جەعفەری تێک شکاند و بزووتنەوەکەی لەناوبرد. ئەمە یەکەمین پێکدادانی کورد و تورکیشە لە مێژوودا، چونکە ئایتاخ خۆی و هێزەکانی تورک بوون. دەوری توخمی تورک لە ڕۆژگاری خەلیفە موعتەسەمەوە دەست پێ دەکات. ئەبوو سەعدی خوا ڕەیزمی پەنای بردە بەر ئەبوو ڕەبیعی کوردی لە شارەزوور و ساڵی ٩٠٦ دژی خەلیفەی عەباسی ڕاپەڕین و بزووتنەوەکەیان ماوەیەک بەردەوام بوو تا خوارەزمی کوژرا و ئنجا کپ کرایەوە. جگە لەوەش محەمەدی کوڕی خورداذی شارەزووری، یەکێک بوو لە سەرکردە ناودارەکانی خەواریج و لە ناوچەی مووسڵ هەتا ناوچەکانی حەدیسە، تکریت، سنجار و نەسیبینی گرتەوە و تا ساڵی ٨٩٦ سوپا و هێزەکانی خەلیفەی بەغدادی نیگەران کرد بوو. ئەم ڕاپەڕینانە بەدوا ڕاپەڕینی کوردەکان و ئێرانییەکان دادەنرێت بەدژی دەسەڵاتی ئیسلامی و خەلیفەی موسڵمانان و پاشان سەردەمێکی نوێ لە پەیوەندی نێوان ناوەندی دەسەڵاتی ئیسلامی و کورداندا دەست پێدەکات و هەر بەو شێوەی کە باسمان کرد ڕێکەوتنێک بەقازانجی دەسەڵاتی ئیسلامی ڕووی دا و بۆ دواجار کورد و دەسەڵاتی کوردی، دینی خۆیان بەجێ هێشت و ڕوویان کردە ئیسلام و لە بەرامبەریشدا کوردەکان،

تەنها بۆ ماوەیەک ژیانێکی نیمچە ئارام و نیمچە سەربەخۆ و نیمچە نەژادی و کوردانەیان بوو بە نسیب. ئەوەی کە لە مێژوودا ناو دەنرێت میرنشینە کوردییەکان، تەنها دەکرێت لەو چوارچێوەدا باسی لێ بکەین.

* پەیدا بوون و دامەزراندنی میرنشینەکانی مەروانی (دۆستەکی) لە کوردستانی ناوەڕاست (جزیرە و دیاربەکر کەشاری فارقین پایتەختەکەی بوو- ٩٨٢- ١٠٨٦) میرنشینی دینەوەر، شارەزوور، میرنشینی فەزلەوی (لوڕی گەورە)، میرنشینی مینای ڕەوادی (١٠٢٩- ١٠٣٥) لە تەوریز و میرنشینی شوانکارە (١٠٣٠- ١٣٥٦) ز" لە فارس- ئەسفەهان، بەو پێیەی کە تەواو ئیسلام بوونی کوردیان لەسەر ئاستی دەسەڵات و خەڵک ڕادەگەیاند، هەر بەو ڕادەیەش هەوڵێکی سیاسیی گونجاو بوو بۆ پاراستنی وڵاتی کوردان و دەسەڵاتی ناوچەیی. ئەم ڕەوشە دوو باری تایبەتی بە کوردستانی لێ کەوتەوە. یەکەمیان، تاڕادەیەک ئازادی و نیمچە سەربەخۆیی تیادا بوو. دووەمیش، ناوەندی دەسەڵاتی ئیسلامی توانی بەشێوەیەکی ڕەسمی و لە ڕێگای ئەو میرنشینە کوردییانەوە زەمانەتی مانەوەی کوردستان بکات لە ژێر قەڵەمڕەو و لە چوارچێوەی بەرژەوەندی خۆیدا و میرنشینەکانیش ناچار بکات، وێڕای دەسەڵاتی ناوچەییان، کە پابەندبن بەناوەندی خەلافەتی ئیسلامەوە. واتە پەیدا بوونی هەلومەرجێکی ناکۆکی و یەکێتی لەنێوان کورد و ئیسلامدا دەستی پێ کرد.

سەردەمی ڕاپەڕینەکان، سەردەمی شۆڕش و هەڵگەڕانەوە بوون و تاڕادەیەک قبووڵ نەکردنی دەسەڵاتی ئیسلامی و پەیدابوونی هەلومەرجێکی شەڕاوی و نائارامی لەوڵاتدا و لە کاتێکدا سەردەمی میرنشینەکان بەسەردەمی نیمچە ئارام و ئاسایش دادەنرێت، بەڵام بەقازانجی بەئیسلام بوونی یەکجارەکیی کورد و قبووڵکردنی دین، فەرهەنگ و دەسەڵاتی ئیسلامی و بەمانای نەگەڕانەوە بۆ ڕاپەڕین لە دژی ئیسلام.

پەیدا بوونی میرنشینە سەرەتاییەکانی کوردستان (قۆناغی یەکەمی میرنشینەکان)، کە هەندێ مێژوونووس و سەرچاوە بە دەوڵەتیان دادەنێن و، لە نیوەی یەکەمی سەدەی دەیەم و تا کۆتاییی سەدەی یانزەیەم (دەسەڵاتی کوردی لە ئاترۆپاتین و ئاران، دەوڵەتی کوردیی مەروانی لە ئەنادۆڵ- کوردستانی ناوەڕاست- ، دەسەڵاتی بەرزیکانی لە زاگرۆس) بە دەستی داگیرکاری سەلجووقییەکان

کۆتاییان پێ دێت و دەسەڵاتی سەلجووقییەکان سەردەمێکی نوێ لە ژیانی وڵاتی ئێران و کوردستان بەدی دێنن.

* سەدەی دوانزە لە ژیانی وڵاتی کوردان و ئێراندا بە سەدەیەکی زۆر کاریگەر و سەرەتای دەستپێکردنی چەندین گۆڕانکاریی گەورە و چەندین بزووتنەوەی دینی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دادەنرێت. لە ڕۆژئاوای ئێران و ناوەڕاستی کوردستاندا (هەکاری)، چەندین بزووتنەوەی بەهێزی دینی پەیدا بوون. سەرهەڵدانی ڕێبازی ئێزیدی (یەزدانی) لە ناوچەی هەکاری لەسەر دەستی ئادی کوڕی موسافیر (ساڵی ١١٦٠ مردووە)، وەکو گەڕانەوەیەک بۆ ئایین و فەرهەنگی زەردەشتی و مانەوی و میهری، بەڵام لە بەرگێکی نوێدا، دەستی پێ کرد.

زیندووکردنەوە و بەهێز بوونی ئایینی ئەهلی هەق (بەناوی یارسان - کاکەیی لە ڕۆژئاوای کوردستان) لەسەر دەستی سوڵتان ئیسحاق بەرزنجیی گۆرانی. پەیدابوونی بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و فەرهەنگیی گەورە لە ناوچەی ڕۆژئاوای ئێران بەزاراوەی گۆرانی[١٣] و دەوڵەمەندکردن و بەهێز بوونی ئەو شێوە زارە و.کە تا سەرەتاکانی سەدەی هەژدەی خایاند و زاراوەی گۆرانی لە بەشێکی زۆری کوردستان و بەهۆی کاریگەری دینی ئەهلی هەقەوە بڵاوبووەوە و نزیکەی هەموو ناوچەکانی ئاترۆپاتین، موکریان، ئەردەڵان، کرماشان، لوڕستان، گەرمیان و مووسڵی گرتەوە و ئەمە یەکەمین جار و تاکە جاریشە کە لە مێژووی کوردا شێوەزارێک و ئایینێک و فەرهەنگێک ئەو بەرینایییە بە خۆیەوە ببینێت[١٤]. هەر لە سەدەی دوانزەدا ڕێبازێکی دینی بەهێز (تەریقەت)، لەسەر دەستی شێخ عەبدولقادری گەیلانی (١٠٧٧- ١١٦٦ز) کە خەڵکی گوندی گەیلانی لای کرماشان بوو، دەستی پێکرد و توانی بەرینایییەکی گەورە بەدەست بێنێت و پاشان توانیی بەنێوی (تەریقەتی قادری) و تا ئێستاش کاریگەرییەکی فراوان لەسەر ئایین و فەرهەنگی کوردی دابنێ. شێخ شەهاوی سوورەبەردی (شهاب الدين السهروردي) کە خەڵکی گوندی سوورەبەردی ناوچەی گەڕۆسە، هەر لە سەدەی دوانزەدا توانیی ڕێبازی (تەریقەتی) ئیشراقی لە تەسەوفدا بەدی بێنێت.

شێخ شەهابەدین بە یەکێ لە زانایان و خواناسانی گەورەی کورد دێتە ژمار و

گەلێ لە ناوداران و هۆنەران لە لای ئەو، وانەیان خوێندووە و کە یەکێ لەوانە، سەعدیی شیرازییە و ئەو ڕێچکەیەکی بەناوی "سوهرە وەردی"یەوە لە تەسەوفدا داهێنا و گەلێ شاگرد و کەسی پێ گەیاند و لە گەلێک لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا پەرەی سەند[١٥]. پەیدابوونی هەردوو ڕێبازی قادری و سوهرەوەردی لە کوردستان و لە سەدەی دوانزەدا، سەرەتای پەیدا بوونی ڕێبازێکی ئایینیی گەورە بوو کە دواتر بەتەسەوف ناسرا و بۆ گەیشتن بە حەقیقەت و دڵنیایی و یەکبوون لەگەڵ خودا و، هەرچەندە ڕابەرانی سۆفیزم لەسەر چۆنییەتی گەیشتن بەو ئامانجە هاوڕا نەبوون و بۆیە لە ئەنجامدا چەند ڕێگە و شێوازێکی سۆفیگەری پەیدا بوون کە پێیان دەوترێت تەریقەت.

ئەم زاراوەیەش ماناکەی دەبێتە ڕێگای تایبەتی گەیشتن بەڕاستی و دڵنیایی و یەکبوون لەگەڵ خوادا و لەمانەش: قادری، ڕفاعی، شازلی، سوهرەوەردی، مەولەوی و نەقشبەندی. لە ڕاستیدا پەیدابوونی ئەم ڕێبازە لە کوردستاندا (سۆفیزم) دوو دەلالەتی گەورەمان بۆ ئاشکرا دەکات. یەکەمیان، ئەوە بوو کە ئیسلام بە پانتایی و قووڵاییی وڵاتی ئێران و کورداندا بڵاو بووبۆوە و، چونکە تەسەوف (هەموو ڕێبازەکانی) بۆ گەیشتن بە حەقیقەت بۆچوونێکی ئەرسەدۆکسی دینی پیشان دەدەن، هەم بۆ دەربڕینی نزیکایەتییان لەو دینە (ئیسلام)، هەم لەم ڕێگەیەوە دەیانەوێت نەیارییەکی نێگەتیڤ لە بەرامبەر دەسەڵاتی وەختیدا بەیان بکەن (بە پەنهانی) و سەرەنجام دیسان پەیدابوونی ڕەوشێکی ناکۆک و نامۆ و ناجێگیر «قلق» لەنێوان خەڵک (کورد) و دەسەڵاتی ئیسلامی. دووەم، وێڕای دەسەڵاتی ئیسلام لە تەواوی وڵاتدا، بەڵام هەردیسان ناوەڕۆکی گەیشتن بەخودا و بە حەقیقەت (لەلای کورد و ئێرانییەکان) هەر تایبەتی بەخۆیان و زۆر کەم ناوەڕۆکی دینی عەرەبی قبووڵ دەکرا، هەرچەندە ڕواڵەت و ناو و دۆگماکانی ئەو دینە بەسەر خەڵکیدا سەپێندرا بوون و تازەش لابردن و نەمانیان کارێکی ئەستەمە. ڕەنگە خوێنەر لەنێوان ئەم دوو خاڵەدا (کە باسم کردن) واتێ بگا کە ناکۆکییەک هەیە، بەڵام لێکدانەوەی من بەو جۆرەیە: دینی عەرەبی بەهەموو بەشەکانییەوە، تەنها پەیامەکانی عەلی کوڕی ئەبوو تالیب و ڕێبازەکانی تەسەوفی لێ دەرچێت، کە بەشێکی زۆری مەشریقی و خۆرهەڵاتی و

ئێرانییە، دینی دەسەڵات و خەلافەتە. لە کاتێکدا دینی ئاری و کوردی هەر لە میهر و زەردەشت و مانی و مەزدەک هەتا ئەهلی هەق و عەلەوی و ئێزیدی و (تەسەوف!) دینی ڕۆح و مرۆڤی زانا و دانا و باڵادەستە، نەک دینی دەسەڵات. بەم شێوەیە (کورد و ئارییەکان)، ئامادەییەکی زەردەشتی، مانەوی، مەزدەکی یان هاویشتە ناو ئیسلامەوە کە ئامانج لەو کارە "گومان کردن بوو لە خودی ئەو دین و دەسەڵاتە" و هەندێک لە نووسەران وەکو محمد عابد الجابری دەڵێن: ئێرانییەکان هێرشێکی ئایدۆلۆجیی فراوانیان (بەبەکار هێنانی فەرهەنگی دینیی خۆیان) بەدژی دینی ئیسلام دەست پێکرد کە ئامانجی ئەم هێرشە، گومان کردن و لەناوبردنی ئەو دینە بوو[١٦]. پاشان، هەر ئەو نووسەرەو دەگاتە ئەوەی کە دەڵێت: "خەونی" مەئموون بۆ وەرگێڕانی سەرچاوە زانستی و فەلسەفییەکانی یۆنان و ڕۆم، خەونێکی بێ مەبەست (بری) و تەنها لە پێناوی ئەرستۆ و گریکەکاندا نەبووە، بەڵکو بۆ مەبەستی بەرەنگاری کردنی زەردەشت و مانی بووە[١٧]. لێرەوە، دەردەکەوێت کە فەرهەنگی عەرەبی ئیسلامی هەتا ئەو کاتە، فەرهەنگێکی هەژار و بێدەسەڵات بووە، بەرامبەر بە فەرهەنگی ئێرانییەکان. تەنگوچەڵەمەی گەورەی کوردەکان و ئێرانییەکان، تەنها و تەنها دەسەڵاتی بەهێز و چەوسێنەری خەلافەتی ئیسلامی بووە و بۆیە ناچار بوون کە بەرگی ئیسلامی بپۆشن (لەڕاستیدا ناچارکراون، هەر وەکو، باسمان کرد) بەڵام نەیاندەتوانی (ئێرانییەکان) واز لە ناوەڕۆکی دینیی خۆیان بهێنن و سەرەنجام دڕدۆنگییەک و ناکۆکییەک لەنێوان دین (ناوەڕۆکی زەردەشتی) و دنیا (دەسەڵاتی وەختی ئیسلامیدا) پەیدابوو، بۆیە فەرهەنگی دینی ناچار بوو کە حاڵەتێکی پاسیڤیی «سلبی» کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە بگرێت، بەڵام هەر نەیتوانی ناوەڕۆکی (ئەکتیف) «ایجابی» ئاریایی لە بیر و ئەندێشەی خۆیدا فەرامۆش بکات و لەئاکامدا هەموو ئایین و ڕێبازە دینییەکانی کورد و ئێران (ئەهلی هەق، عەلەوی، ئێزیدی، تەسەوف و عیرفان) وەکو دینی خودایی[١٨] یان ئایینی یەزدانی[١٩] بنیات نران.

هەر لە سەدەی دوانزەدا، پەیدا بوونی ناوی کوردستان، لەناو نووسراو و دەسەڵاتی ڕەسمیدا پەیدا دەبێت. یەکەمین کەس کە زاراوەی کوردستانی بەڕەسمی بەکارهێنا، سوڵتانی سەلجووقی، سەنجەر (١١١٧- ١١٥٧ز) کە یەکێکە لە

گەورەترین سوڵتانەكانی سەلجووقی. ئەم ناوی كوردستانی بەشێوەی ڕەسمی دا بەو هەرێمە كوردییەی كە لەژێر دەسەڵاتی بوو، كە هەموو پانتاییە جوگرافییەكانی نێوان هەرێمی لوڕستان و ئازەربایجانی بە هەمەدان و دینەوەر و كرماشان و سنە و هەتا پشتی دەشتی شارەزوور و خەفتیان (هەودیان) لەسەر زێی گەورە لە خۆرئاوادا، دەگرتەوە و پایتەختەكەشی شاری «بەهار» بوو كە كەوتۆتە باكووری ڕۆژئاوای هەمەدانی ئێستا. ئەم هەرێمی كوردستانە لەڕووی جوگرافییەوە بەتەواوی یەكسان دەبێت لەگەڵ پانتاییی وڵاتی میدیا كە لە لایەن مێژوونووسە یۆنانی و ئێرانییەكانەوە بەكار هاتووە[٢٠]. پێش ئەم سەردەمە (كە بۆ یەكەم جار ناوی كوردستان بەشێوەیەكی ڕەسمی لەناو سەرچاوەكاندا بەكار هات) ناوەكانی وڵاتی میدیا، وڵاتی زۆزان «اقليم الجبال»، وڵاتی كوێستان (شاخاوی)، وڵاتی كاردۆخی یان كۆردۆین بۆ كوردستان و ناوچەكانی بەكار هاتووە.

لە دوای ڕووخانی ساسانییەكانەوە، ئەوە یەكەم جار بوو كوردستان (ئەو هەرێمە كوردییەی ژێر دەسەڵاتی سەلجووقی) بەشێوەی هەرێمێكی یەكپارچە مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت بەڵام لەژێر دەستی دەسەڵاتێكی بێگانەی نزیكدا. پێش دەسەڵات و ئیمپراتۆریای سەلجووقییەكان، دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی لە دوور ڕا حوكمی ئێران و كوردانی دەكرد و هەموو ناوچەكانی كوردستان (بە پەرتەوازەیی و لێك دابڕاوی بەشێوەی دەسەڵاتی میرنشین و ناوچەیی) وەزعێكی ناڕەسمی و نیمچە سەربەخۆیان هەبوو لەگەڵ دەسەڵاتی خەلیفەی بەغدادا. بەڵام لەم سەردەمەدا دەسەڵاتی داگیركەری نوێ لەناوماڵی كورد و ئێراندا، ڕاستەوخۆ حوكمی دەكرد و یەكەمین كار كە كردی لەناوبردنی دەسەڵاتە ناوچەییەكان بوو كە لە ساڵانی (١٠٣٨- ١١١٠ز) خایاند و پاشان بەتەواوی لێك جیاكردنەوەی هەردوو هەرێمی میدیا و پارس واتە دابەشكردنی (یەكەم دابەشكرن) لەنێوان كورد و فارسەكاندا هێنایە گۆڕێ، هەتا ئەو سەردەمە هەردوو ناوچەی هەمەدان و فارس (شیراز) بە دوو ناوچەی هاوبەشی و دینی و فەرهەنگی هەردوو میللەتی (قوم) میدیا و پارس دادەنرا، كە هەردووكیان بەشێك بوون لە نەژادی ئاری (ئێریانا)، بەڵام ئێستا دابەشبوونی ڕەسمی (سەپێندراو و لە لایەن سەلجووقی) دەستی پێ كرد و سەرەتای

لێک دوورکەوتنەوەی نەژادی ئاری بۆ میللەت و ناوچەی جیا جیا دەستی پێ کرد.
یەکێکی دیکە لە کاریگەری دەسەڵاتی سەلجوقییەکان دابەشکردنی ڕەسمیی کوردستان بوو بۆ دوو قەوارەی جیاواز، یەکێکیان کوردستان (میدیا) و ئەوی دیکەشیان کۆردۆین کە لە دەرەوەی ئەم دەسەڵاتە بوو، بە وڵاتی کاردۆخی یان کۆردۆین ناوزەد دەکرا و ئەو ناوچەیە بوو کە کەوتبووە نێوان دەریاچەی وان و ناوچەکانی خۆرئاوای لە باکوور و تا شاری مووسڵی ئێستا لە باشوور، واتە ناوچەی باکووری کوردستانی ئێستا و هەرێمی بادینان، کە بەشی زۆری لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی مەروانی (دۆستەکی بوو) و بەشەکەی دیکەشی بەشێک بوو لە قەڵەمڕەوی خەلافەتی ئیسلامی لە بەغداد. واتە هاتنی سەلجووقییەکان، سێ کاریگەریی گرنگی کردە سەر ڕەوشی وڵاتی ئێران و کوردستان، **یەکەم**، بۆ یەکەم جار سەرەتای جیابوونەوەی کورد لە ئێران (پارس) دەستی پێ کرد و کورد و فارس لە یەک جودا بوونەوە و هەردووکیان یەکەمین هەنگاویان بەرەو پێکهێنانی دوو نەتەوە (نەژادی) جیاواز دەنا. **دووەم**، نەژادی کورد (میدیا و کۆردۆین) بۆ یەکەمین جار بەشێوەیەکی ڕەسمی لەیەکدی جیاکرانەوە و **سێیەمیش**، کە ئەوەیان زۆر کاریگەرە لەدوای ڕووخانی ساسانییەکانەوە (٦٤٠ز) تا سەدەی دوانزەیەم، واتە دوای ٥٠٠ ساڵ لە پشێوی، هەڵگەڕانەوە، شۆڕش و ڕاپەڕینەکان، دەسەڵاتی ناوچەیی و میرنشین و دووری لە ناوەندی دەسەڵاتی داگیرکەرانەوە، داگیرکەرێکی نوێی بەناو ئیسلامی و نا ئاری (تورکمان) لە نزیکەوە حوکمی ئەو نەژادەی دەکرد و سەرەنجام قۆناغێکی نوێ لە ژیانی ئەو نەژادەدا (بەو هەموو گۆڕانکارییانەی کە باسمان کردن) هاتە ژیانەوە.

یەکێکی دیکە لە دەسەڵاتە کاریگەرەکانی سەدەی دوانزە و سیانزە لەسەر کوردستان و ناوچەکە، دەسەڵاتی سەلاحودینی ئەیووبی (١١٣٧- ١١٩٣ز) و دەوڵەتی ئەیووبی بوو کە تا ساڵی ١٢٦١ز خایاند. هەرچەندە سەلاحودین و ئەیوبییەکان توانییان بەشێکی زۆری جیهانی ئیسلامی بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، بەڵام لە بەشی هەرە زۆری کوردستان دوور بوون. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای سەدەی یانزە (ساڵی ١٠٣٨ز)، بنەماڵەی ئەیووبی لەترسی دەسەڵاتی تورکمانە

سەلجووقییەکان لەناوچەی دوینی (ئاترۆپاتین و گەنجە)، هەلاتبوون بۆ ناوچەی زرارەتی و تکریتی ئێستا و پاشان بەرەو شام و میسر چوون و دەوڵەتی ئەیووبییان لە میسر دامەزراند.

بەبڕوای من ئەمە یەکەمین دەوڵەتی سەربەخۆیە کە تیایدا بنەماڵەیەکی کوردی (ئەیووبی)، حوکمی بکات، ئەگینا هەموو دەسەلات و دەوڵەتەکانی (لە ڕاستیدا باشترین ناو بۆ ئەو دەسەلاتانە فەرمانڕەواییە)، سەرەتای سەدەی دەیەم تاکۆتایی سەدەی یانزە، بەشێک بوون لە قەڵەمڕەوی یان خەلافەتی ئیسلامی (بەغداد)، یان بەشێک بوون لە فەرمانداریی تورکمانە سەلجووقییەکان و نموونەی ئەمانەش بەهێزترین دەسەلاتی کوردیی ئەو کاتە، فەرمان ڕەوایی دۆستەکی بوو کە ساڵی، ١٠٨٦دا ناچار بوو، ببێتە بەشێک لە ئیمپراتۆریای سەلجووقی.

سەبارەت بەنەخشی سەلاحودین و دەوڵەتەکەی بۆ کورد، دوو لێکدانەوەی جیاواز و دژبەیەک هەیە. یەکەمیان، پێی وایە کە دەوڵەتی ئەیووبی خزمەتێکی زۆری کوردی کردووە و بەیەکێک لە دەوڵەتە گەورە و کاریگەرەکانی کوردی حساب دەکەن[٢١]. بۆچوونی دووەمیش، سەلاحودین و دەوڵەتی ئەیوبی زۆر بە کەمتەرخەم دەزانن لە بەرامبەر بەکورد و دەڵێن هیچ خزمەتی کوردی نەکردووە. ڕاستییەکەی ئەوەی ڕێگر بوو لەبەردەم ئەوەی کە دەوڵەتی ئەیووبی دەستی بەکوردستان بگات، چونکە: «ڕاستی گەلێک دوور بووە لە کوردستانەوە و بەشێکی زۆر کەمی کوردستان نەبێت، کوردستانی ئێستای سووریا، دەسەلاتی بەهێزی سەلجووقییەکان (کە خۆیان دوژمنی بنەماڵەی سەلاحودینن) لەمپەرێکی گەورە و کاریگەر بووە لەبەردەمی گەیشتنی دەوڵەتی ئەیووبی بەکوردستان و لەمپەرێکی دیکەش دەسەلاتی خەلیفەی بەغداد بووە، جا یان دەوڵەتی ئەیووبی لەبەر پیرۆزی (بەپیرۆز دانانی خەلافەت)، توخنی ئەو دەسەلاتە نەکەوتوون کە بەرەو کزی دەچوو (بەتایبەتی پاش هاتنی سەلجووقییەکان، فاتمییەکان لە میسر و بەهێزبوونی دەوڵەتی ئەیووبی لە شام و میسر) یان لەبەر ئەوە بووە کە دەرۆستی خەلافەت نەدەهات. هەر چۆنێک بێت سەلاحودین و ئەیووبییەکان گەلێک دوور بوون لە کوردستانەوە و نەیاندەتوانی خزمەتی کوردستان بکەن. هەندێک سەرچاوە دەڵێن کە ئەیووبییەکان لەناو خۆیاندا

بەکوردی دواون و زۆربەی کارە گرنگەکانیش بەدەستی خزم و کەسوکاری خۆیانەوە بووە[٢٢]. ئەم نەریتە یەکێک بووە لە ڕەوشەکان و ڕەواییەکانی (شەرعیەت دان) دەسەڵاتی بنەماڵەکان، لەپاڵ ڕەوایی شەریعەت و ئیسلام بووندا. بەم شێوەیە یەکێک لە بەهێزترین دەوڵەتە کوردییەکان ـــ (مەگەر دەوڵەتی میدیا هێندە بەهێز بوو بێت) نەیدەتوانی دەستی بەکوردستان بگات و کوردیش دیسان نامۆیی و دابڕان و لێکترازانێکی گەورەی بەنسیب بوو لەنێوان دەسەڵاتێکی بەهێزی (ئاوارەی دوور لە کوردستان) و خەڵکێکی بن دەستی داگیرکەراندا.

کارێکی دیکەی سەلاحودین و دەوڵەتی ئەیووبی ڕووخاندنی دەوڵەتی فاتمیی شیعە مەزهەبی دژ بەدەسەڵاتی ناوەندی خەلافەتی ئیسلامی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیی شافعی مەزهەب بوو (مەزهەبی شافعی، نزیکترین مەزهەبە- ئایین – لە ناوەندی خەلافەتی ئیسلامییەوە) دیارە لەسەر حیسابی مەزهەب و تەریقەتەکانی دیکە. بەهێزیی ئەیووبییەکان وای دەکرد کە ئەو مەزهەبە (شافعی) لایەنگری زۆری بۆ پەیدا بێت و دیسان گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی ناوەندی ئیسلامی بەهێز بێت[٢٣] لە کاتێکدا ئەو سەردەمە، بە سەردەمی بێ هێزیی ئەو ناوەندە دادەنرێت، چونکە عەباسییەکان لەدوا سەدەی ژیانیاندا بوون و نیشانەکانی بێ هێزییان بەئاشکرا پێوە دیار بوو وە گەلێک ناوچەی گرنگی نزیکی خۆیشیان لەدەست دا. لە مووسڵ زەنگییەکان دەسەڵاتیان هەبوو، لە ئەناتۆلیا دۆستەکییەکانی ژێر قەڵەمڕەوی سەلجووقی و لە ئێران و کوردستان: ئیمپراتۆریای سەلجووقی لەو پەڕی بەهێزیدا بوو. هەر ئەو سەردەمە بە سەردەمی بەهێزی پەیدا بوونی تەسەوف و عیرفان دەژمێردرێت لە ئێران و کوردستاندا. بەڵام هەوڵی سەلاحودین دیسان متمانە و هێزی بۆ مەزهەبی شافعی نزیک لەناوەندی دەسەڵاتی ئیسلامی گێڕایەوە. هەر بەهۆی ئەم کارانە، کورد دیسان نامۆ بوونێکی دیکەی بەنسیب بوو کە دەسەڵاتدارانی کورد بەحوکمی عەقیدە و ئایدۆلۆژیا (دەبووایە سەر بەناوەندێکی بێگانە بوونایە) و لە کاتێکدا هەوڵی کورد بۆ کوردیکردنی ئیسلام و ئێرانی کردنی ئیسلام و مەشریقی کردنی ئیسلام لە وڵاتدا لەو پەڕی بەهێزیدا بوو (دەرکەوتنی تەسەوف و عیرفان باشترین بەڵگەن).

کارێکی گەلێک گرنگ و لەڕادە بەدەر کاریگەری سەلاحەدین لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوەندی دەسەڵاتی ڕۆژئاوای (مەسیحی)، ڕزگارکردنی «بیت المقدس» بوو لە چنگی خاچپەرستەکان، کە ئەوپەڕی متمانە و هێزی بۆ ئیسلام و عەرەب و خەلافەتی ئیسلامی گێڕایەوە و زەبرێکی کوشندەشی لە دەسەڵاتی سەلیبییەکان دا. ئەم کارە، ئەگەر وەکو کارێکی مرۆڤانە تەماشا بکرێت و لە دژی داگیرکردن ڕاوەستان، دەبێت لایەنگری لێ بکرێت، بەڵام ئەگەر لەبەرامبەر ئەوەدا، حاڵەتی داگیرکردنی کوردستان لەبەرچاو بگرین، بزانە چ لێکدانەوە و دڵەڕاوکێ و نامۆ بوونێکی (بۆ کورد) لێ پەیدا دەبێت. لە دەرەوەی کوردستان، دەسەڵاتێکی کوردی (ئیمپراتۆریای ئەیووبی) بەو پەڕی هێزەوە گەورەترین و کاریگەرترین هێزی دنیا دەگەوزێنێ، بەڵام لە وڵاتدا، خەڵک و میللەتی داگیرکراو و چەوساوە و بێدەسەڵاتن و فەرمانڕەوایی و میرنشینەکان یەک لە دوای یەک بەدەستی داگیرکەرانی عەباسی و سەلجووقی لە ناودەبرێن. ئەم ڕەوشەی سەلاحەدین و دەوڵەتی ئەیووبی نەک هەر ئەو سەردەمە بەڵکو هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە پانتایی و قووڵایی کوردستاندا نامۆ بوونێکی گەورەی بۆ کورد بەدیاری هێناوە و یەکێک لەو مێژووانە و لەو ڕەوشانەی کە لەتەواوی مێژووی کوردا چووەتە خوارەوە و کوردی لە خۆی نامۆ و بێگانە کردووە، ڕەوشی سەلاحەدین و دەوڵەتی ئەیووبییە (بەهەموو ئەو کار و پێکهێنەرانەی کە بە هی دەوڵەتی ئەیووبی ئەژمار دەکرێن). بەشێک ئافەرین لە سەلاحەدین دەکەن کە خزمەتی بەئیسلام کردووە و بەشێکی دیکە نەفرەتی لێ دەکەن، کە بۆچی وێڕای ئەو دەسەڵاتە گەورە و کاریگەرە، هیچی بۆ کورد نەکردووە.

* هاتنی مەغۆلەکان بۆ کوردستان و بەتەواوی داگیرکردنی هەموو ناوچەکانی و رووخانی هەموو دەسەڵاتە ناوچەییەکان لە ساڵی ١٢١٧ز دەستی پێ کرد و ١٣١٧ز، وا دوای سەدەیەک، توانییان بەتەواوی کوردستان کۆنترۆڵ بکەن. مەغۆلەکان لە ساڵی ١٢١٧دا دەستییان بەداگیرکردنی کوردستان کرد لە ناوچەکانی ئاگر بایەگاندا، لە ساڵی ١٢٤٣ سەلجووقییەکان چوونە ژێر فەرمانیانەوە و بوون بە بەشێک لەوان، لە ساڵی ١٢٥٨ز بەغدادیان داگیرکرد و کۆتاییان بە دەسەڵاتی خەلافەتی عەباسی هێنا، لە ساڵی ١٢٦١ز توانییان دوا دەسەڵاتی ئەیووبی لە شام لەناوبەرن (لەکاتێکدا مەملووکەکان پێشتر توانیبوویان ئەیووبییەکان لە میسر وەدەر

نێن و دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن).

ڕاپەڕین و شۆڕشی ناوچەکانی کوردستان یەکێک بوو لەو کۆسپ و لەمپەرە گەورانەی کە بووە هۆی دواخستنی داگیرکردنی کوردستان لە لایەن مەغۆلەکانەوە و بەهەمان شێوەش بووە هۆی دەست نەپاراستنی مەغۆلەکان لە بەرامبەر کوردا و خولقاندنی چەندین کارەسات و تاوانی گەورە، بەرامبەر بەو میللەتە. سەرەنجام مەغۆلەکان نەیانتوانی دەوڵەتی (فەرمانڕەوایی) شوانکارە لە ناوچەی لوڕستان لەناوبەرن و مەغۆلەکان ناچار بوون لە گەڵیاندا قەراردادێک ببەستن بەوەی کە شوانکارە بەشێک بێت لە دەسەڵاتی مەغۆلەکان و هەر لەڕێگای شوانکارەوە وڵات و ناوچەی خۆیان بەڕێوە ببرێت.

ئەو دوو سەد ساڵەی کە مەغۆلەکان توانییان لە ئێران، کوردستان، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عەبباسی، ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی سەلجووقی و ئەیووبی، دەسەڵاتی ڕەهایان هەبێت تەنها فەرمانڕەوایی شوانکارە (لوڕستان) و موزەفەری (فارس) توانییان نیمچە ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن. بوونی هەلومەرجی شەڕ و کارەسات و بۆ ماوەیەکی وا درێژ (١٠٠ ساڵ) لە کوردستاندا، ڕەوشێکی لەڕادە بەدەر نەبوونی، برسێتی، تێکچوونی شیرازەی کۆمەلایەتی، بێ ئومێدی و بێ هێزی بۆ خەڵک بەدیاری هێنا. سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ژیانی خەڵک بەتەواوی لەبەریەک هەڵوەشابوو و قات و قڕی و برسێتی لەڕادە بەدەر لەناو خەڵکیدا پەرەی سەندبوو، بەجۆرێک کە خەڵک تەرمی مردووەکانی دەخوارد و لە هەژاریدا ماڵ و منداڵی خۆیان دەفرۆشت[٢٤]. لەم سەردەمەدا گەلێک بیر و باوەڕی خورافی و نائومێدی دەرکەوتبوو، خەڵک بەئاشکرا دەیان وت کە ئەمە تۆڵە سەندنەوەیەکی ئیلاهییە و دەبێت پێی شکور بین و زەمینەیەکی باشی کۆمەلایەتیش بۆ دیسان بڵاوبوونەوەی بیر و باوەڕی دەروێشی و سۆفیایەتی سازکرد. لەم سەردەمەدا نەریت و ڕەوشێکی بەهێزی دینداری، بەشێوە دەروێشییەکەی، پەیدا بوو لە کاتێکدا کە خودی ئەو دیندارییە بانگەوازی هەڵسوکەوتی پاسیفی (سلبی) دەکرد لە بەرامبەر دنیا و گوێنەدان بەدەسەڵات و گۆڕانەکانی ژیان.

هاتنی مەغۆلەکان بۆ کوردستان و پەیدا بوونی ئەو هەلومەرجە مەرگەسات و درێژ

خایەنە، چەند کاریگەرییەکی خراپی لەسەر کوردستان بەجێهێشت، کە ئەمانەن:

یەکەم، خەڵک باوەڕیان هاتە سەر ئەوەی کە لە نێوان ئەم هێزە دڕندە و گەورە و داگیرکەرانەدا، جێگایەک و کاتێک بۆ ئاسوودەیی و ئاسایی ژیانی ئەو میللەتە نەماوە و خەڵک ناچار دەکرێت کە بکەوێتە ژێر ژیانێکی یان شەڕاوی و هەڵگەڕانەوە (کە ئەویش هەموو کاتێک دەستی نەدەدا) یان کۆیلایەتی (کە ئەمیان بەرەو زاڵبوون دەچوو).

دووەم، هەموو ئەو دەسکەوتانەی کە تا ئەو کاتە بەدەست هاتبوون (بەتایبەتی بوونی دەسەڵاتە ناوچەییەکانی کوردستان و دەستکەوتی کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی دیسان و جارێکی دیکە لەبناغەوە هەڵتەکان و دیسان ئەو میللەتە بەهەموو پێکهێنەرەکانییەوە بەرەو هەڵوەشانەوە دەچوو. کە یەکێک لەو هەڵوەشانانە، لەبەریەک ترازانی ناوچە و میللەت بوو بۆ دیسان دەسەڵاتی خێڵ و هۆزەکان و پەیدا بوونی ڕەوشێکی نۆکەرایەتیی خێڵەکان بۆ داگیرکەران (بۆ پاراستنی ئەوەی کە دەکرێت بپارێزرێت) و گوێنەدان بە خێڵ و ناوچەکانی دیکە و پەیدا بوون و پەرەسەندنی لێکدابڕان و لێکترازان و سەرەنجام دواخستنی پرۆسەی بەمیللەت بوون (یان هەڵوەشانەوەی) کە تەنها و تەنها لەڕێگای هاوبەرژەوەندی و یەکگرتن و فیدراسیۆنی نێوان خێڵەکان و ناوچەکان بە دی دێت. داگیرکەران بەردەوام (ئەو هەموو داگیرکەرە زۆر و زەبەندەیە، هاتنی ئیسلام، سەلجووقییەکان، مەغۆلەکان) هەڵوەشانەوەی پرۆسەی بەمیللەت بوونی کوردیان بە یەکێک لە کارەکانی خۆیان و بەو پەڕی هێزەوە، بەئەنجامیان گەیاند.

سێیەم، خەڵکی کوردستان هەرچەندیان دەکرد، لەڕاستیدا هەرچییان لەدەست هاتبێت بەدژی داگیرکەران دریغییان نەکردووە، دەرۆستی ئەو داگیرکەرە گەورانە نەدەهاتن و نەیاندەتوانی کە ڕێگا بەو هێزانە بگرن و بەتایبەتیش کە کوردستان شوێنی شەڕ و یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان بوو، سەرەنجام کوردستان کرایە مەیدانی جەنگە گەورەکانی سەلجووقی (بۆ داگیرکردنی ئێران و کوردستان) و دەسەڵاتی خەلافەتی عەبباسی هەر بۆ ئەو مەبەستە و پاشانیش شەڕی مەغۆلەکانیش دژی ئەو هێزانەی دیکە، هەر لە کوردستاندا دەبڕایەوە.

چوارەم، وێڕای لێکترازانی خێڵەکان و ناوچەکان لە یەکدی و داگیرکردنی کوردستان، بەردەوامبوونی هەڵوەشانەوە و لێک دوور کەوتنەوەی شێوەزارەکان لە یەکدی و دوورکەوتنەوەی فەرهەنگ و ئایینەکان (ئەهلی هەق، عەلەوی، ئێزیدی، تەریقەکانی تەسەوف). لەکاتێکدا کە ناوچەی لوڕستان (ماهستان) فەرمانڕەوایی شوانکارە تیایدا دەسەڵاتدار بوو بەبوونی شێوەزاری گۆرانی و ئایینی ئەهلی هەق، لە ناوچەی کوردستانی کرمانجیی ناوەڕاست، سەلجووقییەکان بالادەست بوون یان (مەغۆلەکان) بەبوونی شێوەزاری کرمانجیی ناوەند، بێ گومان ئەم دوو دەسەڵاتە، نەیاندەهێشت پەیوەندی و هاوئاهەنگی نێوان ئەو دوو ناوچەیە ببێت و سەرەنجام هەموو پێکهێنەرەکان (کۆمەلایەتی، ئابووری، ئایینی و فەرهەنگی) لێک دوور دەکەونەوە و ناتوانن بەشێک بن لەیەکتری یان هیچ نەبێت هاوخەمی و هاودەردی بۆ یەک دروست بکەن. هەر لەو سەردەمەدا، لە کوردستانی سۆراندا، ڕێبازی تەسەوف هەبوو، لە ناوچەی زۆزان (هەکاری) و بادیناندا ئایینی ئێزیدی کاری دەکرد، لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی ئەیووبی مەزهەبی شافعی و بەم شێوەیە (فرەییەک) پێک هات کە بەردەوام لێک دوور دەکەوتنەوە، بەکاریگەری داگیرکردن. لەکاتێکدا میللەتێکی (قوم) وەکو مەغۆلەکان بەرەو یەکێتی و فیدراسیۆنیی دەچوون میللەتێکی وەکو کورد (کە دەمێک بوون چوو بووە قۆناغی یەکگرتنی خێڵەکان و پێکهاتنی میللەتی میدیا) لەبەریەک هەڵوەشایەوە و هەریەکە لەو ناوچە هەڵوەشێنراوانە ناچار بوون کە تایبەتمەندیی خۆیان، سەرلەنوێ دروست بکەنەوە.

لەناو هەموو، ئەم شەڕ و شۆڕ و وێران کارییەدا، سەرەنجام بەشێک لە کورد توانیی تەنها فەرمانڕەوایی شوانکارە (تا ساڵی ١٣٥٦) لە ڕێگای سازش و ڕێکەوتن و سەردانەواندن بۆ مەغۆلەکان (کە ئەوسا تاکە ڕێگا بوو، چونکە هێزی مەغۆلەکان کەس نەیدەتوانی خۆی لە بەرامبەریاندا بگرێت و کوردیش هەرچی لەدەست هات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەوان، نواندی، بەڵام سەرەنجام مەغۆلەکان سەرکەوتن و کوردستان و ناوچەکەشیان وێران کرد).

داگیرکردن و وێرانکاریی مەغۆلەکان و تورکمانەکان (سەلجووقی) تا سەدەی پانزەیەمی خایاند و کوردستانیش هەر لەو هەلومەرجەدا، ژیانی بەسەر دەبرد و بێ

گـومـان لـه کـۆتـایـیی سـەدەی چوارده و سـەرەتای سـەدەی پانزەشـدا، دەسـەڵاتی شـوانکارەش نەما و بـەم جـۆرە، کـورد، لەو سـەدەیەدا نەیتـوانی هیچ بـەرهەمێکی (لە واری دەسـەڵاتدا) ببێت و سـەرەنجـام زەمـینه خۆش بـوو بۆ هـاتنی عوسـمـانییـەکـان و پەیدا بـوونی شـەڕ و جـەنگە بـەردەوامـەکـانـی ئێـران و عـوسـمـانـی و دابەشـکردنی دەسەڵاتیان لەسەر کوردستان لە ساڵی ١٥١٤ز. و لە ناوچەی چاڵدێراندا.

سەرچاوەو پەراوێزەکان

(١) زۆربەی زانایان بـەم شـێـوەیە پێناسـەی نەژادیان کـردووە: نەژاد کـۆمـەڵە خـەڵکێکن لە سەردەمێکی مێژوویدا پەیدابوون و خاوەنی زمان، فەرهەنگ، ژیانی ئابوری، ڕەوشی نەریتی و سایکۆلۆژی، دەسەڵاتی خۆیان و هوشیاری دەربارەی خۆیانن).

بڕوانە: د.مجید حمید عارف، اثنوگرافیا شعوب العالم، بغداد ، ١٩٨٩

(٢) جلیل دوستـخـواه، ئاڤێستـا (نامەی مـەینـەڤی ئاینی زەردەشت)، وەرگێڕانی ئەنداز حـەوێزی، چاپی سوید.

(٣) د. پیـرۆز مـجـتـهـدزادە، هویت ایرانی در آسـتـانەی سدەی و بیـست و یکم، مـجله اطلاعـات سیاسی- اقتصادی، شماره ١٢٩- ، ١٣٠

(٤) هیگل، العالم الشرقي، ترجمة: د. أمام عبدالفتاح امام، بیروت ، ١٩٨٤

(٥) بڕوانە: کارنامەی ئەردەشیری بابەکان، چاپکراوی دەزگای سەردەم، سلێمانی ، ٢٠٠٠

کە باسی فـەڕی کیـانی (حـەقی ئیـلاهی کیـانی) کە یەکێکە لە دەسـەڵاتە ئێرانییـەکـانی سـەردەمی ژیانی زەردەشت، کە زەردەشت لەگەڵ شای کیانیدا پەیوەندیی باشی هەبووە و بۆیە بەو بۆنەوە باس لە پیرۆزیی کیانی کراوە. پاشان لەو کتێبەدا باس لە نەژادی ئێریانا دەکرێت وەکو نەژادی ساسانییەکان، ئەوەمان لەبیر نەچێت کە ساسانییەکان شێوەزاری گۆرانی (پەهلەوی)یان بەکار هێناوە و دەسـەڵاتیـشـیـان لە ڕۆژئاوای ئێـراندا بووە کـە ئەوسـا و ئێـسـتـاش ئەو نـاوچەیە هـەر کوردسـتـانە، بەڵام ئەمە بەو مـانایە نایەت کە ئەوان (سـاسـانییـەکان) کوردن و فـارس نین یان فارسن و کـورد نین. لەڕاسـتـیدا ئێرانـی بوون و یان هـەر وەکو سـەرچاوەکـان دەڵێن (ئێـریانا) بوون، کە نەژادی کـورد و فارسیش لەوانە. دەسـەڵاتی ناسیۆنالیستی فارسـی لە ئێراندا ئەوانی بەفارس ناساندووە و بەداخەوە سەرچاوەکانیش ئەوەیان سەلماندووە.

(٦) م. کاردۆخ، (جنبشهای کرد) (ازدیرباز تاکنون)، سوید ، ١٩٩٣

(٧) د. میهرداد ئێزەدی، ئاین و تایەفە ئایینییەکان لە کوردستان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژمارە ٢٧، سلێمانی.

(٨) لە فـەرهـەنگی ئاری و ئاڤێسـتـادا چەند ناوێک بۆ ئاگر هەیە کە ئەمـانەیە: ئاهـەر، ئاتەر، ئازەر،

ئاتەش، ئاور، ئایر، ئاگر و ئار. وشـەی (ئاری)یش نزیکایەتیی زۆری لەگەڵ ئەم واژانەدا هەیە. ئاگربایەگان (ئازەربایجان) ناوێکی ئاڤێستاییە و پەرستگای گەورەی ئازەرگوشب لەوێ بووە و نیشتمانی ڕەسەنی زەردەشت و ئارییەکانە. لە سەدەی دوانزە و لە ئەنجامی هاتنی بەردەوامی خێڵە تۆرانییەکان (هەر لە سەلجوقییەکان هەتا عوسمانییەکان) ئەو ناوچەیە بوو بەتورک نشین.

(٩) سەدیقی بۆرەکەیی (صفیزادە)، مێژووی وێژەی کوردی(١)، بانە، ، ١٣٧٠ باڵووڵی مادی لە دایکبووی ٢١٩ک لە یەکێک لە هۆنراوەکانی کە بەزاراوەی گۆرانییە:

ئەو واتەی یاران، ئەو واتەی یاران
ئێمە دێوانەین ئەو واتەی یاران
هەنی مەگێڵین یەک یەک شاران
تا زیندە کەریم ئایین ئێران

ئاینی ئەهلی هەق، ئاینێکی ئێرانییە و لە پاشماوەی ئاینەکانی زەردەشتی و مانەوی و مەزدەکی و ئاینە کۆنەکانی تری زاگرۆسەوە، بەدی هاتووە. لەبەر ئەوەی سەرەتا لە لوڕستان و هەورامان پەیدا بووە، سەرۆکەکانی ئەو ڕێبازە مەبەست و نیازی خۆیان بەزمانی زگماکی ناوچەکە دەربڕیوە و شێوەی زمانی ئەوان هەر ئەو شێوەزارە گۆرانییە بووە.

(هەمان سەچاوە، ل٥٦).

بابا سەرهەنگی دەودان (لەدایکبووی ساڵی ٣٢٤ک) کە یەکێکە لە هۆنەرەکانی یارسان:

سەرهەنگ دەودان، سەرهەنگ دەودان
ئەز کەنامەن سەرهەنگ دەودان
چەنی ئێرمانان مەگێڵم هەردان
مەکۆشم پەرێ ئاین کوردان

واتە (من کە سەرهەنگی دەودانم و لەگەڵ مریدەکان و خولامانی خۆما بەهەموو شوێن و جێگاکاندا ئەسووڕێمەوە و بۆ زیندوو کردنەوە و بووژاندنەوەی ئاینی کۆنی کوردان تێ ئەکۆشم)

(هەمان سەرچاوە، ل٦٣).

وشەکانی دین و ئاین، لە ئاڤێستاوە وەرگیراوە. لە ئاڤێستادا وشەی (دەئینە) یان (دەئینا) بۆ وشەی دین بەکارهاتووە و (ئاین)یش بۆ مانای ڕێباز "مذهب"، پەیڕەو، یاسا بەکارهاتووە. یاسا وشەیەکی مەغۆلییە و کەوتووەتە ناو ڕێبازی زمانی کوردییەوە، بڕوانە: جلیل دوستخوار، هەمان سەرچاوە.

(١٠) شارەزایان و زانستکارانی نوێ نموونەی (ڕەشاد میران، جەمال نەبەز، میهرداد ئێزەدی، پیرۆز مجتهد زادە و سەفی زادە)، لەسەر ئەوە هاوڕان (بەڵام هەر یەکە بەدەربڕینێک) کە ئاینی

کوردان لە ناوەڕۆکدا (بەتایبەتی لەو ڕێبازە ئاینییانەی کە ناوم هێنان) گۆرانی بەسەردا نەهاتووە، بڕوانە:

- میهرداد ئێزەدی، سەرچاوەی پێشوو.
- ڕەشاد میران، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستان. ستوکهۆڵم ١٩٩٣.

جەمال نەبەز، کوردانی سەرگەردان و برا موسڵمانەکانیان، وەرگێڕانی S.K، چاپی سلێمانی ١٩٩٨.

- سەفی زادە، سەرچاوەی پێشوو.
- د. پیروز مجتهد زادە، سەرچاوەی پێشوو.

وشەی قزڵباش تورکییە و مانای کڵاوسوور دەدات و عەلەوییەکان سەرەتا کڵاوی سوور یان مێزەری سووریان لەسەر دەنا و تا ئێستاش بارزانییەکان (کە بەشێکیان خورشیدین، کە سەر بەڕێبازی یەزدانییە لە دینی کوردا) مێزەری سوور دەپێچن. بڕوانە، میهرداد ئێزەدی، سەرچاوەی ناوبراو.

(١١) سدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی(١). بانە - کردستان ١٣٧٠ هەتاوی.

(١٢) د. ڕەشاد میران. سەرچاوەی ناوبراو ل. ٤٤

(١٣) وشەی گۆران و گۆرانی، کە وشەیەکی ئاڤێستاییە و مێژووی پەیدابوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی میدیا و دینی زەردەشتی و بەتایبەتی سەردەمی دەسەڵاتی ماگاکان کە پیاوانی دینی بوون و لەناو کۆمەڵدا بەچینی گەورەکان و بەزمانی ئاڤێستایی گۆرە) و کاتێک کە نیشانەی کۆی (ان) دەچێتە سەر، دەبێتە گۆران، واتە گەورەکان.

ئامۆژگاری و زانیارییە دینییەکانیش (بەتایبەتی بەشی گاتەکانی ئاڤێستا) ئاوازدار بووە و لەبەر ئەوەی گۆرانەکان (پیاوە گەورە دینییەکان) ئەو ئامۆژگارییە ئاوازدارانەیان بەخەڵک وتووە، بۆیە (ی) نیسبەی چووەتە سەر و بووەتە (گۆرانی) و پاشان مانای ئاوازی داوە و ئێستا بەشێوەی گۆرانی (Singing) بەکاردێت و پاشان زمانی ئاڤێستا کە زمانی گۆرانەکانە، بووەتە زمانی گۆرانی و نەوەکانی ئەو پیاوە ئاینییانەش وەکو ناوچەی گۆران و خێڵەکانی گۆران ناسراون. بڕوانە:

محەمەد ئەمین هەورامانی، کاکەیی، بەغداد , ١٩٨٥

فەرهەنگی کاکەیی (یارسان) بەزمانی گۆرانی لە بواری دین، ئەدەبیات، مێژوو فەرهەنگێکی دەوڵەمەندە و هەر لە سەرەتای سەدەی سێی کۆچییەوە تا سەدەی بیست و تا ئێستاش بەردەوامە. بڕوانە سەرچاوەی پێشوو.

وە سەدیقی بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی(١)، بانە- کردستان، , ١٣٧٠

(١٤) صدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە)، هەمان سەرچاوە.

لە سەردەمی دەسەڵاتی میدیا و دینی زەردەشتیدا کە بەشی هەرە زۆری کوردستان هەر لە

هەمەدانەوە تا ئەوبەری ئاترۆپاتین و تا ئامەد (دیار بەکری ئێستا) و تا ئەفرین (عەفرینی ئێستا) و تا بەهدینان، بەرینایی هەبوو. ئەو ناوانەی کە ناومان هێنان هەموویان، ناوی زەردەشتین و لە فەرهەنگی ئاڤێستا و ئێریەن ڤاچدا بەرچاو دەکەوێت. (ئامەد) واتە ئەو شارەی کە میدیای گەیشتووەتێ، ئاترۆ پاتین وەکو باسمان کرد ئاڤێستاییە و مانای وڵاتی ئاگر دادە، ئەفرین (کە بووەتە عەفرین و تەعریب کراوە) مانای ئافراندن دەدات، بەهدینان واتە وڵاتی خاوەن دینە باشەکان دەدات و میدیات (کە شارێکی باکوری کوردستانە) هەر پەیوەندیی بەمیدیاوە هەیە، لەدوای ئەم مێژووە، تەنها ئاینی «مذهب» کاکەیی توانیی لەو پانتاییەدا بڵاوبێتەوە و بەتایبەتی لەو سەردەمەدا کە هێشتا قووڵایی و بەرینایی کوردستان بەتەواوی داگیر نەکرابوو، واتە، لە ساڵانی ٦٤٠- ١٥١٤ز دا. بڕوانە:

سەدیقی بۆرەکەیی، هەمان سەرچاوە.

محەمەد ئەمین هەورامانی، هەمان سەرچاوە.

(١٥) سەدیقی سەفی زادە (بۆرەکەیی)، هەمان سەرچاوە.

(١٦) و (١٧) د.محمد عابد الجابری، نحن والتراث، بیروت ، ١٩٨٢

(١٨) د. پیروز مجتهد زادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(١٩) د. میهرداد ئیزەدی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٢٠) خەسرەو گۆران، کردستان عبر أزمنة التأریخ (الجز و الاول)، ستوکهولم ، ١٩٩٢

(٢١) م. کاردۆخ، جنبشهای کرد (ازدیرباز تاکنون)، ستوکهولم ، ١٩٩٣

(٢٢) م. کاردۆخ، هەمان سەرچاوە.

(٢٣) هەرچەندە تەسەوف بە وەرگەڕانێکی "انحراف" پاسیف لەناوەندی خەلافەتی ئیسلامی حساب دەکرێت، بەتایبەتی لەبەرامبەر دەسەڵاتی چەوسێنەری کۆمەڵایەتی خەلافەت (بەگەڕانەوە بۆ ئەرسەدۆکسی ئیسلامی و پاشان بۆ بنەما بنەڕەتییەکانی دینی ئاری "زەردەشتی"، بەڵام لەسەر دەستی ڕێبازی قادری و "نەقشبەندی"دا لە کوردستان گەڕانەوە بۆ نەسەبی سەیدی و بنەماڵەی پێغەمبەر بەدروست کردنی" شجرە الانساب" (لە لایەن قادرییەکانەوە)، بەڕەوشێکی نامۆ و (ناچارکرا و لەژێر کاریگەریی دەسەڵاتی ئیسلامی و شیعەی سەفەوی) و گەڕانەوە بۆ سەر نەسەبی ئەبوبەکری سەدیق، لە لایەن، نەقشبەندییەکانی کوردستانەوە، یەکێکە لەو هۆیانەی کە زەمینەی خۆش کرد کە بەشی هەرە زۆری کوردی سوننە ببنە شافعی مەزهەب، کە خودی شافعیش ڕەوایی و پیرۆزی بۆ ئەو بنەماڵەیە (قورەیش) دەگێڕێتەوە.

کوردەکان، هەر وەکو عەرەبەکان و شیعەکان بەهۆی عەقیدە و ئایدۆلۆژیای دینییەوە، دیسان (بەهۆی تەسەوفەوە) خۆیان بەستەوە. بەناوەندی خەلافەتی ئیسلامییەوە واتە تەواوکردنی کارێک کە (٦سەدە) پێشتر، سەلاحەدین دەستی پێ کرد.

(٢٤) م. کاردۆخ، هەمان سەرچاوە ل. ٢٣٢

بەشی دووەم

* سەرەتای سەدەی شانزە، بەقۆناغ و وەرچەرخانێکی نوێ دادەنرێت لە مێژووی کورد و بزووتنەوەکەی کە بەدوای خۆی و ناسنامەکەیدا، دەگەڕا. لەم سەردەمەدا، ئەوەی کە لە داگیرکاری و وێرانکاری خەلافەتی عەباسی، سەلجووقی و مەگۆلەکان، مابووەوە، کەوتە بەر هێرشی دەوڵەتی تازە دامەزراوی سەفەوی لەسەر دەستی شا ئیسماعیلی سەفەوی. ئەو، ئیسماعیلی سەفەوی، بەپشت بەستن بەهێزی خێڵە تورکمانەکانی ئاق قۆینلۆ، کە بۆ خۆشی لە نەژادی تورکمانەکان بوو، دەستی کرد بە داگیرکردنی ناوچە کورد نشینەکان و لە ساڵی (١٥٠١) شاری تەورێزی گرت و پاشان بەرەو هەمەدان ڕۆیشت و لە ساڵی ١٥٠٣دا کۆنترۆڵی کرد و دەیویست تەواوی سەر زەمینی کوردان بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە. هێزەکانی بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێ خست و بەمەبەستی داگیرکردنی ئامەد. لە ساڵی ١٥٠٧ بۆ پێشڕەویی زیاتر بەرەو ناوچەکانی ئانادۆڵ، لەگەڵ میرە کوردە دەسەڵاتدارە سوننی مەزهەبەکان ڕوو بەڕووی چەندین جەنگی خوێناوی بووەوە و لە ناوچەی ئەلبوستان لەگەڵ کوردەکانی (ذو القدری) بەرابەریی "علا والدین الدوله ذو القدر" کەوتە شەڕێکی سەختەوە[1]. پاش ئەوەی کە سەفەوییەکان ناوچەی ئاترۆپاتین و باکوور و ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆلیایان گرت، هێزەکانی قزڵباشەکان (عەلەوییەکان) هاتن بەرەو پیری سوپاکەیان و گەلێک یارمەتیی گەورەیان پێشکەش بەو هێزانە کرد. کە پاشان ئەمە بووە هۆی چەوساندنەوە و جینۆسایدی عەلەوییەکان لەسەر دەستی دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکانی، ئیمپراتۆریای عوسمانی پاش ئەوەی کە ئەو بەشەی کوردستان، بێجگە لە ئازەربایجان، لەدوای ساڵی ١٥١٤ کەوتە بەردەستی عوسمانییەکان.

ئەوەی کە لەم سەردەمەدا بەرچاومان دەکەوێت، هەتا ئێستا، ئەوەیە کە کوردە موسڵمانە سوننییەکان بوونە لایەنگری دەوڵەتی عوسمانی و کوردەکانی قزڵباش

(عەلەوی) بوونە لایەنگری دەوڵەتی شیعەگەری دوانزە ئیمامی سەفەوی، کە ئەوانیش نزیکایەتیی زۆریان لەگەڵ ئاینە یەزدانییەکانی ئیسماعیلی و عەلەوی هەیە و کە بەشێکن لە دینی ئاری و زەردەشتی کۆن، بەڵام ئەمانیش (شیعەکان) [هەستی] بەدەربڕینی تایبەتی و ئیسلامیی خۆیان. هێزەکانی سەفەوی، لەناوچەی ورمێ و شنۆ لەگەڵ کوردەکانی ئەوێ، بەڕابەری سارم بەگ کەوتنە جەنگەوە و پاش لەناوبردنیان ئەو ناوچانەشیان گرت.

گەلێک لە سەرچاوەکان، ئاماژە بەوە دەدەن، کە دامەزرێنەری دەوڵەتی سەفەوی لە نەژادێکی تێکەڵی کورد و تورکمانن و دینەکەشیان هەر بەو شێوەیە، تێکەڵێکە لە دینی ئاری و دینی ئیسلامی و تەنانەت (شا ئیسماعیلی سەفەوی) لەقەبی "صاحب الزمان"ی بۆ خۆی داناوە و کە تا ئێستا لەناو شیعەکانی ئیمامی دا (چ ئیسماعیلی و چ دوانزە ئیمام)، لەقەبی ئیمامی وەخت، کە هەمان نەخشندە و دۆنی پەروەردگارە، ماوتەوە. تا ئێستا بارزانییە (مێزەر سوورەکان) بەشێخەکانیان دەڵێن (خودان) کە هەمان مانای "صاحب الزمان "دەدات. ئاینی سەفەوییەکان، وەکو ناوەڕۆکی دینی هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئاینە کۆنە ئارییی و زەردەشتییەکەدا نییە، کە بێگومان نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ ئاینی عەلەوییە و ئەهلی هەقدا، هەیە(٢).

بەدبەختیی کورد و ناوچە کوردییەکان، بەجۆرێک بوو، کە ئەویش سەبارەت بەهێزی زۆر و زەوەندی سەفەوی و عوسمانییەکان بوو، ناوچەکانی کە عەلەوییەکانی تیا نیشتەجێ بوون، واتە باکووری ئەنادۆڵ و ڕۆژئاوای کوردستان، کەوتە بەر دەستی عوسمانییە سوننە مەزهەبەکان و ئەو ناوچانەی کە کوردە سوننییەکانیشی تیادا نیشتەجێ بوون، کەوتە بەردەستی سەفەوییە شیعە مەزهەبەکان و بەم شێوەیە سەردەم و ڕەوشێکی نوێ (سەبارەت بەجیاوازیی ئاینی) لەنێوان کورد و دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکاندا دەستی پێ کرد و لە لای عوسمانییەکان، چەوسانەوەی لەڕادەبەدەری عەلەوییەکان بووە کارێکی هەموو ڕۆژەیان و ئازاردانی کوردە سوننەکانیش لە لایەن سەفەوییەکانەوە لەوێ بووەستێ و تەنانەت کۆچی بەکۆمەڵی کوردان و دەرکردنیان لەناوچەکانی ئازەربایجان و بردنیان بۆ خوراسان، یەکێکە لەو کارە دزێوانەی سەردەمی شا عەباسی سەفەوی.

جەنگی نێوان عوسمانی و سەفەوی لەسەر داگیرکردنی خاکی کوردستان هەتا ١٥١٤ی خایاند و سەرەنجام لە دوای جەنگی چاڵدێران و لەو ساڵەدا، هەردوو ئیمپراتۆریاکە، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە کوردستان دابەش بکەن. عوسمانییەکان نەیاندەتوانی بەبێ بەشداریی کوردەکان و دەسەڵاتدارە ناوچەییەکانی کوردستان، لەناوچە تورک نشینەکانی ڕۆژئاوای تورکیا بەرەو ئەو ناوچانە بێن و هەر بەهۆی کوردەکانیشەوە، کە بوونە سەرە ڕێگا و پردی پەڕینەوەی عوسمانییەکان بەرەو ناوچە عەرەب نشینەکان، لەدوای ئەوەی عوسمانییەکان، لەگەڵ سەرانی کوردا ڕێک کەوتن، ئنجا توانییان بگەنە ئەو سنوورانەی ئێستای نێوان تورکیا و ئێران و داگیرکردنی وڵاتانی عەرەبیش دەستی پێ کرد. واتە کورد بەهۆی بیر و باوەڕی مەزهەبییەوە (لەڕاستیدا سەرانی کورد) بوونە هۆیەک بۆ بەهێزکردنی لەڕادەبەدەری عوسمانییەکان و پاشان داگیرکردنی بەشی هەرە زۆری کوردستان. عوسمانییەکان نەیاندەتوانی بەشەڕ ناوچە کوردنشینەکان داگیر بکەن (ناوچەکانی عەلەوییەکان ئەم قسەیە نایگرێتەوە) بۆیە هەوڵی ڕێککەوتن و سازانیان دا، لەگەڵ دەسەڵاتدارە ناوچەییەکانی کورد و سەرەنجام سوڵتانی عوسمانی لەداوی جەنگی چاڵدێران لەگەڵ شانزدە کەس لە میرانی کورد، ڕێکەوتنێکی بەست کە تیایدا مافی دەسەڵاتداریی ئەوانی بەشێوەی (خودموختاری) هەر لە مەڵاتیەوە هەتا دەریاچەی وان بەڕەسمی ناسی و ئەم پەیمانەیە، چوار مادەی گرنگی تیادا بوو:

١ – دەسەڵاتدارە ناوچەییەکانی کورد، سەربەخۆییی خۆیان دەپارێزن.

٢ – شێوەی دەسەڵاتدارێتی، پشتا و پشت دەبێت، واتە لەدوای باوک کوڕەکان دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن.

٣ – کوردەکان دەبێت لە هەموو جەنگەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا بەشداری بکەن.

٤ – دەوڵەتی عوسمانی دەبێت لەبەرامبەر دەستدرێژیی دەرەکی دژی دەسەڵاتدارییە ناوچەییەکانی کوردستاندا، یارمەتیدەر بێت[٣].

ئەم ڕێککەوتنە، هەم بۆ دەوڵەتی عوسمانی ناچاری بوو، وە هەم بۆ کوردەکان.

بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەبووایە دەستی بگەیشتایە بەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی خۆی، کە ئەویش تەنها و تەنها لە ڕێگەی کوردەکانەوە دەبوو، چ بۆ داگیرکردنی وڵاتانی

عەرەبی و چ بۆ بەرەنگاریی دەوڵەتی بەهێز و تازە دامەزراوی سەفەوی. ئەگەر بزانین کە دەوڵەتی عوسمانی لەساڵی ١٢٩٩ز لە ئەستانە دامەزرا بوو، تەنها لە ساڵی ١٥١٠ و بەم لاوە تا ساڵی ١٥١٤ ئنجا توانیی دەستی بگات بەناوچە کوردنشینەکان و عەرەب نشینەکان، واتە دوای دوو سەد ساڵ لە دامەزراندنی. دەوڵەتی عوسمانی دەیویست ناوچەکانی ڕۆژئاوای خۆی داگیر بکات و تەماعی لە ئەورووپادا هەبوو، بەڵام پاش ئەوەی ئیدریسی بەدلیسی (کە شێخێکی سەر بەتەسەوفی نەقشبەندی بوو)، چووە لای عوسمانییەکان بۆ خۆپاراستن لەدەستی داگیرکاری سەفەوییە شیعییەکان، کاری کردە سەر عوسمانییەکان، بەتایبەتی سوڵتان یاوز باوکی سوڵتان سەلیم سولەیمان، کە بەرەو ئەو ناوچەنەی کە باسمان کردن، بێن.

لێرە بەدواوە، جارێکی دیکە کوردستان لەنێوان دوو هێزی گەورەدا دابەش کرا، کە هیچ کاتێک کورد دەرۆستی هیچکام لەو هێزانە نەهاتووە. لە ئێراندا (لەژێر دەستی سەفەوی) کورد بووە کەمایەتییەکی بچووک و لەهەمان کاتدا، مەزهەب جیاواز، کە وێڕای ئەوەی ڕەوشێکی چەوسانەوەی لەڕادەبەدەری لێ کەوتەوە و بووە هۆی ئەوەی کە ئەم ئەنجامەشی لێ پەیدا بێت: یەکەم، کورد تا ئەو کاتە _سەدەی شانزە - توانیبووی زمانی خۆی لەپاڵ زمانە ئارییاییەکەدا یان بەهاوبەشی لەگەڵ ئەودا لە سەردەمە جیاوازەکاندا واتە زمانەکانی (ئێریەن قاچ، ئاڤێستایی"دین دەبیرە"، گۆرانی، پەهلەوی، ماهی سۆراتی"مادی سۆراتی"، کاکەیی، ئێزیدی) بپارێزێت و ئەوەشمان لەبیر نەچێت هەر وەکو وتمان لەپاڵ شێوەزارەکانی دیکەی ئێرانیدا، هەموو ئەم کەلەپوور و مێژووە، کەوتە بەردەستی سەفەوییەکان و بەم جۆرە ئەم زمانانە بوونە مێژووی زمانی ئێرانی و فارسی و کوردیشی لێ بەش کرا، هەرچەندە کەمایەتییەکی کوردی لە ئێراندا مانەوە. دووەم، ئاین و فەرهەنگیش هەر بەو شێوەیە، کورد ناچار بوو، چونکە زۆربەی کورد، کە سوننە مەزهەب بوون، کەوتنە بەردەستی عوسمانییەکانەوە و ئیتر لێرەوە دیسان دابڕانێکی گەورە لە فەرهەنگ و ئاینی مێژوویی دەستی پێ کرد و کورد بووە بەشێک لە مەزهەبی سوننەی شافعی و دوور کەوتنەوەیەکی گەورە و کاریگەر لە ئاین و فەرهەنگ و میراتی کەلەپووری خۆی، بوو بەنسیبی. ئێرانییەکان، بەهۆی سەفەوی و لەسەر دەستی شا ئیسماعیل توانییان،

جـارێكی دیكه، دینی خـۆیان لەبەرگـی شیـعـەی دوانزە ئیـمـامـدا زیندوو بكەنەوە و بەجۆرێک ئەگەر ئەو (شـا ئیسمـاعیل)، مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامیی نەكردایەتە ئاینی ڕەسمی لە ئێران، ئەوا ئێستـا شتێک بەناوی ئێرانەوە نەدەبوو كە لە بەرامبەر دەسەڵاتی گەورەی عوسمانییە سوننییەكاندا، خۆی ڕابگرێت[٤].

لێرە بەدواوە، كـورد لەئێـران پاش ئـەوەی كـە لە هـەموو زمـان، فـەرهەنگ و ئـاینی كۆنی خـۆی دابڕا و بوو بەكەمایەتییەكی جیاواز لەو دەوڵەت و وڵاتە، هەرچەندە كورد بەكـۆنتـرین و مێـژوویـیتـرین مـیللەتی ئێـرانی دادەنرێت و بەشـێكی هـەرە زۆری ئەو زمـان، فـەرهەنگ و شـارسـتـانییە لە لایەن كورد و لەوڵاتی كوردانـدا "لە ئێـران" بەدی هـاتـووە. لەژێر دەسـەڵاتی عـوسـمـانیـشـدا، هـەر بووە كـەمـایەتی. ئەو دەمـەی عوسـمـانییەكان، پێویستییـان بەهـێزی یەدەكیی كوردەكان بوو، بۆ مەبەستی فراوان بوونەوە و داگیركاریی خۆیان، ڕێككەوتننامـەی ناوبراویان، لەگەڵ ئیمـزا كردن، بەڵام پاش بەهـێـز بوونی دەوڵەتی عوسـمـانی، ڕووی لە كوردەكان وەرگـێـڕا و یەک لەدوای یەک، فەرمـانڕەوایی ناوچەكانی نەهێشت و دەستی كرد بە دەربەدەركردنی سەرانی كورد، كە یەكێک لەوان مـیـر شـەرەفخـانی بەدلیسی، مـیری ئەمـارەتی بەتلیس، كە ناچار ڕووی كردە ئێران و لەوێ بەزمانی فارسی، شەرەفنامەی نووسی.

ئێرانییـەكان، لەسەر دەسـتی سەفـەوییـەكان، سـەرەتای قـۆناغ و سـەردەمێكی زۆر نوێ و كاریگەریان دەست پێ كـرد، ئەوان توانییان، هـەنگاوە بەراییـیەكانی سـەردەمی چوونە ناو پێكهاتنی نـەتەوەی ئێران (و بەتایبەتی فـارس) بنێن و هـەوڵیان دا، بەهـۆی توانایـی ئەو دەسـەڵاتەوە، هـەمـوو سنوورەكـانی "أبعـاد" خـۆیان لەواری زمـان، ئاین، فـەرهەنـگ، مێژوو، ژیانی ئابوری و دەسـەڵاتدا ڕێک بخـەنەوە و بتـوانن دەسـەڵاتیـان بەسـەر كـۆكـردنەوە و گـونجـاندنی ئەو ڕەهـەندانەدا هـەبێت، كـە پاشـان سـەرەتای یەكێتی و یەكبوونێكی نوێ بۆ چوونە ناو قۆناغێكی تازە، كە قۆناغی یەكبوونی زمان، واتە بنیـاتنانی زمـانی هـاوبەش، پێكهێنانەوەی فـەرهەنگی هـاوبەش و ئاینی هـاوبەش و ژیان و بەرژەوەندی هـاوبەش، لە ڕێگای دەسەڵات و دەوڵەتی هـاوبەشـەوە، كە پاشـان ئەم قـۆنـاغـە، بە قـۆنـاغی نەتەوە و پێكهـێـنانی گـەلی[٥] هـاوبەش بەهۆی هـێـز و كاریگەریی دەوڵەتەوە، دەناسرێت.

عوسمانییەکانیش، هەر بەو شێوەیەی ئێرانییەکانیان کرد. هەردووکیان، سەفەوی و عوسمانی، توانییان بناغەیەکی دەوڵەتیی بەهێز بۆ نەتەوەی فارس و تورک بنیات بنێن و بتوانن کارێکی وا بکەن کە پاشان، ئەو دوو نەتەوەیە، بەهرەمەندبن لە بناغە جێگیر و پتەوەکانی زمان، فەرهەنگ، ئاین، ژیانی ئابوری، خاک و شوێنی ژیان"نیشتمان" و دەسەلاتیش هەموو جارێک و سەردەمێک ئەمانەی نوی و چاک و فراوانتر دەکردەوە، لەبەرژەوەندی ئەو دوو میللەتە، کە بەهۆی ئەو بناغانەی کە باسمان کردن، بەبی سەر ئێشە توانییان پی بنێنە قۆناغی یەکگرتنی ناوچەکان، یەکگرتنی شێوەزارەکان بۆ پێکهاتنی زمانی هاوبەش، یەکێتی و یەکبوونی دینی، ژیانێکی هاوبەش لە سایەی دەسەلاتی ناوەندیدا و سەرەنجام ئەو دوو دەوڵەتە مێژووییییە، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، هەنگاوەکانی بوون بەدەوڵەتی نەتەوەییان دەست پێ کرد و لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا نەتەوە (فارس و تورک) و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان پێک هێنا.

لەبەرامبەر ئەواندا کورد، چی بەسەرهات؟ ئەگەر بەوردی تەماشای ژیان و ڕەوشی کوردان بکەین لەو سەردەمەدا، ئەم گۆڕانکارییە تازە و کاریگەرانەمان، بەرچاو دەکەوێت:

١ – کورد، بەوەی کە خۆی کردە کەمینە و بەزۆری دەسەلاتدارانی (سەفەوی) سەبارەت بەجیاوازیی مەزهەبی، لە ئێراندا، کرایە کەمایەتی و جیاواز و نامۆ بە زمان، فەرهەنگ، ئاین و شارستانیی ئێرانی و کورد ناچار بوو (ناچارکرا) دەستبەرداری گەلێ پایەی گرنگی نەژادی و مێژوویی خۆی بێت، کە بێگومان ئەو بناغانە (زمان، فەرهەنگ، مێژوو، ئاین، شارستانی و دەسەلات) دەتوانن یارمەتییەکی زۆری ئەو نەژادە بدەن بۆ دیسان یەکێتی و یەکگرتن و چوونە ناو قۆناغی نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەوە.

٢ – کورد، لەلای عوسمانییەکانیش، هەرچەندە زۆربەی کورد کەوتنە بندەستی دەسەلاتی عوسمانی (ئەویش سەبارەت بەڕەوشی ئاینی و مەزهەبی و چوون یەکی مەزهەبی کورد و تورک)، دوژمن بەنەژادی ئاری (تورکەکان سەر بەنەژادی تۆرانییان ئالتا ئۆراڵین، کە لە تەواوی مێژوودا بەدوژمنایەتیی نەژادی ئێرانی

ناسراون و هەرچییان پێ کرابێت بۆ داگیرکردنی ولاتەکانی باشوور و ڕۆژئاوای خۆیان دریغییان نەکردووە. سەلجووقییەکان، مەگۆلەکان، قەرەقۆینلو و ئاق قوینلو، و پاشان عوسمانییەکان هەموویان لە نەژادی تۆرانیندا بژی و لەژێر ستیبەر و ڕەحمەتی ئەو نەژادە جیاوازەدا سەردەمێکی نوێ بە ژێردەستەیی بەسەر بەرێت. هەر وەکو چۆن جیاوازیی مەزهەبی بووە هۆی جیابوونەوەی نەژادی ئاری (بۆ کورد و فارس)، هەر بەو شێوەیە وەک یەکیی مەزهەبی بووە هۆی ناچاربوونی کورد کە لەژێر دەستی نەژادێکی بێگانەدا بژی.

٣ – لە کاتێکدا تورک و فارس، بەرەو یەکبوون و یەکگرتنی میللەتی و نەژادی دەچوون لەنێوان ناوچەکانی ئەو دوو میللەتەدا، کورد بەرەو دیسان جیابوونەوە (جیابوونەوەی کوردی ژێر دەسەلاتی ئێران لە کوردی ژێر دەسەلاتی عوسمانی) و لێکدابڕان و پەیدا بوونی ناوچەگەری و تایەفەگەری و دامەزراندنەوەی میرنشینە ناوچەیی و دەسەلاتە خێڵەکییەکان و جیاوازیی مەزهەبی و فەرهەنگی ناوچەیی، ملی ناو دیسان ناچار کرایەوە لەگەڵ پەرتەوازەیی و لێکترازانی شوێنی و مێژوویی ببێتەوە بەهاوبەشی ژیان.

٤ – تورک و فارس، بەهۆی دەسەلاتی ناوەندییانەوە، توانییان هێزێکی گەورە و کاریگەری نەژادی خۆیان و ئالوگۆڕ بەخش پێک بێنن. بەلام هەر ئەو دوو دەوڵەتە بەهێزە بوونە هۆی بێهێزی و دووبەرەکی و چەند بەرەکێی کورد و کوردیان ناچارکرد (هەر یەکە بۆ پاراستنی ناوچەکەی و ڕزگارکردنی ئەوەی کە دەکرێت ڕزگار بکرێت)، بچنە ژێر فرمانی یەکێک لەو دوو ئیمپراتۆریانەوە و سەرەنجام ڕەوشی هەرە نالەبار و خراپ و دژ بەکورد، هاتە ئاراوە، ئەویش دژایەتیکردنی کورد بۆ کورد و داگیرکردنی کورد بۆ کورد بوو، دیارە لەبەر بەرژەوەندی داگیرکەرانی نوێ و شتێکیش لەبەر بەرژەوەندی بچووک و کەمبایەخی ئەو لایەنە تایبەتییەی کورد، کە نەدەکرا، بەگوێی یەکێک لە دووو دەسەلاتە داگیرکەر و بەهێزە، نەکات.

٥ – سەرەنجام و لە هەمووی کاریگەرتر بێهێز بوونی کورد، لە هەموو ئەو زەمینە و وارانەی کە باسمان کردن (زمان، فەرهەنگ، ئاین"سەبارەت بەجیاوازیی

مەزهەبی"، دەسەڵات، ئابووری (هەرچەندە کوردستان وڵاتێکی بەپیت و بەرەکەتە، بەڵام سەبارەت بەداگیرکردن و جەنگ و شەڕەکان، دەمێکە هەلومەرجێکی ئاسایی و ئارام بۆ لەباربوون و هێزی ئابووری پەیدا نەبووە). تەنانەت بزووتنەوە کوردییەکانیش نەیاندەتوانی ئەو ڕەوشانە تێ بپەڕێنن و نەیاندەتوانی لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا، هێزێکی گونجاو و لەبار بۆ پرسی کورد بەدەست بهێنن، چونکە ئەو دوو هێزە هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم لە هەلومەرجی نێو دەوڵەتیدا، سەبارەت بەکاریگەریی هێز و دەوڵەتەکەیان، حسابیان بۆ دەکرا و کورد نەیدەتوانی و تا ئێستاش نەیتوانیوە لەو چوغز و سنوورانەی کە ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانە بەباڵای کوردیاندا بڕیوە، دەرباز بێت و لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتیدا ببێتە هێزێکی سەربەخۆ و حسابی بۆ بکرێت. سەرەنجام کورد ناچارکرا، چ ئەوانەی کە لەگەڵ یەکێک لەو دوو دەوڵەتەدان، و یان ئەوانەی کە لەو دوو دەوڵەتە هەڵگەڕاونەتەوە، لەو سنوورانە دەرباز نەبێت کە ئەو ڕەوشە داگیرکارییە بۆ کوردی بەدیاری هێنا.

هەردوو دەوڵەتی سەفەوی (١٥٠١- ١٧٢٢ز) و دەوڵەتی عوسمانی (١٢٩٩-١٩٢٣ز) و لەو سەردەمانەی کە هاتنە کوردستانەوە و دەستیان کرد بەداگیرکردنی کوردستان، لە وڵاتی خۆیاندا واتە لە وڵاتی فارس و تورک، بەهۆی دەسەڵاتی زۆر و زەبر و زەنگ و داگیرکردنەوە توانییان یەک لەدوای یەک، ناوچەکانی خۆیان بگرن و سەرەنجام بتوانن دەوڵەتێکی بەهێز و تاکانە لە وڵاتی خۆیان دابمەزرێنن و بەمەش یەکێتی و یەکبوونێکی بەزۆریان، بەباڵای وڵاتی خۆیاندا بڕی.

بێگومان ئەو سەردەمە، سەردەمی دەسەڵاتی بنەماڵە، دین (یان مەزهەب) و ئیمپراتۆریاکان بوو، وە تەنها لەم ڕێگەیەشەوە میللەتەکان توانیویانە یەکێتیی دەسەڵات و ناوچەکان بەدی بهێنن. ڕەوشی داگیرکاری و دەسەڵاتی بێگانە ئەوەشی بەکورد و کوردستان، ڕەوا نەبینیوە، ئەگەر یەکێک لە فەرمانڕەواییە ناوچەییەکانی (بەتلیس، هەکاری، ئامێدی، ئەردەڵان، لوڕستان، سۆران یان بابان) هێزێکی وای پەیدا بکردایە، کە نیشانەی مەترسی بووبێت بۆ دەست بەسەراگرتنی ناوچەکانی نزیک خۆی، چ لە ڕێگای پەیمان بەستنی دوو قۆڵی یان لە ڕێگای سەرکەوتنی بەهێزەکان بەسەر بێهێزەکاندا، ئەوا یەکسەر ئەو دوو دەوڵەتە دەکەوتنە خۆیان و

هەرچییان پێ کرابایە بەدژی ئەو دەسەڵاتە کوردییانە، دریغییان نەدەکرد.

یان ڕاستەوخۆ، خۆیان سوپایان کۆ دەکردەوە بۆ لەناوبردنیان، وەکو لەناوبردنی ئەمارەتی برادۆست (خانی لەپ زێڕین) بەدەستی شا عەباسی سەفەوی ساڵی ١٦١٠ز، یان لەناوبردنی ئەمارەتی بەتلیس بەدەستی سوڵتانی عوسمانی، مورادی چوارەم لە ساڵی ١٦٥٠ز. یان بەزۆر میرنشینەکانی دیکەی ناوچە کوردنشینەکانیان بەگژدا دەکردن، یان دوو قۆڵی (عوسمانی و سەفەوی) لە دژی ئەو دوو دەسەڵاتە دەجەنگان.

ئەوەی لە هەمووی گرنگترە، ئەوەیە، کە لەو سەردەمەدا، ئەو دوو ئیمپراتۆریایە نەیانهێشت، دەسەڵاتی کوردی لە ڕێگای هێزەوە ناوچە کوردنشینەکان یەک بخا، بەڵام وێڕای ئەوەش، کورد و بەرەنگاری کوردی، هەر مایەوە و دەسەڵاتە کوردنشینەکان و میرنشینەکان، بەردەوام بوون و توانییان پێ بنێنە سەدەی ١٧ و ١٨ و ئەمارەتەکانی خۆیان بپارێزن، بەڵام هەر لەو ڕێگایانەوە کە باسمان کردن.

لە ساڵی (١٦٣٩ز) ڕێککەوتننامەی نێوان عوسمانی و سەفەوی لە شاری زەهاو کە بەڕێکەوتنی قەسری شیرین یان (زەهاو) ناودەبرێت، بەسترا کە تیایدا هەموو ناوچەکانی کوردستان دیسان کەوتنەوە بەر ڕەحمەتی دابەشکردنەوە لەنێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا. ناوچەکانی شارەزوور کە تا ئەو کاتە بەشێک بوون لە دەسەڵاتی ئەردەڵانەکان و بەشێک بوو لە فەرمانڕەوایی سەفەوییەکان، کەوتە بەردەستی عوسمانییەکان و بەم شێوەیە کوردستان و ناوچەکانی جارێکی دیکە دابەش کرانەوە. ناوچەی شارەزوورمان بەنموونە هێنایەوە. ئەم ناوچەیە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، زیاتر لە دوو سەد ساڵ بەشێک بوو لە قەڵەمڕەوی ئەردەڵانەکان و لەناو سنووری ئێراندا بوو، واتە بێ گومان بەشێک دەبێت لەزمان، فەرهەنگ، ئاین، شارستانی، یانی ئابووری و دەسەڵاتی ئەو ناوچەیەی یەکەم، کاتێک کە پاش ئەو مێژووە ١٦٣٩ دەکەوێتە بەردەستی عوسمانییەکان و پاشان بەردەستی بابانەکان بێگومان دەبێت ببێت بە بەشێک لە ژیان و هەلومەرجێکی نوێ و دیسان و سەرلەنوێ میللەتی ئەو ناوچەیە دەبێت هەموو پێکهێنەر و لایەنەکانی ژیانیان بگۆڕن. ناوچەی شارەزوور تا ئەو کاتە بەزاراوەی گۆرانی (هەورامی) یان شێوە گەرمیانییەکەی

هەورامی کە نزیکە لە زاراوەی لوڕییەوە دەدوان و بێگومان نووسەران و شاعیرانیش هەر بەو شێوەزارە بەرهەمەکانیان دەنووسی و بەڵام پاشان ناچاربوون، کە بەزاراوەی کرمانجی ناوەڕاست و بەتایبەتی بەزاراوەی سلێمانی بنووسن و بدوێن. مەبەستم لەم نموونەیە ئەوەیە کە هەموو ناوچەکانی کوردستان لەژێر ڕەحمەتی ئەم دوو دەوڵەتە بەهێز و داگیرکەرەدا دەبێت چاوەڕوانی دیسان گۆڕان و هەڵگەڕانەوە و دابڕان بن و زۆرن ئەو خێزانانەی (بنەماڵە) کە تا ئێستا بەشێکیان لەئێران و ئەوی دیکە لە عێراق یان بەشێکیان لە تورکیا و بەشەکەی تر لە عێراق یان ئێران. بەم شێوەیە بناغەی جێگیربوون و یەکێتی و یەکبوون بەتەواوی هەڵتەکاوە و تا ئێستاش سەبارەت بەکاریگەریی داگیرکردن و دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتانە، کورد خۆی نەگرتووەتەوە و هەر بەرەو هەڵوەشان، دابەشکردن، لێکدابڕان، پەرتەوازەیی و سەرەنجام ناکۆکی و چەند بەرەکی مل دەنێت، یان لەڕاستیدا پاڵی پێوە دەنرێت.

* وێڕای داگیرکردن و دووبارە و چەند بارە دابەشکردن، بەڵام کورد و بزووتنەوەکەی و دەسەڵاتە ناوچەییەکان هەر کۆڵیان نەدا و، لەم سەردەمەشدا بەردەوام بوون بۆ دامەزراندنی یان بەردەوامبوونی (هیچ نەبێت دەسەڵاتی ناوچەیی). کوردەکانی ئامێدی واتا میرنشینی بادینان و هەکاری توانییان تا ڕادەیەک سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن و بەو شێوەیە بچنە ناو سەدەی نۆیەوە (سەدەی حەڤدە).

لە سەرەتای سەدەی حەڤدە، دەسەڵاتداریێتی بچووکی ڕواندز (سۆران) توانیی بەرەو فراوانبوون بچێت و ناوچەکانی نزیک خۆی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و شارەکانی هەریر و ڕانیە بخاتە سەر سنووری و هەندێک جار توانیی شاری کۆیەش بگرێت.

دەوڵەتی ئەردەڵان، هەر لەم سەردەمەدا توانیی و بەڕابەری خان ئەحمەدخان بۆ ماوەی حەوت ساڵ شاری مووسڵ، کەرکووک و ناوچەکانی شارەزوور و هەورامان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

هەر لە سەرەتای سەدەی هەڤدەدا، دەسەڵاتی بابانەکان توانییان خۆیان دابمەزرێنن و ناوچەکانی خۆیان بگرن و دەوڵەتی ناوچەیی دابمەزرێنن و تا ساڵی ١٨٥٦ توانییان بەردەوام بن.

کورد، بەو شێوەیە توانیی، بەبوونی ئەو ئەمارەتە نیوە سەربەخۆیانەوە و بەو شێوەی کە باسمان کرد، بچێتە سەدەی هەژدە و سەدەی هەژدەش بەردەوام بکات و بەرەو سەدەی نوێ (سەدەی ناسیۆنالیزم) و سەدەی نەتەوەکان و دەوڵەتی نەتەوەیی، کە دیارە کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی هەر زوو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی بۆ بەدیهێنانی دەوڵەتی یەکگرتوو و نەتەوەییی خۆی، بەڕێ خست.

سەردەمی میرنشینەکان (بابان، سۆران، ئەردەڵان، بادینان، بۆتان) تا ڕادەیەک بە سەردەمێکی ڕێژەیی ئارام دادەنرێت، بەتایبەتی لەهەردوو سەدەی هەڤدە و هەژدەدا و تا نزیکەی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە. مەبەستم ئەوەیە کە ئەم دەسەڵاتە ناوچەییانە، وێڕای ناکۆکی و شەڕی ناوەناوەیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عوسمانی و ئێرانی و لەگەڵ یەکدیشدا، بەڵام توانییان بمێننەوە و بەردەوام بن و دیارە لەو بەردەوام بوونەشدا، ژیانێکی بەردەوام و جێگیر بەهەموو سیما و بەرهەمەکانییەوە دێتە گۆڕێ.

لەم سەدەیەدا (حەڤدە و هەژدە) بزووتنەوەیەکی بەهێزی فەرهەنگی، بەتایبەتی ئەدەبی و شیعری، لە کوردستاندا پەیدا دەبێت و شاعیرانی کورد لە گرنگترین بابەتەکانی سەردەم کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئەدەبی، جوانکاری، دەوری باڵایان بینیوە و توانیویانە بەشێوزارەکانیان (گۆرانی، سلێمانی و کرمانجی و موکریانی) ئەو سەردەمە بڕازێننەوە و گیانێکی بەرز و جوان بکەن بەبەری کورد و گەڕان بەدوای ناسنامەکەیدا. هەموو پسپۆڕان و لێکۆڵەرەوەکان باسی گەورەیی ئەحمەدی خانی (١٦٥٠- ١٧٠٦ز)، مەلای جزیری، بێسارانی، خانای قوبادی، نالی و سالم و کوردی، دەکەن و ئەوان کاریگەرییەکی گەورەیان لەژیانی فەرهەنگی کورد کرد.

* هەردوو میللەتی تورک و فارس، بەهۆی بوونی دەوڵەتی بەهێز و کاریگەر، کە هەندێ لە سەرچاوەکان وەکو دوو "دەوڵەتی مێژوویی" ناویان دەبەن[٦]، توانییان پێشوازی لە سەدەی نۆزدە بکەن، کە هەر وەکو وتمان بەسەدەی نەتەوەکان و پێکهاتنی نەتەوەکان Nation hood[٧] ناودەبرێت. بەهۆی ئەو دەوڵەتانەوە، ئەو دوو میللەتە توانییان زەمینەیەکی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و نێودەوڵەتی بۆ پەڕینەوەی ئەو نەژادانە کە لە قۆناغی میللەت "القوم" دا بوون بۆ قۆناغی نەتەوە، پێک

بهێنن. واته ئەو میللەتانە توانییان، لە سەدەی نوێدا، وەکو نەتەوەیەکی خاوەن زمانی هاوبەش، فەرهەنگی هاوبەش، دینی هاوبەش، ژیانی ئابووریی هاوبەش و دەسەڵاتی نەتەوەیی، بتوانێت ناوچەکانی کە میللەتی تیادا دەژی، بەرەو یەکێتی و یەکبوون بەرێت.

هەر لەو سەردەمەشدا، کورد کە لەژێر دەستی ئەو دوو دەوڵەتەدا دەژیا، لە هەلومەرجێکی زۆر نالەباردا دەژیا. خاکەکەی لەنێوان دوو دەوڵەتی داگیرکەری بەهێزدا، دابەشکرا بوو، لەواری زمانەوە بەسەر چوار شێوەزاری گەورەدا (لوڕی، گۆرانی، کرمانجیی ناوەڕاست و کرمانجی باکووریی) دابەش کرابوو، ڕەوشی فەرهەنگی و دینی و ژیاریی لەیەک دابڕابوو، سەبارەت بەوەی کە بۆ ماوەیەکی درێژ ٦٤٠- ١٨٠٠ز لەژێر دەستی چەندین داگیرکەری جیاوازدا (داگیرکردنی عەرەبی ئیسلامی، سەلجووقی، مەگۆلی، سەفەوی، عوسمانی و قاجاری) مابووەوە، بۆیە دەبینین هەرچی زیاتر دوور کەوتنەوەی ناوچەکان، شێوەزارەکان، فەرهەنگەکان، ڕێبازە ئاینییەکان، پەرتەوازەیی ژیانی ئابووری و سەرەنجام نامۆ بوون و لێکدابرانە مێژووییەکانیش. بەم جۆرە کورد بەم هەموو لێک دوورکەوتنەوەو ژێردەستەییە، هاتە نێو سەدەی پێکهاتنی نەتەوەکانەوە.

زانایانی بواری نەتەوایەتی و بە لێکۆڵینەوە لە مێژووی نەتەوەکان و دەوڵەتەکانی نەتەوەیی، لەو بڕوایەدان، کە پەرینەوەی نەژادەکان (میللەتان) بۆ قۆناغی نەتەوەیی، واتە بۆ قۆناغی یەکێتی و یەکبوونی زیاتری ئەو میللەتانە و یەکگرتنی ناوچەکان لە سایەی یەک دەسەڵاتدا و پەیدا بوونی زمانێکی هاوبەشی نەتەوەیی و ستاندارد و نووسراو بۆ هەموو بەشەکانی ئەو میللەتە، دەسکاریکردنی فەرهەنگ و دین و شارستانی ئەو نەتەوەیە بەقازانجی نەتەوەکە و دەوڵەتی ئەو نەتەوەیە، زیاتر پێکەوە گرێدانی ناوچەکان بەیەکتری و پێکەوەبەستنی ناوچەکان بەدەسەڵاتەوە لەرێگەی ئابووری و دەسەڵاتی ئابووریی هاوبەشەوە، کە هەموو ئەمانە بێگومان ڕەوشێکی یەکگرتووی نەتەوەکان پێک دەهێنن، لەرێگەی دەوڵەتەوە دەبێت، واتە کارێکە کە لە سەرەوە دەکرێت، بەڵام بەپشت بەستن بەژێرەوە، واتە بەبنەماکانی زمان، فەرهەنگ، خاک، ئابووری، دین، شارستانی[٨]. بزووتنەوەی کورد بوون و کوردایەتی، واتە

هەوڵی ئەو میللەتە بۆ یەکێتی و خاوەندارێتی لە هەموو زەمینە و سەرچاوەکانی خۆیی بوون، دەبووایە هەموو ئەو ڕەوشانەی کە باسمان کردن، لەبەرچاو بگیرێت و لە ئەنجامی ئەو هەلومەرجەدا بتوانێت کارێکی گونجاو بۆ بەدەستهێنانی ناسنامە و ڕزگاریی ئەو میللەتە دابەشکراو و پارچە پارچە و پەرتەوازەیە، وەکو تاکە ڕێگای مومکین لەو سەردەمەدا بخاتە گەڕ.

پەیدابوون و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی (ناسیۆنالیستی)ی کوردی، لەسەر دەستی باوکی ناسیۆنالیزمی کورد[٩] (بەدرخان پاشا) لە ساڵی ١٨٤٣دا دەست پێ دەکات، پاش ئەوەی کە بەدرخان پاشا سکەی پارەی لێ دا، لە نوێژی هەینیدا بەناوی ئەو (نەک بەناوی سوڵتانی عوسمانی) وتار دەخوێنرایەوە. دەسەڵاتی ئەو لە ڕۆژهەڵات لە سنوورەکانی ئێرانەوە تا ڕۆژئاوای کوردستان و میسۆپۆتامیا، هەر لە دیاربەکر تا مووسڵ، فراوان ببوو و سەروەت و سامانەکەشی لە حساب تێپەڕیبوو[١٠]. بەدرخان پاشا، بە ڕۆژنامە نیگارەکانی ئەمریکایی وتبوو کە ئەو شای وڵاتی خۆیەتی، هەرچەندە لە سوڵتانی عوسمانی بێهێزترە، بەڵام لەو بەشەرەفترە. هەموو ئەم وتانە و ئەم کارانە و ئەم بەیانانە، بەئاشکرا بۆچوون و بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازی و نەتەوەییی میری بۆتان (بەدرخان پاشا) کە پاشان خۆی وەکو پاشای کوردستان ناساند، نیشانەی ئاشکرای سەرهەڵدانی ناسیۆنالسیتی کورد بەیان دەکەن و بەڕاستیش بەدرخان توانیی وەکو باوکی نەتەوەیی کورد، بۆ پێکهاتنی نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی بناسرێت. بەڵام مخابن، هێزی گەورەی دەوڵەتی عوسمانی، یارمەتیی ڕووسیای تزار و دەوڵەتی بەریتانیا کە ئەو کاتە لە جیهان و لەم ناوچەیەشدا هێزێکی بەرچاو و کاریگەر بوو، بەدژی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد بەڕابەریی بەدرخان، وای کرد کە ئەو شۆڕشە لە نێو بچێت و بێگومان ئاشکراشە کە ئەو بزووتنەوەیە نەیدەتوانی دەرۆستی ئەم سێ هێزە گەورەیە بێت و شتێکی چاوەڕوان کراویشە، کە ئەو نەیدەتوانی لەبەرامبەر ئەو دەوڵەتە گەورانە (لەڕاستیدا سێ ئیمپراتۆریای گەورە) ڕابوەستێت و سەرەنجام لە ساڵی ١٨٤٨دا لەناوچوو.

میرنشینی بۆتان، وەکو یەکێک لە ئەمارەتەکانی دیکەی کورد، کە لە سەرەتای

سەدەی هەڤدە بەدواوە پێک هاتبوو، بەڵام هەر بەشێک بوو لە قەڵەمڕەوی خەلافەتی عوسمانی و لەژێر دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانی و بەرژەمەندیی ئەو میرەکانی دەهاتنە سەرکار دەبووایە ساڵانە پارەوپووڵێکی زۆرو سەربازی بێ شومار بدەن بە سوڵتانی عوسمانی. میرنشینەکان لەگەڵ ویلایەتەکانی عوسمانی، جیاوازییان زۆر بوو، میرنشینەکان تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆییان هەبوو وەمیرەکان کە هەمان دەسەڵاتی ناوچەییی میرنشینەکەیان پێکهێنابوو، دەهاتنە سەرکار، لەکاتێکدا ویلایەتەکان ڕاستەوخۆ بەشێک بوون لە دەسەڵاتی ئەستانە و زۆربەی جار والییە تورکەکان دەسەڵاتیان دەگرتە دەست و هیچ سەربەخۆیی و تایبەتمەندییەکیان نەبوو. لەم سەردەمەدا، واتە سەدەی هەڤدە تا جەنگی یەکەمی جیهانی، تەنها کوردستان و میسر توانیبوویان ئەمارەت و دەسەڵاتی تاڕادەیەک سەربەخۆیان هەبێت.

بەدرخان پاشا، لە ساڵی ١٨٢١ هاتە سەر میرایەتی بۆتان و لە ساڵی ١٨٤٣ بزووتنەوەی سەربەخۆیی بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردیی دەست پێ کرد و لە ساڵی ١٨٤٧ بزووتنەوەکەی کۆتایی پێ هات و پاشان خۆیشی لە ساڵی (١٨٧٠) لە دیمەشق وەفاتی کرد. شارەزایان، لەو بڕوایەدان کە دوو هۆکاری کاریگەر، بێگومان، بێجگە لەوەی کە بەڕاستی خەلافەتی عوسمانی و ئەستانە هێزێکی گەورە بوون و کورد نەیدەتوانی بەتەنیا دەرۆستی ئەو ئیمپراتۆرە گەورەیە بێت، یەکێک لە هۆکان، ئەوە بوو کە هەردوو دەوڵەتی ڕووسی و بەریتانی لایەنگرییان لە عوسمانی کرد و یارمەتیی عوسمانییەکانیان دا بە دژی بەدرخان، دووەم هۆ، ئەوەبوو بەشێک لە هێزی کوردەکان، بە سەرکردایەتیی یەزدان شێری ئامۆزای بەدرخان پاشا، خیانەتیان کرد و چوونە پاڵ عوسمانییەکان و بەمەش زەربەیەکی کاریگەر و کوشندەیان دا لە هێزی نەتەوەییی کورد.

ئێمە لە لاپەڕەکانی پێشوودا، باسمان لە پانتایی و قووڵایی، ناکۆکی و دووبەرەکیی نێوان کورد کرد و وتمان کە بەشی هەرە زۆری ئەم دووبەرەکی و خیانەتە، دەسکرد و کاریگەریی بە دوژمنان و داگیرکەرانە لەنێو کوردا. بەردەوام داگیرکردنی کوردستان لە لایەن ئەو هێزانەی کە ناومان هێنان، دەرباز نەبوونی کوردستان لە چنگ داگیرکاری ٦٤٠ز– ١٨٤٠، پەیدا بوونی بەرژەوەندی داگیرکەران لەناو کوردستاندا و سەرەنجام لێکگرێدانی بەرژەوەندی بەشێک لە کورد لەگەڵ

بەرژەوەندی داگیرکەراندا، بێگومان زەمینەیەکی گونجاو فەراهەم دەکات بۆ نۆکەرایەتی و هاوبەرژەوەندی بەشێک لە دەسەڵاتی کوردی و بەتایبەتی لەنێو میرنشینەکاندا هیچکام لە میرنشینە کوردییەکان، هەرچەندە ئەو بەشەش سەر بەهەمان بنەماڵەی دەسەڵاتداری میرنشین بوبێت، لەگەڵ دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتانەدا خاوەنی بەرژەوەندی هاوبەش بووە. لەدوای، تێکچوونی بزووتنەوەی بەدرخان، هەر خودی یەزدان شێر کە پاشان لە ساڵی ١٨٤٧ کرا بەمیری بۆتان (دوامیری بۆتان) لە ساڵی ١٨٥٣دا بزووتنەوەیەکی وەکو ئەوەی بەدرخانی دەست پێ کرد (بەڵام لە بزووتنەوەی بەدرخان لاوازتر) و تا ساڵی ١٨٥٦ی خایاند.

لەدوای نەمانی میرنشینەکانی کورد و بەتایبەتی میرنشینی بۆتان و کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی میرە بەهێزەکان کە توانییان تا ڕادەیەک بزووتنەوەیەکی بەهێزی نەتەوەیی بۆ یەکخستنی کورد و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی، بەدی بهێنن، لەڕاستیدا کوردستان "بێ سەر"[11] مایەوە و دەسەڵاتدارانی تورک دەیانەویست ڕاستەوخۆ کوردستان حوکم بکەن و ڕێگایان نەدا دەسەڵاتدارێتی ناوچەیی یان میرنشین لەو ناوچانەدا، پەیدا بێتەوە و لە لایەکی دیکەوە سەرەتای لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی و میرایەتیی کوردیش، بۆشاییەکی گەورەی لەنێو کوردستاندا، دروست کردبوو. ئەم سەردەمە سەردەمی، بێدەسەڵاتی، بێ یاسایی و پشێوی و ئاژاوەی بۆ ناوچەکە، هێنا بووە ئارا و بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی بەدرخان پاشادا، کە سەردەمی هێمنی و دادپەروەری و خۆش گوزەرانی[12] دادەنرا، گەلێک جیاوازیی گەورەی هەبوو، بەڵام ئەوەی کە لە هەمووی کاریگەرتر بوو، ئەوەبوو کە کوردستان بەبێ دەسەڵات مابووەوە.

ئەوەیەکی دیکە و جۆرێکی دیکە لە ڕابەرانی کورد، بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکانەوە بەرەو دەسەڵات و سەرکردایەتی کردنی کۆمەڵگای کوردەواری، بەرەو پێشەوە هەنگاوی دەنا و شێخەکانی کوردستان، بەتایبەتی شێخەکانی سەر بە تەریقەتی (ڕێبازی) قادری و نەقشبەندی ـتەسەوف- وەکو سەردەم دارانی نوێیی کۆمەڵ و بزووتنەوەی کوردی، هاتنە مەیدانەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر کە لە ساڵانی ١٨٧٠- ١٩٤٠ی خایاند، کۆمەڵگا و بزووتنەوە و سەرکردایەتیی کوردەواری چووە دەست ئەوانەوە.

پەیدابوونی سۆفیزم لە کوردستاندا، لەسەر دەستی شێخ عەبدولقادری گەیلانی و شێخ شەهابەدینی سووروەوەردی، هەر وەکو باسمان کرد، کاردانەوەیەکی پاسیفیستی دینی کوردی و ئامادەیی دینیی کورد و ئێران بوو، لەبەرامبەر دین و دەسەلاتی چالاک (ئەکتیف)ی عەرەبی ئیسلامی، واتە ڕازی بوون و پەسەندکردنی ڕواڵەت و دۆگم و ئەرسەدۆکسیزمی ئیسلامی و هەوڵدان بۆ توانەوەی ناوەڕۆکی ئاریایی لەو چوارچێوە و دەربڕینە ئیسلامییەدا و بەلام بەنرخی بەقوربانی کردنی دنیا و فەرامۆشکردنی دنیا، واتە تەسەوف هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی ناخێکی دینداری ئەرسەدۆکسیی ئیسلامی و ناوەڕۆکی دینی ئاری (خودایی بوون) و فەرامۆشکردنی دنیا، هەر وەکو خۆیان دەڵێن تەسەوف دینە، دنیا نییە.

لەدوای ئەوەی کە مەولانا خالیدی نەقشبەندی (١٧٧٩- ١٨٢٨) لەسەر دەستی شا عەبدوڵلای دەهلەوی، تەریقەتی نەقشبەندیی وەرگرت، ئەو (مەولانا) داوای کرد کە شا عەبدوڵلا دین و دنیایشی بداتێ. ئەمە یەکەمین جارە، لەمێژووی تەسەوفی کوردی باس لە دنیا بکرێت ئەو توانیی خۆی و نەوەکانی دوای خۆی لە تەسەوفدا بەو ڕادەیەی کە دەسەلاتی ڕۆحانیان لەنێو دینی کوردا هەیە هەر بەو ئەندازەیەش بتوانن دەسەلاتێکی دنیاییان هەبێت و بەتایبەتی دەسەلاتی سیاسی و کۆمەلایەتیی بزووتنەوەی کوردی. یەکێکی دیکە لە کاریگەرییەکانی مەولانا و تەریقەتی نەقشبەندی (کوردی!) ئەوە بوو کە بە ئاشکرا دەیوت تۆ هەرچی هەیت و لە هەر چین و توێژ و نەژادێکی دەتوانیت بەخواپەرستی، دانایی و هەوڵ و تێکۆشانی خۆت وردە وردە لە خودا نزیک ببیتەوە و پیاو چاکی و شارەزا بوون لە دین و پەیداکردنی دەسەلاتی دینی هیچ پەیوەندیی بە بنەماڵە و نەسەب و پەیوەندیی خێزانییەوە نییە و ئەوانەی کە بانگەوازی سەر بە "شجرة الانساب" دەکەن و دەڵێن ئێمە لە بنەماڵەی پێغەمبەرین، ئەوانە ناتوانن تەنها بەو بانگەوازە و بەبێ خوداپەرستی و" اجتهاد" بتوانن پیرۆز بن و بەخودا بگەن. ئەم کارەی مەولانا گرنگییەکی گەلێک کوردانە و مرۆڤانەی هەیە، واتە گێڕانەوەی ڕەوایی دینی بۆ مرۆڤ و مرۆڤی کوردی و هەوڵدان بۆ پەیداکردنی سەرچاوەکانی ڕەوایی و هێزی دینی لەناو میللەت و کەسانی سادە و دژ وەستانەوەی قۆرخکردن و پاوانکردنی هێز و دەسەلاتی دینی لە لایەن بنەماڵە

بەهێزەکانەوە. پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی ئەم ڕێبازە دینییە لەنێو کوردا، گەلێک خێرا و بەرچاو بوو، چونکە لە دوای بێهێز بوونی دینی زەردەشتی و لاوازبوونی یەکجارەکی و نەمانی، ئەمە یەکەم جار بوو، کە چالاکیی دینی لەنێو کوردا بتوانێت چەندین هێز لەخۆیدا کۆبکاتەوە، یەکەمین ئەوە بوو کە ئەم تەریقەتە ئیسلامی بوو، ئیسلامیش لە نێو کوردا پاش نزیکەی ١٢٠٠ ساڵ ڕەگی داکوتا بوو وە لە پانتاییەکی بەرینی کۆمەڵایەتیدا هێزی پەیدا کردبوو، دووەمین، ناوەڕۆکی ئەم ئاینە (مذهب) هەمان ناوەڕۆکی دینی زەردەشتی، ئەهلی هەق، عەلەوی، ئێزیدی کە ناوەڕۆکی (دینی یەزدانی) یان (مرۆڤی- خودایی)یە و نزیکایەتی زۆری لەگەڵ ئەو ئاینانەی دیکەدا هەیە، هەر بۆیەشە لە لایەن ئاینەکانی دیکەوە پەسەند دەکرێت و ڕێزی زۆریشی لێ دەگیرێت، سێیەم، دینێکی چالاک و کاریگەرە لە واری کۆمەڵایەتی، یەکسانی، نەتەوایەتی، دژایەتی کردنی چەوسانەوە و زوڵم و تەنانەت پەیوەندییەکی بەهێزیشی لەگەڵ فەرهەنگ و ئەدەبی میللەتەکەشدا پەیدابوو وە کاریگەریی گەورەی بۆ ماوەی نزیکەی ١٠٠ ساڵ زیاتر لە ئەدەب و فەرهەنگی کوردی کرد، بەکورتی دەتوانین بڵێین کە ڕەوشێکی چالاک (ئەکتیڤ)ی دینیی نێو کوردانە. بەبڕوای من ئەم ئاینە، نزیکایەتیی گەلێک گەورەی لەگەڵ پرۆتستانیزمی ئەورووپیدا هەیە و ڕەوش و دەربڕینەکانی زۆر لەو دەچێت. ئەگەر بیر و باوەڕەکانی مارتن لوتەر و کالفین سەرەتایەک بوو بۆ ئامادەکردنی زەمینەی دینی و فەرهەنگی (ئەو کاتە بەشێکی زۆری فەرهەنگ بەدینەوە گرێ درابوو) بۆ چینی تازە پێگەیشتووی بۆرژوازی "چینی سێیەم" لە ئەوروپادا، هەر بەو شێوەیەش ڕێبازی نەقشبەندی هەوڵدانێک بوو (لە هەر ئاستێک دابێت) بۆ سازکردنی هەمان زەمینەی دینی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی (چونکە بەشێکی زۆری ژیانی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا بەدینەوە گرێ دراوە، هەر لە سەردەمی زەردەشتەوە هەتا ئێستا و بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتیش هەر بەو شێوەیە، هەر وەکو هیگڵ لەوە دڵنیامان دەکاتەوە) "العالم الشرقي" بۆ سەرهەڵدانی چینی نوێی (بۆرژوازی) کوردی و بەتایبەتی لەپاش نەمانی میرنشینەکان و سەرداره دەرەبەگەکانی کورد.

بەم شێوەیە، لە پانتاییی کوردستاندا، هەر لە سلێمانییەوە هەتا هەکاری (شەمدینان) و هەتا کوردستانی ڕۆژهەڵات و هەتا هەولێر و دەوروبەری و تەنانەت

هەتا ناوچەکانی ئێزیدی نشینیش، ڕێبازی (مەولانا) لە بڵاوبوونەوە و پەرەسەندندا بوو، دەیویست باری کۆمەلایەتی و دینی و فەرهەنگی و سیاسی بۆ سەردەمێکی نوێ لە جووڵانەوەی کوردیدا ئامادە بکات.

لە ماوەی جەنگی ١٨٧٧- ١٨٧٨ی ڕووس و عوسمانیدا، شێخ عوبەیدوڵلای شەمدینان بە سەرکردایەتیی کۆمەڵێکی بچووکی جەنگاوەرانی کورد بەشداری کرد و بەسەختی لە لایەن سوپای ڕووسەکانەوە شکستی خوارد و بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوە ماڵی خۆی، بەلام ئەم کارە ڕێگەی لەوە نەگرت کە پاشان بەناوونیشانی "سەرۆکی نەتەوەی کورد" بناسرێت[١٣]. شێخی نەهری کە یەکێک بوو لە پەیڕەوانی مەولانای نەقشبەندی، کەسێکی دادگەر، بەهێز، زۆر بەدین، و بەتوندی دڵسۆز و گرێدراوی میللەتی خۆی، کە ئەوان، بەنێردراوی خودایان دەزانی و هەر بەو شێوەیە پەیڕەوییان لێ دەکرد، چونکە لە سەردەمی، نەبوونی و قاتوقڕی و وێرانیی جەنگی عوسمانی و ڕووسیادا بەو پەڕی دڵسۆزی و میهرەبانییەوە دۆست و فریاد ڕەسی خەڵک بوو.

شێخ عوبەیدوڵلا بۆ خۆی باوەڕی وابوو کە تەنها دەرمانی چارەسەری ڕۆژڕەشیی خەڵکی کورد، پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ بوو کە بتوانێت کوردستانی بندەستی ئێران و عوسمانی یەک بخات. لە یەکێک لە نووسراوەکانی کە لە بزووتنەوەی ناسیونالیستیی کوردییەوە دەست کەوتووە، شێخ عوبەیدوڵلا بەیەکێک لە نوێنەرانی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکانی وتبوو: کاربەدەستان و سەرۆکەکانی کورد، چ لە کوردستانی ئێران یان تورکیا، لەسەر ئەوە ڕێکن کە ئەوان ناتوانن لەگەڵ ئەم دوو حکومەتەدا و بەم شێوە بن دەستییە، بەردەوام بن و دەبێت کارێکی وا بکەین کە دەوڵەتانی ئەوروپایی لە کێشەمان تێ بگەن و بەیارمەتیمانەوە بێن...

کورد نەتەوەیەکی جیاوازە لەوان (تورک و فارس)... ئێمە دەمانەوێت کە کاروباری خۆمان لەدەستی خۆماندا بێت"[١٤].

شێخ عوبەیدوڵلا و بزووتنەوەی نەهری، بەهۆی ئەم بەیانەوە بەیەکێک لەبونیادنەرانی ناسیونالیزمی کورد، دادەنرێت. ئەو توانی لە سالانی ١٨٧٩ و ١٨٨٠دا لە بادینان و کوردستانی بندەستی ئێراندا، شۆڕشێکی بەهێز بەرپا بکات و سەرباری سەرەتایی بوونی جەنگاوەرانی کورد لەکاری سەربازییدا، بەلام توانییان

بەشێکی زۆری ئەو ناوچانە لە دەستی داگیرکەران ڕزگار بکەن. ئەم جارەش، هەر وەکــو ســەردەمــی جــوولانــەوەی بەدرخــان، ولاتانی گــەورەی ڕۆژئاوا لە پیـلانێکی نێودەوڵەتیدا بەهۆی دەوڵەتانی ڕووسیا، بەریتانیا، فەرەنسا و ئەمریکا فریای ئێران و عوسمـانـی کەوتن و گورزێکی کوشندەیان لە شۆڕشی عوبەیدوڵڵا و کوردستـان وەشاند و کار گەیشتە ڕادەیەک کە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٨٨٢دا بۆ یەکەمین جار دەوڵەتی ئێرانی بە ڕەسـمی بناسێ و لەسەر حسـابی بەرژەوەندی کورد پەیوەندیی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە دەسـتی پێ کرد(١٥). شێخ عوبەیدوڵڵا پاش ئەوەی کە بزووتنەوەکەی شکستی خوارد و لەئەنجامی یەکگرتنی عوسمانی و ئێرانی و هاوکـاریی دەوڵـەتە گـەورەکـانی ڕووسـیـا، بەریتـانیـا، فـەرەنسـا و ئـەمـریکا دژی کـوردان، شـۆڕشـی کـوردان، ئەمـجـارەش کـۆتاییی هات و شـێـخـیش لـە ئاوارەیی لە ساڵی ١٨٨٣دا لە مەککە گیانی سپارد.

لە لێوردبوونەوەی ئەم سـەردەمـە و لێکۆڵینەوەی، چەند ئامـاژەیەکی گـرنگمـان بۆ دەردەکەوێت کە ئەمانەن:

یەکەم، لەکـاتێکدا کـە ولاتانی ناوەڕاسـت و ڕۆژئاوای ئەوروپا، نەتـەوەکـان بەهۆی دەوڵەتەوە (دەوڵـەتە مـێژوویـیـەکـان)، دەتوانن پـرۆژەی نەتەوەیی بوون و گەشـەکـردن بەرەو دەوڵەتی نەتـەوەیی (واتە دەرباز بوون لە دەوڵەتی بنەمـاڵە، ئیمپراتۆریا و دین) بنیـات بنێن. لە کـاتێکدا دوو دەوڵەتـی گـەورەی نەتەوەیی (ئیـتـاڵیـا و ئەڵمـانـیـا) لە سـالانی ١٨٦٠- ١٨٧١دا لە ئەنجـامی یەکگرتـنەوەی مـیـرایەتیـیەکـان و ناوچەکـان، پێکدێن. لەکاتێکدا لەناو هەردوو دەوڵەتی عوسمـانی و ئێرانی مەیلی ناسیۆنالیستی پەیدا دەبێت و دەیەوێت ئـەو دەوڵەتانە بکاتە دەوڵەتی نـەتەوە. لەم کـاتـەدا، کـورد چی دەکـات و لە بەرامـبـەر چیـدا دەبێت هەوڵی یـەکـێـتی و یەکگرتنی نەتەوەیی و پاشـان دامـەزراندنی دەوڵەتـی نەتەوە بدات. لەم سـەردەمـەدا (نیـوەی دووەمـی سـەدەی نۆزدە) کـورد ناچارە بە دژی داگیـرکـەرانی عوسمـانی و ئێرانی و هاوبەرژەوەندەکانیـان کە دەوڵەتانـی گـەورەی ڕۆژئاوایین، بزووتـنەوەیەکی نەتـەوەیی، چەکـداری، کـۆمـەلایەتی، فـەرهەنگی و تەنانەت دینیش بەڕێ بخـات. بەڕاسـتی کـورد، هەر لەو سـەردەمـەدا (لە دوای ســـاڵی ١٨٤٣) وەکـــو ئـەوروپا هـەوڵـەکـــانی نـەتـەوەیی بـوون و بزووتنـەوەی

نەتەوایەتیی هێناوەتە مەیدان. بەڵام دەبێت زۆر چاک ئەوە بزانین کە بەڕاستی کورد و بزووتنەوەکەی دەرۆستی ئەو دوو داگیرکەرە گەورەیە و هاوکارە ناوبراوەکانیان نەهاتووە. کورد لەپاش دامەزراندنی ئەو دوو دەوڵەتە ناوچەییە بەهێزە، کە بێگومان لەسەر ئاستی جیهانیش بەهرەمەند بوون، مەحکووم کرا بەوەی کە لە سنوور و چوغزەکانی ئەو دوو داگیرکەرەدا بمێنێتەوە و بەرژەوەندی ناوەندە گەورە و بڕیار دەرەکانی جیهانیش وای خواست. بێگومان لەبەر خاتری بەرژەوەندی ئەو دوو دەوڵەتە، دەبێت قوربانی بەهێز و میللەتێکی بچووک و لاوازی وەکو کورد (بە بەراورد لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا کە باس کران) بدرێت. بەکورتی کورد ئەو سەردەمە و هەتا بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی، وێڕای هەموو هەوڵ و تێکۆشانی لەڕادەبەدەری کورد، نەیدەتوانی لەسەردەمی بەدرخان و عوبەیدوڵڵا بەهێزتر بێت. شکستی ئەو جووڵانەوانەش تەنها بەهۆی ئەو هۆیەی کە باسمان کرد، لێک دەدرێتەوە. واتە کورد بەرگەی هێز و بەرژەوەندی ئەو دوو دەوڵەتە و هاوکارە جیهانییەکانیانی، نەدەگرت.

دووەم، یەکێک لە کارە گرنگەکانی بەدرخان و شێخ عوبەیدوڵڵا، لەسەر ڕێگای یەکێتی و یەکبوونی کورد، هەوڵدان بوو بۆ لێک نزیک کردنەوە و لێک تێگەیشتنی سەرانی خێڵە کوردییەکان بوو. ئەم کارە، بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر تەماشای بکەین کارێکی گرنگ و باشە بۆ بەدیهێنانی یەکێتی، بەڵام ئەگەر وردتر لێی بڕوانین لەوە تێ دەگەین، کە بۆچی دەبێت یەکگرتنی کوردستان بەڕێگای یەکگرتنی خێڵەکان و ناوچەکاندا تێ بپەڕێت. داگیرکردنی کوردستان لە لایەن داگیرکەرە بەهێز و یەک لەدوای یەکەکانەوە، بونیادی یەکێتی نێوان کوردی بەجۆرێک شێواندبوو، کە نەک تەنها کورد بەسەر دوو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی داگیرکەران، بەسەر چەند شێوەزار، چەند ئاین و فەرهەنگ بەڵکو کوردی بەشێوەیەکی وردتریش دابەش کردبوو بۆ سەدەها خێڵ و دەسەڵاتی خێڵەکی، بێگومان بەقازانج و بەرژەوەندی داگیرکەران.

لێرەوە، ئاشکرایە کە دەبێت (بەناچاری) دیسان کورد بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هەوڵدانی یەکێتیی خێڵەکان، کە کورد و نەژادی ئاری لە دوای پێکهاتنی میللەتی میدیا لە ساڵی (٧٠٠پ.ز)دا، قۆناغی یەکێتیی خێڵەکان و هۆزەکانی بڕیبوو و چووبووە قۆناغی میللەتەوە "القوم". بەڵام داگیرکەران بەدرێژاییی سەدان ساڵ و

بەردەوام کوردیان گێڕاوەتەوە بۆ هەڵوەشانەوە و لێکدابڕان و پچڕ پچڕ بوون.

سێیەم، بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد، وێڕای پەیامی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابووری ناچار بوو کە پەیامێکی چەکداری و سەربازیی هەبێت، چونکە هەردوو دەوڵەتە داگیرکەرەکە، دوو دەوڵەتی میلیتاریست و چەکدار بوون و هەمیشە لە شەڕدا بوون هەم لەگەڵ یەک، لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر و شەڕی دژی کوردیش کاری هەموو ڕۆژە و بەردەوامیان بوو. هەموو هەوڵەکانی نەتەوەییبوونی کورد، لە هەموو ئەو زەمینانەی کە باسمان کردن، نەیدەتوانی بەئاکام بگات، ئەگەر بێتو سەرکەوتنی سەربازی بەسەر داگیرکاری چەکدار و پڕچەکدا بەدەست نەهێنایە و بەداخەوە سەرەنجامیش هەر ئەوە بووە، بەشی کورد. لەبەر ئەوەی لە واری سەربازیدا شکستمان خوارد، بۆیە لە زەمینەی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی و ئابووریشدا سەرنەکەوتین و زاڵبوونی داگیرکەران و ڕۆچوونیان بەقووڵایی و فراوانبوونەوەی سەرکەوتنی ئەوان لە تەواوی پانتاییی کوردستاندا، دیسان دەروازەیەکی گەورەی بەرەو ڕووی نامۆبوون و گومانکردنی لەو هەوڵ و زەمینانە کردەوە و ئاشکراشە هێزی داگیرکەران و بەزۆر سەردانەواندنیان بە کورد، دەبێتە سەرەتایەک بۆ وازهێنان لەو نرخ و بەهایانەی کە بە قوربانی و خوێنێکی زۆر بەدەست هاتبوو.

* شکستی هەردوو بزووتنەوەی بۆتان و نەهری لە باکووری کوردستان و شکست و نەمانی ئەمارەتی بابان و سۆران و ئەردەڵان لە کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات، کوردی بردە سەردەمێکی نوێ و پڕ لە گومان و نائومێدی و لەهەمان کاتدا هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی دیکە، لە دوای نەمانی میرنشین و شۆڕشە گەورە چەکدارییەکان، کە ئەویش ڕێگا چارەی سیاسی و چالاکیی فەرهەنگی و ئەدەبی بوو. لەم سەردەمەدا، پاش نزیکەی ٥٠ ساڵ شۆڕش و ڕاپەڕینە گەورەکان، چینێکی ناوەند لە ڕابەرانی کورد، دەرکەوتن. ئەم نەوەیەی سەرانی کورد، لە ڕاستیدا بۆرژواکان و نەوە بێدەسەڵاتەکانی (میرنشینەکان) بوو، واتە هەمان نەوەکانی بابان، ئەردەڵان، بەدرخان و شەمدینانەکان بوو، کە وێڵی دۆزینەوەی کارێکی دیکەی سیاسی و نەتەوەیی بوون، کە بتوانێت لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەو سەردەمەدا بگونجێت.

له ساڵی ١٨٨٩ پارتێکی سیاسی له تورکیا (ئەستەمبوڵ) بەناوی کۆمیتەی اتحاد و تەرەقیّ، له لایەن چوار کەسەوه پێک هات، کە دووان لەوان "اسحاق سکوتی" و "عبدالله جودت" کورد بوون، ئەم حیزبه به یەکەمین حیزبی سیاسی دادەنرێت لەناو ئیمپراتۆریای عوسمانی و ڕۆژهەڵاتدا. پاشان دوو کەسایەتیی گەورەی ئەو دەمی کورد "عبدالرحمن بدرخان" و "حکمت بابان" له یەکەمین کۆنگرەی ئەو پارتەدا له ساڵی ١٩٠٢دا بەشدارییان کرد. بۆ ماوەی ده ساڵ نەتەوەپەروەرانی کورد و تورک پێکەوه و لەناو یەک ڕێکخراوی سیاسیدا کاریان کرد و ئەم هاوکارییه هەتا ساڵی ١٩٠٨ی خایاند کاتێک کە "تورکانی لاو" پەیدا بوون و کۆمیتەی اتحاد و تەرەقی بەرەو هەڵوەشانەوه هەنگاوی نا.

کۆمیتەی اتحاد و تەرەقی، گرنگترین کاری خۆی و خەباتیشی هەر بۆ دیسان گەڕانەوه بوویۆ هەلومەرجی ١٨٧٦، واته کارکردنی سوڵتانی عوسمانی بەدەستوور و ڕێگادان به بەشێک له ئازادییه سیاسی، کۆمەڵایەتی و مییللییەکان بوو، ئەم سەردەمه، واته، تا ساڵی ١٩٠٨ به سەردەمی مانگی هەنگوینی نێوان ڕووناکبیرانی کورد و تورک دادەنرێت. له دوای ساڵی ١٩٠٨ سەردەمێکی زۆر ترسناک لەژیانی دەسەڵاتی تورک و بەتایبەتی ناسیونالیسته شۆفێنییەکانی تورک (تورکانی لاو) بەدژی کورد و ئەرمەن، دەست پێ دەکات[١٦].

لەساڵی ١٩٠٨دا، ئەمین عالی بەدرخان، شێخ عەبدولقادری شەمدینان، شەریف پاشای خەندان و ئەحمەد ڕەفیق پاشا "جەمعیەتی اتحاد و تەرەقی کوردستان"یان دروست کرد وەکو کۆمەڵەیەک یان پارتێکی سیاسی و پاشان کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیرییان بەناوی "جەمعیەتی نەشری مەعاریفی کورد" و خوێندنگایەکی کوردیشیان له گەڕەکی چەنبەرلیی ئەستانبول، کردەوه[١٧]. له پاییزی ١٩٠٨، ئەم کۆمەڵه سیاسییه گۆڤارێکیان بەناوی "تعاون و ترقی کرد" دامەزراند و تیایدا اسماعیلی حەقی بابان، سەعیدی کوردی و عەبدولقادری شەمدینانی وتاریان دەنووسی و دەیان ویست خەباتێکی ڕووناکبیری و فەرهەنگی بەڕێ بخەن و بەتایبەتیش دەیان ویست له ڕێگای زمانی کوردیی نووسراوەوه، کەناڵێکی باش و گونجاو بۆ کۆکردنەوەی ئەو خەباته، بسازێنن. ڕەهبەرانی کورد،

لەرێگای ئەم خەباتەوە دەیان وت کە خوێندنی تورکی بۆ منالآنی کورد، زیانمەندە و بانگەوازی بەکوردی خوێندن بووە سەرمەشقی کارەکانیان و داواشیان دەکرد کە دیسان هێزی کوردی لە کۆبوونەوەی خێڵەکان، دەتوانێت ئەنجامی هەبێت.

دامەزراندن و پەیدابوونی کۆمەڵە و یانەی سیاسی، پاشان لە شارانی مووسڵ، بەغداد و دیاربەکر بەرەو زیادبوون دەچوو. خەباتی سیاسی و نەتەوەیی لە سالآنی ۱۸۹۰ هەتا ساڵی ۱۹۱٤، لە رێگای ئەم کۆمەڵە سیاسی و فەرهەنگییانەوە بەرەو پێش دەچوو.

لە ڕاستیدا ئەستانبول بووبووە مەڵبەندی سەرەکیی ئەم شێوە خەباتە و زۆربەی نەوەکانی میرنشینەکانی کورد، پاش ئەوەی لە مەنفای میسر یا کریت، گەڕابوونەوە و لەناو نزیکەی سی هەزار کوردی ئەستانبول، کە لەوپەڕی هەژاری و دەستتەنگیدا ژیانیان بەسەر دەبرد، کاری سیاسی و فەرهەنگی و نەتەوەییان ئەنجام دەدا.

ساڵی ۱۹۱۳ بە ساڵێکی شووم و خراپ دادەنرێت لەنێوان دەسەلآتی تورکە لاوەکان و نەتەوەپەروەرانی کوردا، لەم ساڵەدا پاش ئەوەی کە ئەنوەر پاشای دیکتاتۆر بووە سەرۆک وەزیرانی سوڵتان و ئەوپەڕی توندوتیژی دژی کورد و ئەرمەن دەستی پێ کرد و ساڵی پاشیش ۱۹۱٤ جەنگی یەکەمی جیهانی دەستی پێ کرد و کوردیش ناچار کرا، کەم تا زۆر، لە پاڵ عوسمانییەکاندا بەدژی هاوپەیمانان بچێتە جەنگەوە و سەرەنجام بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان لە لایەن هێزەکانی بەریتانیا و فەرەنسا و ڕووسیاوە داگیرکرا.

پەراوێزو سەرچاوەکان

(۱) م.کاردۆخ، جنبشهای کرد (ازدیرباز تاکنون)، ستوکهولم , ۱۹۹۳

(۲) د.میهرداد ئێزەدی، ئاین و تایفە ئاینییەکان لە کوردستان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژمارە ۲۷، سلێمانی ,۱۹۹۸

(۳) م.کاردۆخ. هەمان سەرچاوە.

(٤) د.پیروز مجتهد زادە، هویت ایرانی در استانەی و سدەی بیست و یکم، مجلەی و اطلاعات سیاسی- اقتصادی شمارە ۱۲۹- ۱۳۰، تهران.

(٥) لە ئێراندا لەجیاتی وشەی گەل "الشعب" وشەی "میللەت" بەکار دەهێنن. لەڕاستیدا وشەی میللەت، وشەیەکی ئاڤێستاییە و مانای "القوم" دەدات. فارس و کوردی ئێران (گەل) لەجیاتی

نەتەوە بەکاردەهێنن، بۆ نموونە دەڵێن: میللەتی ئێران، میللەتێکی فرە گەلە یان وڵاتێکی فرە گەلە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە گەلی ئێران، گەلێکی فرە گەلە یان فرە میللەتە.

(٦) اريك هوبز باوم، الامم والنزعة القومية، ترجمة: عدنان حسين، دار المدى، ١٩٩٩

(٧) اريك هوبز باوم، الامم والنزعة القومية، ترجمة: عدنان حسين، دار المدى، ١٩٩٩

(٨) اریک هوبز باوم، سەرچاوەی ناوبراو.

(٩) کریس کۆچێرا، جنبش ملی کرد، ترجمە: ابراهیم یونسی، تهران ، ١٣٧٤

(١٠) هەمان سەرچاوە.

(١١) هەمان سەرچاوە.

(١٢) هەمان سەرچاوە.

(١٣) هەمان سەرچاوە.

(١٤) هەمان سەرچاوە.

(١٥) هەمان سەرچاوە.

(١٦) کریس کۆچێرا، هەمان سەرچاوە.

(١٧) کریس کۆچێرا، هەمان سەرچاوە.

بەشی سێیەم

* شەڕی یەکەمی جیهانی و شکستی دەوڵەتی عوسمانی، هەلێکی گونجاوی بۆ ڕزگار بوونی نەتەوە ژێردەستەکانی ئەو ئیمپراتۆریایە، هێنایە ئاراوە. پاش شکستی عوسمانییەکان، بۆشاییەکی گەورە لە ناوچەکەدا دروست بوو، عەرەبەکان توانییان وەکو هێزی هاوکاری بەریتانیا دژی عوسمانییەکان، شۆڕشێکی گەورەی عەرەبی بەرپابکەن و ببنە هێزێکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی کارەکانی بەریتانیا لە ناوچەی عەرەبی. بنەماڵەی هاشمی و بەریتانیا توانییان هەردووکیان کارێکی باش بەقازانجی هەردوو لا، دژی عوسمانییەکان، بگەیەننە ئامانج. لە لایەک عەرەبەکان بوونە هێزی ڕاپەڕێنەری ناوچەکە و یارمەتیدەری بەریتانیا دژی پیاوە نەخۆشەکە (عوسمانی!) و لە لایەکی دیکەش بەهۆی دەسەڵاتی بەریتانیاوە توانییان لە چنگی عوسمانییەکان ڕزگاریان بێت.

ڕەوشی کوردان، بەتایبەتی لە کوردستانی باشوور بەپێچەوانەوە بوو، شێخ مەحموودی حەفید و هێزەکانی لەجیاتی عەرەب و عوسمانی و ئیسلام و چوونە شەڕی بەریتانیای نائیسلامەوە. لەکاتێکدا نەوەکانی پێغەمبەر و بنەماڵەی هاشمی، هاوکاری بەریتانیای نائیسلام بوون، چونکە بەرژەوەندی و سیاسەتیان وای دەخواست. بە بڕوای من کارێکی زۆر باشیان کرد و هەموو عەرەب هەتا ئێستاش قەرزاری دەوری ئەو بنەماڵەیەن و بەتایبەتی شەریفی کوڕی حسەین. هەڵوێستی بەریتانیا، پاش سەرکەوتن، پاداشتی بنەماڵەی هاشمی و سزادانی کورد دەبێت. لەم سەردەمەدا، کورد یەکەمین فرسەتی گونجاوی لەگەڵ بەریتانیادا لەدەست دا. فرسەتی دووەمیش، کە لە دەستی کورد چوو، دوای دامەزراندنی حکومەتی عێراق و بەتایبەتی لەدوای ساڵی ١٩٢١، کاتێک عەلی شەفیق «ئۆزدەمیر»ی جەنەڕاڵی سەر بە تورکی دۆڕاو لە جەنگی یەکەمدا، هاتە نێو کوردستانەوە و کورد جارێکی دیکە خۆی خستە پاڵ بەرەی دۆڕاوی جەنگ.

هەوڵەکانی شەریف پاشای خەندان لە کۆنگرەی ئاشتیی پاریس بەیەکێک لەکارە گرنگەکانی تێگەیشتن و سیاسەتی کوردی دەژمێردرێت. شەریف پاشا لەدوای ١٩١٤ لەگەڵ بەریتانیاییەکاندا پەیوەندیی دامەزراند و لەدوای تەواو بوونی جەنگ لە ٣ی حوزەیرانی ١٩١٨ لە مارسیلیا لەگەڵ سێر پرسی کۆکس، کۆمیسیۆری بەریتانیا و لێپرسراوی کاروباری مسیۆپۆتامیا دیداری کرد و داوای کرد کە بەریتانیامافی خۆبەڕێوەبردنی ناوچەیی بەکوردەکان بدات و بێ هیچ گومانێک ئەو ناوچەیەش بریتییە لە ویلایەتی موسڵ، هەرچەندە بەشێکی ئەو ناوچەیەش، بەپێی پەیمانی سایکس- پیکۆ ١٩١٦، دەبووایە بکەوتایە ژێر دەسەڵاتی فەرەنساوە. یەکێک لەو کارانەی شەریف پاشای خەندان، کە بەڕاستی جێگای نیگەرانی و ڕەخنەی کوردە، ئەوەبوو پاش پەیمانی شەڕ وەستانی مۆدرس ٣١ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨ بەرەو سویسرا ڕۆیشت و لەوێ لە کۆنگرەی عوسمانییانی ئازادیخوازدا بەشداریی کرد و لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییەکاندا خۆی بە **قسەکەری مافی عوسمانییەکان، دەناساند.**
هاتوچۆی شەریف پاشا لەنێوان لەندەن و پاریسدا بەردەوام بوو. لەندەن، بە ساردی پێشوازیی لێ کرد و چونکە سیاسەتی شەریف پاشا، داواکاری خود موختاری کوردستان بوو لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا، لەکاتێکدا نیاز و سیاسەتی بەریتانیا بریتی بوو لە دابڕینی ناوچە غەیرە تورکەکان لە دەسەڵاتی عوسمانی (تورکیا). بەم شێوەیە، لە لەندەنیش، هەر وەکو باشووری کوردستان، سەرانی کورد نەیانتوانی وتار و سیاسەتێکی گونجاو و نزیک لە وتاری یەکەم زلهێزی دنیا (بەریتانیا) کە هێزی بڕیاردەر بوو لە جیهاندا، بەدەست بهێنن. پاش شکستی شەریف پاشا لەلای بەریتانیا و بەناچاری ڕووی کردە لای فەرەنسییەکان و لە پاریس بەگەرمی پێشوازی لێ کرا و هانیان دا کە "خوازیاری خودموختاریی کوردستان بێت، لەژێر چاودێریی فەرەنسەدا". ئەم کارەش، بێ هوودە بوو، چونکە دەمێک بوو بەریتانیا مرخی لەم ناوچەیەی کوردستان خۆش کردبوو، هەر کاتێک کە فەرەنسا دەیویست بۆ ئەم ناوچەیە و لەم ناوچەیەدا، بەرنامەی بۆ دابنێ، تەنها دەبووە هیوایەکی بێ بناغە و بێ ئەنجام. کارەکانی شەریف پاشا، هەر لە بەردەوامبووندا بوو. لە ٦ی شوباتی ١٩١٩ دەربارەی ماف و خواستەکانی خەڵکی

کوردستان، یادداشتنامەیەکی دا بەسەرۆک کلیمانسۆ، سەرۆکی کۆنگرەی ئاشتی، کە خوازیاری بەدیهێنانی کوردستانێکی ئۆتۆنۆم بوو کە لەم ویلایەتانە پێک هاتووە: دیاربەکر، خارپوت، بەدلیس، مووسڵ و سنجاقی ئۆرفە. لەم یادداشتەدا شەریف پاشا، نووسیبووی کە ئەمە لایەنی کەمی کوردستانە، چونکە "کوردستانی یەکگرتوو" دەبێت هەر لە ئەرزرۆم و کوردستانی ئێران و هەتا ئەو ناوچانەی کە ناویان هات، بگرێتەوە.

سەرەڕای هەموو کارەکانی شەریف پاشا لەنێوان سویسرا، پاریس و لەندەن، بەڵام بەریتانیا گوێی نەدا بەداواکارییەکانی و تەنانەت پاش ئەوەش کە لەگەڵ بۆگۆس نۆباری نوێنەری ئەرمەنییەکان لە پاریس ڕێکەوتنی ئیمزا کرد و نووسییان: دوو نەتەوە، کە هەردووکیان ئاری نەژادن و بەرژەوەندی هاوبەشمان هەیە و دەمانەوێت یەک ئامانج بەدی بهێنین، کە سەربەخۆیی و ئازادیمانە، بەڵام سەبارەت بەداوەری لەسەر ئەو شوێنانەی کە مایەی جیاوازیی نێوان کورد و ئەرمەنن و سنووری هەردووکیانن.. ئێمە بەڕەسمی ڕای دەگەیەنین کە ئەم کێشەیە بەرەو ڕووی بڕیاری کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس دەکەینەوە[٢]. هەرچەندە ئەرمەنەکان لە لایەن کۆڕ و کۆمەڵەکانی ئەورووپاوە پشتگیرییان لێ دەکرا، بەڵام ئەمانیش وەکو کورد، نەیانتوانی کار و ئایندەیەکی گونجاو بۆ پرسی نەتەوەیی خۆیان بەدەست بهێنن.

کۆنگرەی ئاشتیی پاریس و پەیمانی سیڤەر سێ ماددەی گرنگی بۆ چارەسەری کێشەی کورد دانابوو، کە ماددەکانی ٦٢،٦٣،٦٤ بوون، بەڵام دوو هۆی گرنگ نەیانهێشت ئەم بڕیارانە بەئاکام بگات و لەڕاستیدا هەر وەکو نووسەری فەرەنسی، کریس کۆچێرا دەڵێت: بەمردوویی لەدایک بوو، تەنها مەرەکەبی سەر کاغەز بوون. هۆی یەکەمی، بەدیهاتنی ئەم بڕیارانە، ناکۆکی نێوان باڵە سیاسییەکانی کورد و ساغ نەبوونەوەی کورد بوو لەسەر بەرنامەیەکی دیاریکراو و یەکگرتوو بۆ ئایندەی کوردستان. لەسەر داوای سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمی لەگەڵ دەسەڵاتی عوسمانیدا، ناکۆکی گەورەیان لەنێو کوردا دروست بوو. دووەمیان، بەرپابوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی و نەژادیی تورک بوو بەڕابەریی مستەفا کەمال (ئەتاتورک) کە توانیی لە مەیدان و لەسەر زەویی ژیان، نەک لەناو کاغەز و پەیماننامەکاندا، هەموو ڕەوشەکە

بەقازانجی دەسەڵاتی کۆماری و دەوڵەتی ئایندەی تورک بگۆڕێت.

ئەمین عالی بەدرخان، یەکێک لە نەوەکانی بەدرخان پاشا، بە ڕابەر و قسەکەری باڵی سەربەخۆییخواز و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی جیا لە دەسەڵاتی عوسمانی ناسرا بوو. ئەو دەیویست بەسوود وەرگرتن لە بیر و باوەڕی ١٤ ماددەیی سەرۆک ویلسۆن، بۆ بڕیاردانی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان، لەناو ناوەندە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کوردستاندا، لایەنگری بۆ سەربەخۆیی و بەدیهێنانی دەوڵەت بۆ کورد، پەیدا بکات.

بەڵام، بەداخەوە ئەم هەڵوێستە ئازایە، دوو کۆسپی گەورەی بەرەو ڕوو بووەوە.

یەکەمیان، لە لایەن باڵی "فرسەت تەڵەب"[٣] بەڕابەری سیناتۆر عەبدولقادری شەمدینانی، کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، کە ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانی عوسمانی بوو، بەخراپ وەڵام درایەوە. چاوپێکەوتنی عەبدولقادر لەگەڵ ڕۆژنامەی (الاقدام) لە ٢٧ی شوباتی ١٩٢٠: ڕێکەوتنی شەریف پاشا و بۆگۆس نۆبار هیچ گرنگییەکی نییە و گوتی تورکەکان هاودین و برایانی خۆشەویستی ئێمەن، سەبارەت بەوەی کە ئێمە هەموومان موسڵمانین، کینە و دوژمنایەتی لەنێوماندا نییە! ئێمە تەنها دەمانەوێت لە مافی گەشە و پێشکەوتنی ئازاد بەهرەمەند بین. دژایەتیی تورکیا بەهیچ شێوەیەک لەئێمەی کورد ناوەشێتەوە. پاشان کوڕی شێخی نەهری دەڵێت:

> «ئەمڕۆ پێنج یان شەش ویلایەتی کوردنشین هەیە... ئەگەر دەوڵەتی عوسمانی بەم ویلایەتانە ئۆتۆنۆمی بدات، تا ئێمە بە یارمەتیی خەڵکی باش و دادپەروەر بتوانین بەرەو پێشی بەرین. هەر وەکو گوتمان ئێمە هیچ دوژمنایەتییەکمان لەگەڵ تورکەکاندا نییە، ئێمە ئەمانەوێت تەنانەت لە دەسەڵاتی خودموختاری خۆشماندا تورک بەشداریمان بکەن»[٤].

شێخ عەبدولقادریش، هەر وەکو شێخ مەحموود، عەبدولقادر بەسیاسەت و شێخ مەحموود بەهێزی سەربازی خۆیان خستە پاڵ عوسمانیی دۆڕاو کە لە هەموو ئاسماندا ئەستێرەیان نەما بوو، لە کاتێکدا بزووتنەوەی نەتەوەیی تورک، بەهێزی عەشایەریی کوردەکان، لەگەڵ بەرنامەی سەردەمدا دژی عوسمانییەکان و سوڵتانی

کۆشکی یەڵدز، کەوتبووە شەڕێکی چالاک و سەختەوە و توانیبووی، هێزی جەماوەری، کە دەبووایە لەگەڵ ڕابەرە کوردەکاندا بوونایە، بۆ سوودی خۆیان بەدژی سوڵتان و بۆ ڕزگاریی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕووسیا، بەریتانیا و یۆنان، بەقازانجی دەوڵەتی تورکیای کۆماری، بەکار بهێنن.

ئەمە دەمانگەیەنێتە، هۆی دووەمی سەرنەکەوتنی بەرنامەی سەربەخۆیی و بانگەوازی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی، ئەویش ئەوەیە ئەم بەرنامەیە نەیتوانی هێزێکی جەماوەری و سەربازی پەیدا بکات. لەکاتێکدا بۆشاییەکی زۆر لە کوردستاندا پێکهاتبوو. لەو جێگایەی کە کورد "باشووری کوردستان" هێزی جەماوەری و چەکداریی هەبوو، هەر زوو لەگەڵ یەکەم دەسەڵاتداری دنیادا کەوتە جەنگەوە، کە بەریتانیا بوو وە بووە یارمەتیدەری هێزی دۆڕاوی جەنگ کە عوسمانییەکان بوون. لەو جێگایەش، کە بەرنامەی سەربەخۆیی کوردستان، سەری هەڵدا، واتە باکووری کوردستان، هێزی جەماوەری و چەکداری لەگەڵ ئەماندا نەبوو، بەڵکو لەگەڵ باڵی ڕزگاریخوازی تورک بوو بۆ پێکهاتنی دەوڵەتی کۆماری تورکیا. بەم شێوەیە لە کوردستانی بن دەسەڵاتی عوسمانی (هێشتا بەشێک لە کوردستان لەبن دەسەڵاتی ئێران دابوو) ڕەوشی کوردان بەم شێوەیە بوو، کە بێگومان ئاکامەکەی هەر شکست و هەرەس و قوربانیدانی کورد بوو. لە کوردستانی باشووری سەر بەویلایەتی مووسڵ، هێزەکانی شێخ مەحموود لەگەڵ هێزی بەریتانیادا کەوتنە شەڕەوە و پاشان چوون ئۆزدەمیری سەر بەتورکیان، هێنایە کوردستانەوە. لە باکووری کوردستان، بەشێکی کاریگەر لە ڕابەرە کوردەکان داوای مانەوەی عوسمانی (کە لەگیانەڵادا بوو)یان دەکرد و دەیان وت کورد لەگەڵ خەلافەتدا دەمێنێتەوە. لە پاریس شەریف پاشا خۆی بەنوێنەری عوسمانییە ئازادیخوازەکان دەناساند، کوردستانی ئێران بەتەواوی دوور بوو لە چارەسەر و ئایندەی کوردستانی بن دەسەڵاتی عوسمانی، ئەوەی کە تەنها دەیویست ناسنامە و دەسەڵاتی سەربەخۆی کورد (لەو بگرە و بەردەیەدا) بەدەست بهێنێت باڵێکی ڕابەرە کوردە (بێ جەماوەرەکان) بوو، کە بێگومان ئەویش، هەر وەکو ڕوونمان کردەوە، باڵی کەمایەتی نێو کورد بوون.

ئێمـه له لاپەڕەکـانی پێـشوودا، لـه بەشی دووەمی ئەم باسـەدا، باسی سـەردەمی بەدیهـاتنی بزووتنەوەی نـەتەوەیـی کـوردمـان کـرد و له هۆیەکـانی شکسـتی ئەو بزووتنەوەیه، بەتـایبـەتی جووڵانەوەی بەدرخـان و نەهری (١٨٤٣- ١٨٤٧) و (١٨٧٨-١٨٨٢)، چەند هۆکـارێکمـان باس کرد و پـاشـان لەدوای شکست، هەر وەکو کـریس کـۆچێـرا دەڵێت: کـوردسـتـان (بەبێ سـەر) مـایەوە و بـەتایبـەتی لـەدوای نەمـانی مـیـرنشـینەکـان لـه نیـوەی دووەمـی سـەدەی نۆزده بەمـلاوه و ڕووخـانی بـزووتنەوەی ناسیونالیستیی کورد. بەبڕوای من، یەکێک له رەوشـه کاریگەرەکانی کوردستـان و وڵاتانی ژێردەسـتـه، ئەوەیه کـه لەو وڵاتانەدا چینی ڕابەری سـەردەم (بۆرژوازی) پەیدا نەبووه، کـه بێگومـان ئەویش لەبەر هەلومـەرجی داگیـرکـاری، چونکـه داگیـرکـەران دەیانـەوێت جـەمـاوەری هەژاری ئـەو وڵاتـه ڕاسـتـەوخـۆ لـەژێر دەسـتی خـۆیـاندا بچەوسێننەوه، واته دەسـەڵاتی داگیرکەران (لەسـەدەی نۆزده بەولاوه) بەپلان و هەوڵ و تێکۆشـانی بەردەوام ڕێگەیـان له پێگەیشتن و دروسـتـبـوونی چینی دەسـەڵاتداری سـەردەم، لەنێو کوردسـتـاندا گرتووه. بەڵام بەدڵنیـاییـیەوه هەر له سـەرەتای سـەدەی نۆزدەهەمـەوه، چینی چەوسـاوەی سـەردەم کرێکاران و زەحـمەتکێشـان، وەکو بەشی زۆربەی کـۆمـەڵ له بـندەسـتـی دەسـەڵاتی داگـیـرکـەراندا ژیانـی چەوسـاوه و کـوله مەرگییان، درێژه پێ داوه. کورد له بواری فەرهەنگی، ئاینی و کۆمەڵایەتیشدا هەوڵی داوه وتارێکی گـونجـاو بۆ زەمـیـنه سـازکـردن بـۆ چوونه ناو قۆناغ و سـەردەمی تازه، بەدی بهێنێت، بەڵام دەسـەڵاتی گـەورەی داگیرکـەران، نەیهێـڵاوه لەسـەر ئەرزی واقیع ئەو چینه دەسـەڵاتدار و سـەرکـرده نوییه بێتـه ژیانەوه. کـه بـه وتەی مـارکس: چینی بۆرژوازی دەورێکی لەڕادەبەدەر شـۆڕشـگێڕ و پێشکەوتووی له جیـهـاندا، بینیوه[٥].

ئەو کـوردانـەش، کـه بـەرەو دەوڵەمـەند بـوون و بۆرژوازی بـوون دەچوون، بێگومـان ڕوویان دەکرده پایتـەخـت و شـاره گـەورەکـانی دەوڵەتی داگیرکەر، چونکه بـەڕاسـتی هەلومەرجی سـەرهـەڵدان و گەشـەکردنی سـەرمایەداری لە کوردستان بەتەواوی ڕێگەی لێ گـیـرا بوو، لەکـاتێکدا دەوڵەتی داگـیـرکـەر هـەمـوو ئاسـانـکـارییـەکی بۆ مـانەوەی دەسـەڵاتی دەرەبـەگـایەتـی (بەڵام بەمـەرجـی پاشـکۆیی و نۆکـەرایەتی بۆ خـۆی) له کوردستـاندا، دەکرد.

لەکاتی بەرپا بوونی جەنگی جیهانیی یەکەم و هەتا ساڵی ١٩٢١، واتە بۆ ماوەی ٧ساڵ کورد و سەرانی کورد دەیانتوانی، سەبارەت بەپەیدا بوونی بۆشایی لە کوردستاندا، وەکو شۆڕشی گەورەی عەرەبی[٦] و بەڕابەرایەتیی بنەماڵەی هاشمی، بتوانن لەگەڵ هێزە گەورەکانی جیهاندا (بەریتانیا) خۆیان ڕێک بخەن و بۆشایی "بێ سەر" بوونی کوردستان پڕ بکەنەوە، یان وەکو مستەفا کەمال و بزووتنەوەی تورکی سەربەخۆ و بەپشتیوانی هێزی جەماوەری وڵاتی خۆیان، دیسان ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە. بەڵام هەر وەکو باسمان کرد و سەبارەت بەو هۆکارانە، کە بەڕاستی هەموویان پێکەوە هۆکاری کاریگەر بوون. سەردەمی ئەو حەوت ساڵەی کە کوردستان بێ دەسەڵات بوو،، باشترین و زێڕینترین سەردەم بوو بۆ ئەوەی کورد بتوانێت، هیچ نەبێت بەشێک لە وڵاتەکەی، کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، لەژێر ماندێتی «الانتداب» بەریتانیادا بەرەو دەوڵەتبوون بەرێت.

* لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا و بەتایبەتی لە ساڵانی بیست بەدواوە، کورد بەرەو ڕووی هەلومەرجێکی زۆر نالەبار دەبێتەوە. لەم قۆناغەدا، کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی دیکەدا (واتە غەیرە کورد) دابەش دەکرێت و هەر بەشێک لە نیشتمانەکەی دەبێتە بەشێک لە وڵاتێکی دیکە. وتاری کوردی، فەرهەنگی کوردی، ئاوات و خواستی کوردی و تەنانەت کاریگەریی کوردی لەناو دینی ئیسلامیشدا بەرەو نەتەوەیی بوون و هەوڵدان بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی بوو، بەڵام، ئەمە وەکو بەشێک لە ئامانج و سەرخان، لەڕاستیدا لەواری کۆمەڵایەتی، ئابووری و تاڕادەیەکیش سیاسیدا، هێزێک نەبوو کە ئەو ئاوات و ئامانجە بەرەو ئاستێکی کردەیی «عملی» بەرێت و هۆی سەرەکیی ئەمەش ئەوە بوو کە کۆمەڵگای کوردەواری لەو سەردەمەدا و دوای ڕووخانی شۆڕشی نەهری و بەدرخان، بەبێ سەر مابووەوە. واتە بەهرەمەند نەبوو لە چینی سەردار و باڵادەستی ئەو سەردەمە کە دەیتوانی ئاڵوگۆڕ و بەرەو پێشەوە چوون لە بەرژەوەندی نەتەوەکاندا پێک بێنێت، کە بێگومان ئەویش چینی بۆرژوازییە. لەبەرامبەریشدا چینی کرێکاران نەیدەتوانی لە هەموو زەمینەکاندا (ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی) دەوری کاریگەر بنەخشێنێت و لەڕاستیدا بەشی هەرە زۆری خەڵک هەژار و زەحمەتکێش بوون و درێژەیان بەژیانی

کرێگرتەیی و کوله مەرگی دەدا، لەبن دەستی داگیرکەراندا.

دابەشکردنی کوردستان، بەسەر چوار دەوڵەتی نەتەوەی (فارس، تورک و عەرەب) و ئیقلیمی و نوێدا، کە ئەو دەوڵەتانە بێگومان لە ئیمپراتۆریاکان گچکەترن و دەتوانن دەستیان بگات بەهەموو شوێنەکانی ئەو وڵاتە، دامەزراندن و نوێکردنەوەی لەشکر و سوپاکانی ئەو دەوڵەتانە، پشتوانیی لەهێزە گەورەکانی ئەو سەردەمە (بەریتانیا، فەرەنسا و سۆڤیەت) لەو وڵاتانە و پاشان پەیدا بوونی چەکی نوێ و تەیارکردنی ئەو لەشکرانە بەو چەکانە، هەموو ئەمانە بزووتنەوەی کوردیان بەرەو رووی رەوشێکی بەتەواوی جیاواز و کاریگەر و دژوار کردەوە. بەبۆنەی بوونی ئەو هۆیانەی کە باسم کردن (بێگومان ئەو هۆکارانە لە سەردەمی پشێوی و نەخۆشی دوا سەردەمەکانی ئیمپراتۆریاکاندا سەریان هەڵنەدابوو، شانسی سەرکەوتنی بزووتنەوەی رزگاری و چەکدارانەی کوردی زیاتر بوو) شانسی سەرکەوتنی بزووتنەوەی رزگاری (چەکداری!) کوردی زۆر بەرەو کەمبوونەوە دەچوو. لەم سەردەمەدا دیسان و جارێکی دیکە (بەڵام زۆر خراپ) کورد پەنای بردەوە بەرچەک و هەڵایسانی شۆڕشی چەکداری سمکۆ، (١٩١٨– ١٩٣٠) حکومەتی کوردستانی جنووبی بەڕابەری شێخ مەحموودی حەفید (١٩١٩– ١٩٢٤)، شۆڕشی ١٩٢٥ی شێخ سەعیدی پیران، شۆڕشی ئاگری داغ (١٩٢٧– ١٩٣٠)و شۆڕشی دێرسیم ١٩٣٧و شۆڕشی بەرزان (١٩٣٢– ١٩٤٥) هەرچەندە ئەم شۆڕشانە وەکو کارێکی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی مافەکان، یان هیچ نەبێت وەکو بەرەنگارییەک بەدژی زوڵم و چەوسانەوە و هەڵاوێرکردن، بەڵام دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت، کە لەسەردەمی دەوڵەتی نەتەوەیی (ناوچەیی) و میلیتاریزمدا، هەڵگەڕانەوەی چەکداری گورزی کوشندەی لێ دەدرێت و ئەو ناوچەیەش کە شۆڕشەکەی تیادا بەرپاکراوە (کوردستان) تووشی وێرانکاری و سووتاندن دەبێت. یەکێکی دیکە لە بەدبەختییەکانی ئەو شۆڕشە (چەکداریانە) ئەوە بوو کە هێزە گەورەکانی دنیا بەپێی بەرژەوەندی خۆیان لایەنگری دەوڵەتە دابەشکەرەکانی کوردستان دەبن و دوژمنی ئەو شۆڕشانە. کارێکی دوژمنانە و ناکۆک بەو دەوڵەتانەی کە شۆڕشیان دژیان بەرپاکردووە و بەم کارەش دەبنە بزووتنەوەیەکی دەرەوە و یاخی لە یاسا «خارج عن القانون» و یاسای هیچ کام لە دەوڵەتانی دنیاش (کە بەشی کاروباری دەرەوە دەبێت بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتانە

لەبەرچاو بگرێت) نایەوێ و ناتوانێت داکۆکی لەو بزووتنەوانە بکات، مەگەر بۆ خۆی ئەو دەوڵەتە، لەگەڵ دەوڵەتی ناوبراودا ناکۆک بێت و دیارە تەنها مەبەستی ئەو دەوڵەتەش بەکارهێنانی ئەو بزووتنەوانەیە بۆ مەرامی تایبەتی خۆی.

کورد دەیتوانی لە عێراق و لە ئێران، خەباتی خۆی بەئاراستەی خەباتی مەدەنی و سیاسیدا ببردایە، چونکە لەو وڵاتانە (لەو سەردەمەدا) ڕەوشێکی ئارام (نەک باش یان داواکراو) بەرامبەر بەکورد پیادە دەکرا، لە هەردوو ئەو وڵاتانەدا ژیانی پەرلەمانی و نوێنەرایەتی هەبوو، ڕێگە درابوو بە دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، ڕێگا درابوو بەدامەزراندنی پارت و سەندیکاکان، بێگومان کورد دەیتوانی لەو کەناڵانەوە خەباتی سیاسی و مەدەنی و نەتەوەییی خۆی بکات.

لەدوای دەسەڵاتدارێتیی دەوڵەتی پاشایەتی لە عێراقدا، بەشێکی کاریگەر لە سەرانی کورد، شێخ مەحموود و لایەنگرانی و پاشان بارزانییەکان، سەبارەت بەهەند نەگرتنیان بۆ سیاسەتی ئەو کاتەی دنیا، نەیانتوانی میکانیزمێک بۆ کاری خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتی پاشایەتی و ماندێتی بەریتانیادا بدۆزنەوە. یەکەمین کار کە بزووتنەوەی کوردی کردی پەلاماردانی چەک و شۆڕشی چەکداریی نێو شاخەکانی کوردستان بوو. واتە پێکهێنانی ڕەوشێک کە بۆ کوردستان و بۆ عێراقیش نائاسایی بوو، هەرچەندە بەشێکی باشی دەسەڵاتی حکوومەتی عێراقی بەدەست کوردەوە بوو، بەڵام جووڵانەوەی چەکداری لێ نەگەڕا ئەو هەلومەرجە بەشێوەیەکی سیاسی و ئاشتی و بۆ بەرژەوەندیی کوردی بەکار بهێنرێ. ئەو کاتە زۆر لە پیاوە زانا و سیاسییەکانی کورد وەکو پیرەمێرد، تۆفیق وەهبی، ئەمین زەکی و سەعید قەزاز لەگەڵ ئەو بڕوایەدا بوون کە دەکرێت و دەتوانین ئێمەی کورد لەگەڵ دەسەڵاتی پاشایەتیدا ژیانێکی هێمن و ئارام بەسەربەرین و ئەوەندەی بۆمان دەکرێت بە مافەکانی خۆمان بگەین. مەبەستی من ئەوەیە کە نەدەبوو سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردی دژی ئاراستەی دەسەڵاتی دنیا کە بەریتانیا بەڕێوەی دەبرد ڕابووەستێت و دەیتوانی لەگەڵ ئەو ئاڕاستەیەدا خۆی بگونجێنێت و هەلومەرجێکی گونجاویش «مناسب» لەو وڵاتەدا بهێنێتە ئاراوە.

لە ساڵانی سی بەدواوە، هەر بەو جۆرە، بزووتنەوەکانی بارزانیش بەو ئاڕاستەیەدا

برا و بەردەوام ئەوانیش، هەتا ساڵی ١٩٤٥، بوونە هۆیەک بۆ زیاتر نالەبارکردنی ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان. هەڵوێستی من بەرامبەر بەو بزووتنەوانە ئەوە نییە کە نەدەبووایە ئەو جووڵانەوانە هەبن، بەڵکو لەوەدایە کە کورد دەیتوانی بەشێوەیەکی سیاسی (نەک چەکداری) خەباتی خۆی و داواکارییەکانی بەرەو پێش بەرێت و لەو بڕوایەشدام کە هەموو زەمینەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، حکوومەتی و فەرهەنگیی گونجاو بۆ بەرەو پێشەوە بردنی ئەو خەباتە لە گۆڕێدا بوو. من بڕوام وایە زۆر چاکمان کردووە کە بزووتنەوەیەکمان هەبووە بۆ بەدیهێنانی مافەکانی خۆمان و فراوانکردنی ئاست و چوار چێوەی داواکارییەکانمان، بەڵام خراپمان کردووە کە بزووتنەوەکەمان خستووەتە باری چەکدارانەوە و لەوەش خراپتر ئەوەیە کە هەموو بوونی کوردی و خەباتی کوردی و داواکاریی کوردیمان لە چەند هەزار چەکدارێکدا تەسک کردووەتەوە.

لە کوردستانی وابەستە بەعێراقەوە، لەکاتێکدا کە بزوووتنەوەی چەکداری هەبووە، بەردەوام یەکێک لە وڵاتە نەیارەکانی عێراق یارمەتیی ئەو بزووتنەوەی لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیدا داوە و بەمەش بزووتنەوەکە و بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان دەبێتە بزووتنەوەیەکی دەرەوەی یاسا و شەرعیەت و ئەو حکوومەتەش (هەر بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان) دەتوانێت بەوپەڕی هێزەوە ڕووبەڕووی ئەو هێزە و ئەو ناوچەیە ببێتەوە کە بزووتنەوە چەکدارییەکەی تیادا بەرپاکراوە، بێگومان لەڕەوشێکی بەو شێوەیە نالەبار، بیرکردنەوە لە خەباتی سیاسی و داواکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جەماوەری کارێکە و چاوەڕوان ناکرێت.

لە کوردستانی بن دەسەڵاتی ئێران، لەدوای کپبوونەوەی شۆڕشی چەکدارانەی سمکۆ (١٩١٨- ١٩٣٠) هەوڵ و بزووتنەوەیەکی وامان بەرچاو ناکەوێت کە بتوانێت لە بواری فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتیدا، کۆمەڵی کوردستان ڕابەرایەتی بکات و ناسنامەی کوردی لەو وڵاتەدا بەرەو باشتر بوون بەرێت. ئەگەر ئەوە بزانین کە سەردەمی پاشایەتی لە ئێران (١٩٢٥- ١٩٧٩) کورد دەیتوانی لە بواری فەرهەنگی و شارستانی و داواکاریی ئابووری و ژیانی پەرلەمانیدا بەشداری بکات و ئەو کاتە دەسەڵاتی شا بانگەوازی ئاریا میهری دەکرد و کوردیش زۆر چاک دەیتوانی وەکو

نەتەوەکانی ئاری سوود لەو هەلومەرجە وەربگرێت و بتوانێت لە پەنای ئەو ئارییایی بوونەدا، زۆرکاری یاسایی و شەرعی و سیاسی بۆ بەرژەوەندی خۆی بکات. بەڵام دیسان لە ١٩٤٥- ١٩٤٦، واتە دوای جەنگی دووەمی جیهان، کاتێک کە باکووری ئێران لە لایەن سۆڤیەت و باشووری لە لایەن بەریتانیاوە داگیر کرا بوو، بەڵام بە رەزامەندیی حکوومەتی ئێرانی لەناوەڕاستی ئێراندا "تاران"، کورد فرسەتێکی شۆڕشی چەکدارانەی بۆ هەڵکەوت و بە هاندانی شۆڤیەت و بەیارمەتی هێزە سەربازییەکەی بارزانییەکان (کۆماری کوردستانیان) ڕاگەیاند و لەناو چوارچێوەی ئێرانی شاهەنشاهیدا، کۆمارێکی کوردییان دامەزراند، ئەو دەمە کورد دەیگوت کە ئێمە نامانەوێت لە ئێران جیا ببینەوە و تەنها دەمانەوێت کە خۆمان حوکمی خۆمان بکەین، بەڵام ئەوەیان لەبیر چوو کە لە وڵاتێکی شاهەنشاهیدا، ناوچەیەکی کۆماری سەر بەو دەوڵەتە، مانای چی؟!

دڵسۆزی و فیداکاری و ڕۆمانسیزمی قازی محەمەد، لەدوای ئەوەی کە زۆر ئازایانە، دڵسۆزانە و ڕۆمانسییانە گەلەکەی خۆی بەجێ نەهێشت و ئێرانییەکان لەو شوێنەی (چوار چرا) کە کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند، هەر لەو شوێنەدا لە سێدارەیان دا، بووە هۆی ئەوەی کە پاشان کورد (سەبارەت بەو فیداکارییە) دڵمان نەیەت کە ڕەخنە لەو شۆڕش و کۆمارە (ناوەختە بگرین!) و تا ئێستاش وەکو ڕەمزێک و بەشێک لە ناسنامەی کوردی شانازیی پێوە دەکەین و وێنایەکی ڕۆمانسی و کوردانەمان (لە قازیدا) بۆ ناسنامەی خۆمان، نەخشاندووە.

شەڕ و بەرگریی ئازایانەی مەلا مستەفای بارزانی، لە بەرامبەر هێرشی حکوومەتی عێراق، تورکیا و ئێران بووە داستانێکی گەورەی شۆڕش و شەڕی کوردی و سەرەنجام پەرینەوەی بۆ سۆڤیەت و دیسان پابەند بوونەوەیەکی زیاتر بەئازایەتی و لەخۆبووردوویی، لە سەردەمی بوونی دەوڵەتە ناوچەییەکان و بەرژەوەندی ناوچەیی و جیهانی، لەسەر حسابی دڵسۆزی، فیداکاری و ئازایەتی کوردیدا (کە دەمێک بوو ئەو بەهایانە لە سیاسەت و بەرژەوەندیدا جێگایان نەمابوو). کۆماری مەهاباد و شۆڕشی کوردستان، و بەتایبەتی لەدوای ڕووخانی، بووە هۆیەک و بیانوویەک بەدەستی حکوومەتی شاهەنشاهیی ئیرانەوە کە پاشان لەگەڵ کوردا،

ڕەوشێکی نائارام پیادە بکات و کوردیش، هەتا ڕووخاندنی ئەو دەسەڵاتە، ژیانێکی گونجاوی بەخۆیەوە نەدی.

دوای ئاڵوگۆڕی ساڵی ١٩٥٨ و نەمانی دەسەڵاتی پاشایەتی و دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری لە عێراقدا، بۆ ماوەی ٣ ساڵ وەزعی کورد و خەباتی سیاسیی کورد بەرەو ئارامی دەچوو. لەبیرمان نەچێت کە گەورەترین دەسکەوتی ئەو کاتە، واتە ماددەی سێی دەستووری عێراقی کە دەڵێت: العرب والكرد شركاء في هذا الوطن، باشترین چەتر و چوارچێوە بوو کە کورد بتوانێت بەهۆیەوە بەشدارییەکی کاریگەر لە ژیانی سیاسیی عێراقدا بەقازانجی بەرژوەندییەکانی خۆی بکات. ساڵی ١٩٦١ بزووتنەوەی چەکدارانەی ئاغا و خاوەن موڵکەکانی کوردستان دژی سیاسەتی چاککردنی زەوی و کاروباری کشتوکاڵ، پەیدا بووەوە و پارتیش پاش چەند هەفتەیەک بووە بەشێک لەو بزووتنەوە و دیسان ڕەوشی کوردستان شێوایەوە. حکوومەتەکانی عێراق هەرچی لەدەستیان هاتبێت بەدژی بزووتنەوەی چەکداری و ئەو ناوچەیەی (کوردستان) ئەو بزووتنەوەیەی تیادا بەرپابووە درێغییان نەکرووە.

بە بڕوای من کورد و سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردی چ لە زەمانی پاشایەتی و چ لە زەمانی کۆماری، دەیتوانی بەشێوەیەکی سیاسی داواکارییەکانی خۆی بۆ پێشەوە بەرێت.

لەدوای هاتنی بەعس بۆ سەر دەسەڵات (١٩٦٣ و پاشان ١٩٦٨) ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە بەعسدا هەموو هێز و تینی خۆی دژی کورد بەکارهێنا و، بەعس دەبێت وەکو ئەنجامی بەرخوردی ناسیۆنالیزمیی عەرەبی بەرامبەر بەکورد حیسابی بۆ بکرێت، نەک وەکو سەرەتایەک. واتە ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە عێراقدا لە بوونی حیزبەکانی (الاستقلال، الوطني، الشعب، التجمع الوطني) بۆچوونێکی ئارامیان بەرامبەر بەکورد هەبوو لە کاتێکدا بەعس (وەکو ئەنجامێک کە بەشێک لە ئۆباڵەکەی وەبەر کورد دەکەوێت) حیزبێکی دڕندەی عەرەبی هەرچی لەدەستی هاتبێت دژی کورد درێغی نەکردووە. بزووتنەوەی کوردی توانیی بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠ (نەک ڕێکەوتننامە) بەدەست بهێنێت و دیسان هەلێکی گونجاو (نەک باش) بۆ خەباتی سیاسی و نەتەوەییی کورد هاتە ئاراوە. لەبیرمان نەچێت کە ئەو کاتە دەسەڵاتی

سۆڤیەت لە عێراقدا کاریگەر بوو، ئەمریکا وەزعی باش نەبوو سەبارەت بە عێراق، بەڵام دیسان سەرکردایەتیی کورد لەدوای ساڵی ١٩٧٥ کەوتەوە ناو بازنەی هێزە بێ دەسەڵاتەکان (مەبەستم دەسەڵاتی ئەوسای ئەمریکایە لە عێراق) و بەپێی پێداویستیی بزووتنەوەی چەکداری و بوونی شوێنێکی پشتی شەڕ کەوتینەوە داوی ئێران (کە وڵاتێکی ناکۆکە لەگەڵ عێراق) و بەم شێوەیە دیسان بووینەوە بەبزووتنەوەیەکی نایاسایی و کەوتینەوە ناو بازنەی مامەڵە پێکردنی دەوڵەتانەوە و سەرەنجامەکەی ڕێککەوتنی ئەلجەزائیر دژی کوردان بوو. ئەو دەسکەوتانەی کە کورد لە ساڵی ١٩٧٠ بەدەستی هێنا بوو، بریتی بوو لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆک و پاشان کەرکووک و خانەقین هاوبەش گەلێک زۆرتر بوو لەو فیدراڵییەی کە ئێستا بەدەست کوردەوەیە و تەنانەت لە سنووری ناوچەی حوکمی زاتی ساڵی ١٩٧٥یش کەمترە (مەبەستم سنووری زەمینیی ئێستای کوردستانی فیدراڵە).

بەم جۆرە و بەردەوام وەزعی لەباری کوردستانی باشوور، دوو لەسەر سێی هۆیەکەی لە ئەستۆی دەسەڵاتی بزووتنەوەی کوردیدایە (بەتایبەتی هەتا ساڵی ١٩٧٥ و دوای ئەو ساڵە کورد هیچ فرسەتێکی پێکەوە ژیانی ئاشتیی بۆ نەمایەوە سەبارەت بە بەهێزی و دڕندەیی دەسەڵاتی بەعس). لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە لەم وەزعە نالەبارەشدا، بەردەوام بزووتنەوەی کوردایەتی دوو بەش و چەند بەش بووە و ناکۆکی و یەکتر کوشتنی باڵەکانی کوردایەتی نەیهێشتووە لەناو خودی ئەو بزووتنەوەیەدا ڕەوشێکی ئارام و خەباتی سیاسی بەڕێوە بچێت. بەهۆی هەردوو هۆکارەکەوە (بزووتنەوەی چەکدارانەی و ناکۆکیی نێوان باڵەکانی ئەو بزووتنەوەیە) هەمیشە کەوتووینەتە بازنەی هێزە بێگانە و نامۆکان و گەمەمان پێ کراوە و لە بەرژەوەندی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و هێزە گەورەکانی جیهان، بەکار هێنراوین.

سەردەمی هەڵوەشانەوەی خەلافەت و ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا لە لایەن مستەفا کەمالەوە، سەرەڕای ئەوەی کە کوردی دژی ئینگلیز و یۆنانییەکان بەکارهێنا، کە ئەویش سەبارەت بەنەبوونی ڕابەرانی هۆشیار و بەهێز لەنێو کورداندا، بەڵام بووە هۆی پچڕانی هەموو پەیوەندییەک لە نێوان کورد و تورکدا. پەیوەندیی دینی کە لەڕێگای خەلافەت و سوڵتانی عوسمانییەوە بۆ بەشێک لە کورد،

کە وەکو سەرچاوەیەکی دەسەڵاتی دینی بەحساب دەهات، بەردەوام هۆکارێکی گرنگی تێکشکانی کورد و شۆڕشەکانی بووە، لەم سەردەمەدا (سەردەمی کۆماری تورکیا) کۆتایی هات. باکووری کوردستان ئەو کاتە بەبەردەوامی (۱۹۲۱- ۱۹۳۷) لە ڕەوشی هەڵگەڕانەوە و شۆڕشکردندا بوو. شۆڕشی کوردەکانی ئەستانبول (۱۹۲۱)، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران (۱۹۲۵)، شۆڕشی ئارارات (۱۹۳۰) و شۆڕشی دێرسیم کە هەر یەکەیان بەجۆرێک دەبێت لێک بدرێتەوە و هەر یەکەیان لە شێوەیەک لە سیفەتەکانی بەهرەمەندن، بزووتنەوەی چەکدارانەی کوردی، بەرەو ڕووی ڕەوشێکی تراژیدیی زۆر گەورە کردەوە کە یەکێکیان سەرکوتی درندانەی دەوڵەتی نەتەوەیی و میلیتاریستی تورک بوو، ئەوی دیکەشیان گەمە و پیلانی نێودەوڵەتی هێزە گەورەکانی دنیا بوو دژی شۆڕشی ئەو نەتەوەیە.

شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە شوباتی ۱۹۲۵، لەلایەن زلهێزەکانی دنیاوە هەر یەکە بەجۆرێک لێک درایەوە و مامەڵەیان پێ کرد. چاپەمەنییەکانی تورکیا ڕایان گەیاند کە تەواوی ناوچەکە لە دەستی کورداندایە و بزووتنەوەکە سروشتێکی دینی هەیە و ئامانجی ئەوەیە کە یەکێک لە کوڕەکانی سوڵتان عەبدولحەمید بخاتەوە سەر کورسی خەلافەت. دەسەڵاتی دەوڵەتی تورکیا و مستەفا کەمال، شۆڕشی پیرانیان کردە بیانوویەک بۆ لەناوبردنی ڕابەرانی جووڵانەوەی کوردی، جا لەم شۆڕشەدا بەشدار بووبن یان نا_ بزووتنەوەی چەکدارانەی ساڵی ۱۹۲۵ بەرپابوو کە ئەندامانی کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ویلایەتی مووسڵ و دیاریکردنی سنووری تورکیا- عێراق لە ناوچەکەدا بوون، هەر بەو بۆنەوە مستەفا کەمال دەیوت: (تورکیا لە مەترسیدایە، بەریتانیا لەپشت سەری کوردانەوەیە، دژی تورکیا لە کوردەکان سوود وەردەگرێت... پیاوانی بەریتانیا لە ناوچەکانی کورد دێن و دەچن، خێڵەکان چەکدار دەکەن و ئەوان هان دەدەن، بەریتانیا دەیەوێت مووسڵ و نەوتی ویلایەتی مووسڵ بۆ ئەو بێت، کلیلی مووسڵ و عێراق لە دەستی کوردانایە)[٧]. هەر بۆیە دەوڵەتی تورکیا بەهەموو جۆرێک هەوڵی لەناوبردنی ئەو شۆڕشەی دا. فەرەنسییەکان دەیانوت: ئەم شۆڕشە بە پیلانی بەریتانیا هەڵایساوە، بەریتانییەکان دەیانوت بەیارمەتی فەرەنسا و سۆڤیەت بەرپابووە و سۆڤیێتییەکان

لەسەر زبانی ڕۆژنامەی ئەیزفستیا دەیانوت: ئەم جووڵانەوە چەکدارییە لەلایەن هێزی دەرەبەگ و دژە شۆڕشی کورد بەرپاکراوە کە بوونەتە ئامرازی دەستی بەریتانیا. بەم شێوە، شۆڕشی کوردستان، وێڕای دڕندەیی دەوڵەتی تورک، کەوتە گەمەی هێزە گەورەکانەوە و سەرجەم پیلانی هەموویان لەناویان برد و کوردیش جگە لە گیانبازییەکی ڕۆمانسی و تراژیدی هیچی دیکەی دەست نەکەوت، ئەوەی مایەوە سەروەرییەکی چەکداری و خۆبەختکردنی ڕابەرانی کورد و چوونە سەر پەتی سێدارە، بەوپەڕی ئازایەتی و قارەمانییەوە لە لایەن شێخی پیران و هاوەڵانییەوە.

شۆڕشی ئارارات (١٩٢٧- ١٩٣١) بەرەهبەریی کۆمیتەی «خۆیی بوون»، کە لە بەهاری ساڵی ١٩٢٧ لە دامێنی چیاکانی ئارارات لە لایەن نوێنەرانی چوار ڕێکخراوی نەتەوەیی کورد پێک هات. ڕێکخراوەکانی "پێشکەوتنی کوردستان- تعالی کردستان"، "ڕێکخراوی کوردستان- تشکیلات کردستان"، "نەتەوەیی بوونی کورد- ملیت کرد" و "کۆمیتەی سەربەخۆیی" بڕیاریان دا خۆیان لەناو ڕێکخراوێکی نوێ بەنێوی «خۆیی بوون» هەڵبوەشێننەوە. کۆمیتەی «خۆیی بوون» چەند گۆڕان و پێشڕەوییەکی نوێی بۆ جووڵانەوەی کورد هێنایە گۆڕێ کە تا ئێستاش لەناو بزووتنەوەی کوردیدا دەنگدانەوەی هەیە. یەکگرتنی چوار ڕێکخراوی سیاسی و فەرهەنگی و چەندین کەسایەتیی سیاسی و ڕووناکبیر لە ڕێکخراوێکی نەتەوەییدا، بۆ یەکەمین جار هەر بە هۆی «خۆیی بوون»ەوە بیر و باوەڕی پێشکەوتوو خواز و سۆسیالیستی لە چوار چێوەی ڕێکخراوێکی سیاسی هاتە ناو گۆڕەپانی شۆڕشی کوردەوە، «خۆیی بوون» بۆ یەکەم جار، ئاڵای کوردستانی بەڕەنگەکانی سوور، سپی، سەوز و خۆرێکی زەرد لە ناوەڕاستدا کردە ئاڵای کۆماری کوردستان. بانگەوازی کۆماری ئارارات بەیەکێک لەو کارانە دەناسرێت کە لێکدانەوەی تایبەت بەخۆی دەوێت. هەر وەکو باسمان کرد تورکەکان، فەرەنسییەکان و شورەوییەکان شۆڕشی پیرانیان بەدەرەبەگایەتی و یارمەتی بەریتانیا بۆ گێڕانەوەی خەلافەت بۆ تورکیا تاوانبار دەکرد، بۆیە خۆیی بوون ناچار بوو کەناوی "کۆمار" لە خۆی بنێت بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو بوختانانەی کە ڕەواییان دەدا بە سەرکوتی شۆڕشەکانی کورد لە لایەن تورکیا و بەیارمەتیی پیلانی نێودەوڵەتی. کارێکی شۆڕشی ئارارات هەوڵدانی

بەدەربەست بوو بۆ نەهێشتنی یەکجاریی دردۆنگ نێوان کورد و ئەرمەن و کارێکی وای کرد کە نەک هەر تەنها ئەرمەنەکان لایەنگری لە شۆڕشی کورد بکەن، بەڵکو یارمەتیی ئەوانیشی وەکو ڕێگاکانی پەیدا کردنی چەک مسۆگەر کرد. ئارارات لە بەرامبەر دەوڵەتەکانی ئێران، عێراق و سووریاش هەڵوێستێکی سیاسیی هۆشیارانەی نواند، بەوەی کە ئەم شۆڕشە دژی ئەوان بەرپا نەبووە و تەنها داواکاریی «خۆیی بوون» لەم وڵاتانە ئەوەیە کە مافی زیاتر بەکوردەکانی چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانە بدرێت. ئارارات سەبارەت بەوەی کە خۆی بیر و باوەڕی پێشکەوتنخوازی و سۆسیالیستی هەبوو، وای دەزانی کە شووروەویش یارمەتیی دەدا و بۆیە بنکەی بەرپاکردنی شۆڕشی بردە چیاکانی ئارارات بۆ ئەوەی "ناوچەی شۆڕشگێڕی چەکدار"ی خۆی لەو دەوڵەتە نزیک بکاتەوە. بەڵام ڕابەرانی ئارارات ئەوەیان لەبیر چوو بوو کە پەیماننامەی سۆڤیەت لە بەهاری ۱۹۲۱ لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا، کە یەکێک لە بەندەکانی ئەوەبوو کە دەبێت شووروەوی ڕێگە لە جیابوونەوەی بەشێک لەو وڵاتانە بگرێت و یارمەتی نەدات، کە بێگومان ئەو بەشەش کورد و شۆڕشی کوردی بوو. سۆڤیەتیش هەر وەکو فەرانسە، بەڵام بەنیاز و بەڵگەی جیاواز، فراوانبوونی بیری سەربەخۆیی کوردستانی بەپیلانێکی بەریتانی دەناساند، لە کاتێکدا بەریتانیا وەکو یەکەم زلهێزی دنیا، دەورێکی کاریگەری هەبوو لە دابەشکردنی کوردستاندا. بەم شێوەیە کورد لە هیچ کام لە هاوکێشە سیاسی و نێودەوڵەتییەکاندا جێگەی نەبووەوە و گەمەی پێ کرا و بوو بە قوربانیی بەرژەوەندی و پیلانی ئەو هێزە گەورانە، بەقازانجی سەرکوتی داگیرکەران دژی ئەو نەتەوەیە.

هەر سێ دەوڵەتی ئێران، تورکیا و عێراق بۆ دژ وەستانی شۆڕشی ئاگری داغ کەوتنە بەستنی ڕێکەوتنامە و پیلان دژی کوردان. ئێران دژی شۆڕشی سمکۆ و عێراق و بەریتانیا دژی شۆڕشی بارزان، بەڕابەریی شێخ ئەحمەد و تورکیاش دژی کۆماری ئارارات، بەو شێوەیە کورد بە شۆڕشی خۆی هەر سێ دەوڵەتی یەک خست دژی خۆی و تەنانەت چەند ساڵێک پێش پەیمانی سەعد ئاباد ۱۹۳۷، کە لەو ساڵەدا ئەو سێ دەوڵەتە بەسەرپەرشتیی بەریتانیا دژی کورد و کۆمۆنیزم ڕێکەوتنیان ئیمزا کرد. ئەم شۆڕشەش هەر وەکو شۆڕشەکانی دیکە بووە قوربانیی بێ هێزیی ڕەهبەریی کوردی، گەمە و پیلانی نێودەوڵەتی هێزە گەورەکانی دنیا (بەریتانیا،

فەرانسە و شوورەوی) و دڕندەیی دەوڵەتە میلیتاریستە داگیرکەرەکانی کوردستان.

بێگومان لە ڕەوش و هەلومەرجێکی بەو شێوەیەدا، کە هیچ کام لە لایەنەکانی لە بەرژەوەندی شۆڕشی کوردیدا نییە و تەنانەت خودی بەرپاکردنی ئەو شۆڕشەش کە بێگومان لە ئاوەها هەلومەرجێکدا کە ئەنجامەکەی هەر شکستە، لە بەرژەوەندی ئەو نەتەوەیەدا نییە و سەرەنجام سەرکوتی زیاتر، داگیرکردنی زیاتر و سەپاندنی دەسەڵاتی سەربازی بەسەر کوردستاندا و پاشان فراوانبوونەوە و قووڵبوونەوەی پانتایی و قووڵایی شکستی کوردی دەبێت، بەشێک لە ناسنامەی شۆڕشە چەکدارییە یەک لەدوای یەکەکانی کوردستان.

* لە سەرەتای ساڵی ۱۹۳۷ دەوڵەتی تورکیا یاسایەکی وای دانا کە هەلومەرجی سەرکوتی دەوڵەتیی دژی کوردان بەشەرعیەت دەناساند: دەزگای بەڕێوەبردنی ناوچەکانی کوردنشین وەستێنرا بوو، لەو ناوچانەدا حاڵەتی سەربازی و نائارامی ڕاگەیاندرا بوو، فەرماندە سەربازییەکانی تورک، بەدەسەڵاتی ویلایەتەکان دانرا بوون، دادگا ناوچەییەکان کە ئەوانیش هەر سەربازی بوون، دەیانتوانی مەرگ و سێدارەدان بەسەر خەڵکیدا جێبەجێ بکەن و دەسەڵاتی تەواویان بۆ کاروباری سەربازی درابوویە، جگە لەزمانی تورکی زمانەکانی دیکە یاساغ کرا بوون و تەنانەت کتێبی دەرەوەی تورکیاش قەدەغە کرا بوو.

سەید ڕەزای دێرسیم کە یەکێک بوو لە ڕابەرە گەورەکانی کوردە عەلەوییەکانی ناوچەی دێرسیم و ڕۆژئاوای کوردستان، لە دەسپێکی ئەم شۆڕشەدا بەیاننامەیەکی بڵاوکردووەتەوە، وەکو هۆکار و داواکارییەکانی بەرپا بوونی شۆڕش چاوی لێ دەکرێت کە تیایدا:

"ساڵەهایە دەوڵەتی تورکیا هەوڵی لەناوبردنی میللەتی کورد دەدا و لەم ڕێگایەدا هەموو جارێک پەنای بردووەتە بەر سەرکوتی خەڵکی ناوچەکە، زمان و چاپەمەنی و ئاخاوتن بەکوردی بەتەواوی قەدەغەکراوە، کۆچی زۆرەملێ و بەردەوام و ڕێکخراوی دەوڵەت و چۆڵکردنی ناوچە بەپیت و ئاوەدانەکانی کوردستان لە لایەن دەوڵەتەوە کارێکە کۆتا نایەت و کۆچاندنی خەڵکیش بێگومان بەرەو ناوچە ناخۆش و بێ پیتەکانی ئاناتۆلیا دەبێت. خەڵکی کورد

لەم کۆچەدا بێجگە لە هەژاری، مەینەتی و مەرگی بەکۆمەڵ هیچی دیکەی بەرنەکەوتووە و بۆیە ناچار بووە کە بەچەک داکۆکی لەخۆی بکات، هەر وەکو چۆن لە ساڵی ۱۹۳۰ لە کێوەکانی ئارارات و دۆڵەکانی زیلان و بایەزید شۆڕشی هەڵگیرساند. ئێستا سێ مانگی بەردەوامە کە لە ناوچەی ئێمە جەنگی سەخت درێژە دەکێشی، وێڕای نایەکسانیی هێزەکان و چەکەکان و سوودی دەوڵەت لە فڕۆکە جەنگییەکان و بۆمبای سووتێنەر و وێرانکەر، من و هاونیشتمانانم پەلاماری هێزەکانی تورکمان ناکام هێشتووەتەوە. فڕۆکەکانی تورک لەبەرامبەر بەرگریی کوردە شەڕکەرەکاندا دێهاتەکان بۆمباران دەکەن و دەیان سووتێنن، ئافرەتان و منداڵانی بێ دیفاع شەهید ددکەن، دەوڵەتی تورکیا تۆڵەی شکستی خۆی بەم شێوەیە دەکاتەوە. زیندانییەکان پڕپڕن لە خەڵکی کوردستان، خوێندکارەکان بەدەسرێژی تفەنگەکان دەکوژرێن، یان بەداردا دەکرێن، یا بەناوچە دوورەکانی تورکیا نەفی دەکرێن. سێ ملیۆن کورد کە لە نیشتمانی خۆماندابن، خوازیاری هیچ نین، بێجگە لەژیانی ئاشتی و برایەتی و پاراستنی نەژاد، زمان، دابونەریت و فەرهەنگی خۆمان"(٨).

ئەوەی خوێندمانەوە، بەیانێکی ڕاست و دروستی هۆیەکانی هەڵگیرسانی شۆڕش بووە، زۆر جاریش، هەر وەکو هەموو شۆڕشەکانی سەدەی بیست، تەنها بەرگری لەخۆکردن بووە.

بەڵام سەرەڕای سەلماندنی هەموو ئەو ڕاستییانە دەبێت هۆی گەورەی شکستی بزووتنەوەی دێرسیم بزانین. پێش ئەم ڕاپەرینە، کوردستان، هێندە نەبوو لەحاڵەتی شۆڕشی شکست خواردووی ۱۹۲۵ی پیران و ۱۹۲۷- ۱۹۳۱ی ئاگری داغ هاتبووە دەرێ کە بێگومان ئامادەیی سەربازیی دەوڵەتی تورک بەدژی هەر کارێکی لەبابەتی شۆڕشی چەکدارانە، حاڵەتێکی سروشتیی ئەم حکوومەتە (میلیتاریستە!) دەبێت کە بەشێکی ئەو ئامادەییە سەربازییە، هەڵبەتە دژی کورد و شۆڕشی کورد دەبێت. دووەم، هەر ئەو توانا سەربازییانەی کە سەید ڕەزا دەربارەی دەوڵەتی تورک باسی دەکات بۆ خۆی دەتوانێت گورزی کوشندە لە بزووتنەوەیەکی چەکداری گەمارۆ دراوی وەکو (شۆڕشی دێرسیم) بدات و لەناوی بەرێت. بیرکردنەوە لە شۆڕشی چەکداری

لەم هەلومەرجەدا و بەبوونی ئەو دوو هۆکارەی کە باسم کردن، تەنها دەبێتە بەرەنگارییەکی بێ هیوا و بێگومانیش ئاکامەکەی هەر شکست دەبێت. سێیەم، دیسان ئەم شۆڕشەش لە پیلانی نێو دەوڵەتی کەمی نەبوو، هێزە گەورەکانی دنیا و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، هیچ کەمتەرخەمییەکیان دژی شۆڕشی کوردان نەکرد. ئەم ڕاپەرینەش بێجگە لەوەی کە یەکەمین ڕاپەرینی کوردە عەلەوییەکانی تورکیایە، هەر شکست و تراژیدی بوو بە نسیب.

شۆڕشی پیران ١٩٢٥ لە ناوەڕاستی باکووری کوردستان، شۆڕشی ١٩٢٧-١٩٣١ ئارارات لەوپەڕی باکووری ڕۆژهەڵات و شۆڕشی دەرسیم ١٩٣٧ لە ڕۆژئاوای کوردستانی باکور وێڕای ئەوە کە هەر یەکە لە یەکێک لە ناوچەکانی کوردستاندا بەرپابووە، بەڵام هەرسێکیان نەیانتوانی سەرکەوتنی بەرچاوی سەربازی بەدەست بێنن و هەریەکەیان نەیانتوانی کە لەچەند ساڵێک زیاتر بخایەنێت، هەرسێکیان لەگەڵ پیلانی دەوڵەتانی داگیرکەر و زلهێزەکانی دنیا بەرەوڕوو بوون، هەرسێکیان شکستی گەورە و تراژیدییان بۆ کورد بەجێ هێشت، هەرسێکیان بوونە هۆی بەهێز بوونی دەوڵەتی سەربازیی تورکی و سەرەنجام هەرسێکیان هەر وەکو شۆڕشەکانی سمکۆ، شێخ مەحمود و بارزان ناسنامەیەکی شکست و مەرگەساتیان بۆ کورد پێک هێنا و سەرەڕای ئازایەتی، گیانبازی و خۆفیداکاری ڕابەران و جەماوەریش (کە بێگومان دەرۆستی دەزگای سەربازی ئەو کاتەی دەوڵەتەکان نەدەهات)، بەڵام دیسان نسکۆ، نەهامەتی و ماڵوێرانی سەر گەلی کوردیان زیاد کرد.

ئەم سێ شۆڕشە و هەر وەکو شۆڕشەکانی دیکەی پارچەکانی کوردستان، بنکەی هەڵایسانیان هەر ناوچە شاخاوی لادێ نشین بوو، هێزی سەرەکییان بنەماڵە و خێڵە چەکدارەکانی کوردستان بوو، هەرچەندە یەکێک لە شۆڕشەکان «ئاگری داغ» ڕابەرایەتییە سیاسییەکەی بەدەست چەند ڕابەرێکی شاری و خوێندەوار و تەکنۆکراتەوە بوو، بەڵام سەرجەم هێزی شەڕکەریان لە خەڵکانی لادێ نشین بوو، بۆ چی دەبێت ئاوا بێت؟!

پاش شکستی شۆڕشە گەورەکانی ناسیۆنالیزمی کورد ١٨٤٣- ١٨٤٧ی بەدرخان و ١٨٧٨- ١٨٨٢ی نەهری، کوردستان بە "بێ سەر" مایەوە، واتە ڕابەرایەتییەکی

سەردەم نەبوو کە بتوانێت کوردستان بەرێتە قۆناغێکی دیکەوە. ئەو سەردەمە میرنشینەکان یەک لەدوای یەک، بەرەو نەمان چوون، هەرچەندە سەرخانی سیاسی و فەرهەنگی و دینی مژدەی هاتنی چینی نوێی "بۆرژوای نیشتمانیی "دەدا، بەڵام هێز و کاریگەری و دەسەڵاتی ئابووری داگیرکەران نەیهێشت لە واری ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، چینێکی لەو جۆرە بەدەسەڵات و شارنشین لە کوردستاندا پەیدا بێت و تەنانەت ئەوانەش کە خاوەنی پارە بوون و لە شارەکانی کوردستاندا بوون لەبەر بێ ئارامیی سیاسی و سەربازی و لە لایەکی دیکەش لەبەر فشاری بەردەوامی داگیرکەران، کوردستانیان بەجێ هێشت و بەم شێوەیە شارەکان بێجگە لە ژمارەیەکی کەمی ڕووناکبیران نەیدەتوانی لە شۆڕشەکاندا بەشداری بکات و ڕێگا خۆش بوو بۆ دەسەڵاتی لادێکان، خێڵەکان و بنەماڵەکان بەسەر شۆڕشەکاندا. لەڕاستیدا ئەمە ئەنجامێکی سروشتیی ڕەوشی ئابووری- سیاسی- کۆمەڵایەتی ئەو کاتە دەبێت و ئەگەریش نوخبەی (کەمایەتی) سیاسی و فەرهەنگی و نەتەوەیی شارەکانیش جار بەجارێک دەسەڵاتی شۆڕشیان بەدەستەوە بێت، بەڵام دڵنیابن کە هێزی کاریگەر و بەڕێوەبەری شۆڕشی چەکدارانە کوردستان، هەر لادێکان و چەکدار و پێشمەرگەکانی لادێ دەبێت.

کوردستان بەشی باکوور و ڕۆژهەڵات، لە ساڵانی چل و پەنجا و شەست و حەفتاکاندا تاڕادەیەک بارێکی ئارامی بێ شۆڕش و بێ ماف و بێ ژیانێکی دیموکراسی و شایستە بە مرۆڤ لەو کاتەدا، بەخۆوە بینی و بێجگە لە بەردەوامکردنی ژیانی ژێردەستەیی هیچی دیکە زیاد نابێت بۆ نەتەوەکە و ناسنامەکەی لەم ٤٠ ساڵە و لەو دوو پارچەیەدا. بەڵام باشووری کوردستان بەردەوام لە حاڵەتی شۆڕش و ڕاپەڕیندا بووە و هەرچەندە شکستی گەورەی ساڵی ١٩٧٥ کاریگەریی گەورەی کردە سەر تەواوی جووڵانەوەی کوردی، بەڵام چەند ساڵێک کەم دوای ئەوە، شۆڕشی نوێی باشوور و ڕۆژهەڵات دەستی پێ کردەوە.

پەراوێز و سەرچاوەکان

(١) کریس کۆچیرا، جنبش ملی کرد، ترجمە، ابراهیم یونسی، تهران , ١٣٧٣

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) هەمان سەرچاوە.

(٤) هەمان سەرچاوە.

(٥) ماركس، انجلز، البيان الشيوعي، موسكو، دار التقدم.

(٦) بەکارهێنانی (شۆڕشی گەورەی عەرەبی) وەرگیراوە لە سەرچاوە عەرەبییەکانەوە وەکو وەسف کردنی ئەو شۆڕشە یان (ئەو خۆڕێکخستنە) لە لایەن نەتەوەپەروەرانی عەرەبەوە. مەرج نییە من بڕوام وابێت.

(٧) کریس کۆچیرا، هەمان سەرچاوە.

(٨) کریس کۆچیرا، هەمان سەرچاوە.

مارسی ٢٠٠٢

ڕەوشی جیهانی و پرسی کورد

خەباتی نەتەوەیی کورد، بۆ ڕزگاربوون لە داگیرکردن و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی دوو هۆکاری گەورەو چارەنووسسازی نێودەوڵەتی و ناوچەیی، بەجۆرێک کە لەڕابردوو، ئێستاو ئایندەشدا دەتوانن دەوری بڕیاردەرو کاریگەریان هەبێت لەسەر پرسی ئەم نەتەوەیە. کاریگەریی جیهانی و ناوچەیی لەپرسی کوردی لە دوو سەردەمی زۆر گرنگ و چارەنووسسازدا دەوری زۆر گەورەیان بینیوە، یەکەمیان سەردەمی گەمارۆی سەپێندراوی هێزە ناوچەیی و جیهانییەکانە کە توانیویەتی بۆ ماوەی نزیکەی پێنج سەدە، واتە سالآنی ١٥٠١-١٩٩١ز، تەواوی خەبات و تێکۆشانی کوردی بخاتە ژێر کاریگەریی نیگەتیفی خۆیەوەو بەئاشکراو ڕاستەوخۆ گورزی جەرگبڕ لە بزووتنەوەی کوردی بۆ ڕزگاری بوەشێنێت. لەم سەردەمەدا سەبارەت بەڕێکەوتن و پیلانی نێودەوڵەتی و ڕێکخستن و هێزی ناوچەیی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، کورد نەیتوانیوە لەو گەمارۆ سەپێنراو و ئەو سنوورانەی کە هێزەکانی ناوچەیی و جیهان، کە بەباڵای کوردیاندا بڕیبوو، ڕزگاری ببێت، چونکە زۆر بەسادەیی و ئاشکرا کورد نەیدەتوانی دەرۆستی ئەو گەمارۆیە بێت. سەردەمی دووەم، سەردەمی گرنگیدان بە پرسی کوردو خەباتی کوردانە لەلایەن هێزەکانی جیهانی و ناوچەییەوە، بەمەبەستی پڕکردنەوەی بۆشاییی دەرەوەی دەسەلآتی[1] ناوچەیی و جیهانی سەبارەت بەکوردو بزووتنەوەی کوردایەتی، وەکو بەشێک لەسیاسەت و ستراتیژی نوێی خۆیان بۆ کێشەی کورد. بەواتەیەکی تر ئەگەر سەردەمی یەکەم لەلایەن هەردوو هێزی جیهانی و ناوچەییەوە سیاسەتێکی دژ بەکوردو گەمارۆدانی کوردی هەبوو، ئەوا لەم سەردەمەدا (کە لە ساڵی ١٩٩١ بەدواوە دەست پێدەکات و تا ئێستا بەردەوامە) سیاسەتێکی کوردی و گرنگیدان بەکوردستان لەلایەنی هێزی جیهانی بڕیاردەرو هێزی ناوچەیی و ئیسلامی دژ بەهێزو سیاسەتی جیهانی بەرچاو دەکەوێت.. بۆ زیاتر ئاشکراکردن و

ڕوونکردنەوەی ئەم باسە، وای بەباش دەزانم کە هەردوو سەردەمەکەی خەباتی کوردی بۆ ڕزگاری و ڕەوش و سیفەت و کاریگەرییەکانی ئەو دوو سەردەمە فراوانتر باس بکەم:

سەردەمی یەکەم، سەردەمی گەمارۆی جیهانی و ناوچەیی دژی بزووتنەوەی کوردی (١٥٠١- ١٩٩١)

پاش دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی (١٥٠١- ١٧٢٢)و پەیدابوونی هێزێکی ئیسلامی شیعە مەزهەبی ئێرانی و هەوڵی ئەو دەوڵەتە لاوە بۆ گەشەکردن و فراوان بوون و بەرەو پێشەوەچوون، بۆ بوون بە هێزێکی ئیمپراتۆری و ناوچەییی کاریگەر، یەکەمین پریشکی وەبەر کوردی نزیکی خۆیان و کوردی بەنەژاد ئارییایی کەوت. ئەو کاتە بەشی زۆری کورد لەسەر مەزهەبی سوننە بوون و ئەمەش لەگەڵ هەوڵ و ئاواتی سەفەوییەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی شیعەو ئێرانیدا نەدەهاتەوە، یەکەمین بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ کوردەکاندا بەرپا بوو، هەوڵی شا ئیسماعیلی سەفەوی و دەوڵەتەکەی بۆ داگیرکردنی کوردستان و بە زۆر بەشیعەکردنی خەڵک و دروستکردنی پەرژینێکی مەزهەبی دژی دەوڵەتی بەهێزو دەسەڵاتداری سوننە مەزهەبی عوسمانی، وای دەخواست کە سەرەتا ئەم بەرەنگارییە بکەوێتە کوردستانەوە، چونکە تەواوی سنوورەکانی نێوان عوسمانی (سوننی)و سەفەوی (شیعە) لە کورد پێک هاتبوو.

کورد و سەرانی میرنشینە کوردییەکان، یان دەبوو تەسلیم بن بە مەزهەبی شیعەی ئێرانی یان دەبوو بەردەوام بن لەسەر سوننی بوونی خۆیان و ببنە هێزێکی یەدەک و شەڕکەری عوسمانی دژی ئێرانی هاونەژادی خۆیان. هێرشی دینی ئیسلام و خەلافەتی ئیسلامی یەک لەدوای یەک بەجۆرێک کوردی لەبەر یەک ترازاندبوو و هەڵوەشاندبوو، کە کورد بەهۆی زمان و نەژادی بەشێک بوو لە میللەتانی ئاریانی (ئێرانی)و بەهۆی دینیشەوە بەشێک بوو لە درێژکراوەو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی عوسمانی سەرەنجام سەرانی میرنشینە کوردییەکان بەهۆی مەلا ئیدریسی بەدلیسی سەر بەسوننەی عوسمانی و شێخی تەریقەتی نەقشبەندی بەرەو عوسمانییەکان ساغ بوونەوە. واتە کورد سیاسەتێکی دینی و ئیسلامی (سوننەتی)

گرته بەرو، کە بێگومان نەیدەتوانی وا نەکات. چونکە ڕەوشی ئەو سەردەمە ڕەوشێکی دینی و ئیمپراتۆری بوو، واتە کورد نەیدەتوانی سیاسەتێکی جیا لە سیاسەتی ئیسلامی هەبێت و سەرەنجامیش زیانی گەورەو کۆیلەبوون بوو بەنسیبی کوردان. سوڵتانی عوسمانی لەدوای جەنگی چاڵدێران، لەگەڵ شانزە کەس لە میرانی کورد، پەیمانێکی بەست کە تیایدا، مافی دەسەلاتداریی ئەوانی بەشێوەی خودموختاری هەر لە مەلاتیەوە هەتا دەریاچەی وان بەرەسمی ناسی و لەم پەیمانەدا، چوار مادەی گرنگ و کاریگەری (بۆ عوسمانی و بۆ کورد) تێدابوو:

١- دەسەلاتدارە ناوچەییەکانی کورد، سەربەخۆیی خۆیان دەپارێزن.

٢- شێوەی دەسەلاتداریتی پشتاوپشت دەبێت، واتە لەدوای باوک کوڕەکان دەچنە سەر دەسەلات.

٣- کوردەکان دەبێت لە هەموو جەنگەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا بەشداربکەن.

٤- دەوڵەتی عوسمانی لە بەرامبەر بە دەستدرێژی دەرەکی دژی دەسەلاتدارە ناوچەییەکانی کوردستان، یارمەتیدەر دەبێت.(٢)

ئەگەر بەچاوێکی ورد تەماشای ئەم ڕێکەوتنە بکەین تەنها خالی یەکەمی لە بەرژەوەندی کوردا بوو (کە ئەویش بێگومان زۆری نەخایاند، چونکە ئەم ڕێکەوتنە لە ساڵی ١٥١٤دا مۆرکراو لە ساڵی ١٥٣٠ بەدواوە سوڵتانی عوسمانی دەستی کرد بە لێدانی میرنشینە کوردییەکان و یەک لەدوای یەک لەناوی دەبردن)و خالی دووەمیش لە بەرژەوەندی سەرانی کوردو بنەماڵەکانیاندا بوو (ئەو سەردەمە سەردەمی دەسەلاتی بنەماڵەو دینە یان مەزهەب، واتە بناغەی ڕەوایی دەسەلات، چ میرنشینی یان ئیمپراتۆری، بنەماڵە بەهێزە دەسەلاتدارەکان و پشتیوانیی دین یان مەزهەبەکانە بۆ ئەو دەسەلاتە). بەلام خالی (٣)و (٤) کە بەمەبەستی سەرەکیی ئەم ڕێکەوتنەیە، بەتەواوی لەبەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانیدایە، دەوڵەتی عوسمانی لەم ناوچەیەدا کە کوردی تێدا نیشتەجێیە، شەڕەکەی تەنها لەگەڵ ئێراندایە، کە بێگومان کوردەکانی ڕۆژئاوای ئێران یەکەمین خەڵکن کە ڕووبەڕووی شەڕ دەبنەوەو لە ڕاستیدا تەواوی جەنگی ئێران و عوسمانی کەوتە ناوچە کوردنشینەکانەوە، کوردەکانی ڕۆژهەلاتی عوسمانی کران بەگژ کوردەکانی ڕۆژئاوای ئێراندا، زۆرینەی کوردیش لەلایەن

عوسمانییەوە کرا بەگژ ئێراندا. من بۆیە ئەم خاڵە دەورووژێنم چونکە کاتێک کە کورد دەکرێت بەگژ ئێراندا، بێگومان دەکرێت بەگژ سەرچاوەکانی ئێرانی و ئاریانی بوونیشدا هەر لە زمان، فەرهەنگ، دین، خاک و شارستانی کە هەموو ئەم سەرچاوانە تا ئەوکاتە سەرچاوەی هاوبەشی نێوان کورد، ئێران بوون، بەم جۆرە کورد کرا بە گژ بەشێک لە سەرچاوەکانی بوونی خۆیدا، سەرەنجام، کورد بێبەری دەبێت لە بوونی تا ئەوکاتەی خۆی، ئەم جارەش وەکو جارەکانی پێشوو کورد بێبەش دەبێت لەناسنامەی خۆی و لەئێراندا دەکرێتە کەمایەتییەکی دوژمن بەزۆرایەتیی شیعەی ئێرانی و لەمەودوا (لە ساڵی ١٦٠٠ بەدواوە) کۆچی زۆرەملێ و ئەنفالی کوردی لەلایەن شاعەباس و دەوڵەتی سەفەوی دەست پێ دەکات. هەر بەو جۆرەش کورد لەلای عوسمانی دەبێتە کەمایەتی و سەبارەت بە بەهێزی و زەبرو زەنگی عوسمانی کورد ناچاردەکرێت لەبەردەستی نەژادێکی جیاواز، بێگانە و دوژمندا، ژیانی کۆیلەیی و ژێردەستی بەسەربەرێت، هەرچەندە ئەمە یەکەم جار نەبوو کە کورد سیاسەتێکی ئیسلامیی پەیرەو دەکرد، لە راستیدا لەهەردوو لای عوسمانی و سەفەویدا بەسەریا سەپێنرابوو، بەڵام گەورەترین زیان و کاریگەریی نێگەتیفی درێژ ماوەی بۆ کورد بەدیاری هێنا.

پاشان عوسمانییەکان کوردەکان، دەکەنە پرد و سەرەرێگای داگیرکردنی جیهانی عەرەبیش، واتە لە دوای ساڵی ١٥١٦ بەدواوە (دوای رێکەوتن و دابەشکردنی کوردستان لە ١٥١٤دا) هێرشی عوسمانی بەپشتیوانیی کورد (بەپێی خاڵی سێی پەیمانی ناوبراو) بۆ داگیرکردنی وڵاتانی عەرەبی دەست پێ دەکات. ئەم دوو دەوڵەتە گەورەیەی جیهانی ئیسلام، سەرەڕای ئەوەی کورد دابەش و کۆیلە دەکەن لەنێوان خۆیاندا، دەبنە دوو زلهێزی ناوچەیی و هەر بەو بۆنەیەشەوە، دەتوانن لە هێزو بەرژەوەندی جیهانیشدا دەورو کاریگەرییان هەبێت و سەرەنجام ڕەوشی ناوچەیی و جیهانی بەئارەزووی ئەم دوو دەوڵەتە دەبێت بەدژی کورد. هێزو دەسەڵاتی هەردوو دەوڵەت و ئیمپراتۆریی ئێرانی و عوسمانی تەواوی ڕەوشی ناوچەکەی گۆری و دەوڵەتی عوسمانی توانیی بەشێکی زۆری ناوچەی ئیسلامیی ڕۆژئاوا، بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و دەوڵەتی سەفەویش بووە هێزێکی ئیسلامی دژ بەعوسمانی لە

جیهانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا. بەڵام وێڕای هێزو دەسەڵاتی جیهانی و ناوچەیی ئەم دوو ئیمپراتۆریایە، بە شۆڕش و ڕاپەڕینی کوردی بۆ بەدەستهێنانی مافەکان هەر بەردەوام بووە. کاتێک میرنشینێک دەڕووخا، لە شوێنێکی دیکەی کوردستاندا میرنشینێکی دیکە پەیدا دەبوو، لەو سەردەمانەدا هەمیشە دەسەڵاتی ناوچەیی لە وڵاتی کورداندا هەر بەردەوام بووە.

ئەم ڕەوشە ئاماژە بۆ دوو هۆی گرنگ دەکات: یەکەم، هێزو دەسەڵاتی ئەو دوو ئیمپراتۆریایە نەیان دەهێشت میرنشینە کوردییەکان لەوە زیاتر گەشە و فراوان بین کە هەڕەشە لە دەسەڵاتیان و هەژموونیان لە کوردستاندا بکەن و دووەم، وێڕای هێزی ئەمان، بەڵام بەرەنگاریی کوردی بەجۆرێک بووە کە هەمیشە دەسەڵاتی سەربەخۆ یان نیمچە سەربەخۆ لە کوردستاندا هەبووەو بەردەوام کورد لە هەوڵی دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆیدا بوون. بۆیە ئەم قسانە دەکەم، چونکە لە جیهانی ژێردەسەڵاتی سەفەویدا تەنها کورد میرنشینی هەبووەو لەجیهانی ژێردەسەڵاتی عوسمانیشدا کورد (لەم دواییانەشدا میسر، واتە لە سەدەی نۆزدە بەدواوە) دەسەڵاتی خۆیان هەبووەو سەرجەمی ناوچەو وڵاتانی دیکە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەو دوو ئیمپراتۆریایەوە بەشێوەی ویلایەت، فەرمانڕەوایی کراوە دیسان نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت کە بەردەوام دەسەڵات و هەژموونی جیهانی و ناوچەیی لە بەرژەوەندی ئەو دوو دەوڵەتەداو لە زیانی کێشەی کوردیدا، بەئەنجام گەیشتووە.

دوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی پاش ئەوەی دەبنە دوو زلهێزی ناوچەیی و دوو هێزی کاریگەری گرنگ لەسەر ڕەوشی جیهانی و سەرەنجام ونبوونی بەرژەوەندی کورد لەو نێوانەدا، واتە تەنها خوێندنەوەی بەرژەوەندی هێزە گەورەکانی دنیا (ڕووسیا، بەریتانیا، نەمسا، فەرەنساو پاشانیش ئەڵمانیاو ئەمریکا)و بەرژەوەندی دوو زلهێزی ناوچەیی ئیسلامی (سوننە و شیعە)و قوربانیدان بە بەرژەوەندی کورد، دەبێتە ڕەوشێکی بەردەوام و دەسەڵاتدار بەسەر بەرژەوەندی و هێزی جیهانی و ناوچەییدا، ئەم ڕێککەستنە، پیلانە، ڕەوشە نێودەوڵەتی و ناوچەییە بەردەوام دەبێت و ئەو گەمارۆ جیهانییەی بەسەر کوردا دەسەپێت و ئەم هەلومەرجە هەتا سەردەمی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەردەوام دەبێت.

سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد

بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد، لە ساڵی ١٨٤٣ بەدواوە لە سەردەمی باوکی ناسیۆنالیزمی کورد (بەدرخان پاشا) دەست پێ دەکات.[٣] ئەم بزووتنەوەیە گەلێک هێزو توانای گەورە پەیدا دەکات و بەشی هەرە زۆری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی ڕزگار دەکات، بەڵام یارمەتی و هاوکاریی هێزە جیهانییەکان (ڕووسیا، بەریتانیا، نەمسا و ئێران) بۆ دەوڵەتی عوسمانی بەدژی بزووتنەوەی بەدرخان بەبیانووی پشتیوانی لە ئەرمەنییەکان دژی کورد، گورزی کوشندەی گەیاندە بزووتنەوەی کوردی.

بەشی زۆری زانستکاران و لێکۆڵەرەوەکان لەسەر ئەوە هاوڕان کە کارە گرنگەکانی بەدرخان پاشاو ڕاپەڕینی کوردستان کە بریتین لە(لێدانی سکەی پارە، هەڵکردنی ئاڵای سەربەخۆی کوردستان، دامەزراندنی لەشکری ڕزگاری، نەدانی باج بە بابی عالی، جیاکردنەوەی سنووری کوردستان، خوێندنەوەی وتاری هەینی بەناوی پاشای کوردستان بەدرخان، چوون یەک کردنی هاووڵاتییان و نەهێشتنی سیاسەتی جیاکردنەوەو هەڵاواردنی عوسمانی لەنێوان ئیسلام (پلەیەک)، مەسیحی (پلە دوو)، جوولەکە (پلە سێ)و بەدرخان ڕای گەیاند کە هەموو هاووڵاتییان پلە یەکن و لە ماف و ئەرکدا یەکسانن) بەباشترین بەیاننامەی ناسیۆنالیزمی سەربەخۆخوازی کوردی دادەنرێت. لەکاتێکدا دەبێت ئەوە بزانین کە ئەم بزووتنەوە کوردییە، زۆر لەپێش بزووتنەوەی نەتەوەیی ئیتالیا (١٨٦٠)، بزووتنەوەی یەکخستنی ئەڵمانیا (١٨٧٠)و یەکێتی ئەمریکا (١٨٦١) بوو کە ئەمەش هێزی بزووتنەوەی کوردی لەو سەردەمەدا پیشان دەدات. بەڵام یەکێک لە کارە خراپەکانی بەدرخان، بەداخەوە لێدانی مەسیحییە ئەرمەنییەکان بوو کە باشترین بەهانەی دایە دەستی وڵاتانی ئەورووپایی کە پشتیوانی لە دەوڵەتی عوسمانی بکەن دژی کورد کە ئەوان (ئەورووپییەکان) لە خوایان دەویست بەدرخان و کورد ئەو سیاسەتە ئیسلامییە هەڵەیە پیادە بکەن بۆ ڕەواییکردنی دژایەتی کوردی و سەرەنجام سەپاندنەوەی پیلانی نێودەوڵەتی و بەهێزکردنی گەمارۆی جیهانی و ناوچەیی دژی کوردو لە بەرژەوەندی عوسمانی و جیهانی.

بزووتنەوەی نەهری (١٨٧٨- ١٨٨٢)یش هەر بەو شێوەیە، وەکو بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و سەربەخۆیی خواز (بێگومان ئەم جارە بەبێ پیادەکردنی هەڵەکەی بەدرخان و هەوڵدان بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی دینیی جیاواز لە عوسمانی و ئێرانی و بەئاشکرا ڕاگەیاندنی شێخ عوبەیدڵلای نەهری کە ئەم نەتەوەیە لەهەموو شتێکدا جیاوازە لە عوسمانی و ئێرانی، لە زمان، فەرهەنگ، خاک، دابونەریت و تەنانەت لە دینشدا جیاوازین لەوان کە مەبەستی شێخ لەوەبوو کە کورد پەیڕەوی لە تەسەوفی کوردی دەکرد، وەکو ئیسلام بوونێکی کوردی یان پاراستنی ناوەرۆکی ئاینی کورد لەناو ئیسلامدا)[٤] لەلایەن پیلان و بەرژەوەندی نێودەوڵەتی و ناوچەییەوە لەناودەبرێت و هەموو هێزە گەورەکانی ئەوسای دنیا (بەریتانیا، ڕووسیا، نەمسا، ئێران و ئەمریکا) بەئاشکرا و ڕاستەوخۆ کەوتنە پیلان گێڕان بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی کوردی. زۆرێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە سەرەتای ڕێککەوتن و پەیمانی ئەمریکی و ئێرانی لە ساڵی ١٨٨٢دا لەسەر حیسابی جەستەی بریندارى شۆڕشی کوردی بوو[٥].

سەردەمی ئیمپریالیزمی ئەوروپی

ئەم ڕەوشە بەردەوام دەبێت هەتا سەردەمی هاتنی ئیمپریالیزمی ئەوروپی بۆ ناوچەکە و دەستپێکردنی پیلان و ڕەوشێکی نوێ، بەڵام بۆ کورد هەر هەمان ڕەوشی دژ بەکورد (واتە کۆن) لە ساڵانی نێوان ١٩١٨- ١٩٩١ هەر بەشێوەی جاران، واتە گەمارۆی جیهانی و ناوچەیی دژی کورد و بەقازانجی بەرژەوەندی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، بەردەوام دەبێت. سەردەمی هاتنی ئیمپریالیزمی ئەوروپی (بەریتانی و فەرەنسی)و دروستکردنی چەندین دەوڵەتی بەناو نەتەوەیی (تورکیا، ئێران، عیراق، سووریا)و چەندین دەوڵەتی عەرەبی و دیسان دابەشکردنی کوردستان و هێنانەدی پیلانێکی نوێی جیهانی و ناوچەیی، بەشێوە نوێ و بەناوەرۆک کۆن (سەپاندنەوەی ئابڵوقەی جیهانی و دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان).

بەرژەوەندی دەوڵەتانی ئیمپریالیست و تیۆری دەوڵەتی نەتەوەیی ئینگلیزی و فەرەنسی و هەوڵی ئەوان بۆ دامەزراندنی چەندین دەوڵەتی دەستکردی وابەستە

بەخۆیان لەسەر حیسابی بەرژەوەندی کورد و نەتەوەکانی ئەمازیگ، قبتی و باشووری سوودان، ولاتانی ئەورووپی لەو کاتەدا سیستەمێکی دەوڵەتیی دروستکراویان هێنایە رۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئەم ناوچانەیان کرد بەچەند دەوڵەتێک کە تا ئێستا هیچ کامیان نەیانتوانیوە بگەنە ئاستی نەتەوەیی بوون[٦]. لەم سەردەمەدا پاش ئەوەی جارێکی دیکە کورد لەلایەن دەوڵەتانی گەورەی ئەورووپییەوە دابەش کرایەوە، بۆ چوار پارچەو دیسان رووبەڕووی ئابلوقەیەکی بەهێزتر بوویەوەو رەوشەکەی بەجۆرێک گۆڕانی بەسەرداهات کە بەڕاستی کورد، بەبێ پشتیوانیی هێزی جیهانی و ناوچەیی لەو هاوسەنگییەی کە بەسەر ناوچەکەدا سەپێنرابوو، نەیدەتوانی رزگاری ببێت. ئەمجارەیان کوردیان دابەش کرد بەسەر چەند دەوڵەتێکدا، کە وێڕای ئەوەی خاوەنی سەروەری و سەربەخۆیی خۆیان بوون، بەڵام هەر یەکێکیان لەلایەن هەژموونی یەکێک یان زیاتر لە دەوڵەتە گەورەکانەوە دەپارێزرا، کە ئەویش لەپێناوی بەدیهێنانی جۆرێک بوو لە هاوسەنگی و جێگریی بەرژەوەندییەکانی نێوان خۆیان لەگەڵ بوونی ناکۆکی و ململانێی جیهانیشدا لەسەر ناوچەکانی هەژموون. ئەم هاوسەنگییە نەدەبووایە تێک بچێت، ئەو دەوڵەتانەی کە کوردیان ناچارکرد لە چوارچێوەیاندا بژی، بوونە (لەراستیدا کرانە) ئەندامی نەتەوە یەککگرتووەکان و بەم جۆرە هەموو رێگاکانی هێزە گەورەکانی دنیا، رەوشی ناوچەیی و پەیمان و یاسا جیهانییەکانی لێ قەدەغە کرا کە بچووکترین یارمەتی بۆ کێشەکەی پەیدابکات و شۆڕشەکانی کوردیش لەپشتی دیوارێکی بەهێزی ئابلوقەی سیاسی، جیهانی، ئابووری و ناوچەییدا، زیندانی کران و پیلانێکی نێودەوڵەتی و ناوچەیی ئەم جارەش بەسەر کورددا سەپێنرایەوە[٧].

پاش ئەوەی کە ئیمپریالیزمی بەریتانی هاتە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و دەستی کرد بەدروستکردنی چەند دەوڵەتێکی بەناو نەتەوەیی، لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی و لێک هەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانی، چەندین (دەوڵەتی- نەتەوە)ی ئێران، تورکیا، سووریا، عیراق و ئوردن دامەزران و بەخشڵی نەتەوەیی رازێنرانەوە. گیروگرفتی سەرەکیی ئەم شێوازە لە دەوڵەت لە ولاتانی دواکەوتووی پەرەنەستێنی فرەنەتەوەیی وەکو ئێران و تورکیا و عیراق و سووریا لەوەدایە دەوڵەت بەشێوەیەکی

میکانیکی بووەتە چەمکێکی سیاسی و سەرخانی نەتەوە بالادەستەکان و هەرگیز نوێنەرایەتیی ئەو نەتەوانە ناکا کە لەژێر چەتری دەسەلاتی خۆیاندا کۆیان کردوونەتەوە. لێکۆڵینەوەی پسپۆران دەریان خستووە، لە جیهانی ئەمڕۆدا، سنوورە نەتەوەیی - سیاسییەکان، واتە دروستبوونی دەوڵەتەکان لەسەر بناغەی ڕەواییی نەتەوەیی بوون، لەزۆر وڵات یەکتری ناخوێنێتەوە و پێکەوە نەگونجاو و ناکۆکن، تەنیا ١٢ دەوڵەتی نەتەوەییی لە دنیادا لەباری نەتەوەییەوە یەکدەست و یەک ڕەنگ و یەک نەتەوەن، ئەوانی تر تێکڕا، دەوڵەتی نەتەوەیی نەگونجاون. تەنانەت لە ٣٩ وڵاتدا پڕنفووزترین بەشی نەتەوەیی دەسەلاتداریان لە٥٠٪ دانیشتوانی وڵاتەکەشیان کەمترن، زۆربەی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییانە، فرە نەتەوەین و لەڕەوشی ئاشتی یان شەڕدا بەزۆر پێکەوە دەژین[٨].

هاتنی ئیمپریالیزمی بەریتانی بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە، واتە پاش ئەوەی هندستانی داگیرکرد دەیەویست کە ڕێگای نێوان هندو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئەورووپا زەمانەت بکات. دەبینین هەموو هەوڵی بەریتانیا بۆ ئەوەیە کە ئەم ڕێگایە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەبەردەستی هێزی خۆی یان وابەستە بەخۆیدا بێت. بەریتانیاو پاشان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش و پاشان سەرهەڵدان و بەهێزبوونی یەکێتیی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا ڕەوشی ناوچەکەیان وا لێ کرد کە لەهەردوو لاوە یارمەتی و پشتیوانیی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بکرێت و کوردیش جارێکی دیکە بکرێتەوە بەقوربانی. بۆ زیاتر ناسین و ئاشکراکردنی ئەو سەردەمانە پێویست دەکات چەند خاڵێک لەسەر هەلومەرجی ئەوکاتەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و بەرەنجام و گەشەکردنی ئەو ڕەوشانە بەپێی پیلانی نێودەوڵەتی و هەژموونی جیهانی ئاماژە پێ بدەین:

١- بنیاتنەرانی ئیمپراتۆریای بەریتانیای مەزن، لەپێش جەنگی یەکەمی، جیهانی لەو بڕوایەدا بوون باشترین ڕێگا بۆ پاراستنی ڕێگای هیندستان ئەوەیە کە لە سنووری دەسەلاتی ئاساییاندا، چەند قەوارەیەکی دروستکراوی وا پێک بهێنن کەیان دەبێت ڕاستەوخۆ لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بن یان دەبێت ڕزگارو سەربەخۆ بن لە هەژموونی هەر دەوڵەتێکی دیکەی گەورەو بەتایبەتی هەژموونی

ڕووسیا.. سەرەنجام بەریتانیا ئەم وڵاتانەی خستە ناو چوارچێوەی هەژموونی خۆیەوەو دەوڵەتەکانی (ئەفغانستان، ئێران، سیکیانگ و تبت) کێشەی گەورەی بەریتانیا (لە سەدەی نۆزدەدا) ڕووسیای قەیسەری بوو، کە بەردەوام لەهەوڵی سەرنەگرتنی ئەم سیاسەتەدا بوو، چونکە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابوو کە بگاتە ئاوە گەرمەکانی (کەنداوی فارس، دەریای عەرەبی و ئۆقیانووسی هیندی) یان بەهۆی کوردستانی عوسمانی و لەڕێگای کوردستانی ئێرانەوە یان لەڕێگای ئەفغانستانەوە. بەریتانییەکان بۆ ڕێگەگرتن لە هەژموونی ڕووسی تەنها دوو ڕێگایان لەبەر دەمدا بوو یان دەبووایە ڕووسیایان هاوبەش بکردایە لەو سیاسەتەدا یان دەبوو پارێزگاری سەربەخۆیی ئەو وڵاتانەیان بکردایە وەکو ناوچەی قەدەغەکراوی سیاسیی نێوان هەردوو زلهێزە جیهانییە دەسەڵاتدارەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (بەریتانیا و ڕووسیا)و سەرەنجام وەکو سیاسەتێکی پێویست و ناچاری (پاش چەندین جەنگی ناوچەیی وەکو جەنگی دوورگەی قەرم، جەنگی ئەفغانستان و جەنگی سیکیانگ) لەسەر سیاسەتی دووەم ساغ بوونەوەو ئەم سیاسەتەش دوو بەرئەنجامی گرنگی لێ پەیدابوو:

أ- هەر لاوازبوون و دابەشکردنێکی ئەو وڵاتانەی کە کەوتوونەتە نێوان دەسەڵاتی بەریتانیاو ڕووسیا وا دەکات کە بەشی هەژموونی ڕووسیا بەرەو زیادبوون بچێت و سەرەنجام هاوسەنگی و ڕەوشی ناوچەکە تێک بچێت و ڕێگای هیندستان و ئاوی گەرم بۆ ڕووسیا بکرێتەوەو بەریتانیا هەڕەشە لە دەسەڵاتی بکرێت لەم ناوچەیەدا.

ب- ئەگەر ئەم ناوچانە پشێوی و ئاژاوەی تێدابێت، هەم ئەو دەوڵەتانەی کە بەریتانیا پێی باشە، دەوڵەتی بەهێزو سەربەخۆین بەرەو لاوازبوون دەچن و هەم بەریتانیاش مەسرەفێکی زۆری دەوێت بۆ پاراستنی ئەو ئاسایشە، ئێرانێکی سەربەخۆ و بەهێز یان تورکیایەکی بەهێز کە هاوپەیمان بێت لەگەڵ بەریتانیادا بمێنێتەوە باشترە لە ئێران یان عوسمانییەکی بێ هێز کە بەئاسانی دەبوونە پارووییەکی چەور لەبەردەم هێرش و هەژموونی ڕووسیا. سەرەنجام بەریتانیا بەئاشکراو ڕاستەوخۆ دەستی کرد بەپشتیوانی و یارمەتیی ئەو دوو دەوڵەتە

داگیرکەرەی ئەوسای کوردستان و دژی هەر بزووتنەوەیەکی کوردی رادەوەستا[٩].

(٢) ئەم هاوسەنگییە بە کۆتاییهاتنی سەردەمی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی بەریتانیا لە ناوچەکەدا (کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیست و سەرەتای نیوەی دووەمی) تێک نەچوو، بەڵکو هەر ئەو دەوڵەتانەی کە دەبووایە لەو شوێنانەدا هەبن (پاکستان، ئەفغانستان، ئێران، تورکیاو عیراق و سووریا) بەدەسەڵات و بەرەکەتی بەریتانیاو (فەرەنسا) کرانە دەوڵەتی نەتەوەیی بەهێزی سەربەخۆ و ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوەکان و پارێزراو لەلایەن هەژموون و هاوسەنگیی جیهانییەوە. بەریتانیا، فەرەنسا و رووسەکان سیاسەتێکی نارۆشن و نادیاریان لە بەرامبەر کورد گرتەبەر (سەردەمی شەڕی یەکەم) بۆ ماوەیەکی کەم وازیان لەکورد هێنا و هیچ هەوڵێکیان نەدا، بۆ یارمەتیدانی و بەتایبەتی سیاسەتی بەریتانیا لەنێوان پیشاندانی سۆز و گەمارۆدان و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کوردان بۆ ماوەی دە ساڵی دوای یەکەم جەنگی جیهانی، بەردەوام بوو تا سەرەنجام بەئاشکراو لە بەرژەوەندی وڵاتانی ناوچەکە، بزووتنەوەی کوردی سەرکوت کرد.

سیاسەتی سەرکوتی بەریتانیا لە هەمبەر شۆڕش و دەسەڵاتی شێخ مەحموود و یارمەتیدانی دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنالیستی عەرەبی عیراقی، هەمان یارمەتی و پشتیوانیی عوسمانی بوو لەلایەن بەریتانیاوە دژی شۆڕش و راپەڕینی نەتەوەیی کورد لە سەدەی نۆزدەدا، لەپاش دۆزینەوەی سەرچاوەکانی نەوتی کوردستانی باشوورو گازی سروشتی و نەوتی رۆژهەڵاتی کوردستان، جارێکی دیکە ئەم سیاسەتە جێگیرو هاوسەنگەی دژی کورد، یارمەتیدانی دیکەی بۆ پەیدابوو. ئەم سامانە بەیارمەتی و پشتیوانیی هێزی گەورەی ئەوسای دنیا (بەریتانیا) بخرێتە خزمەتی هەردوو دەوڵەتی ناسیۆنالیستی عەرەبی و فارسی (عیراق و ئێران).[١٠]

(٣) پاش هاتنی سۆڤیەت و هەوڵدانی بۆ بەدەستهێنانی ناوچەی هەژموونی خۆی، ئەویش وەکو بەریتانیا، هەمان سیاسەتی لەلایەنی خۆیەوەو بۆ بەرژەوەندی خۆی پیادەکرد. واتە سیاسەتی ئەوەی مادام ئەو وڵاتانە (ئێران، تورکیا، عیراق،

سووریا، ئەفغانستان) بەتەواوی بەشێک نین لە ناوچەی دەسەڵاتی خۆی، بۆیە دەبێت نەبن بەناوچەی بەتەواوی پاوانکراو لەلایەن بەریتانیاوە. سۆڤیەتیش کەوتە یارمەتیدانی بەهێزی و سەربەخۆیی ئەو دەوڵەتانە و پشتگیریی ئەو دەوڵەتانە دژی هەر شۆڕش و راپەڕینێکی کوردی یان هەر نەتەوەیەکی دیکە (ئەرمەن، ئاشوور، ئۆزبەک) بۆ دابڕینی بەشێک لە خاکی ئەو وڵاتانە، بەتایبەتی ئەگەر ئەوە بزانین، ناوچە هەرە دەوڵەمەندەکانی ئەو سێ دەوڵەتە (تورکیا، عێراق و ئێران) هەر لە کوردستاندایە، واتە هێزێکی دیکەی بەدەسەڵاتی دنیا بووە هۆکارێکی کاریگەری مانەوەی جێگیری ناوچەیی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، دژی کورد، بەڵام لە روانگەی مەنتیق و بەرژەوەندی خۆی.

(٤) لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، حاڵەتێکی شاز و هەڵاوارده دروست دەبێت کە ئەویش پشتیوانیی کاتیی سۆڤیەتە بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان (مەهاباد) کە نامۆیە بەم سیاسەتەی پێشووی جێگری و هاوسەنگی نێوان (بەریتانیا و سۆڤیەت) بۆ پشتیوانی و بەهێزکردنی دەوڵەتانی بەناو نەتەوەیی داگیرکەری کوردستان. هاندانی ستالین و پشتیوانیکردنی دامەزراندنی کۆماری کوردی، کۆماری ئازەری و داوای ئەرمەنستان بۆ هەرێمەکانی قارس و ئەردەهان لەژێر دەسەڵاتی تورکیادا، لەکات و سەردەمی بێهێزبوون و لەرزۆکیی ئەم جێگری و هاوسەنگییەدا و هەمان هیوای سۆڤیەتەکان (هەروەکو رووسەکانی پێشوو) بۆ گەیشتن بەناوچەکانی ئاوی گەرم و (ئەمجارە نەوت)، بەڵام لە سەردەمێکدا کە ئەو وڵاتانەی ناوچەکە بەرەو لاوازی دەچوون بەسوودوەرگرتن لە ناو و جێگاو ئایدۆلۆژیای سۆڤیەتی و بەتایبەتیش لەپاش سەرکەوتنەکانی بەسەر ئەڵمانیای نازیدا. سووربوونی رۆژئاوا بەسەرکردایەتیی ئەمریکا بۆ هەڵنەوەشانەوەی ئەم (جێگری و هاوسەنگییە)و مانەوەی رەوشی پێش جەنگی دووەم، رێگەی لەمانۆڕی سۆڤیەتی گرت بۆ بەناو پشتیوانی لە کوردو ئازەر و ئەرمەن و مۆڵدانی هێزەکانی لەسەر سنوورەکانی تورکیا- بولگاریا، زیادکردنی هێزەکانی لەسەر سنووری ئێران شکستی هێناو سەرەنجام هەردوو کۆماری کوردی و ئازەری وەکو گەڵای پایز وەرین. سیاسەتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دیسان دڵنیایی لەوە کردەوە کە

ئەم هەلومەرجە جێگیرەی پێشوو، بەردەوام دەبێت و جارێکی دیکە و لە سەردەمێکی نوێتردا هەمان پیلانی کۆنی گەمارۆی سیاسی و جیهانی بەسەر کوردا سەپێنرایەوە.(١١)

(٥) سیاسەتی (جێگیربوون و هاوسەنگی) جیهانی و ناوچەیی کە لەلایەن هەردوو بەرەی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات و دەوڵەتانی ناسیۆنالستی داگیرکەری کوردستانەوە پیادەیان دەکرد دژی کورد دەبێتە بەشێک لە سیاسەتی جیهانی و سەرەنجام هەموو فراکسیۆنە نێودەوڵەتییەکانی ئیسلامی، عەرەبی، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایی بەشداریی تێدا دەکەن و بەپێی مەنتیقی هاوسەنگی و بەرژەوەندی نێودەوڵەتی، کورد دەبێتە دابەشکراو و داگیرکراوێکی نێودەوڵەتی و بەم جۆرە هەموو دەرگاکانی لێ دادەخرێت و هەموو خەبات و هەوڵەکانی دەکەوێتە ژێر بەزەیی و کاریگەریی ئەم جێگری و گەمارۆ جیهانی و ناوچەییە. شەڕی ساردیش لەدوای جەنگی جیهانیی دووەم، خوێنێکی نوێ دەکاتە دەمارەکانی ئەم سیاسەتە و بۆ ماوەیەکی نزیکەی نیو سەدەی دیکە ئەم سیاسەتی گەمارۆیە دژی کورد بەردەوام دەبێت، لە ماوەی نزیکەی ئەم سەدو پەنجا ساڵەی دواییدا، یەک ڕەوشی گەمارۆو پیلانی نێودەوڵەتی و ناوچەیی دژی کورد بەم جۆرە دەبینین:

ڕۆژئاوا (بەریتانیا و ئەمریکا) + دەوڵەتانی ناوچەیی دژی کورد.

یەکێتیی سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆژهەڵات + دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دژی کورد.

تەنانەت بوونی کۆمۆنیزمێکی ناوچەیی و بەناو نێونەتەوەیی نەیدەتوانی لەو هاوسەنگییەی دژ بەکورد ڕزگاری ببێت و هەرچەندە بەشێکی زۆری ڕابەران و جەماوەری کۆمۆنیزی ناوچەیی (ئێران، تورکیا، عیراق و سووریا) لە کورد پێک هاتبوون، بەڵام ئەوانیش بەشێک بوون لەو پیلانە جیهانییەو سەرەنجام بوونە پاشکۆی سیاسەتی جیهانی و ناوچەیی دژی کورد. بەڵام لە جەمسەری سۆڤیەت و ڕۆژهەڵاتەوە، بوونی سۆڤیەت و بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی بەهێز لە کوردستاندا لە ساڵانی پەنجا، شەست، حەفتا و هەشتاکاندا، وا لێک دەدرایەوە کە دەتوانرێ بەهۆی ئەو بلۆکەوە کورد لەو گەمارۆیە دەرباز بکات و هەر بۆیەش بەردەوام بەشێک لە

بزووتنەوەی کورد پەیڕەویی لەو بەرەیە دەکرد، بەڵام مەخابن ئەم سیاسەتەش کەلێنێکی بۆ کورد نەکردەوەو بۆ ڕزگاربوون لەو جێگرییە جیهانییە.

کورد لەم سەردەمەدا (١٥٠ ساڵی دوایی) نەیدەتوانی و لەراستیدا نەیان دەهێشت بچێتە ناو هیچ لەو دوو هاوکێشە جیهانی و ناوچەییە و لەهیچکام لەو دوو بەرەیەی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتدا نەدەخوێنرایەوە، ئەگەرچی بەشێک لە بزووتنەوەی کوردی سەر بەڕۆژئاواو بەشەکەی دیکەی سەر بەڕۆژهەڵات بوو، بەڵام ئەو دوو بەرەیە هەردووکیان بەیەک چاو تەماشای پرسی کوردیان دەکرد، ئەویش ئەوەیە کە جێگای کورد لە جێگیری، هاوسەنگیی هەژموون و بەرژەوەندی هیچ کامیاندا جێگەی نەدەبووەوە هەوڵی بزووتنەوەی کوردی بۆ نزیکبوونەوە جارێک لە ڕۆژئاواو جارێک لەرۆژهەڵات، هەر بەمەبەستی شکاندنی گەمارۆی سەپێنراوی سەر کورد بووەو هەر بۆ کرانەوەی کەلێنێک بووە بۆ دەربازبوون لە ژیانی ژێردەستی، دابەشکردن و چەوسانەوەی ڕەوشی جیهانی و ناوچەیی.

٦- بوونی ڕوسیای قەیسەریی، ڕکابەری بەریتانیا و پاشان یەکێتیی سۆڤیەتی دژی بەریتانیا و ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەسەر هەژموونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەمیشە وای دەخواست کە لەم ناوچەیەدا پەیمان و تەرتیبێکی سەر بەرۆژئاواو لە بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتە ناوچەییانە بەدی بهێنرێت. پەیمانی سەعد ئابادی ساڵی (١٩٣٧) نێوان (تورکیا، عیراق، ئێران، ئەفغانستان)و بەچاودێریی بەریتانیاو پاشان پەیمانی بەغدای ساڵی ١٩٥٥ نێوان (تورکیا، عیراق، ئێران، ئەففانستان و پاکستان) بەچاودێریی بەریتانیاو ئەمریکا دژی کۆمۆنیزم و بزووتنەوە کوردییەکانی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدادەژی. پاش ساڵی ١٩٥٨ عیراق لە پەیمانی بەغداد هاتە دەرەوەو ئەو پەیمانە نەما و پەیمانی ڕێکەوتنی ناوەندی CENTO وەکو بەشێک لە پەیمانی ناتۆ لە نێوان (تورکیا، ئێران، ئەفغانستان و پاکستان) هاتەدی. دوای ساڵی ١٩٧٩و پاش شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و دەرچوونی ئێران لە هەژموونی ئەمریکی و ڕۆژئاوایی و داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیاتەوە، ئەم پەیمانە (CENTO) هەڵوەشێتەوەو بەم جۆرە ئەم ناوچەیە لە تورکیاوە هەتا پاکستان، دەبێتە ناوچەیەکی پڕ لەپشێوی و ئاژاوەو شوێنی

زۆرانبازی و ململانێکان. لەم سەردەمە بەدواوە بزووتنەوەیەکی ئیسلامی دژ بەرۆژهەڵات و ڕۆژئاوا سەری هەڵدا بەیارمەتی و پارەی عەرەبی و خەلیجی لە پاکستان، ئەفغانستان، تورکیا، عیراق و وڵاتانی دیکەی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەو سەردەمە لەساڵی ١٩٧٩ بەدواوە هاوپەیمانیی نێوان بەرەی ئیسلامی (جگە لە ئێران)و ئەمریکا و ڕۆژئاوا دژی سۆڤیەت و کۆمۆنیزم دەبینین کە (ڕووبەڕووبوونەوە گەرمەکە لە ئەفغانستاندا دەبێت، ڕۆژئاواو جیهانی ئیسلامی و موجاهیدانی ئیسلامی ئەفغانی دژی کۆمۆنیزم و سۆڤیەت لەوپەڕی توندیدا دەبێت).

هەر بەپێی مەنتیق و بەرژەوەندی ڕۆژئاوایی ڕێگەگر لە هاتنی سۆڤیەت بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی بۆ خەلیجی فارس، دەریای عەرەبی و ئۆقیانووسی هیندی. لەم سەردەمەدا ڕەوشی بەهێز و کاریگەری سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئیسلامی و بزووتنەوەی عەرەبی لە ئەنجامی پارەو یارمەتیدانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و بەتایبەتی وڵاتانی کەنداو بۆ بزووتنەوە ئیسلامییەکان و یارمەتیی ڕۆژئاوا بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی و بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی عەرەبی دژی هێرش و هەژموونی کۆمۆنیزم و سۆڤیەتن لە ناوچەکەدا. لەلایەکی دیکەوە یارمەتیی وڵاتە عەرەبییە ڕادیکالەکانیش (سووریا، یەمەن، لیبیا) لەلایەن سۆڤیەتەوە دژی بەرەی ڕۆژئاوا. بەم جۆرە ئەوەی قازانجی سەرەکیی کرد، بزووتنەوەی ئیسلامی و عەرەبی بوو لەلایەن هەردوو بەرەی جیهانییەوە و ئەوەی کە جارێکی دیکە زیانی کاریگەری بەرکەوت، بزووتنەوەی کوردی بوو.

جارێکی دیکە و لە ڕەوشێکی نوێتردا (سەردەمی ١٩٧٩ بەدواوە)، هەردوو بەرەی جیهانی (ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات)، کەوتنە پێشبڕکێ بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییی پەیدابوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەدوای هەڵوەشانەوەی پەیمانی سەنتۆ و پەیدابوون و بەهێزبوونی بزووتنەوەی ئیسلامی و عەرەبی لە ناوچەکەدا. لەم سەردەمەدا (١٩٧٩-١٩٩١)، کورد خراپترین ڕەوشی ئەنفال و لەناوبردنی لە عیراق و ئێراندا ڕووبەڕوو بووەوە و لە تورکیاشدا لە ساڵی ١٩٨٠و لەدوای کۆدێتای سەربازی و هەتا ئێستا هەر بەو جۆرە کەوتووەتە بەر هێرش و ئاوارەکردن و لەناوبردنی نەتەوەیی و نەژادی،

سەرەڕای هەژاری و برسێتی و بێکاری.

لەم سەردەمەدا، ئەگەر وڵاتێک یان دەوڵەتێکی گەورەی دنیا پشتیوانییەکی کاتیی لە پرسی کورد کردبێت وەکو هەوڵی فەرەنسا بۆ پشتیوانی لە کورد لەساڵی ١٩٨٩و بەبۆنەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن حکوومەتی عیراقەوە بۆ قەلاچۆکردنی کورد، بەڵام ئەویش دیسان نەیتوانی لەو ڕەوشەی بەرژەوەندی جیهانییە، دەربازبێت. لە ساڵی ١٩٨٩ بە دەستپێشکەریی ئەمریکی و فەرەنسی و بەپێی یاداشتەکانی (کلیر بۆن پێل)، سەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکی، کۆنگرەیەکی نێو دەوڵەتی لە پاریس بەسترا، دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، لەم کۆنگرەیەدا نەیانهێشت نوێنەرانی کورد بەشداری لەو کۆنگرەیەدا بکەن و تەنانەت نوێنەرانی ئەوکاتەی کوردیان (ڕازی کردا) کە لەو کۆنگرەیەدا بەشداری نەکەن و لەکۆنگرەکەشدا نە ناوی ئەو دەوڵەتەیان هێنا کە ئەو چەکەی بەکارهێنابوو (عیراق)و نە ناوی ئەو گەلەشیان برد کە ببووە قوربانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی (کورد)و بەم جۆرە، جارێکی دیکە، گەمارۆی سەپێنراوی جیهانی و ناوچەیی و عەرەبی و ئیسلامی نەیهێشت تەنانەت ناوی کورد وەکو قوربانییەکی گەمارۆ و چەوسانەوەی جیهانی و ناوچەیی ببرێت.(١٢)

سەردەمی دووەم: سەردەمی گرنگیدان بەپرسی کوردو پڕکردنەوەی بۆشاییی دەرەوەی دەسەڵات (OUT OF CONTROL)

سەرکەوتنی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەسەر عیراقداو وەدەرنانی هێزەکانی سەدام حسێن لە کوێت (مانگی شوباتی ١٩٩١) بەسەرەتای قۆناغێکی نوێی گرنگی مێژوویی دادەنرێت لەسەر ئاستی جیهانی و ڕاگەیاندنی سیستەمی نوێی جیهان. ڕەوشێکی کاریگەری گەورەش بەقازانجی بزووتنەوەی کوردی پەیدادەبێت و دەستپێکی نەمانی گەمارۆی جیهانی و ناوچەیی بەسەر کوردا دێتە کایەوەو گرنگیدان بەکێشەی کورد لە هەردوو بەرەی جیهانی و ناوچەییەوە دەست پێ دەکات. لە ٢٤ ئۆگۆستی ١٩٩١ هێزەکانی لیبرالی و دیموکراتی ڕووسیا بەبێ جەنگ توانییان سەرکەوتن بەسەر کۆمۆنیزمدا بەدەست بهێنن و قۆناغ و ڕەوشێکی نوێیان لە سەرتاسەری کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتدا بەدی هێناو بەم شێوەیە کۆتاییی

سەردەمێکی مێژوویی گرنگ و چارەنووسسازیان لەسەر هەلومەرجی جیهانی و ناوچەیی و شکستی ئیدۆلۆژیای کۆمۆنیستی و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمێکی حکوومی، ئابووری و سیاسییان ڕاگەیاند.

هەردوو دیاردە گرنگەکەی ساڵی ١٩٩١ (لێدانی عێراق لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانەوە، شکست و هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت) هاوکات و نزیک دەبێت لەگەڵ ڕاپەڕینی سەرتاسەریی باشووری کوردستان و کاتی ئەو ڕاپەڕینە و ئاوارەبوون و کۆڕەویی ملیۆنی کوردی عێراق کە بەگەورەترین بزووتنەوەی کۆچی دانیشتووانی وڵاتێک دادەنرێت، لەدوای ئاوارەکردنی ئەرمەنییەکان لە تورکیا، پاش جەنگی یەکەمی جیهانی یەکەم[١٣]. سەرەنجام ڕاپەڕین و کۆڕەو، دوو بەرئەنجامی گرنگی جیهانی بەقازانجی بزووتنەوەی کوردی لێ دەکەوێتەوە. پاراستنی نێودەوڵەتی بۆ کورد و قەوارەی کوردی و بریاری ٦٨٨ی نێودەوڵەتی بەدەستپێشکەریی فەرەنسا و ئەمجارە بەهۆی کوردەوە، یاسایەکی گرنگی نێودەوڵەتی (دەستێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتەکان لەلایەن هێزە گەورەکان و نەتەوەیەکگرتووەکانەوە) ڕەت دەکرێتەوە و بەقازانجی کورد و خەڵکی عێراق، ئەو بەندەی یاسای UN کاری پێ ناکرێت و زەمینە ئامادە دەکرێت بۆ هەڵوەشانەوەی.

هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و هاتنی ڕاستەوخۆی هێزە گەورەکانی دنیا (ئەمریکا و بەریتانیا) بۆ ناوچەی هەرە گرنگی ڕۆژهەڵاتی ناوین و نەمانی مەترسیی هەژموونی سۆڤیەتی لەم ناوچەیەدا و هێزی سەرەکیی پاوانکەری ناوچەکە، دەبێتە ئەمریکا، بۆ زیاتر شارەزابوون لەسەر ئەم ناوچەیە، پێویست دەکات کە ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەب لە چەند خاڵێکدا باشتر شی بکەینەوە:

یەکەم: لە ئەنجامی ڕکابەریی توندی سۆڤیەت و ئەمریکا لە ساڵی ١٩٧٩ (پاش داگیرکردنی ئەفغانستان، شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و جەنگی ئێران- عیراق) ئەم ناوچەیە بووە ناوچەیەکی پڕچەک و جێگای یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان و ڕووداوی کارەساتە گەورەکانی جەنگ و ڕێکەوتنی سەرهەڵدانی ئیسلامی و عەرەبی لەگەڵ ئەمریکاو ڕۆژئاوا دژی هەژموون و پەلاماری سۆڤیەتی بۆ ناوچەکە، ڕەوشەکەی

بەقازانجی دەوڵەتانی ناوچەکە گۆڕی و یارمەتی و هاوکارییەکی لەئەندازەبەدەر بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن ئەمریکاوە پێشکەش کرا و سەرەنجام لەم دەیەیەدا ١٩٧٩- ١٩٨٩ زۆرترین دەستکەوت وەبەر دەوڵەتانی ناوچەکە کەوت.

بەڵام پاش نەمانی مەترسیی سۆڤیەتی و هاتنی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا بۆ کەنداوی فارس و تورکیاو ناوچەکە، پێویستی دەکرد کە لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە کە خۆیان نەیاندەتوانی (سەبارەت بەپاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، لەگەڵ ئەمریکادا) ڕاستەوخۆ دژایەتیی هاتنی هێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا بکەن، بۆیە دەستیان کرد بە یارمەتیدانی بزووتنەوە ئیسلامییەکان بۆ پڕکردنەوەی بنیاتنانی سیاسەتی دژی ئیسرائیل و ئەمریکی و بەریتانی. کاتێک ئەو دەوڵەتانە خۆیان ئەو کارەیان پێ نەدەکراو ئەو کارەیان بە بزووتنەوە ئیسلامییەکان سپارد. ئەوان (بزووتنەوە ئیسلامییەکان) بەڕێکەوتنی شاراوە و ناڕاستەوخۆ دەستیان کرد بە هاندانی جەماوەر و شەقامی عەرەبی دژی ئیسرائیل و ڕۆژئاوا. ئەگەر ئەوە بزانین کە لەساڵی ١٩٩١ بەدواوە گفتوگۆی عەرەبی- ئیسرائیلی بەچاودێریی ئەمریکا بەرەو پێشەوە دەچوو کە پاشان ساڵی ١٩٩٣ ڕێکەوتنی ئۆسلۆی لێ پەیدابوو، دەوڵەتە عەرەبییەکانی بەشدار لەگەڵ بەرژەوەندی ئەمریکی و ڕۆژئاوایی و گفتوگۆ لەگەڵ ئیسرائیلدا، خۆیان بەئاشکرا سیاسەتێکی لایەنگریان لەو ڕەوشە هەبوو، بەڵام لەڕێگای بزووتنەوە ئیسلامییەکانەوە، ناڕاستەوخۆ دژایەتیی بوونی ئەمریکا لە ناوچەکە و هەڕەشەیان لە ئیسرائیل دەکرد.

بەم شێوەیە لەلایەن هەموو ئەو دەوڵەتانەوە، هێزێکی یەدەکی عەرەبی- ئیسلامی هەڵگری بیروباوەڕی ناسیۆنالستیی عەرەبی و ئیسلامیزمی سوننی سازو بەهێزکرا بۆ دژایەتیکردنی ئەمریکاو ئیسرائیل، بەڵام دەوڵەتەکانی (سووریا، عیراق، لیبیا و سوودان) کە خۆیان ڕاستەوخۆ دژی ئەمریکا و ئیسرائیل بوون، پێویستییان بەو کارە نەبوو، بۆیە تەماشا دەکەین لەم وڵاتانەدا لەو جۆرە بزووتنەوە ئیسلامییە- عەرەبییە بەرچاو نەدەکەوت، چونکە دەوڵەت و جەماوەری عەرەبی پێکەوەو بەئاشکراو ڕاستەوخۆ خرابوونە دژی هەژموونی ئەمریکی و بوونی ئیسرائیل.

بەبڕاوی من، ئەمە یەکەم جارە، لەدوای هەڵوەشانەوەی خەلافەتی عەباسی، کە

وتاری ئیسلامی عەرەبی (سوننی)و بزووتنەوەی پان عەرەبیسم بەو هێزە بەرینەوە، یەک بگرێت، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر سیاسی، گونجاو و هاوچەرخ و بەپێی پێوەرەکانی ئێستای دنیای سیاسەت. دەوڵەتە عەرەبییە بەناو میانڕەوەکان (میسر، مەغریب، توونس، سعوودیە و خەلیج، ئوردن، لوبنان و دەسەڵاتی فەلەستینی) توانییان زۆرترین قازانج لە ئەمریکاو ڕۆژئاوا بەدەست بهێنن، دەوڵەتە عەرەبییە ناسیۆنالیستەکان (سووریا، لیبیا، عیراق و سوودان) هەروەکو جاران بەئاشکرا دژی ئەمریکاو ئیسرائیل و ڕۆژئاوا کاریان دەکردو پاشان بزووتنەوە ئیسلامییە بەهێزەکانی ناو وڵاتانی میانڕەوی عەرەبیش بەرەو بەهێزبوون دەچوون و بەسیاسەتێکی دژی ئەمریکی- ئیسرائیلی جەماوەری عەرەبییان ساز دەکردەوەو بەم شێوەیە لەهەرسی بەرەکەدا، جارێکی دیکە عەرەب خۆی ڕێکخستەوەو بەرەیەکی ئیسلامی- سوننی- عەرەبی بەهێزو کاریگەری (ڕانەگەیەنراوی!) دژی ئەمریکا و ڕۆژئاواو بەهاکانی بەدەستهێنانی. سیاسەتی ئەمریکاو ڕۆژئاوا بەدژی سۆڤیەت و دەستنەبردن بۆ هەڵوەشانەوەی جێگیری و هاوسەنگییەک کە نزیکەی سەد ساڵ پێشتر بەریتانیا لەم ناوچەیەدا دروستی کردبوو، سەرەنجام زۆرترین دەستکەوتی بۆ عەرەب بەدیاری هێناو هێدی هێدی دەوڵەتە عەرەبییەکان توانییان بەرەیەکی سیاسی، ئابووری، عەسکەری و دینی لە دنیادا دروست بکەن.

دووەم: یەکێک لە کێشە هەرە ئاڵۆزەکانی دوای شکستی سۆڤیەت و هەڵوەشانەوەی بلۆکی ڕۆژهەڵات، مەسەلەی ئەفغانستان و سەرکەوتنی بزووتنەوەی تالیبانی سوننی مەزهەب بەدژی ئەمریکاو توندڕەویی ئیسلامی بوو، کە بەیارمەتیی عەرەبی ئەفغان، پارەی سعوودیەو خلیج و کارئاسانیی پاکستان بوو. هەڵبژاردنی ئەفغانستان لەلایەن ئوسامە بن لادنی سعوودی و ڕێکخراوی «القاعدە» بەیارمەتی پارەو پشتگیریی ئاشکرای سعودیە و خەلیج و ناچاربوونی سیاسەتی پاکستانی بۆ ڕێگەگرتن لە نفووزی ئێرانی، فرسەتی گونجاویدا بەدەسەڵاتی ئیسلامی- عەرەبی کە ئەو شوێنە بکەنە بنکەیەکی عەرەبی- ئیسلامیی دەرەوەی جیهانی عەرەب و لە شوێنێکدا کە میللەتێکی هەژار، نەزان و دواکەوتووی تێدایە، کە زەمینەی پەرەسەندنی سیاسەتی ئیسلامی توندڕەوی (سوننە)ی تێدایە، وڵاتێکە کە خەڵکێکی

زۆری تیادا دەژی کە چەندین ساڵە ناسنامەی ئیسلامییان بووەتە کارێکی پێویست و ناچاری بەدژی داگیرکەرە نائیسلامییەکانی (بەریتانیا و سۆڤیەت) نزیکە لە پاکستانی بە ناسنامە ئیسلامی- سوننی (لەبەرامبەر هەڕەشەو هەژموونی هندی نائیسلام و هیندو پاکستان هەر لەیەک نەژادن- ئۆردوو- بەڵام جیاوازییان تەنها لە هیندۆس بوون و ئیسلام بووندایە) واتە ئیسلام بەشێکە لە ناسنامەی (ئەفغانستان و پاکستان). دەبێ بزانین کە پاکستان چەکی ئەتۆمیی هەیە و تەماعی بزووتنەوەی ئیسلامی عەرەبی لە خەڵکێکی شەڕکەر، برسی، نەزان و دواکەوتووی ئەو ناوچەیە، هێزی ئەتۆمی و پاشان بوونی چەندین کۆماری ئیسلامی- سوننە مەزهەبی (ئۆزبەکستان، تاجیکستان، تورکمانستان، قەرغیزستان و کازاخستان) کە باشترین دەروازە بۆیان ئەفغانستانە، چونکە ئەو وڵاتانەش پاش ئەوەی لە یەکێتیی سۆڤیەت جیابوونەتەوە هەر بەیار ماونەتەوەو لەلایەن سیاسەتی نوێی جیهانی پڕ نەکراوەتەوە و هێشتا لە(دەرەوەی دەسەڵاتن) هەروەکو بریجینسکی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا OUT OF CONTROL ناوی هێناوە.

بەم جۆرە، هێزی چەکدارو پارەداری عەرەبی ئەفغان (ئوسامەو قاعیدە) شەڕکەرێکی زۆر و زەوەندی تالیبان (سوننە مەزهەب)، وڵاتێکی بێ خاوەن و مەجبوور بە هەر پارمەتییەک وای کرد تەماع و تەرتیبی عەرەبێ ئەوێ بکاتە یەکێک لە شوێنە گرنگەکانی پیادەکردنی سیاسەتی تیرۆریزمی- ئیسلامیی ئاشکرا، هەڕەشەکردن لە دنیاو بەتایبەتی دنیای ئەمریکی و ڕۆژئاوایی (کە ئیسرائیل بەشێکە لەو).

سێیەم: پاش شکستی سۆڤیەت و هاتنی ڕاستەوخۆی ئەمریکا بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ناعەرەبی (جۆرج لینچۆفسکی لە کتێبە ناودارەکەیدا ـ«الشرق الاوسط في الشؤن الدولية- » ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات بە دوو بەشەوە (القلب العربي والحزام الغير العربي)و بەتایبەتی تورکیاو پشتیوانی ڕاستەوخۆی ئەمریکا بۆ دامەزراوی سەربازیی پاکستان و ڕێگەگرتن لە نفوزی ئیسلامی و هیندی لەو وڵاتەدا، زەمینەی جەماوەریی پەیدابوونی هێزی ئیسلامییش لەو وڵاتانەدا پەیدابوو، ئەمجارەش بەیارمەتی و موبارەکەی هەردوو مەڵبەندە گرنگەکەی ئیسلامی

سوننەی عەرەبی (سعوودیە و ئەزهەر) پارەیەکی زۆر بۆ ئەو بزووتنەوە ئیسلامییانەی ئەو وڵاتانەش ڕەوانە کراو ئەمەش بەچاوپۆشیی سەرانی ئەو دەوڵەتانە. دەبێت ئەوە بزانین کە سەرانی دەوڵەتی پاکستانیش (هەروەکو عەرەبە سەر بەئەمریکییەکان) ناتوانن خۆیان بەڕاستەوخۆ و ئاشکرا دژی هەژموونی ئەمریکی و ڕۆژئاوایی جەماوەری ئەو وڵاتە سازبدەن، بۆیە ئەوانیش پێویستییان بەو کارە هەیە. تورکیاش هەر هەمان شێوە پێویستی بەو سیاسەتە هەیەو پەیدابوونی بزووتنەوەی ئیسلامی (سوننی) بە هێزی تورکی دژی ڕۆژئاوا و ئیسرائیلیش، هەر لە ئەنجامی ئەو سێ هۆکارەوە دەبێت، کە ئەمانەن، بوونی زەمینەیەکی ئیسلامیی؛ چونکە هەموو ئەو وڵاتانەی کە ناومان هێنان ئیسلام بەشێکە لە ناسنامەی نەتەوەییان، چاوپۆشیی ئەو دەوڵەتانە لە سەرهەڵدان و بەهێزبوونی ئەو بزووتنەوانە، بۆ بەرپاکردنی کارێکی دژی ئەمریکایی کەخۆیان ناتوانن پێی هەڵبسن و پارمەتی ماددی و مەعنەویی عەرەبی (سعوودیە و خەلیج) بۆ ئەو بزووتنەوانە. بەم شێوەیە ڕەوشی وڵاتانی ئیسلامیی ناعەرەبی (پشتێنەی ناعەرەبی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و پاکستان) دەبێتە دژی ئەمریکی و ڕۆژئاوایی و ئیسرائیلی.

تورکیا: دەوڵەت و دامەزراوەی سەربازی، ناچارە کە پەیڕەوی لە سیاسەتی ئەمریکی بکات، بەڵام بزووتنەوەی ئیسلامی (ڕەفاو فەزیلەت و حزبوڵڵا) دەتوانن بەئەرکی دژی ئەمریکی هەڵبستن، چاوپۆشیی تورکیا لەو بزووتنەوەیە (بە مەرجێک دەستووری تورکی ڕێگەگرە لە دروستبوونی حزبەکان لەسەر بناغەی دینی)و هەوڵی ئەو دەوڵەتە دژی بوونی حزبی کوردی و چاوپۆشی نەکردن، دەتوانێت بەڵگەیەکی بەهێزی ئەو پرسە بێت.

عێراق: دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی شۆڤێنی، بەئاشکرا دژ بەئەمریکاو ئیسرائیل. لە عیراقدا ڕێگا بە سەرهەڵدانی ئاشکراو ڕەسمیی بزووتنەوەی ئیسلامی نەدراوە، لەبەر سێ هۆ، یەکەم لەبەرئەوەی عێراق خۆی وەکو دەوڵەتێک بەئاشکرا دژی ئەمریکاو ئیسرائیلە. دووەم سوننەی عەرەبی هەمیشە پەیڕەوی لە سیاسەتی عیراقی کردووە، سێیەم: بزووتنەوەی ئیسلامی شیعە مەزهەبی عیراقی بەشێک نییە لە وتاری عەرەبی- ئیسلامی بۆیە دەبینین فەرامۆش کراوە لەلایەن ناوەندە

عەرەبییەکان (سعوودیەو خەلیج و میسر)و بەڕاستەوخۆ و ناشکراش لەلایەن دەوڵەتەوە سەرکوت دەکرێت.

ئێران: وڵاتێکی بونیادگەری ئیسلامی شیعە مەزهەبی ئێرانی دژ بە ئەمریکا و ڕۆژئاوا. هەرچەندە سەرهەڵدانی ئیسلامی لە ئێراندا شاز و ناتەبایە لەگەڵ سەحوەی ئیسلامی- سوننی- عەرەبی، بەڵام لەو جێگایەدا کە دژی ئەمریکاو ڕۆژئاوایە، دەچێتە پاڵ بەرەی ناوبراوەوە. بەبڕوای من یەکێک لەو وڵاتانەی کەگەلێک زیان لەڕەوشی سەرهەڵدان و بەهێزبوونی بەرەی ئیسلامی- عەرەبی- سوننی (ڕانەگەیەندراو) دەکات ئێرانە، لەبەر ئەم هۆیانە: یەکەم هەر چواردەوری ئێران ئیسلامی سوننەیەو بەتەنها خۆی لەو ناوەڕاستەدا شیعەیە، دووەم، لەکاتی سەرکەوتن و هێرشی ئەو بەرەیەو شکستی ئەمریکاو ڕۆژئاوا یەکەم وڵات لەدوای (کوردستان) ئێران دەبێت کەدەکەوێتە ژێر بەزەیی هێرش و هەژموونی عەرەبییەوە. سێیەم، ئەگەر ئێران فریای ناسنامەی ئێرانیی خۆی نەکەوێت (هەرچەندە شیعەگەری بەشێکە لەو ناسنامەیە) لە بەرامبەر ئەو هەژموونە ئیسلامییەدا (کە شیعەی ئێرانی و لوبنانی تیادا کەمایەتییەکی زۆر کەمن، بەڵام جیهانی عەرەبی- ئیسلامی- سوننی ئێستا پێویستی بەتێکدانی ئەو بەرە دژی ئەمریکا- ئیسرائیل نییە)، ناسنامەی بەرەو کزبوون دەچێت. لەکاتی سەرکەوتنی بەرەی ئەمریکی- ڕۆژئاوایی، ئێرانی دژی ئەو بەرەیە (بەتایبەتی پاش ٩/١١) هیچی بەرناکەوێت لەبەر پیادەکردنی سیاسەتێکی ئیسلامی وەبەر سزا دەکەوێت. دامەزراوی دینی ئێرانی دەزانێت لەکاتی سەرکەوتنی بەرەی عەرەبی- ئیسلامی- سوننەدا هیچ نابێت بۆ ماوەیەکی دیکە دەتوانێت دەسەڵاتی خۆی بپارێزێت، ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە تەمەنی ڕابەرانی دامەزراوی دینیی لە ئێران ئەوەی بەرەوە نەماوە و ناشتوانێت وەکو پابەندبوونێکی دینی و ئایدۆلۆژی ئاشکرای دژی ئەمریکی بچێتە بەرەی ڕۆژئاواوە. لەگەڵ سەرکەوتنی بەرەی ئەمریکی- ڕۆژئاواییدا، ئەو بەشەی دەوڵەتی ئێرانی وەبەر گورزی کاریگەر دەکەوێت و بۆماوەیەک جیهانی ڕۆژئاوا ناچاردەبێت لەگەڵ دەسەڵاتی ڕەسمیی کۆماری ئێرانی (ئیسلامی!) مامەڵە بکات.

ئەفغانستان، لەلایەن بەرەی عەرەبی- ئیسلامی- سوننییەوە بەتەواوی کۆنترۆڵ و

داگیر کرابوو هەر بۆ یەشە دەسەڵاتدارانی تالیبان نەیاندەتوانی ئوسامە بن لادن و قاعیدە تەسلیمی ئەمریکا بکەن. چونکە لە راستیدا ئەوان (تالیبان) شاگردو دروستکراوی بەرەی ناویراون و ئەوان لەلایەن ئەو بەرەیەوە دەپارێزران، کە ئوسامە بن لادن رەمزی گرنگی ناشاشکرای ئەو بەرەیە.

پاکستان: وڵاتێکی پڕ لە دانیشتووانی سوننەی ئیسلامی و خاوەنی چەکی ئەتۆمی و وڵاتێکی پڕ لە پشێوی و کودێتای سەربازی. دەوڵەتی پاکستان هەر لەدروست بوونییەوە لە ساڵی ١٩٤٧ بەسەرۆکایەتیی محەمەد عەلی جناح وەکو پارێزراوێکی بەریتانی و ئەمریکی ماوەتەوە، بەڵام هەر بەپێی هەمان مەنتیقی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سوننەی ئیسلامی، دژی ئەمریکی و رۆژئاوایی بووەتە خاوەن بزووتنەوەیەکی وەها بەهێز، کە دەتوانێت جەماوەری پاکستان دژی سیاسەتی ئەمریکی هان بدات. لە رێگای پاکستانەوە و پاش پیادەکردنی سیاسەتی ئیسلامی (واتە ئیسلام بەشێک بێت لە دەوڵەت و سیاسەت) مەترسی لەسەر هیندستان، چین و ئاسیای ناوەراست دروست دەکات.

بەم شێوەیە پەیدابوونی بەرەیەکی ئیسلامی- سوننی عەرەبیی رانەگەیەنراوی بەهێز، پرچەک، پارەدار و خودان لە شوێنێکی ستراتیژی وەکو دوورگەی عەرەبی و میسر، عێراق و وڵاتانی شام و بەهاوپەیمانیی ئیسلامی ناعەرەبی (تورکیا، ئێران، ئەفغانستان و پاکستان و تەنانەت ئیندونیسیا و مالیزیاش) دەتوانێت مەترسییەکی گەورە لەسەر بەرژەوەندی تەواوی دنیا دروست بکات. یەکەمین مەترسی دژی ئیسرائیل دەبێت و هەرەشەی لێ دەکرێت لەلایەن باڵە توندرەوەکانی ئەو بزووتنەوەیە (حەماس و جیهاد)، پاشان هەرەشە لە کوردستان دەکرێت (دواتر بەباشتر باسی دەکەین)، هەرەشە دەبێت لەسەر کۆمارەکانی ئاسیای ناوەراست و هەژموونی رووسی لەو ناوچەیەدا، هەرەشە دەبێت لە هیندستان بەهاندانی ئیسلامی هیندستان کە نزیکەی ١٥٠ ملیۆن کەس زیاتر دەبن، ئیسلامی کشمیر، هەرەشە لە چین بە هاندانی ئیسلامییەکانی چین و هەرەشەی جیددیتر دەبێت لە هەردوو وڵاتانی ئەندونیسیا و مالیزیا وەکو دوو وڵاتانی ئیسلامی- سوننەی پڕ دانیشتووان و دەوڵەمەند و خاوەن جێگای گرنگ لە نێوان هەردوو ئۆقیانووسی هیندی و ئارام و سەرەنجام ئوسترالیاو فلیپینیش دەکەونە بازنەی ئەو هەرەشەو مەترسییەوە.

کاریگەریی بەرەی ئیسلامی- سوننی- عەرەبی لەسەر کوردستان

هەروەکو باسمان کرد سەدەکانی پێشوو (١٥٠١- ١٩٩١) دەتوانرێت بە سەردەمی گەمارۆی جیهانی و ناوچەیی دابنرێت و دژی دۆزی کوردی و ئەو جێگیری و هاوسەنگییانەی کە بەردەوام بوو لەسەر کورد، هەرچەندە جار بەجار هێزە دەسەڵاتدارەکان ئاڵوگۆڕیان دەکرد، بەڵام هەمان ڕەوشی دژ بەکورد هەر بەردەوام بوو. لەدوای ساڵی ١٩٩١ ڕەوشێکی دیکە بۆ کوردستان پەیدابوو، لەگەڵ پەیدابوونی بزووتنەوەی کوردی لەهەر سێ وڵاتی تورکیا، ئێران و عێراق (حکوومەتی کوردستان) وەکو دەزانین بەردەوام کۆسپی گەورەی بەردەم کێشەی کورد (بەتایبەتی لەدوای هاتنی بەریتانیا) فەرامۆشکردنی ئەو وڵاتانە بووە بۆ کورد و زۆرجاریش ئاشکراو ڕاستەوخۆ دژی کورد چوونەتە پاڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە، پاش نەمانی هەژموون و هەڕەشەی سۆڤیەتی بەسەر ئەم ناوچەیە و هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچەکە، بەڵام هێشتا بۆشاییەکی دەرەوەی کۆنترۆڵی جیهانی کە ئەمریکا سەرکردایەتیی دەکات، هەیە. واتە هەروەکو لە سەرەتاوە و بەپێی لێکدانەوەکەی بریژنیسکی وتمان کوردستانیش دەبێتە بۆشاییەکی دەرەوەی دەسەڵات و لەلایەن هەردوو بەرەی ئەمریکی- ڕۆژئاوایی و ئیسلامی- سوننی- عەرەبی چاو براوەتە کوردستان و هەر یەکێکیان دەیەوێت ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە، کە لە ئەنجامی سەدان ساڵ داگیرکردن و چەوسانەوەی کوردستانەوە پەیدابووە.

لەلایەن بەرەی ڕۆژئاواوە کوردستان دەبێتە پانتاییەکی جوگرافی و قووڵاییەکی مێژوویی، ناسنامەیی و سیاسی بۆ لەبەریەکترازانی سێ هێزی گەورەی ئیسلامی (عەرەبی، تورکی و فارسی) کە دەسەڵات و خەلافەتی ئیسلامی لەم سێ نەتەوەیەوە سەرچاوەی دەگرت و ئەمری و شانازیی ئیسلامیش دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی ئەو سێ نەتەوەیە بەسەر ناوچەکەدا. سەرەنجام وەکو مەنتیقی مێژوویی- ئەسنوگرافی و سیاسی، ئیسلام، دەبێتە پایەیەکی بەهێزی ناسنامە و بوونی نەتەوەیی ئەو سێ هێزە و لە بونیادیاندا ئیسلام بەهێز دەبێت. لەبەرئەوەی کورد بەدرێژایی مێژووی

ئیسلامی کۆیلە و چەوساوەی ئەو سێ دەسەڵاتە ئیسلامییە بووە، بۆیە وا چاوەڕوان دەکرێت کە بەهۆی کوردەوە سیاسەتێکی نائیسلامی لە کوردستان و ناوچەکەدا پیادە بکرێت، سیاسەتی نوێی ئەمریکی و ڕۆژئاوایی لەدوای بانگەشەی سیستەمی نوێی جیهان بۆ ئارایشتدانەوەی جیهان و گۆڕینی نەخشەی سیاسیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جێگیریی نێودەوڵەتیی ئاینده، وا دەخوازێت کە هێزە گەورەکان سیاسەتێکی داڕێژراو لەسەر بناغەی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی- دیموکراتی و هاریکاریی ناوچەیی، ڕێکخستنی جیهانی لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕۆژهەڵاتی دوور، ئەورووپای ڕۆژهەلات و ئاسیای ناوەڕاستدا بەپێی ئەم تیروانینە هاوسەنگ بکەنەوە. بەرئەنجامی ئەم سیاسەتەش، کە بێگومان شکست و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریی سۆڤیەتی، باشترین زەمینەی بۆ ئەم کارە (نەخشەیە!) ڕەخساند، ئەوەیە کە لەبەرامبەر هەر هەوڵێک، بیروباوەڕێک و سیاسەتێکدا بووەستن کە بناغە و ڕەوایی دەداتە دەست دەوڵەت و هێزەکان کە لەدەرەوەی سنووری خۆیان چالاکی بکەن. تاکە بەرەیەک کە ئێستا دژی ئەو ستراتیژە (نەتەوەیی، دیموکراتی و هاریکاریی ناوچەیی و جیهانی)یەدا دەوەستێت بوونی بیروباوەڕو هەوڵی بەرەی (ئیسلامی- سوننی- عەرەبی)یە. بۆیە دەبێت ئەمریکا و ڕۆژئاوا دژی ئەو بەرەیە خۆیو دنیا سازبدات و زەمینەی ستراتیژی خۆی لە ناوچەکەدا، فەراهەم بکات..

یەکێک لەو ناوچە گرنگانەی کە ڕێگەو ڕەوایی دەدا بەئەمریکا کە کاری تێدا بکات و ڕێکخستنی ئایندەی بۆ ساز بکات، بێگومان کوردستانە.

کورد، وەکو نەتەوەیەکی چەوساوەی ژێردەستی سێ هێزی ڕەسەنی ئیسلامی، دەتوانرێت لە هەموو میللەتێکی دیکە زیاتر ئەو سیاسەت و ستراتیژەی تیا پیادە بکرێت. لەبەرئەوەی کێشەی سەرەکیی کورد، ئەوەیە کە خاوەن قەوارەو دەوڵەتی نەتەوەیی- دیموکراتیکی خۆی نییە، واتە چەوسانەوەی سەر کورد، چەوسانەوەی دینی نییە و کەس ڕێگەی لێ نەگرتووە کە ئیسلام نەبێت، بەڵکو چەوسانەوەیەکی نەتەوەیی و نەژادییە و هەر لێرەشەوە ئەو هەموو کارەساتانە لە ئەنفال و جینۆسایدەی بەسەردا هاتووە. ئەگەر نەتەوە غەیرە عەرەبییەکانی وەکو (تورک، ئەفغانی، پاکستانی، ئاسیای ناوەند و ئەندۆنیسیایی و مالیزیایی) ئیسلام بەشێک

بێت لە ناسنامەیان، ئەوا ڕێک بەپێچەوانەوە ئیسلام هێزێکی چەوسێنەری ناسنامەی کوردی بووە لەڕابردوودا.

هەوڵی بەرەی ئەمریکا- ڕۆژئاوا بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییی کوردی (ئەگەرچی لە بەرژەوەندی خۆیانە)، بەڵام گەلێک قازانجی گەورەی بە کوردیش کردووە، یارمەتیدانی بزووتنەوەی نیشتمانی- دیموکراتی کوردستان لەڕێگای یارمەتیدانی هەردوو هێزە سەرەکییەکەی کوردستان، پاراستنی ناوچەی ئاسایشی کوردی و حکوومەتی کوردستان و پشتیوانیی دیبلۆماسی و سیاسی بۆ کورد، لەلایەن هەرسێ فراکسیۆنە گەورەکەی ڕۆژئاواوە (ئەمریکا، بەریتانیا و سۆسیال- ئەنترناسیۆنال) کە ئێستا ئەوان سیاسەتی کوردیان هەیە (دەبێ ئەوە بزانین کە دوو زلهێزی دیکەی جیهان چین و ڕووسیا تا ئێستا سیاسەتی کوردییان نییە)، بڕیاری ٦٨٨ی نێودەوڵەتی کە زۆرترین قازانجی بۆ کورد. باشترین سیاسەتیش کە تا ئێستا لەلایەن ڕەوتی دەسەڵاتداری دنیاوە، بۆ کورد کرابێت و بەم جۆرە کورد ئێستا بەشێکە لە ستراتیژو سیاسەتی غەربی و ئایندەش ئەم ئاسۆیە باشتر دەنەخشێنێت.

لەلایەن بەرەی ئیسلامی- عەرەبی- سوننی (ناوچەیی): کورد وەکو پردێک بۆ پێک بەستنەوەی هەرسێ هێزە ئیسلامییەکە چاوی لێ دەکرێت و بە سوودوەرگرتن لەوە کە کورد بەشی زۆری ئیسلام و سوننەن، هێشتا کورد سیاسەتی دینی- نەتەوەیی نییە (واتە سەرچاوەکانی دینی کوردی نەخراونەتە خزمەتی ناسنامەی نەتەوەیی، کە ئەمەش بەتەنها بەدەسەڵاتی کوردی دەکرێت، ئەگەرچی زەمینەکەش لەناو کوردبووندا هەیە) بۆیە دەبینین لە ڕواڵەتدا کورد بەشی زۆری دەبێتە ئیسلام (پاشتر ئەمە باشتر ڕوون دەکەینەوە). کورد بەردەوام و تا ساڵی ١٩٩١ لەلایەن هێزە گەورەکانی دنیا فەرامۆش و زۆرجاران سەرکوتی ڕاستەوخۆش کراوەو بەکورتی کوردستانیش وەکو ئەفغانستان و ئاسیای ناوەڕاست، بەشێکە لە بۆشاییی دەرەوەی دەسەڵات و هێشتا بەیار و نەکێڵدراوە و سیاسەتی هێزێکی جیهانی یان ناوچەیی کۆنترۆڵی نەکردووە.

هەروەکو چۆن کوردستان دەتوانێت بەشێک بێت لە سیاسەت و ستراتیژی ئەمریکی- ڕۆژئاوایی بۆ جێگیرکردنی ڕەوشی ئاسایش و هاوسەنگیی جیهانی و

ناوچەیی، بەپێی بنەمای نەتەوەیی- دیموکراتی- هاریکاریی جیهانی و ناوچەیی، هەر بەو شێوەیەش (لە کاتی شکستی بەرەی یەکەمدا) دەتوانێت بەشێک بێت لە ستراتیژی ئیسلامی- سوننی- عەرەبی و سەپاندنەوەی هەمان ژیان و ڕەوشی خەلافەتی ئیسلامی (ڕاشدی، ئەمەوی، عەباسی، عوسمانی و سەفەوی) بەسەر کوردستانداو دیسان دابەش و داگیرکردنەوەی کوردستان و نەهێشتنی تروسکاییی ئەو بوون و ناسنامەیەی کە تا ئێستا بەهۆی خەبات و شۆڕشی کوردی بەدەست هاتووەو پارێزراوە، بەرەی ناوبراویش هەروەکو بەرەی ئەمریکی وازی لە گەمارۆی ناوچەیی دژی کورد هێناوە (باشترین خاڵی بەیاشکردنی ئەو گەمارۆیە بە بەشداری ڕاستەوخۆی دەوڵەتانی ئیسلامی و عەرەبییە دژی هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردو دەنگ نەکردن و شاردنەوەی جینۆساید و ئەنفالی کوردیشە لەم ساڵانەی دواییدا)و لە بری ئەو سیاسەتە ئەوانیش هەستاون بەسیاسەتی پڕکردنەوەی بۆشاییی کوردی و لەڕێگای ئەحزابی ئیسلامیی دەستکرد و وابەستەی خۆیانەوە. دەبێت هەموو بپرسین بۆچی لەپێش ڕاپەڕیندا حزبی ئیسلامیی کوردی بەهێزو چەماوەری بوونی نییە، ئەگەر چالاکی ئیسلامییش هەبووایە وەکو تاک و گرووپی زۆر بچووک هەبوون، بەڵام لەدوای ڕاپەڕین حزبی ئیسلامیی چەکدار و پارەدار لە کوردستاندا دەردەکەون. هەردوو بەرەی عەرەبی و ئێرانی لەسەر ئەوە ڕێک دەکەون کە یارمەتیی حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان بدەن و بەم جۆرە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بزووتنەوەیەکی ئیسلامی (حازرو ئامادە) بۆ کوردستان دروست دەکرێت.

هەرچەندە زەمینەکانی شەڕی ناوخۆی بێ مانا و بێ هۆی کوردی، زەمینەی ئیسلام بوونی کورد و فرسەت وەرگرتن لە وەزعی خراپی ماددیی خەڵک (بەتایبەتی پێش بڕیاری ٩٨٦) ئەم بزووتنەوانە بەچەکی ئێران و پارەی سعوودیە و خەلیج بەهەردوو باڵی چەکدار و سیاسی (بەناو ڕیفۆرمیست و دیموکراتی) هاتنە کوردستانەوە و پشتیوانیی مادی و سەربازیی ئەوان وای کرد کە ئەو حزبانە ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو گەشەکردن بچن. ئەم حزبانەش هەروەکو تالیبان و بەعس هیچ دەورێکی نیشتمانییان نەبوو لەخەبات دژی داگیرکەرانی ئەو وڵاتانە، بەڵام لەدوای ڕزگاربوون و بەماوەیەکی زۆر کورت، لە عیراق ١٩٥٨- ١٩٦٣ بەعسیان کردە حزبی سەرەکی و دەسەلاتدار، لە ئەفغانستان ١٩٨٩- ١٩٩٤ تالیبان دەسەلاتی داگیرکرد، لە

کوردستان ١٩٩١- ١٩٩٦ حزبە ئیسلامییەکان سازو دروست کران و لە ئەنجامی پارەی سعوودی و خەلیجی و ئیبتزازی دەوڵەتانی ئیقلیمی، ئەم حزبانە بوونە یان کرانە (یەک شەویلەی پەل قەویلە)و برابەشی بزووتنەوە و ڕاپەڕین و دەسەڵاتی کوردی و لە یەکەمین فرسەتی هێرش و هەژموونی جیهانی و ناوچەییدا کارەساتی گەورەیان لە کوردستان خوڵقاند و حزبێکی چەکداری تیرۆریستی ئیسلامی- عەرەبی- ئەفغانییان لەکوردستاندا قوت کردەوە و قەسابخانەیەکی لە شێوەی جەزائیریان بۆ ئاواییی «خێڵی حەمە»ی ناوچەی شارەزوور، سازکرد.

جیهانی پاش ٩/١١

داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن ئوسامە بن لادن و قاعیدەوە، لەڕێگای تالیبانەوە، بە سەرەتای ڕەوشێکی نوێ و تەرتیبێکی تازە دادەنرێت لە جیهاندا، بێگومان پاش ئەوەی کە لە سالانی ڕابردوودا ١٩٧٩- هەتا ئێستا لە هەموو ئاراستەکانی جیهانی، عەرەبی- ئیسلامیدا هێزێکی پەدەکی ئیسلامی و جەماوەری دێتە کایەوە و دەتوانێت شەقام و جەماوەری ئیسلامی و عەرەبی دژی بەرەی ڕۆژئاوا بخاتە کار. هەڕەشەی ئیسلامی بە هێزی پاکستان لە ئاسایشی هیند و چین، هەڕەشەی ئیسلامی پاکستان لە ئەندونیسیاو فلیپین و ئوسترالیا، هەڕەشەی تالیبان و ئیسلامیزمی ئەفغانستان لە کۆمارە ئیسلامییەکانی سۆڤیەتی جاران و ئاسایشی ناوچەی نفووزی ڕووسیا، هەڕەشەی جیهانی ئیسلامی و عەرەبی لە هەژموونی ئەمریکا- ڕۆژئاوا لەسەر جیهان و تەنانەت لەسەر خودی ئاسایشی ئەمریکی و ئەورووپی هەروەکو لە هێرشەکانی تیرۆریزمی ئیسلامی ئەم سالانەی دواییدا دەیبینین و کە لە١١ ٩/ی ئەمساڵدا کارەساتی گەورەی بەشەری و تیرۆریستییان لە واشنتۆن و نیویۆرکدا نایەوە. هەموو ئەمانە پێویستی بە بوونی بەرەیەکی دیکەی جیهانی هەیە کە بەسەرۆکایەتیی ئەمریکا کە هێزە سەرەکییەکانی ئەمانەن: ئەمریکا، ئەورووپا، ڕوسیا (کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست)، چین، هیندستان و ئوستراڵیاو تەواوی بەرەی دیموکراسی و بەدژیشیان بەرەیەکی ئیسلامی- عەرەبی- سوننی (ڕانەگەیەندراو) ئەویش لە ترسی شکستی چاوەڕوانکراوی هێزی گەورەو کاریگەری

سەربازی، ماڵی، شارستانی و جەماوەریی بەرەی یەکەم، ئەوەکو لە دنیای پاش ۹/۱۱و پیرۆزی بەرەی یەکەمدا، هیچیان بەر نەکەوێت (کە بێگومان جگە لە فەرامۆشکردن و پاشان تووڕەبوون هیچیان بە نسیب نابێت).

ئەگەر ئەوە بزانین لە جەنگی دژی عیراق لە ساڵی ۱۹۹۱، بەشی هەرە زۆری دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی ڕاستەوخۆ چوونە پاڵ ئەمریکاو هاوپەیمانی جیهانی و ناوچەیی بۆ ڕزگارکردنی کوێت، بەڵام هیچ دەوڵەتێکی ئیسلامی و عەرەبی (جگە لە تورکیا، پاکستان و ئاسیای ناوەڕاست کە ئەوانیش بەشێوەیەک لە شێوەکان هەست بەترسناکیی هەژموونی عەرەبی ئیسلامی دەکەن لە جیهانی ئیسلامدا) نەچوونە پاڵ شەڕی ئەمریکی- ڕۆژئاوایی دژی تالیبان و بن لادن و تەنانەت جەماوەر و شەقام و دامەزراوە ئیسلامییەکانیش (کە هەندێکیان ڕەسمین وەکو ئەزهەری میسر و جەمعیەتی عولەمای پاکستان)و میدیاکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی، بەئاشکرا چوونەتە پاڵ بەرەی دژی ئەمریکی.

ئەم ڕەوشە نوێیەی جیهان ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر دنیای ئیسلام و عەرەبی دەبێت (بێگومان پاش سەرکەوتنی بەرەی یەکەم)و هەموو ئەو وڵاتانەش کە چوونەتە پاڵ ئەو بەرەیە، دەستکەوت و قازانجیان وەبەر دەکەوێت و ستراتیژی نوێی ئەمریکا و ڕۆژئاوا دژی پان عەرەبیسم و پان ئیسلامیزم(۱٤) لە سەدەی نوێدا دادەڕێژرێت و ڕێکخستن و هاوسەنگییەکی نوێی جیهانی دیموکراتی دادەمەزرێت و شەڕی ساردی نێوان ئەمریکا و سۆڤیەت (روسیا!) لەناودەچێت و چینیش دەکەوێتە ناو بازنەی ڕۆژئاوا و هەروەکو چۆن لە دوای شەڕی دووەم ژاپۆنی ئەوپەڕی ڕۆژهەڵات کەوتە ناو بازنەی دیموکراتی و ڕۆژئاوایی.

ئەڵتەرناتیفی کوردی

لە دوای ساڵی ۱۹۹۱ بەدواوە دوو هەلومەرجی گرنگی کاریگەر لە بەرژەوەندی کوردیدا هاتووەتە کایەوە، یەکەم، پێکهاتنی دەسەڵاتێکی کوردی و درێژخایەن ۱٤ ساڵ و دووەم، بووژانەوەی کوردی لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، کە ڕێگای هاوکاری و کۆدەنگی هێزە کوردییەکان لە دەوری ئەڵتەرناتیڤێکی گونجاو بۆ ڕەوشی

نوێی جیهان و کورد دەرەخسێت.

أ- هاریکاریی هێزە سەرەکییەکانی کورد، لە دەوری بەرنامەی نەتەوەیی- دیموکراتی و هاوکاریی ناوچەیی و جیهانی لەگەڵ بەرەی نوێی پێکهاتوو دژی بەرەی بونیادگەری تیرۆریزمی ئیسلامی کە هەرچی زیاتر بەرەو دیموکراسی بوون و گفتوگۆی شارستانییەکان و سیستەمی نوێی جیهان بەبێ دابەشبوون بەسەر جەمسەرەکان و بەرەوچاوکردنی پاراستنی بەرژەوەندییەکان. هێزە سەرەکییەکانی کورد مێژووی پرسەرەوەری و پرشنگداریان لە بزووتنەوە و ناسنامەی کوردیدا هەیە، دوای ڕێککەوتنیان دەتوانن هێزێکی کاریگەر لە ناوچەیەکی هەستیار و گرنگدا، پێک بهێنن کە جیهان و ناوچەکەش ناچاردەبن وەکو پێداویستییەکی سیاسی و جیۆپۆلەتیکی لەگەڵ پرسی کوردیدا ڕێکەوتن سازبدەن. دەرچوونی هەر یەکێک لەو هێزانە و بەشداری نەکردن لەو پەیمانە جیهانی و ناوچەیدا بەدژی تیرۆریزمی ئیسلامی، دەبێتە خاڵێکی لاوازو کاریگەری نێگەتیف لەسەر بەرژەوەندی کورد. هێزە سەرەکییەکانی کوردستان، پێویستە لە دەوری پەیمانێکی نەتەوەیی و دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە و هاوپەیمانی خۆیان لەگەڵ بەرەی دیموکراتی و جیهانی پاش ۹/۱۱ رابگەیەنن، بەو پێیەش چیمان پێ دەکرێت بۆ سەرخستنی پێداویستییەکانی ئەو بەرەیە، لە ناوچەکەدا دریغی نەکەن.

ب- پەیمانی کوردی لەدەوری نەتەوەیی و دیموکراتی بوون دەتوانێت ئەڵتەرناتیفێکی باش و گونجاو و بەپەلە بێت بۆ ئەم سەردەمە، بەو هۆیەوە دەتوانین بۆشایی بڕیاری کوردی پڕبکەینەوە و لەقەدەر پێداویستی هەنگاوی گونجاو بهاوین. ئەگەر ئاگاداری بیروڕای شارەزایانی سیاسی و ستراتیژی ئەمریکا ببین و بزانین ئەوان سەبارەت بەڕەوشی نوێی جیهان و پرسی کوردی دەڵێن چی، بۆمان دەردەکەوێت کە دەتوانین بۆ مەیسەرکردنی بەرژەوەندی خۆمان لەگەڵ بەرەی ئەمریکی- ڕۆژئاواییدا یەک بگرینەوە لەسەر بناغەی سیاسەتی نوێی ئەمریکا لە ناوچەکەدا کە دامەزراوە بەپێی بونیادی نەتەوەیی، دیموکراسی و هاریکاریی جیهانی کە دەبێت لە ڕێگای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە مافی ڕەوای نەتەوەکان

بەڕەسمی بناسرێت و ئەم مەسەلەیە لە ئەورووپای ڕۆژهەلات و ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوین پیادە بکرێت و کوردەکانیش ئەو سیاسەتە بیانگرێتەوە[١٥].

ریتشارد نیکسۆن کە سەرۆکی سالانی حەفتای ئەمریکا و قسەکەری باڵی ڕاستی سیاسەتی ئەمریکییە لەو باوەڕەدایە کە نیگەرانیی ئەمریکا بۆ کورد، دەبێت هەمان نیگەرانیی ئەمریکا بێت بۆ قوربانییانی کوشتاری یەهودەکان لە دووەم جەنگی جیهانی کە لە دڵسۆزی ڕاستەقینەوە سەرچاوەی گرتووە، نەک لە بەرژەوەندی جیۆپۆلۆتیکی، هەرچەندە ئەو کارەساتانەی کە دامێنگیری ئەم دوو نەتەوەیە (کورد و یەهود) بوون لەم بەرژەوەندییە سیاسییانە جیا ناکرێتەوە.[١٦]

کوردستان و نەخشەیەکی نوێ لە خۆرهەڵاتی ناوین!

ئایا دیپلۆماسیی ئەمریکاو ڕۆژئاوا جارێکی دیکە دۆسیەی کورد دەگرنەوە ئەستۆی خۆیان؟ کە لە ڕابردوودا بەردەوام چاوپۆشییان لێ کردبوو، بگرە زۆرجاریش دژی کاریان کردبوو. بە شێوەیەکی ترسناک پرسی کورد گەلێک کارەسات و مەرگەساتی گەورەی دیوە، تا سەرەنجام ئەمریکاو ڕۆژئاوا لە سەرەتای سالانی ١٩٩٠ بەدواوە سیاسەتی کوردییان پەیداکردەوە. یەکێک لەو دیاردانەی کە دەمانەوێت باسی بکەین گرنگیی چاپەمەنی و میدیای ئەمریکایە، سەبارەت بە کێشەی کورد. لە ساڵی ١٩٩١ بەدواوە بە شێوەیەکی ناسروشتی ئەو گرنگیدانە لە لایەن سیاسەتمەداران و ڕۆژنامەوانانەوە دەرکەوت، لەو ساڵەدا دوو کەس لە سەرنووسەرانی زۆر کاریگەری ئەمریکی کە ئەوانیش (جیم هوگلاندو ستیفن ڕۆزنفیلد) لە ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) بۆ یەکەم جار (لایەنی باشی) دابەشکردنی عێراقیان باس کرد[١٧]، لەو کاتەی کە دروست چاپەمەنییەکانی فەرەنسا بانگەوازو پشتگیریی یەکێتیی خاکی عێراق دەکەن. جیم هۆگلاند نووسیبووی: سەردەمی ئەوە بەسەرچووە بە ترسەوە باس لە گۆڕانەکان بکەین، سەرنووسەری واشنتۆن پۆست دەڵێ: تەلیسمی دەسکاری نەکردنی سنوورەکان شکستی خواردووە، بە تایبەتی لە ئەورووپا، شورەویی جاران و یوگوسلافیا. ئەی بۆچی هەوڵ نەدەین ئەو تەلیسمەش لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەناوبەرین و وەختی ئەوە هاتووە کە "واشنتۆن یەکێتیی خاکی عێراق، وەکو

بەهایەکی پیرۆز کە بووەتە مایەی ڕۆژە ڕەشی و کارەساتی نەتەوەکان، سەیرنەکات".

ستیفن ڕۆزنفیلد لە ڕۆژنامەی «هیرالد تریبۆن» لە وتاریکی دژ بە «دانیال بیمان»، لێکۆڵیاری میت: (دابەشبوونی عێراق بۆ سێ پارچە، سێ کێشە دروست دەکات)، ئاوا وەڵام دەداتەوە: دابەشبوونی عێراق کۆتایی بە هەڕەشەی بەردەوامی ڕژێمی سەدام حوسێن لە دژی وڵاتانی کەنداو و ناوچەکە دەهێنێ، یارمەتیی شیعەکانی باشوور و کوردەکانی باکوور دەدات، خواستەکانیان پیرۆز بکەن. ستیفن ڕۆزنفیلد لە دوای پەسەندکردنی ئەوەی کە تێزی دابەشنەکردنی عێراق بە پێچەوانەی "شەپۆل و گۆڕانکاری و هاوکارییەکانی ئێستای جیهانە" بەو شێوەیە ئەنجامی گرت کە سەر کۆماری ئەمریکا ناتوانێ چاو لەم پەیوەندییە بپۆشێت. هەر پاشەکشەیەکی نێودەوڵەتی، هەر جۆرە نەیارییەک لە دژی پرسی کورد، تەنها ناوچەکە دەخاتە ئاستانەی تەقینەوە.

ئاشکرایە کە سەرەتای چارەسەری پرسی کورد بەوە دەبێت، کە لانی کەم پێویستە ڕێگاچارەی دیموکراتی لە چوارچێوەی سیستەمی فیدراڵیدا بەسەر دەوڵەتانی ناوچەکەدا بسەپێنرێت و لە عێراق و تورکیاوە دەست پێ بکرێت. ئەگەر ئەو دەوڵەتانە چارەسەری دیموکراتییان پەسەند نەکرد، ئەرکی سەرشانی ئەمریکاو (ڕۆژئاوایە!) لە ڕێگای دەسکاری کردنی سنوورەکانەوە (تەلیسمەکانەوە!) چارەسەری گونجاو بۆ پرسی کوردو نەخشەیەکی نوێش بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدی بهێنن. دیارترین و گونجاوترین ڕێگاچارەش پاراستن و گەشەپێدانی ئەزموونی ئێستاو بەهێزکردنی دەسەڵات و پارلەمانی کوردە لە باشووری کوردستان. ئەویش بەوە دەبێت کە ئەمریکا ڕایب گەیەنێت کە ئەم "دینامیک" و "ئەزموونە" دەتوانێ بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆی کورد لە کوردستانی وابەستەکراو بە عێراق، بچێت. دەبێت زۆر چاک ئەوەش بزانین کە ئەم سیاسەتە دەبێتە هۆی نارەزایی دەوڵەتانی ناوچەکە، هەر لە سووریا بگرە هەتا عەرەبستانی سعوودی و میسرو توونس و ئۆردون. بەڵام سەردەمی ئەوە هاتووە کە بە دوو بەیان و بە دوو زمان کۆتایی بهێنین، واتە دەبێت سیاسەتی ئەمریکا ڕۆشنتر بدوێ و بە ئاشکرا ڕێگاچارەی نیشتمانی- دیموکراتی و هاریکاریی ناوچەیی کە بووەتە ستراتیژی نوێی جیهان، بدرێت بە گوێی ئەو دەوڵەتانە. ئەمریکا

دەبێت بە ڕاشکاوی بڵێت کە جیهان و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەشداربوون لە ستەم و چەوسانەوەی کوردان، جارێکی دیکە وتەکەی «جۆناسان ڕاندڵ» دووبارە نەبێتەوە: (پاش ڕیسوایی، چی ماوە بۆ لێبووردن)[١٨].

بەهانەهێنانەوە، بۆ ئەوەی کە ئەمریکا نایەوێت بە هۆی کوردستانەوە "ئیسرائیلی دووەم" سازبکات، ناتوانێت دەرمانی هیچ دەردێک بکات. واتە نە بەردێک دەخەنە سەر ئاوەدانی کوردستان و نە دەتوانن دەوڵەتانی ناوچەکەش ڕازی بکەن. ئەمریکا دەبێ وڵاتانی عەرەبی وادار بکات و ڕێگاچارەی کۆتاییهێنان بە کارەساتی کوردان پەسەند بکەن و ئەگەر ئەم چارەسەرەش ببێتە هۆی دابەشبوونی عێراق[١٩]. بەرژەوەندی دەوڵەتانی عەرەب لەوەدایە، بە تایبەتی لە ئایندەدا لە جیاتی پاراستنی هەلومەرجی ئێستا کە سەرچاوەی هەموو مەترسییەکانە، چارەیەک بۆ کێشەی کورد پەیدابکرێت ئەگەر ئەو چارەسەرە بە بەهای دابەشبوونی "وڵاتێکی برای خۆشیان" بێت.

سەردەمێک بوو هەموو هەوڵە دیپلۆماتی و سەربازییەکانی تورکیا بۆئەوە بوو کە "ناوچەی ئاسایشی" تایبەت بە خۆی لە خاکی باشووری کوردستاندا سازبکات. کاتێک کە سلێمان دەمیریل سەرۆکی تورکیای پێشوو بە ئاشکرا دەیوت ویلایەتی مووسڵ "هەمیشە سەر بە تورکیایە" یان ئەوەی کە تانسوچیلەری وەزیری دەرەوەو پاشان سەرۆک وەزیران لە مەسعوود بارزانی داوای دەکرد "دەورێکی زیاتر بدرێت بە تورکمانەکان" ئایا تورکیا بەم کارانەی دەتوانێ بانگەوازی ئەوە بکات کە ڕێز لە یەکێتیی خاکی عێراق دەگرێت، یان ئەم بەهانەیە تەنها دژی کورد بەکارناهێنێ؟ چونکە تورکیا بەردەوام یەکێک بووە کە دەستێوەردانی لە یەکێتیی خاکی عێراقدا کردووە.

بەڵام لە دوای ڕووخانی بەعس و سەدام و ئازادکردنی تەواوی باشووری کوردستان لە لایەن هێزی پێشمەرگە و ئەمریکا و هاوپەیمانانەوە، دوو ئاماژەو ڕەوشی گرنگ سەبارەت بە نەخشی تورکیاو کاریگەری لەسەر کوردستان پەیدابوون: یەکەم، تورکیا لە پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراق و ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس و سەدامدا، نەیویست هیچ ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێ و بگرە بووە کۆسپ لە بەردەم

هاتنی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان لە خاکی خۆیەوە بۆ عێراق و بەمەش لە گرنگترین و کاریگەرترین گۆڕانکاریی سیاسیدا لە ناوچەکە بەشدار نەبوو، کە ئەمریکا ڕابەریی دەکرد ئەم هەلومەرجە نەخشی تورکیای وەکو هاوپەیمانێکی نەریتی ئەمریکاو ڕۆژئاوایی لاواز کرد. دووەم، گرەوی تورکیا لەسەر هێزو کاریگەریی تورکمانەکانی عێراق لە هەڵبژاردنی گشتیی سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥دا بە تەواوی شکستی خوارد و ئەم هێزە پاشکۆیەی تورکیا نەیتوانی دەنگێکی وا بە دەست بهێنێ کە بانگەوازەکانی تورکیا بسەلمێنێ. بەدەستهێنانی دەنگی یەکەم لە لایەن لیستی برایەتیی کوردەوە لە شاری کەرکوک، کە تورکیا بە شاری تورکمانی وابەستە بە خۆی دەزانێ، تەواوی بانگەوازی ناڕاستی تورکیای لەم شارەدا ئاشکراکرد.

ئێرانیش هەمیشە کاردانەوەو دەستێوەردانەکانی لە کوردستانی باشوورو هێرشەکانی ڕوو لە زیادبوون بووە. لە دوای ڕووخانی سەدام یارمەتیدانی تیرۆریزمی سوننەی ئیسلامی لە لایەن دەوڵەتی (شیعەی) ئێرانی یەکێکە لە ڕەوشە ترسناکەکانی ئەم دەوڵەتە دژی پرۆسەی ئازادی و دیموکراسی لە عێراقدا. دروستکردن و یارمەتیدانی هێزە ئیسلامییەکان لە باکوورو باشووری عێراقدا، هەر لە لایەن ئێرانەوە بووە. هەر ئەو دەوڵەتە نەبوو کە دەیویست شۆڕشی ئیسلامی لە عێراقدا بەرپابکات و ڕژێمێکی ئیسلامیی وابەستەو هاوشێوەی خۆی بخاتە سەر دەسەڵات. بەمجۆرە ئێران چۆن دەتوانێت لایەنگری لە یەکێتی خاکی عێراق بکات؟ یان ئەویش، ئەم دروشمە تەنها دژی کوردو دەسەڵات و هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنێ!

ئەمریکا (ڕۆژئاوا) چەند ڕەخنەی سەرەکییان لە دەوڵەتی ئێران هەیەو ئەو دەوڵەتە بە یەکێک لە هۆکارەکانی ناجێگیریی سیاسیی ناوچەکەو پشێویی جیهانی لە ڕەوشی تیرۆریزمدا دەزانن. ڕەخنەکانی ئەمریکا لە بەرامبەر ئێران ئایندەی ئەو دەوڵەت و (وڵاتە!) دیاری دەکات و بەم شێوەیە:

أ- ڕەخنەی ئەوان لە هەمبەر چالاکیی ئەتۆمیی ئێران بۆ کاری سەربازی و چەکداری.

ب- هەڵوێستی دژی ئەمریکا لە بەرامبەر هەوڵی ترسناکی ئێران بۆ یارمەتیدانی تیرۆریزمی ئیسلامی لە عێراق و ناوچەکە.

ج- پێشێلکردنی بەردەوامی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران.

د- ڕەچاونەکردنی مافی نەتەوەو نەژادەکانی غەیرە فارس لە ئێران.

لە دوای ڕاپەڕینی ئاشتیخوازانەو خۆنیشاندەرانەی تەواوی کوردستانی ئێران هەر لە شنۆوە هەتا کرماشان و ئیلام و پاشان ناڕەزایی خەڵکی عەرەبی خوزستان لە دژی ڕژێم، یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکان ئەوە بوو کە هەڵوێستی ئەمریکاو لەسەر زمانی وەزارەتی دەرەوە یارمەتیدەرو لایەنگری مافی ئەو نەتەوانە بوو لە بەرامبەر چەوسانەوەی دەوڵەتی ئێرانی. لە دوای یازدەی سپتامبەرو ڕووخاندنی دەوڵەتی تاڵیبان، ئەمریکا ئێرانیشی خستە «تەوەری شەڕو تیرۆر»ەوەو ئەم دەوڵەتە دوا ساڵەکان یان دوا ساتەکانی خۆی دەژمێرێ.

سووریا، بۆ ماوەی زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە لە هەوڵی پیلانە لە دژی دەسەڵاتی بەعسی سەدام و بەردەوام لە کاردا بووە بۆ سەرنگونی دەوڵەتی عێراق و هێنانە سەر دەسەڵاتی بەعسێکی هاوشێوەو وابەستەی خۆی بە ناوی (یەکێتی لەگەڵ عێراق) ئایا سووریا مافی ئەوەی هەیە ئەم دروشمە بەرز بکاتەوە. تەنها هۆکار بۆ ڕێکەوتنی سووریا لەگەڵ دروشمی یەکێتیی خاکی عێراق، تەنهاو تەنها بۆ دژایەتی کردنی کوردە. دیسان لە دوای یازدەی سپتامبر ئەمریکا سووریاشی خستە تەوەری شەڕو یارمەتیدەری تیرۆریزمی ئیسلامی و ڕەخنەو نەیاری ئەمریکا لە هەمبەر ئەم وڵاتە دوو لایەنی دیکەش دەگرێتەخۆ، هەڵوێستی دژی سووریا لە بەرامبەر پرۆسەی ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان (ئیسرائیل و فەلەستین)، یارمەتیدانی سووریا بۆ تیرۆریستانی ئیسلامی لە عێراقی دوای سەدام حسێن.

بەم جۆرە هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، وەکو دەوڵەتانی دەرەوەی جیهانی شارستانی و دیموکراسی ئەژمار دەکرێن، یان هیچ نەبێت هەموویان ڕێگرن لە پرۆسەی سازدانەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوین لەسەر بناغەی دەوڵەتانی (نیشتمانی- دیموکراتی- هاریکاریی ناوچەیی) کە بناغەیەکی گرنگی سیستەمی نوێی جیهانە. بزووتنەوەی نیشتمانی و دیموکراتیکی کوردستان و لە

هەموو پارچە داگیرکراوەکانیدا هەر ئێستا چووەتە ڕەوشێکی زۆر لەبارو گونجاو، ئێستا بزاڤی کوردی (جگە لە بزووتنەوەی کوردستانی باکوور) بە یەکێک لە هاوپەیمانە گرنگەکانی ئەمریکاو ڕۆژئاوا دادەنرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا. ئەم دوو ڕەوشە، واتە ڕێگری و کۆسپی دەوڵەتانی (عێراق، ئێران، تورکیاو سووریا) لە پرۆسەی ئازادی و دیموکراتیی ڕۆژهەڵاتی ناوین و هاوپەیمانی بزاڤی کورد لەگەڵ ئەمریکاو بەریتانیاو خۆرئاوا دەبێتە دوو سەرەتاو ئاماژەی گرنگ کە جارێکی دیکە ئەوە دەسەلمێنێ، کە کورد بووەتە بەشێک لە سیاسەت، بەرژەوەندی و ڕێوشوێنی ئەمریکاو ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا. ئەمەش سەرەتایەکی دیکەیە بۆ ئایندەی گەشی بزاڤی کوردی.

دەوڵەتی نوێی عیراق و پرۆژەی دەستووری عێراق و پرسی کوردان لەم وڵاتەدا بە پێشەنگی بزاڤی کوردستان دادەنرێت و ئێستا کورد لە هەموو زەمینەکانی کوردستانی، هەرێمایەتی و جیهانیدا وەکو هێزێکی کاریگەرو بەشداری گرنگ، لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا بڕیاری بە دەستە. ئیدارەی کوردستان و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، دەسکەوتێکی نوێی ئەم سەردەمەیە لەپاڵ ئەوەی کە سەرۆکی کۆماری عێراق لە کوردەو بەبێ فراکسیۆنی کوردی لە پارلەمانی عێراقدا، هیچ پرۆژەو کارێک مەیسەر نابێت. لە هەڵبژاردنی سەرەتای ٢٠٠٥دا، کورد دەنگی یەکەمی لە شاری کەرکوک بەدەست هێنا. ئێستا تەواوی ناوچەکانی کوردستانی باشوور ئازاد کراوە، یان ڕاستەوخۆ بەدەست کوردەوەیە (وەکو، خانەقین) یان کورد تیا زۆرایەتییە و زۆربەی کارو ئیدارەکانی لە دەستە، وەکو (کەرکوک).

ڕاپەڕینی ئاشتییانە و خۆپیشاندان و نارەزاییی سەرانسەری کوردستانی ڕۆژهەڵات، ترسی بیست و شەش ساڵەی جمهووریی ئیسلامیی شکاند و ئەمجارە شارە کوردە شیعە مەزهەبەکانی کرماشان و ئیلامیشی گرتەوەو شیعەگەراییی دەوڵەتی ئیسلامی لە هەمبەر بزاڤی کوردانە و دیموکراتیکدا تێک دەشکێ و هەڵوێستی ئەمریکاش دژی ئەو دەوڵەتەو لایەنگری لە مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەکان، دەبێتە سەرەتای کۆتاییی کۆماری ئیسلامی.

تورکیا ناتوانێ بۆ هەمیشە جەنگی دژی کورد، بە ناوی جەنگ دژی "تیرۆریزم!"

بەردەوام بکات، ئەم جەنگە ناوخۆیە کە هەتا نیوەی ساڵی ١٩٩٦ بیست و دوو هەزار کوژراوی لێ پەیدابوو بە شێوەیەکی ترسناک ئاسایشی تورکیای خستووەتە مەترسییەوە. کە یەکێک لەو مەترسییانە بە دەسەڵات گەیشتنی حزبی ڕەفای ئیسلامی بوو بە سەرۆکایەتیی ئەربەکان و ئێستاش حزبی عەدالەتی ئیسلامی لەسەر کارە. باشترین بەرژەوەندی دۆستانی تورکیا (ئەمریکاو ئەوروپا) لەوەدایە کە ئەو دەوڵەتە ڕازی بکەن کە ئایندەی تورکیا بەرەو ئەوروپا لە کەناڵی چارەی کێشەی کوردەوە تێپەڕ دەبێت، یان وەکو دەڵێن (ڕێگای تورکیا بۆ ئەوروپا بە دیاربەکردا تێپەڕ دەبێ). دیلی بیروباوەڕی تەسکی نەژادپەرستی تورکی، ناکاراییی کەسانی لیبرال لەنێو بەرپرسانی تورک لە زەمینەی چارسەری کێشەی کورد، چەوسانەوەی بەردەوامی حکوومەت و کۆمەڵ لە لایەن سوپاوە، تورکیای خستووەتە توندوتیژییەکی فراوانەوەو هێندەی نەماوە ئەو وڵاتە بەرەو تەقینەوە بڕوات.

سووریا کە بەشێکە لە دەوڵەتانی «تەوەری شەڕ» و بە هاوکار و یارمەتیدەری تیرۆریزم ناسراوە لە لایەن ئەمریکاوە، بازنەی هەرە لاوازە لە ناوچەکەداو بزاڤی کوردیش سەرەتای کاروانی خۆی دەست پێ کردووە و هێزە کوردییەکان بەرەو جۆرێک لە خەباتی هاوبەشی کوردانە و دیموکراسی هەنگاو دەنێن. سەرئەنجام سێ ڕەوشی زۆر بەهێزو کاریگەر لە قازانجی بزووتنەوەی کوردستان پەیدابووە، کە ئەو سێ زەمینەیە دەتوانێت گۆڕانکاریی گەورە لە ئایندەی نزیکدا لە بەرژەوەندی کورد پەیدا بکات.

ئەو سێ ڕەوشە کاریگەرەش ئەمانەن:

١- تەواوی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان لە لایەن هێزی بڕیاردەرو دەسەڵاتداری جیهانییەوە کەوتوونەتە بەر ڕەخنەو نەیاری و تەنانەت هەردوو دەوڵەتی (ئێران و سووریا) خراونەتە بەرەی شەڕەوەو زۆر گومان و ڕەخنەی ئەمریکا بەرامبەر باڵی (شیعەو سوننەی عەرەبی لە دەوڵەتی عێراقدا هەیە) و تورکیاش بەو شێوەیە.

٢- لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بزاڤێکی بەهێزو کاریگەری کوردی هەیە بۆ ئازادی و دیموکراسی، ئەمانە وێڕای ئەو هێزە کاریگەرەی کە کورد لە عێراقدا هەیەتی.

٣- نزيكبوونەوەی ئەمریکا و بەریتانیا و ڕۆژئاوا لە مافەکانی کورد بۆ ئازادی و دیموکراسی و هەر لەو ڕێگایەوە نزیکبوونەوەی لە هێزە سیاسییەکان.

بەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستان و پارچەکانی بۆ ئازادی و دیموکراسی و جێبەجێبوونی دروشمی مافی فیدراڵی بۆ هەریەکێک لەو پارچانە، بە سەرەتای گۆڕانی نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوین دادەنرێ بۆ ڕێکخستنی سیاسی و هەرێمایەتیی تازە لەسەر بناغەی بنیاتنانی دەوڵەتەکان بە پێی (نیشتمانی- دیموکراتی- هاوکاریی ناوچەیی). ڕێگاچارەی پرسی کورد لە ڕێگای بونیادنانی ئاسنامەی نەتەوەیی و دیموکراتیی کوردستان بە سەرپەرشتی و ڕەسمی ناسین و کۆمەکی نێودەوڵەتی لەسەر خاکی باشووری کوردستان، مەیسەر دەبێت. پاشان بەدیهێنانی (ناوچەکانی کورد) لە تورکیا، سووریا و ئێران کە بە تێپەڕبوونی سەردەم لە دامەزراندنی دەوڵەتی فیدراڵی کورد، ئەنجامی دەبێت. ئەم کارەو ئەم ئامانجە بە بێ پشتیوانیی ئاشکراو بەهێزی ئەمریکاو ڕۆژئاوا نایەتە دی و وێنای سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان، لەوانەیە لە پێکهێنانی دەوڵەتی بۆسنێ هێرزەگۆفین و کرواتیا بە پشتیوانیی نێودەوڵەتی ئاسانترە. "بۆیە بە دەستهێنانی چارەسەری تەواوی پرسی کورد، نابێت ئەم نەتەوەیە بۆ ماوەی نیو سەدەی دیکە لە خوێن و فرمێسک و جەنگدا ژیان بەسەرببات"(٢٠).

سەرچاوەکان:

١- زبیگنیو بریجینسکی، خارج ازکنترل (Out of Control) ترجمە، د. عبدالرحیم نوە ابراهیم.
٢- م. کاردوخ، جنبشهای کرد (ازدیرباز تاکنون)، ستوکهولم، ١٩٩٣.
٣- کریس کوچیرا، جنبش ملی کرد ترجمە. ابراهیم یونسی. تهران ١٣٧٣.
٤و ٥- هەمان سەرچاوە.
٦- شیمون پیریس، عصر جدید: لایطیق التخلفین ولایغفر للجهلة. بەشێک لە کتێبی رویة عالمیة لمستقبل شرق الاوسط، القاهرة ١٩٩٢.
٧- جرجیس فتح الله، زیارة للماضي القریب، ستوکهولم ١٩٩٨.
٨- حوسێنی مەدەنی، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی دووەم، هەولێر ٢٠٠١.
٩ و ١٠ و ١١: ئەم سێ خاڵە وەکو خۆی لە کتێبەکەی جرجیس فتح الله و دافید ئادامسۆن، الحرب الکردیة وانشقاق ١٩٦٤، لاپەڕەکانی ١٥، ١٦، ١٧، ١٨ وەرگیراوە.

١٢- جرجيس فتح الله، آراء مخطورة في شؤون عراقية معاصرة، ستوكهولم , ١٩٩٤

١٣- جوون كولي، الحصاد (حرب اميركا الطويلة في الشرق الاوسط)، ل , ٢٢

١٤- ريچارد نيكسون، فرصت را در يابيم (وظيفه امريكا درجهاني بايک ابرقدرت) ترجمه حسيني و فسي نژاد , ١٩٩١ ل , ١٤

١٥- هەمان سەرچاوە، ل ١٦

١٦- هەمان سەرچاوە، ل ٣٧١

17- Jim Hoagland "The world would be better with a downized Iraq" Washington Post- 12 September 1996.

Stephan Rosenfeld "The idea of helping Iraq to break up its merits" International Herald Tribune. Sptember 1996.

18- After such a Knowledge what forgiveness.

ناوی کتێبەکەی (جۆناسان ڕاندڵ) دەربارەی کورد کە بە عەرەبی بە ناوی (امة في شقاق) و بە فارسی بە ناوی (بعد این ريسوايي چه بخشايش؟) بڵاوبۆتەوە.

19- International Herald. Why dismembering Iraq would be a bad idea" de Shibley Telhami" September 1996. ٢١ .Tribune

٢٠- کريس کوچيرا، جنبش ملت کرد وخواست استقلال، مترجم فارسی، عزيز ماملی- ئەپريلی ٢٠٠٠، چاپی ئەوروپا. وەرگێڕانی بۆ کوردی بە ناوی "بزووتنەوەی نەتەوەيی کوردو هيوای سەربەخۆيی" ئەکرەمی ميهرداد- سلێمانی , ٢٠٠٢

ڕەوشی سیاسیی کوردستان بەرەو کوێ؟

هەر کەسێک گرنگیی دابێت بە پرسی کورد، بەردەوام دوو کێشەی گرنگ، سەرنجی ڕاکێشاوەو هەریەکەیان، یان هەردووکیان پێکەوە کاریگەریی گەورەیان کردووەتە سەر چارەنووسی ئەو نەتەوەیە و تا ئەو ڕادەیەی کە هەمیشە دوو ڕووی ئەو پرسە ئەو دوو کێشەیە بووە.

کێشەی یەکەم، کێشەی ناکۆکی و یەکێتیی نێوان کوردانە، بەجۆرێک کە بەشی زۆری شۆڕشی کوردستان، کێشەی ناکۆکی و دووبەرەکیی نێوان باڵەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بوو. کێشەی دووەمیش، شۆڕشی چەکداری یان لە ڕاستیدا بزووتنەوەی چەکداریی نێو چیاکانی کوردستان بووە، دژی داگیرکەران، یان دەتوانین بڵێین کێشەی شەڕو ئاشتیی نێوان کورد و دەوڵەتەکانی دەسەڵاتدار، بەسەر کوردستاندا بووە.

ناکۆکی و یەکێتیی نێو کوردان

یەکێک لە کێشە گرنگەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، کە بەردەوام فەلسەفەکان و ڕێبازە فکرییەکانی، کۆششیان لەبارەیەوە کردووە، مەسەلەی یەکێتی و ناکۆکیی نێوان بەشەکانی ئەم جیهانەیە کە مرۆڤ ئاوای کردووە، یەکێتی و ناکۆکیی نێوان (گشت و بەش)، نێوان (بابەت و خود)، نێوان (دەسەڵات و ئازادی)، نێوان ئافرەت و پیاو، نێوان ڕۆژ و شەو، نێوان مادده و فیکر، نێوان پۆزەتیف و نیگەتیف و نێوان شەڕ و ئاشتی.

ئەم کێشەیە بە جۆرێک ئەزەلی و ڕەسەنە، تەنانەت لەناو خودی تاکە دیاردەیەکیشدا لەنێوان بەشەکان و ساتەکان و پێکهێنەرەکانی ئەو دیاردەیەشدا. بێگومان بوونی هەیە و کاریگەریشە لەسەر چارەنووسی ئەو دیاردەیە، بەڵام نابێت لەبیرمان بچێت کە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم سیفەتە، سیفەتێکی ڕەسەن و ئەزەلی

دنیایە، بەڵام مێژوو، گۆڕانکارییەکانی مێژوو، کاری لێ دەکەن، ڕێبازە فەلسەفییەکانی دنیا، هەر لە فەلسەفەی یۆنانی تا فەلسەفەی کلاسیکی ئاڵمانی سەدەی هەژدەو نۆزدەوە تا مارکسیزم و ڕێبازە فیکری و فەلسەفییە نوێیەکانیش، بەردەوام گرنگییان داوە بەم کێشەیە.

ئەفلاتون پێی وایە کە ماهیەتی دنیا بریتییە لە گەڕان بەدوای یەکێتی و گشتی بووندا، لە بەرامبەر فرەیی و گۆڕانکارییەکانی بووندا[1]. واتە ئەو بڕوای وایە بۆئەوەی بتوانین لە دنیاو ماهیەتەکەی بگەین، دەبێت دان بەگشتی بوون و یەکێتی دنیادا بنێین و تەنانەت بەناو جیاوازی و گۆڕانەکانیشدا بیان دۆزینەوەو بیانکەینە ئامانج. فەیلەسووفی سیاسی و زانای گەورەی ئەڵمانی هیگڵ دەڵێت، کە خۆی دنیا لە یەکێتییەکەیدایە و کارڵ مارکسیش بڕوای وایە کە یەکێتیی دنیا لە ماددی بوونیدایە[2] . لایەنگرانی بیروباوەڕی ڕێبازی فرانکفۆرت، لەسەر زمانی هربرت مارکۆزە، دەڵێن: شتێک نییە لە دنیادا ناوی یەکێتی و گشتی بوون بێت و تەنانەت ڕێبازە فیکرییەکەی خۆیان ناودەنێن فەلسەفە یان تیۆری ڕەخنەیی و مارکۆزەیش، ناوی دەنێت (فەلسەفەی نەفی)و دەگەنە ئەو ئامانجەی کە ڕاستی تەواو تەنها لای ئازادییە نەک دەسەلات، لای ڕەخنەیە نەک بابەت، لای خودە نەک گشت و ڕەخنەی سەرەکیشیان لە بیروباوەڕی هیگڵ و مارکس ئەوەیە کە ئەوان پۆزەتیڤیزمن و ئەوان (فرانکفۆرتییەکان) لایەنگیری نێگەتیڤیزمن[3].

بیروباوەڕە تازەکانی (کۆتایی مێژوو)و (جیهانگیر)یش، هەر بەو شێوەیە گرنگییان داوە بەم کێشەیە.

فۆکۆیامای نووسەری کۆتاییی مێژوو، پێی وایە کە باشترین ڕژێم و مۆدێل بۆ ئێستاو ئایندەی مرۆڤایەتی تەنها لیبرالیزمەکەی خۆی و دەوڵەتەکەیەتی، واتە بەشەکەی خۆی دەکاتە گشت بۆ هەموو دنیاو بەو جۆرەش بیروباوەڕی جیهانگیری پێی وایە کە تایبەتمەندی و ناسنامەی نەتەوەکانی باشوور، واتە بێ دەسەلاتەکان لەبەرامبەر هێزەکانی باکووردا، دەسەلاتدارەکان، لەناو ئەوانیشدا تەنها تایبەتمەندی و ناسنامەو دەسەلاتی ئەمریکا دەبێتە گشتی ئایندەو دەورو کاریگەریی بەشەکانی دنیا بەهەند ناگرن. ئەمان هەردووکیان لە ڕاستیدا، سەرچاوەکەیان تەنها یەک

دەسەڵاتە، لە بەشەکەی خودی خۆیانەوە دەست پێ دەکەن و دەیانەوێت تەنها خۆیان ببنە گشت و لە راستیدا دەیانەوێت خۆیان بکەنە (گشتێکی سەپێنراو)، هەروەکو چۆن سۆسیالیزمەکەی سۆڤیەتی پێش نەوەدەکان دەیویست خۆی بسەپێنێت.

لاوازیی گەورەی ئەم بیرکردنەوانەی کە تائێستا باسمان کرد ئەوەیە کە پێیان وایە کە دنیا یان هەر یەکێتییە، یان بەتەنها هەر ناکۆکییە، بێگومان جووڵانەوەشیان لەوەوە دەست پێ دەکات کە فکری خۆیان و فەلسەفەی خۆیان و ئامانجی خۆیان کە بەرهەمی خودە بکەنە گشت و ڕێگای بەشەکانی دیکە نەدەن.

ئەفلاتون لەبەر خاتری یەکێتی و گشتبوونی دنیا (بێگومان بەبیروباوەڕی ئەو) فرەیی و گۆڕان و بەرەوپێشچوونی بوونەکان فەرامۆش دەکات، هیگڵ سەرەتای کارەکانی خۆی بەبیرکردنەوەو ئازادی دەست پێ دەکات و کاتێک دەگاتە دەوڵەت، کە بێگومان دەوڵەتیش هەرچەندە دەسەڵاتدارە، بەڵام هەر بەشێکە لە بەشەکان و دەوڵەت دەکاتە ڕۆحی ڕەهاو ماهیەتی پیرۆزی نەتەوە، واتە لە خودەوە دەست پێ دەکات و دواییش بەرهەمی خود دەکاتە گشت و هەرچەندە هیگڵ هەروەها مارکسیش سەر بەدیالەکتیکین، بەڵام هەردووکیان دیالەکتیک زیندانی دەکەن، ئەم لە دەوڵەتداو ئەویش لە کۆمۆنیزمەکەی بەرهەمی بیری خۆیدا.

هربرت مارکوزەو لایەنگرنی تیۆری ڕەخنەییش تەنها ڕەخنەو هەوڵەکانی خود بەڕەسەن دادەنێن و کاریگەرییە باشەکانی دیکەی دەسەڵات و کۆمەڵ بەناهەق حساب دەکەن و تەنانەت وادەزانن کە تەنها ئازادیی ناوەکی و خودی مرۆڤ ئازادییەکی ڕەسەن و گەوهەرییە، بەڵام ئازادییەکانی دیکە کە لەلایەن دەوڵەت و کۆمەڵەوە بەرهەم هاتووە، بە هەند ناگیرێت[٤].

پاش ئەم هەموو بگرەو بەردەیە، چارەسەر بەکوێ دەگات و دەبێت چ بیروباوەڕو فەلسەفەیەکمان هەبێت بۆ ئەوەی دنیا وەکو خۆی تێ بگەین و هەموو بەش و پێکهێنەرو لایەن و ڕووەکانی دنیا بەباشی بناسین، بەبڕوای من چارە لەوەدایە کە بیرکردنەوەمان بێتە سەر ئەوەی کە تەنها لێکدانەوەیەک بۆ دنیا ئەوەیە کە یەکێتی هەیەو ناکۆکیش هەیە، واتە ژیان و جیهان دوو پێکهێنەریان هەیە کە یەکێکیان یەکێتییەو ئەوی تریشیان ناکۆکییە و باشترین پەیوەندی و باشترین چارەنووس و

ئایندەش ئەوەیە کەهەردوو ڕووەکەی دنیاو هەردوو سیفەتەکەی و هەردوو گەشەکردنەکەی و هەردوو پێکهێنەرەکەی دنیا کە تەنهاو تەنها یەکێتی و ناکۆکیی نێوان ژیان و دنیایە بە هەند بگیرێت. ئەگەر کارەبا بەنموونە وەربگرین، دەبینین لە دوو بەش پێک هاتووە کە پۆزەتیف و نیگەتیفە، یەکێتی و ناکۆکیی نێوانیان بەرهەمێکی دەبێت لە وزەی کارەباو ڕووناکی و گەرمییە، واتە بەدڵنیاییەوە کارەبا بەیەکێک لەو دوو جەمسەرە پێک نایەت و نابێت وا بیر بکەینەوە کە دەبێت یەکێکیان ئەوی دیکە لەناوبەرێت یان لەبەر خاتری ئەوی تریان واز لە تایبەتمەندی و هێزەکانی خۆی بێنێت.

زانای گەورەو تێکۆشەری مەزنی ئیتاڵی «ئەنتۆنیو گرامشی» دەڵێت: تەنها بەلەبەرچاوگرتنی یەکێتی و ناکۆکی دەتوانین لەو ڕاستییەی دنیا تێ بگەین و پەی بەهەموو لایەنەکان و پێشڕەوییەکانی جیهان بەرین[٥].

ئەگەر بێت و تەنها لە یەکێتییەوە دەست پێ بکەین دەبێت قوربانی بدەین بەئازادی لەپێناوی دەسەڵاتدا، بە بەش لە پێناوی گشتدا، بە فکر لە پێناوی ماددەدا و بەنێگەتیف لەپێناو پۆزەتیفدا، ئەگەر لە ناکۆکیشەوە دەست پێ بکەین دەبێت گشت فەرامۆش بکەین لەپێناوی بەشدا، دەسەڵات لەپێناوی ئازادیدا، بابەت لە پێناوی ڕەخنەو ماددە لەپێناوی فیکردا.

لە ڕاستیدا لەدوای ئەوەی کە مرۆڤ هاتە ژیانەوەو دەستکاریی دنیای کردو بیرو هۆشیاریی پەیداکرد و خود و ڕەوایی خۆی سەلماند، تاکە ساتێک نادۆزینەوە کە یەکێتی و ناکۆکیی نێوان دنیاو بەشەکانی لەیەک جیابکرێتەوەو ئەگەر دیاردەیەکیش یەکێک لەو دوو سیفەتەی لێ بکەوێتەوە، وەکو ئەوە وایە کە دەستێک یان قاچێکی مرۆڤ لێ بکرێتەوەو ژیانیش هەرگیز بەرەو گۆڕان و فرەیی و پێشکەوتن ناچێت بەو دوو لایەنە گرنگەوە نەبێت، سەرەنجام دەبێت بچینە سەر ئەو باوەڕەی کە تەنهاو تەنها تێگەیشتنی زانستی و فەلسەفیی ڕاستی ژیان و جیهان، لە یەکێتی و ناکۆکیدایە.

ئەم کێشەیە ئەوەندەی پەیوەندیی بەکوردەوە هەیە، کێشەیەکی گەلێک گرنگەو کاریگەرەو تەنانەت مۆرکی خۆی داوە لە سەرتاپای مێژووی کوردو جووڵانەوەکانی.

کورد پاش ئەوەی کە دەوڵەتی میدیای لەدەست چوو، لەو مێژووەوە هەتا ئێستا، بەردەوام لەدوالیزمێکدا دەژی و ساتێک نادۆزێتەوە کە کورد لەو دیاردەیە ڕزگاری بوویێت و ڕەوشەکەش بەم شێوەیەیە، کورد وێڕای ئەوەی کەسەدەلاتی نەتەوەیی خۆی نەبووەو بەردەوام داگیرو دابەش کراوە، بەلام توانیویەتی لەسەر بەشی زۆری خاکەکەی خۆی بمێنێتەوە، واتە کورد لەسەر خاکەکەی خۆی بێ دەسەلات بووە، کە ئەم هەلومەرجە تووشی دوالیزمێکی کردووەو کاری کردووەتە سەر ناخی ئەو نەتەوەیەو لەناخدا تووشی ناکۆکییەکی بەردەوام بووە.

سەبارەت بەدەسەلات، کورد ناچارکراوە کە لەژێر دەستی ئەوانی دیکەدا بژی و سەبارەت بەخاکیش لەسەر خاکەکەی خۆی ماوەتەوە، توانیویەتی زمانی خۆی بپارێزێت و زمانەکەی نەبووەتەوە زمانی دەسەلاتەکانی دیکە، بەلام نەیتوانیوە ببێتە خاوەن زمانێکی یەکگرتوو نەتەوەیی، چونکە دیسان دەسەلاتی نەتەوەیی نەبووە.

کورد، سەبارەت بەدینیش ڕەوشێکی هەر بەو شێوەیەی هەبووە، پاش ئەوەی لەشکری عەرەبە ئیسلامەکانە هاتنە کوردستان، ئەو نەتەوەیەیان کردە ئیسلام، بەلام پاش ماوەیەکی کەم، کوردیش توانیی کاریگەریی خۆی (لە سنووری ولاتی خۆیدا) بخاتە ناو ئیسلامەوە، وێڕای ئەوەی پابەندبوونی خۆی بەئیسلامەوە ڕاگەیاند، بەلام توانی چەندین ڕێبازی دینی کوردی لە کاکەیی (ئەهلی هەق، یارسان)، ئێزدی، عەلەوی، شابەک، وسۆفیزمی نەقشبەندی بخاتە ناو ئیسلامەوەو ناوەرۆکی دینی کورد لەو بەرگانەدا بژێنێتەوە.

سەبارەت بە فەرهەنگیش، کورد ناچارکراوە کە پەیرەوی لە فەرهەنگی دەوڵەتە داگیرکەرەکان بکات، بەلام بەردەوام و هەمیشە توانیویەتی فەرهەنگی خۆی بپارێزێت و لە فەوتان ڕزگاری کردووە.

هەموو ئەم ڕەوشانەی کە تا ئێستا باسمان کرد، چەند دەلالەتێک نیشان دەدەن، ئەوانیش بەردەوام کورد ناچارکراوە کە مەجبوور بێت بە یەکێتی لەگەڵ دەسەلاتەکانی دەورووبەرداو لەهەمان کاتیشدا کورد هەرچەندی بۆی کرابێت ناکۆکیی خۆی لە بەرامبەر دەسەلاتە سەپێنراوەکاندا پیشان دەداو لەو بوارەدا هەرچی لەدەستی هاتبێت دریغی نەکردووە، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە، سەبارەت

بەداگیرکردن و پارچە پارچەکردن کورد، لەناو خۆشیدا ناچارکراوە کە جیاوازی و ناکۆکیی لەنێوان پارچەکان و بەشەکان و ئامادەییەکانیدا هەبێت، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە لەباری بابەتییەوە، هەمیشە یەکێتی لەنێو کورداندا هەبووە.

کاتێک کە جەنگی نێوان دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەرپابووە، کوردی ئەو وڵاتانە ناچارکراون کە دژی یەکدی بچنە شەڕەوە، لەنێوان زاراوەکانی کوردیدا جیاوازییەکی زۆر هەیەو تەنانەت زۆر جار کوردی سەربە دوو زاراوەی جیاواز زاراوەکان لە یەکتری تێ ناگەن و لەهەمان کاتیشدا هەموویان خۆیان بەکورد دادەنێن و خۆیان بەزمانێکی دیکە حیساب ناکەن.

شێوەزاری لورسی هەرچەندە نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ زمانی فارسیدا هەیە، بەڵام دیسان لوڕەکانیش خۆیان بە کورد دادەنێن. واتە بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئاخیوەرانە بە زاراوە جیا جیاکانی کوردی خۆیان بەکورد دادەنێن (کە ئەمەیان یەکێتییە)، بەڵام جیاوازییەکی زۆریش تارادەی تێ نەگەیشتن لە یەکدی (کە ئەمەیان ناکۆکییە) لەنێو زمانی کورداندا هەیە.

پاش ئەوەی کە سوپاکانی عەرەبی ئیسلامی وڵات و نەتەوەکانی دەوروبەری خۆیان داگیر کرد و بەزۆر خەڵکیان کردە ئیسلام، ڕێنووسی (ئیملا) عەرەبیشیان بەسەر ئەو نەتەوانەدا سەپاند و ناچاریان کردن کە بەپیت و ڕێنووسی عەرەبی بنووسن، تاکە نەتەوەیەک کە توانیی لەناو ئەو ڕێنووسەدا کاریگەریی خۆی بپارێزێت، تەنها کورد بوو.

لە سییەکانی سەدەی بیستدا، بەهەوڵی زانای تێکۆشەری کورد تۆفیق وەهبی، توانرا دەستکارییەکی باشی ڕێنووسی عەرەبی بکرێت، بەقازانجی کورد، ناوبراو وای لەو ڕێنووسە کرد کە بتوانێت بەکەڵکی نووسینی کورد بێت و کورد ببێتە خاوەنی ڕێنووسی گونجاو بۆ زمانەکەی.

کردنی (ر) بە(ڕێی قەڵەو بەزیادکردنی(٧)، کردنی (ب) بە(پ)، کردنی (ج) بە(چ)، (ز) بە(ژ)، (ل) بە(ڵ) لامی قەڵەو. لەجیاتی کەسرەی عەرەبی بەکارهێنانی ی (یی)، لەجیاتی زەمەی عەرەبی بەکارهێنانی (و)ی درێژ.

بەم شێوەیە تاکە نەتەوەیەک لەناو جیهانی ئیسلامدا کە بتوانێت زمانی نووسینی

جیاوازی هەبێت، تەنها کوردە، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە بناغەو بنچینەی ئەم ڕێنووسە، ڕێنووسی عەرەبییە، واتە دیسان لەم مەسەلەیەشدا کورد ناچارکراوە بەیەکێتی و ناکۆکی، دەبێت یەکێتی پەیڕەو بکات لەگەڵ ئەو ڕێنووسەدا؛ چونکە نەیتوانیوە ڕێنووسەکانی ئاڤێستایی، ئێزدی، کاکەیی و ماهی سۆراتی بپارێزێت، وێڕای ئەمەش لەناو ئەو ڕێنووسە عەرەبییەدا توانیویەتی کاریگەریی خۆی دروست بکات، واتە دەبێت ناکۆکی پیشان بدات بەرامبەر بەزمانی عەرەبی.

ڕێبازە ئایینییەکانی کوردستانیش هەر بەو شێوەیە، هەموویان خۆیان بەڕێبازی ئاینی کوردی دەزانن، لایان وایە کە هەوڵی ئەوان بۆ زیندووکردنەوەی دینی کوردانە، بەڵام دیسان ناچارکراون کە یەکێتی لەگەڵ دینی ئیسلامدا پیشان بدەن و لەم مەیدانەشدا کورد دەبێتە بەشێک لە یەکێتی و ناکۆکی لەگەڵ دینی ئیسلامدا، هەروەکو لەنێوان ڕێبازە ئاینییەکانیشدا هەر بەو شێوەیە، واتە هەموویان کوردن (یەکێتی)و لە ڕاستیدا جیاوازی لە نێوانیشیاندا هەیە (ناکۆکی).

پاش ئەوەی کە کورد ناچارکراوە بەدابەشکردن لە نێوان عوسمانی و سەفەوی و کەخۆشی (مەبەستم سەرانی کوردە و لەو سەردەمەدا) دەستی هەبوو لەو دابەشکردنەدا، ئیدی کورد کەوتە یەکترکوشتن و لەناوبردنی یەکدی بۆ بەرژەوەندی ئەو دوو دەوڵەتە.

ئەو دوو دەوڵەتە هێندە بەهێز بوون، کە کوردیان ناچار بە یەکێتی کرد لەگەڵ خۆیانداو هێندەش زاڵم و چەوسێنەربوون، کە دەبێت کورد شۆڕش و ڕاپەڕین دژیان بەرپا بکات و هەر فرسەتێکی بۆ هەڵکەوتبێت ناکۆکیی خۆی نیشان داوە، دامەزراندنی میرنشین و دەسەڵاتە کوردییەکانیش ئەم یەکێتی و ناکۆکییە گواسترایەوە ناو هەناوی ئەو دەسەڵاتانەو هەمیشە لەناو خودی میرنشینەکاندا لایەنی یەکێتی و ناکۆکی لەگەڵ دەوڵەتانی (ئیمپراتۆریاکانی) عوسمانی و ئێرانی بەدی کراوەو تەنانەت لەناو خێزانی دەسەڵاتداری ئەم میرنشینانەدا، ڕەوشەکە هەر بەو شێوەیە بووە.

هەرچەندە لەناو ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێراندا، تەنها کوردستان و میسر توانیویانە، میرنشین و دەسەڵاتی تاڕادەیەک سەربەخۆیان هەبێت، بەڵام هەر

ناچارکراون بەوەی کە سەر بە بابی عالی یان سەر بەدەسەلاتی ئێرانی بن (ئەوەی کە پەیوەندیی بەکوردەوە هەیە)، لەهەمان کاتیشدا توانیویەتی بەهەر شێوەیەک بێت کوردبوونی خۆی بپارێزێ.

بەبڕوای من کێشەی سەرەکی لەوەدا نییە کە کورد لەگەڵ دەوڵەتە دەسەلاتدارەکاندا یەکێتی و ناکۆکیی هەیە، یان لەنێو خۆیاندا هەر بەو شێوەیە، کێشەی سەرەکی لەوەدایە کە کورد نەیتوانیوە هەردوو ئەم (یەکێتی و ناکۆکی)یە لەبەرژەوەندی خۆیدا بەکاربهێنێت، لەکاتێکدا گەلێک فرسەتی لەبار هەڵکەوتووە بۆ سوودوەرگرتن لەو مەسەلەیە بەقازانجی کورد.

بوونی میرنشینە نیمچە سەربەخۆکان، ڕەوشێکی زۆر لەباری بۆ کورد خولقاندبوو، ئەگەر کورد بیتوانیایە یەکێتیی نێو خۆ و نێوان میرنشینەکان بپارێزێت، ئەوا بەسانایی دەیتوانی ناکۆکییەکانی خۆی لەگەڵ ئەو دوو ئیمپراتۆرە ناکۆکەدا، بێ تەقینەوەو خوێنڕشتن بەقازانجی پرسی کورد بەرەوپێش بەرێت، بەڵام چونکە نەیتوانی یەکێتیی نێوان خۆی بپارێزێت (چ لەسەر ئاستی تاکە میرنشینێک یان لەسەر ئاستی چەند میرنشینێک)و ناکۆکی لەنێو خۆیدا کردە ڕەوشی سەرەکی، بۆیە ناچاربوو لەگەڵ ئیمپراتۆریاکاندا یەکێتی پیادەبکات و هەردو ئیمپراتۆریەکەش دژی کورد (کە خۆیان لەراستیدا ناکۆک بوون) یەکێتییان پیادە دەکرد.

کارەساتی گەورەی کورد ئەوەبوو لەگەڵ دەوڵەتە دەسەلاتدارەکان نەیدەتوانی (لە راستیدا ئەقڵی پێنەدەشکا) هەم یەکێتی و هەم ناکۆکی لەبەرژەوەندی خۆی پیادە بکات، ئەو کاتەی کە لایەنێک یان هێزێک لە کوردان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا یەکێتی پیادە دەکرد لەگەڵ لایەن و هێزەکانی دیکەی کوردستاندا ناکۆکی پیادە دەکردو دەبووە دار دەستی داگیرکەران دژی کوردانی دیکە، ئەگەر ئەو کوردانە لەهەمان دەسەلاتدا و تەنانەت لەهەمان خێزانی خۆشی بوویێت. واتە کاتێک کە یەکێتیی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا هەبوو، ناکۆکیی خۆی لەگەڵ خودی ئەو دەوڵەتەدا نەدەبینی و بەکوردی بەتەواوی دەبووە پیاوی ئەو دەسەلاتە، کاتێکیش ناکۆکیی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا پیادە کرد، یەکسەر دروشمی ڕووخانی ئەو دەوڵەتانەی هەڵدەگرت (کە بێگومان نەیدەتوانی بیان ڕووخێنێت)، ئەم ڕەوشە هەتا ئێستا لەنێو کورداندا

بەردەوامــە، بۆیە باسـی هیچ کـام لەهێـزەکـانیش نـاکـەم، بۆئەوەی زیاتر برینـەکـان نەکـولێنمـەوەو هیچ لایەک زویر نەکـەم، چونکە بەڕاسـتی کـوردان یان (دەسـەڵاتی کوردی جا لەهەر دۆخ و بارێکدا بێت) لەوە تێ ناگات کە کاتێک کەسێک ڕەخنەگرە بۆئەوەی بتـوانێت لەئایندەدا لایەنگرێکی باشتـرو جیـددیتر بێت. ئەم کێـشـەیە هەر تایبـەت نییـە بەدەسـەڵاتەوە، بەڵکو نووسـەران و رووناکبـیرانیـش هەر بەو شـێـوەیە بیردەکەنەوە، واتە یان لایەنگرن یان بەتەنیا ڕەخنەگرن.

ئەم شێوەیە هەڵوێست و بیرکردنەوەیە لەنێوان حزبەکانی کوردستانیشدا، هەر بەو شێـوەیەیە. کـاتێک کە نێـوانی ی.ن.ک و پ.ک.ک خۆش بوو (خۆزگـە هـەمـوو دەمێک نێـوانی پارتەکـانی کوردسـتـان ئاشـتی و لەباربێت) یەکـیـتی بەتەواوی بێـدەنگ بوو لەبەرامبەر خروقاتەکانی PKK لەنێوخۆی باشووری کوردستـانداو لەکاتێکدا گەلێک خـەڵکی دڵسـۆز هانایان برد بۆ یـەکێتی لەبەرامـبـەر منداڵ ڕفاندن و بەزۆرکـردنیـان بەگـەریلا. ئێـسـتـا دۆخی نـاو هاوپەیمانیی دیموکـراتیی کـوردسـتـانیش هـەر بەو شێوەیەیە، من مـەبەسـتـم ئەوەیە زۆر باشـە کە لەیەککەیشتن و تەبایی هەبێت، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیربێت کەناکۆکیی نێـوانمان بۆ خزمەتی وڵات و نیشتمان و ئازادی بەکاربهێنین.

لە دوای ڕاپـەڕینـی ۱۹۹۱و پاش ئـەوەی کـــە دەســـەڵاتـی کـــوردی دامــــەزرا، هەڵسـوکـەوتەکـانی هێـزەکـان لەگـەڵ یـەکـدیدا هـەر بـەو جـۆرە بوو، تەنانـەت لەگـەڵ دەسەڵاتەکـانی دەوروبەریشدا هەر وابوو، کاتێک کە یەکێتی هـەبوو بەتەواوی ناکۆکی لەبیـر دەبرایەوەو نەدەبوو لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا ڕەخنەش لەو دەسەڵاتانە بگیـرێت و کـاتێکیش کە نـاکۆکی دەهاتـە پێشـەوە، هیچ پێشـبـینییـەک و هـاو بەرژەوەندی و «یەکێتی»یەک بە هەند نەدەگیرا.

بوونی بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان ئێمەو حکومەتی بەغدا ڕێگە لەوە ناگرێت هەر یەکێک لەئێمە (حکوومـەتی بەغدا و کورد) ناکۆکییەکانی خۆی لە بەرامبـەر ئەوی دیدا، پیادە بکات.

پارتی کرێکارانی کوردسـتـان، لەپێش کۆنگرەی حـەوتدا، هەمـوو ئەگەرێکی ئاشـتی لە بەرامبـەر تورکیادا نەدەبینـی و تەنانـەت ڕەنگە سپییـەکەی ئاڵای کوردستـانیـشی

لابردو، بەهەموو شێوەیەک دژی ئاشتی بوو، بەڵام پاش ئەو کۆنگرەیە، تەنهاو تەنها ئاشتی لە(چوارچێوەی کۆماری دیموکراتی)دا دەبینێت و بەدڵنیاییەوە ئاشتییەکی بەو شێوەیە تەنهاو تەنها تەسلیم بوونەو لەم لاشەوە لەگەڵ هەموو هێزە کوردییەکاندا لەشەڕدایە.

بەکورتی ئەگەر تەماشای سەرتاپای شۆڕشی کوردستان بکەین، ئەم دیاردەیە هەر بەو شێوەیە دەبینین، یان تەنها یەکێتی یان تەنها ناکۆکی.

ئەگەر کورد لە نێوان خۆی و لەگەڵ دەرەوەی خۆیشی (بەتایبەتی دەسەڵاتە حاکمەکان بەسەر کوردستاندا) نەتوانێت گونجانێک لەو نێوەندەدا بکات، بێگومان ناتوانێت هیچ بەرهەمێکی دیکە و پێشڕەوییەکی هەبێت و ئەم ڕەوشەی ئێستاش دەرباز ناکات.

بزووتنەوەی چەکدارانەی کوردستان،
کێشەی شەڕ و ئاشتی پرسی کورد

هەروەکو لە سەرەتادا باسمان کرد، یەکێکی دیکە لە کێشە گەورەکانی جووڵانەوەی کورد یان ڕوویەکی تری پرسی کورد، کێشەی شۆڕشی چەکدارانەی کوردستانە بۆ بەدیهێنانی مافەکانی کورد یان بۆ داکۆکی لەخۆکردن لەبەرامبەر هێرشی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان بەسەر کوردستاندا، ئەگەر بێتو هەمان ڕوانگە (میتۆد) کە بەهەندگرتنی یەکێتی و ناکۆکییە بەسەر ئەم هەلومەرجەدا پیادەبکەین، دەبێت بگەینە چەند دەرەنجامێک کە ئەمانەیە:

زۆربەی کاتەکان کورد ناچارکراوە کە دەست بۆ چەک بەرێت، هەرچەندە چەند جارێک کورد دەیتوانی کە پەنا بۆ چەک نەبات و خەباتی مەدەنی و بەپێی پێوەرەکانی ئەو کاتەی دنیا بتوانێت خەباتێکی گشتی «شامل» بکات و لە هەموو مەیدانەکانی ئابووری، فەرهەنگی، جەماوەری و سیاسیدا خۆی دەوڵەمەند بکات.

ئەوەی جێگای یەکێتییە لەگەڵ شۆڕشی چەکدارانەی کوردستاندا ئەوەیە، کە نەتەوەیەک زۆرجار دژی داگیر و دابەشکردن ناچارکراوە دەست بۆ چەک بەرێت و بەپێی ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤیش، نەتەوەیەکی داگیرکراو دەتوانێت و ڕەوایە کە

بەهەموو شێوەیەک داکۆکی لەخۆی بکات.

ئەوەی کە دەبێتە هۆی ناکۆکی لەگەڵ ئەم بزووتنەوە چەکدارانەیەدا ئەوەیە کە بۆچی خەباتی کورد تەسک کراوەتەوە تەنها لە بوونی چەند هەزار چەکدارێکداو گۆڕەپان و مەیدانی چالاکییەکانی ئەو شۆڕشە چەکدارانەیەش، تەنهاوتەنها خاکی کوردستان بووە، واتە ئێمە لەناو ماڵی خۆماندا شەڕمان کردووەو بەشی زۆری زیانەکانی ئەو شەڕەش وەبەر وڵات و نیشتمانی کوردستان کەوتووەو زۆرجاریش بەهانەی گەورەمان داوەتەوە دەسەڵاتە داگیرکەرەکان بۆ سووتاندن و وێرانکردن و ڕاگواستنی کوردستان.

ئەگەر بێتو تەماشای ئەزموونی سوپای ڕزگاریی ئێرلەندا (IRA) و باڵە سیاسییەکەی (شین ـفین واتە ئێمە خۆمان) بکەین، لە بەرامبەر کێشەیەکی گەلێک گرنگدا خۆمان دەبینینەوە، ئێرلەندییەکان کاری سەربازی و توندوتیژییان خزاندووەتە ناو ماڵی بەریتانیاوەو زۆربەی کارە سەربازییەکان لە لەندەن و شارەکانی دیکەی بەریتانیادا دەکەن و لە وڵاتی خۆشیاندا بەهۆی (شین فین) خەریکی کاری سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و جەماوەرین، واتە شەڕ لەناو ماڵی دوژمنداو ئاشتی لەناو ماڵی خۆیاندا (یان هیچ نەبێت خەباتێکی ئارامی سیاسی لەناو ماڵی خۆیاندا پیادە دەکەن) بەڵام ئێمەی کورد، ڕێک بەپێچەوانەوە ڕەفتارمان کردووەو هەمیشە لە کوردستان شەڕ (جا یان لەگەڵ دەسەڵاتە دەرەکییەکان یان لەنێو خۆماندا) بۆ مفاوەزات و گفتوگۆش ڕێگای پایتەختی دەوڵەتە داگیرکەرەکانمان گرتووەتەبەر، واتە بۆ ئاشتی بەرەو ئەوێ بەڕێ کەوتووین.

مەسەلەیەکی دیکەی گرنگیش ئەوەیە، هەروەکو پێشتریش بەکورتی باسم کرد، هەرئەوەندەی کە هێزێکی چەکدار یان ڕێکخراوێکی سیاسیمان پێکەوەنا، یەکەمین دروشمی سیاسیمان ڕووخاندنی دەسەڵاتە حاکمەکان بووە بەسەر کوردستاندا.

باشە با پرسیارێکی بەگومان لە خۆمان بکەین، ئایا دەبێت داواکاریمان لە دەسەڵاتێک هەبێت کە پێشتر بانگەوازی ڕووخانیمان کردبێت. چۆن ڕێی تێ دەچێت ئەو دەسەڵاتە هیچ مافێکی ئێمە بسەلمێنێت لەکاتێکدا ئێمە بەئاشکرا دروشمی ڕووخاندنی ئەومان بەرز کردووەتەوە؟ کارەساتەکە لەوەدایە کە ئێمە نەئەوەندە

هێزمان هەیەو نەئەشمان بێت کە هیچ کام لەو دەسەڵاتانە برووخێنین و نە لە رووخاندنی ئەو دەسەڵاتانەش هیچمان وەگیردەکەوێت، ئەم ڕەوشە تەنها لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئێمە پێمان وایە، لەگەڵ ئەو دەسەڵاتانەدا دوژمنایەتیمان هەیەو ئەوانیش هەروەکو ئێمە بەهەمان ڕادە تەنهاو تەنها دوژمنایەتییان نیشانداوە.

تەسککردنەوەی جوولانەوەی کوردایەتی تەنها لە شۆڕشی چەکدارانەدا و بەرزکردنەوەی دروشمی ڕووخانی دەسەڵاتە داگیرکەرەکان، زۆر فرسەتی زێڕینی لە دەست کورد داوە، لەوانە فرسەتی پێکەوەژیانی (بەیەکێتی و تەبایی)ی زەمانی مەلەکی لە عیراقدا ، فرسەتی دوای.

پاشان شۆڕشی چەکدارانەش کە جوولانەوەی کوردی لە بوارەکانی ڕووناکبیری، ئابووری، جەماوەری، فەرهەنگی و سیاسیشدا بەرەو پێشەوە بچێت و سەرەنجام کورد نەیتوانیوە خەباتێکی گشتی «شامل» بکات بۆ بەدیهێنانی مافەکان و بوونی کوردی لە تەنها چەند حزبێکی چەکداردا تەسک کراوەتەوەو بێگومان هەمووشمان باش دەزانین ئابڵوقەدانی شۆڕشی چەکداری و لەڕەوشێکی وەکو کوردستاندا لەلایەن داگیرکەران و هاوپەیمانەکانیانەوە چەند کارێکی ئاسانە.

پیلانی تورکیاو ئێران و ڕووسیا دژی شۆڕشی بەدرخان و عوبەیدوڵلای نەهری، پیلانی تورکیا، عیراق، ئێران بەریتانیاو فەرەنسا دژی شۆڕشی پیران، دێرسیم، سمکۆی شکاک و شێخ مەحمود، پیلانی جەزائیر دژی شۆڕشی ئەیلول، پیلانی عیراق و هاوپەیمانەکانی بەدژی شۆڕشی نوێی باشووری کوردستان.. هتد.

مودمین بوونی کورد بە شۆڕشی چەکدارانەوە مەرگەساتێکی وەکو ئەزموونی PKKش دەخوڵقێنێت، ئەم هێزە وێڕای بوونی سێ مەیدانی خەباتی گرنگ و کاریگەر لەدەستیدا کە ئەوانیش (بوونی HADEP وەکو پارتێکی سیاسی و جەماوەریی ڕێگەپێدراو، توانای ئابووریی PKK کە دەتوانێت وەکو هێزێکی کاریگەر لە بەرژەوەندی شۆڕشی کوردستاندا بەکاری بهێنێت، نەک تەنها لە باکووردا بەڵکو لەباشووریشدا دەبووایە گەلێک یارمەتی و خزمەتگوزاریی پێشکەش بە دەسەڵاتی کوردی و جەماوەرەکەی بکردایە و پاشان بوونی هێزێکی جەماوەریی گەورە لە ئەورووپا کە دەتوانێت بیکاتە هێزێکی فشارهێنەر بۆ سەر تورکیا). بەڵام سووره

لەسەرئەوەی کە جڵەوی کارەکان تەنها لەدەست سەرکردەیەکی دیل و هێزێکی سەربازیی ئابڵوقەدراودا بێت و هەموو ئەو هێزە گرنگانەی کە هەیەتی کردووینە پاشکۆی هێزە چەکدارەکەی چیاکانی باشووری کوردستان و مەرگەساتیش لەوەدایە، کە دەڵێت ئەو هێزە هیچ دژایەتییەکی دەسەڵاتی تورک ناکات و لێرەشەوە زۆر بەجیددی دژی دەسەڵاتی کوردی لەکاردایە، بەهۆی ئەو هێزە چەکداریشەوە تووشی چەندین تەنازولات بووە بەدەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان بەسەر کوردستاندا، بەڵام ئامادە نییە بچووکترین ڕێکەوتن لەگەڵ دەسەڵاتی کوردیدا بکات.

تەسککردنەوەی شۆڕشی نەتەوەییەک بۆ تەنها مەیدانی چەکداری چەندین کاریگەری و ئەنجامی دیکەی لێ پەیدا دەبێت کە هیچیان لە بەرژەوەندی ئەو نەتەوەیەدا نین، ئەوانیش گرنگیدان بە لادێ لەسەر حسابی شار، گرنگیدان بەکەسی شەڕکەر لەسەر حسابی کەسی سیاسی و خوێندەوار، گرنگی نەدان بە خەباتی سیاسیی مومکین POSSIBILITY سەبارەت هەر بەو دۆخە چونکە ناکرێت وا بیربکەینەوە لەلایەک شۆڕشی چەکدارانەی ڕووخێنەری ئەو ڕژێمەت هەبێت و لەلایەکی دیکە لە خەباتی سیاسی و جەماوەری و ئابووری و فەرهەنگیی ڕەسمیدا ڕێگەت پێ بدرێت.

شۆڕشی چەکداری چونکە هەمیشە پێویستی بەهێزی چەکدار و شەڕکەر هەیە، بۆیە دەبێت لەلای بنەماڵەو خێڵەکان خۆی بەرێتە پێشەوە، چونکە ئەوان باشترین سەرچاوەن بۆ هێزی شەڕکەر و زۆرجاریش بەناچاری زۆر چاوپۆشی لە کەموکورتی و خرووقاتەکانی ئەو خێڵانە کراوە، سەرەنجام ژیانەوەی خێڵایەتی و ناوچەگەری لەسەر حسابی نەتەوایەتی و شارستانی.

پاش ئەوەی هەردوو ڕووەکەی کێشەی کوردمان باس کرد. دەبێت چی بکەین و چۆن بیربکەینەوە بۆئەوەی بتوانین ڕەوشێکی نوێ لە شۆڕشی کوردستاندا بەدی بهێنین و بەهەمان رادەش بتوانین، ئەم هەلومەرجە دژوارەی ئێستای کوردستان دەرباز بدەین.

دەبێ چی بکەین، چارەسەر بەکوێ دەگات؟!

هەر بەپێی ئەو ڕێبازی بیرکردنەوەیەی کە لە سەرەتادا باسمان کرد، دەبێت ئەوە

بسەلمێنین کە ئێمەی کورد هەم لەنێو خۆماندا و هەم لەگەڵ دەرەوەی خۆشماندا، کێشەی یەکێتی و ناکۆکیمان هەیەو پێشڕەوی و گۆڕانەکانی کوردیش تەنها بەو دووانە دەچێتە پێشەوە.

بۆ ئەوەی مەبەستەکەم باشتر ڕوون بکەمەوە، پێم باشە چەند خاڵێک بۆ خوێنەرانی بەڕێز بەیان بکەم:

١- کورد دەبێت لە پێش هەموو کارێکدا بتوانێت ناوماڵی خۆی ڕێک بخات و بەپێی دیدێکی واقیعی و پەیوەندیی نێوان خۆی دابڕێژێتەوەو لە کۆنگرەیەکی نیشتمانی یان نەتەوەیی بەبێ ئەوەی هیچ کام لە پارتەکان، دەسەڵاتداری تاک بن بەسەر ئەو کۆنگرەیەدا، کۆ ببینەوەو بتوانین پیرۆستڕۆیکاو ئاشکراکردنی کوردی زۆر بەڕاستگۆیی بۆ یەکدی بەیان بکەین و دڵنیاشتان دەکەمەوە هەموو لایەکیشمان هەقی خۆیەتی بەرژەوەندی و بیروباوەڕەکانی خۆی ئاشکرابکات و تەنانەت هیچ پێویست ناکات، ناکۆکییەکانی نێوخۆشمان بشارینەوە، بەڵام دەبێت بەشێوەیەکی ئازاد و دیموکراسی، ئەو تایبەتمەندییانە بخەینە ڕوو، دیموکراسیش باشترین چوارچێوەیە بۆ پێکەوەبەستنی یەکێتی و ناکۆکیی نێوان هێزەکان و بەشەکان و گشتی هاوچەرخیش تەنهاو تەنها لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت بنیات بنرێت.

کۆبوونەوەو کۆنگرەی کوردان، دەتوانێت کە کۆنگرەی پارچەکانی کوردستان، شێوە زارەکان، پارتەکان و ئامادەیی بێت، یەکێتیی نێوان ئەم بەشانەی کوردستان گەلێک پێویستە بۆ بەدیهێنانی یەکبوون و گشتیبوونی دەسەڵات و مەرجەعیەتی بڕیاری کوردی و ناکۆکی و جیاوازییش (بەمەرجێک کە بەشێوەی گفتوگۆ و مۆدێرن پیادە بکرێت)، دەتوانێت باشترین زامنی بەدیهێنانی ئازادی بێت بۆ هەموو بەشەکان و لایەنەکانی نێو کوردستان.

٢- مەرج نییە، کۆنگرەی کوردان دژی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان بێت کە کوردستانیان دابەش کردووە، کۆبوونەوەی کوردان لە هەر کوێ بێت، دەتوانێت پەیامی دۆستایەتی بۆئەو دەوڵەتانە بنێرێت، ئەگەر کۆنگرەی کوردان هەبێت، دەتوانێت داوا لە دەوڵەتی ئێرانی بکات بۆ زیاتر کرانەوە و ئازادی و ئارامی

بەرامبەر بەکوردان و لەکاتێکدا ئێستا لە تورکیا لەنێو ناوەندە سیاسییەکاندا قسە لە گۆڕانی دەستووری ئارامکردنەوەی ڕەوشی کوردستان دەکرێت، دەسەڵاتی کوردان هەقی خۆیەتی کە پەیامی پیرۆزبایی و داوای چاکردن و ریفۆرمی زیاتر بکات لەو دەوڵەتە.

واتە کۆنگرەی کوردان، دەتوانێت پەیامی سیاسی و داوای مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد لەو دەوڵەتانە، بەشێوەیەکی هاوچەرخ و شارستانییانە بکات.

٣- کۆنگرەی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستان، دەبێت لەسەر ڕێگای بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد، خەباتی گشتی «شامل» و خەباتی مەدەنی بکرێت، نەک تەنها خەباتی چەکدارانەی، مەبەستم ئەوە نییە کە خەباتی گشتی و مەدەنی تەنهاو تەنها خەباتێکی ئارامە، کورد لەگەلێک ڕێگەوە دەتوانێت خەباتی سەربازی لە بەرامبەر داگیرکەراندا بەرەو پێشەوە بەرێت، بەلام نەک لە ولاتی کورداندا، بەڵکو گرنگ ئەوەیە و کوردیش دەتوانێت بگاتە ئەو ئاستە، کە ئەو خەباتە بخەینە نێو ماڵی ئەوانەوەو بتوانین لەکوردستان وێڕای بوونی کەشوهەوایەکی خەباتاوی هەلومەرجی ئاشتی و ئارامی لە بەرژەوەندی کوردستان بەڕێوەبەرین.

هەر ئێستا کورد دەتوانێت هەنگاوی بەرایی بەرەو ئەو خەباتە مەدەنی و گشتییە بهاوێت و نەک لە کوردستان، بەڵکو لەناو خودی ئەو دەوڵەتە دەسەلاتدارانە و لە جیهانیشدا دەتوانین خەباتمان بەو شێوەیە بسازێنین.

هیوادارم کورد و دەسەلاتەکانی نێو کوردستان، بتوانن ئەم ڕەوشەی ئێستای ولات بەرەو ئەو پێشڕەوییانەی کە باسمان کردن بەرەو پێشەوە بەرن و بەهەموومان بتوانین، هەلومەرجێکی نوێ و ئارام و ئاشتییانە لەسەر هەموو ئاستەکان لە ولاتدا بەدی بهێنین.

سەرچاوەکان:

١- هربرت ماركيوز، فلسفة النفسي (دراسات في النظرية النقدية)، دار آلاداب، ١٩٧١ ص٥٨

٢- کۆڤاری سەردەم، ژمارە (٨). فایلی ژمارە (قوتابخانەی فرانکفۆرت)

٣- هربرت مارکیوز، هەمان سەرچاوە، ل٦- ١٤

٤- هربرت ماركيوز، هەمان سەرچاوە، ل٦

٥- جاك تاكسيه، غرامشي (دراسة ومختارات)، دمشق، ١٩٧٣

کوردستان له سەرەتای کاروانی دیموکراسیدا

تا ئێستا گەلێک مانا و پێناسە بۆ دیموکراسی دیاری کراوە و لەلایەن زۆرێک لەبیرمەکان، هێزمەکان و بەرژەوەندییەکان مانا و چەمکی بۆ دانراوە. هەر یەکێک لەوانە بەپێی ئاستی مێژوویی و تێگەیشتنی خۆی توانیویەتی کۆمەک بە دیموکراسی بکات و لەهەر قۆناغێکی مێژوویی و دیاریکراودا پێکهاتە و فرەییی نوێ بۆ ئەو زاراوە بەدی هێنراوە. لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانی و کرانەوەی زیاتردا، پێکهاتە و مەیدانەکانی دیموکراسیش بەرەو زیاتر و ئاوالابوون دەچن و چەمکەکانی فرەیی بەهەردوو مانای «التعدد و التنوع»، دەسەلاتی لاییک «عیلمانی»، بەشداریکردنی بەکۆمەڵ، گفتوگۆو دانوستاندن، دیموکراسیی بازاڕو بازاڕی ئازاد و کرانەوەو کۆمەلایەتیکردنی ئابووری، ئازادیی بیرو ڕا و کۆبوونەوەو ڕێکخستن کە لە خەبات و هێزی سەندیکاو پارت و کۆمەڵەکاندا دەردەکەوێت، دیموکراسیی ئازادیبەخشیی نەژادو نەتەوەکان، دیموکراسیی کەمکردنەوەی دەسەلاتی دەوڵەت و بەدیهێنانی هەرچی زیاتری داواکارییەکانی زۆربە و سەرەنجام دیموکراسیی وەکو پەروەردە و فەرهەنگی سیاسی و کۆمەلایەتی کە بتوانێت هەموو ئەمانە لە بوون و کردەوەیەکی پەیوەندیداردا بەیەکەوە ببەستێتەوە و سیستەم و ژیانێکی باشتر و ئارامتر و بەهرەمەندتر بۆ خەڵک بەدەست بهێنێت. بێگومان هەر یەکێک لەم چەمک و مەیدانانە بە خەبات و ئامادەبوونی بەردەوامی ئەو هێزانە بەدی هاتووە و لە قۆناغە بەردەوامەکانی دیموکراسیدا توانیویانە پەروەردەو فەرهەنگی دیموکراسی دەوڵەمەندتر بکەن و تا ئێستاش ڕێگاو کاروانی بەردەوامەو لەوانەیە قۆناغەکانی دیکە، وێڕای ئەمانەی کە باسمان کردن، چەندین هێز، پێکهێنەرو زاراوەی نوێ بۆ ئەم سیستەمە ژیاری و پێشکەوتنخوازە بەدی بێت، کە بەپێی وتەی زاناو فەیلەسووفی نەمسایی، کارل پۆپەر، دیموکراسی تا ئێستا باشترین سیستەمی سیاسی و مرۆڤایەتییە کە توانیویەتی ژیانێکی باشترو بەهرەمەندتر بۆ جیهان

بەدەست بێنێت و لە ڕێگەی ئەو سیستەمەوە مرۆڤ توانیویەتی زیاتر لە ڕاستی نزیک ببێتەوە[1]. سەرەڕای ئەم باشی و پێشکەوتن و نزیکبوونەوەیە لە ڕاستی، بەڵام دیموکراسی وەکو هەر بەشێکی دیکە لە کارو بیری مرۆڤ، هێشتا کەلێنێک بۆ نەزانین و نەتوانینی تێدایەو کەئەو کەلێنە نابێتە مایەی گرفت، بەڵکو دەبێتە هۆیەک بۆ کرانەوە بەڕووی ئایندەدا[2] و ئەمەش وادەکات کە لەوە تێ بگەین دیموکراسی هەر تەنها سیستەمێک نییە بۆ ڕابردوو و ئێستا، بەڵکو توانای هەیە کە بەرەو ئایندەش هەنگاو بنێت.

تائێستا باشترین کتێب کە من خوێندبێتمەوە سەبارەت بەدیموکراسی، کتێبە بەناوبانگەکەی کۆمەڵناسی ناوداری فەرەنسی، ئالان تۆرینە، کە بەناوی (دیموکراسی چییە؟)[3] ئالان تۆرین ئەم پرسیارانە دەخاتە ڕوو، سەبارەت بەدیموکراسی و پاشان بەهۆی لێکدانەوەیەکی مێژوویی و گەشەکردووی پڕ لە فرەیی، دەگاتە شێوەیەک لە تێگەیشتن سەبارەت بەو ئەزموونەی شارستانی و دوورنمای ئەو سیستەمەش (کە بەهۆی ئەو پێکهێنەرانەوە دەیناسێنێت)، دەبێتە ڕێگایەکی لە سەرەتاوە گەش و کراوە. کارل پۆپەر سەبارەت بەپێشبینیکردنی بۆ ئایندەی دیموکراسی دەڵێت: کاری ڕووناکبیران و سیاسەتمەداران ئەوە نییە کە کۆمەڵێکی ئایدیالی «مثالی» دروست بکەن، بەڵکو ئەوەیە کە لە ڕێڕەوی گۆڕانەکان و وەرچەرخانەکاندا باشترین چارەسەری مومکین و گونجاو بەدەست بهێنن[4] و ئالان تۆرینیش بەهۆی وەڵامی پرسیارەکانەوە ئەو چارەسەرە گونجاوانەمان پێ دەڵێت کە بەهۆی دیموکراسییەوە دەتوانین بەدەستیان بهێنین.

ئایا دەتوانین تێڕوانینی گەش و پۆزەتیڤمان بۆ دیموکراسی هەبێت؟ بۆچی دەبێت وا لەدیموکراسی بڕوانین کە تەنها دەسەڵاتی زۆربە نییە؟ دیموکراسی تەنها ناتوانێت بەهۆی یاساکانەوە بێتە دی، بەڵکو دەبێت لەڕێگەی گەشەی پەروەردەی سیاسی و فرەیی و دوور خستنەوەی توندوتیژی و بەدیهێنانی جۆرێک لە یەکسانی دوور لە بۆچوونی تۆتالیتاری و بەم شێوەیە دیموکراسی لەلای تۆرین سیستەمێکی بەردەوام پەیوەندیداری نێوان دەوڵەت و بکەرە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵە[5]. ئەو ئاسۆ و ناوەڕۆکە دیموکراسییە چییە، کە وامان لێ دەکات بزووتنەوەیەکی

دیموکراسی و ئازادی بەهێز بەدی بێنین، کە نەک هەر تەنها لە بەرامبەر هەڕەشە و مەترسییەکاندا بوەستێت، بەڵکو بتوانێت ژیانێکی باشترو گونجاوترو ئازادتر بەدی بێنێت؟ چۆن دەتوانین، وێڕای فرەیی و جیاوازیمان لەگەڵ یەکدا بژین؟ نابێت یەکێتی بەسەر هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیانی خەڵکیدا زاڵ بکەین (کە بێگومان یەکێتی و هاوڕایی و کۆدەنگی پێویستە). چۆن دەتوانین بەهۆی فرەییەوە، مەبەستم فرەیی بێ ڕێکەوتە و کۆدەنگییە، دژی حاڵەتێکی توندڕەوی ئانارشییانە ببین، هەرچەندە ژیان بەبێ فرەیی و جیاوازی نییە و ژیانی بێ فرەیی مەرگە؟ ئایا ئەو ڕەهەندە فەرهەنگییە چییە کە لە سیستەمی دیموکراتیدا دەتوانێت فرەیی و کۆدەنگیی ناو کۆمەڵ فەراهەم بکات؟

ئەو مەترسییانە چین کە هەڕەشە لە دیموکراسی دەکەن؟ ئایا دەسەڵاتی زیاد لە پێویست و بەیاسا دیاري نەکراوی دەوڵەت و دەسەڵات دژی دیموکراسی نییە؟ ئایا دەسەڵاتی بازاڕ، ئابووری و کۆمەڵە و حزبەکان، کە هیچ گەرەنتییەکی یاسایی و کۆمەڵایەتی نەبێت بۆ سنووردارکردنیان هەڕەشەیەک نییە لە دیموکراسی؟ ئایا دەسەڵاتی فەرهەنگ، دین و ئایدیۆلۆژیاکان کە لەلایەن دەسەڵاتی گشتی و فەرهەنگی دیموکراسییەوە هەمیشە هۆشیار نەکرێتەوە، یەکێک نییە لە هەڕەشەو مەترسییەکان لەڕێگای پێگەیاندن و بالاکردنی دیموکراسیدا؟

ئایا مەیدانەکانی دەرکەوتنی دیموکراسی، واتە فرەیی «التعدد والتنوع»، دەسەڵاتی عیلمانی (نیشتمانی و هاولاتی) بەشداریکردن بەکۆمەڵ و گفتوگۆی کراوەو ئازاد، دیموکراسیی بازاڕو ئابووری ئازاد، ئازادیی بیروباوەڕو کۆمەڵەکان و تەنانەت دیموکراسیی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و دامەزراو و دین و فەرهەنگەکان و هەموو ئەمانە چۆن دەبن و پەیوەندی نێوان ئەمانەو مافەکانی خەڵک و هاوولاتییان چۆن دەستەبەر دەکرێت و چۆن دەتوانین لەنێوان هێزو مەیدانەکانی دیموکراسیدا (ئەوانەی ناومان هێنان) مافەکانی گشتی هاوولاتی و خەڵک جێبەجێ بکەین؟ ئایا فرەیی بەبێ بوونی مافی یاسایی و دانپێدانراوی خەڵکدا، نابێتە زۆربوونی دەسەڵاتداران و بگرە خاوەنی ئیمتیازەکان و تەنانەت چەوسێنەرانیش؟

وەلامی هەموو ئەمانە، لەلای تۆرین، لەوەدا دەبێت کە بتوانێت ئاسۆ و

دوورنمایەکی باشتر و گونجاوتر بۆ ئێستا و ئایندەی دیموکراسی بەدی بهێنین.

بیرو هۆشی دیموکراسی بەهۆی ئەوانەی کە سوور بوون لەسەر بەدیهێنانی مافەکانی ژیان و دروستکردنی ئازادییەکی زیاتر لە بەرامبەر دەسەڵاتە توندڕەوو سەپێندراوەکان، کە ئەم ئامادەیی و بەردەوامبوونەی بیر و خەبات مەرجی سەرەکی و کاریگەری زیندوو ڕاگری دیموکراسییە، وای کردووە کە هزر، ئاسۆ، داواکاری پێشکەوتن و گۆڕانکاریی بەردەوام بەقازانجی ئازادیی خەڵک و لە فەرهەنگی دیموکراسیدا بەدی بێت. دیموکراسی بەتەنها هەندێک خاڵ و گەرەنتی «ضمانات» دەستوری نییە (کە دیارە بوونیان زۆر پێویستە و بەتایبەتیش لەو وڵاتانەدا کە دێتە ئاستانەی دیموکراسییەوە، وەکو کوردستان)، بەڵکو ئەو خەبات و تێکۆشانە بەردەوامەیە کە بکەرە کۆمەڵایەتییەکان[٦] بەرپای دەکەن لە فەرهەنگ، سیستەم، ئابووری و دەسەڵاتدا، بۆ بەدیهێنانی هەرچی زیاتری مافەکان و کەمکردنەوەی ڕێگرییەکانە لەبەردەم ئازادیی خەڵکدا. من بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەستەکانم پەنا دەبەمە بەر بیری سێ نووسەری گەورەی کەنەدی، فەرەنسی و ئەڵمانی کەئەوانیش شارل تایلۆر، ئالان تۆرین و یورگن هابرماس- ە بۆ نەخشاندنی باشتری ئاسۆ و ئامانجەکانی دیموکراسی. شارل تایلۆر دەڵێت: (دیموکراسی سیاسەتی دانپێدانان و خوێندنەوەی بەرامبەرە)[٧]. لە سەردەمی ئێستادا دەبێتە سیاسەتی دانپێدانان وخوێندنەوەی نێوان بکەرە کۆمەڵایەتییەکانی بواری فەرهەنگ، سیاسەت و ئابووری و سیستەمەکان و دەوڵەتەکان.

ئالان تۆرین دەڵێت: سیستەمی دیموکراتی ئەو شێوەیە لە ژیانی سیاسی کە زۆرترین ئازادی بۆ زۆرترین کەس بەدی بهێنێت، یان ئەو شێوەیەیە کە فراوانترین فرەیی و جیاوازی دەپارێزێت[٨] و منیش دەڵێم دیموکراسی وێڕای ئەمانە ئەو سیستەمەیە کە زۆرترین ڕێکەوتن و هاودەنگی دەپارێزێت هاوشان لەگەڵ پاراستنی زۆرترین جیاوازی و فرەیی و بەم شێوەیە دیموکراسی دەبێتە زۆرترین بەشداریی نێوان بەش و بکەرە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵ. لەلای یورگن هابرماسیش، حەقیقەت (هەروەکو وتمان لەلای پۆپەر دیموکراسی دەتوانێت هەنگاوێک و ڕێگایەک بێت بۆ نزیکبوونەوە لە ڕاستی) بەرهەمی تاک بیرو هۆشەکان نییە، بەڵکو توخمێکە

لە پەیوەندی نێـوان بیـرو بۆچوونەکـاندا پەیدا دەبێت و ڕاسـتی بەداوەریی نێـوان بیرەکانەوە پەیوەستە. هەر بۆ ئەم مەبەستە هابرماس (تیۆری گوفتاری حەقیقەت) لە بەرامبـەری تیورەکـانی «اثباتی» و تـاکبیـری پێشنیـار دەکات. ڕاسـتی تا ئێسـتا بەتەواوی بەدەست نەهاتووە، بۆیە مێژووی ڕابردوو کە لەسـەر بنەمای تاکبیری، تاک گوفتاری و تاک فەرهەنگی بنیات نراوە ناتوانێت لە ڕاستی نزیک بێتەوە[٩].

ئالان تۆرین، لە کتێبی (دیموکراسی چییە؟)، (دەسـەڵاتی زۆرینە یان گەرەنتی بۆ کەمـایەتییەکان) بۆ زیاتر ئاشـناکردن و شیکردنەوەی دیموکـراسی، سێ ڕەهـەندی گرنگ و چارەنووسساز بۆ دیموکراسی ئاشکرا دەکات و کە ئەو سیستـەمـەش بەبێ بوونی یەک یان زیاتر لـەم ڕەهەندانە بوونی نابێت. بەهـەمـان شـێوەش یەکـێک یان زیاتر لەم ڕەهەندانە بۆیان نییە کە دیموکراسی بەتەنها ڕەنگی خۆیان ڕەنگ بکەن و یان ڕێگا نەدەن کـە ڕەهەندەکـانی، دیکە دەورو کـاریگەرییـان هەبێت و سـەرەنجـام دەبێت لەوە تێ بگەین کە دیموکراسی دەبێتە پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی نێوان ئەو سێ ڕەهەندە. ڕەهـەندو ئاستی یەکـەمی دیموکراسی دەسـەڵاتی عەقڵـە: کە توانیـویەتی سـیـسـتـەمی نوێنـەرایەتی بەرهـەم بهـێنێت و دەنگدان و تازەکـردنـەوەی دەنگدان و ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات، دەتوانرێت وەکو بەرجەستەبوونی دەسەڵاتی عەقڵ حیسابی بۆ بکرێت. فەرەنسـا یەکەمـین وڵاتە لە جیهـاندا کە توانیویەتی لە ئـەنجامی شـۆڕشی فـەرەنسی دەسـەڵاتی مـەدەنی و زۆرینە بەدەسـت بهێنێت. ڕەهـەندو دەسـەڵاتی دووەم، دەسـەڵاتی فـەرهـەنگ و هـاوڵاتییـە: ئەم ڕەهـەندە دەتـوانێت کـە بنـاغـەی ڕەوایـیی بۆ دەوڵەت و دەسەڵاتەکان بەدەست بهێنێت. دەسەڵاتەکانی پێش سەردەمی دیموکراسی توانیویانە لەڕێگای: ١- ڕەوایـیی خێڵ، دەسەڵاتی خـێڵەکی کە لە مێژوودا بە شـاهـۆز ناسـراوە، ٢- دەسـەڵاتی بنەمـاڵە بەهێـزەکـان و ڕەوایـیی دینی یان مـەزهـەبی پشتیوانییەکی ڕەوایـیی بەهێزە بۆ دەسەڵاتی سـەردەمی ئیمپراتۆریا و میرنشینەکان. ٣- فـەرهـەنگ و ڕەوایـیی نەتەوەیی توانیـویەتی بناغـەیەک بۆ دەسـەڵاتە نەتەوەییەکان پەیدابکات و سـەرەنجـام. ٤- ڕەهـەندی هـاونیـشـتـمـانی و هـاوڵاتی دەبێتـە بنـاغـەیەکی ڕەوایـیی بەهـێـز و گـشـتی بۆ دەسـەڵات و سـیـسـتـەمـی دیموکـراتی. لە سـەردەمی دیموکـراتیدا هـیـچکام لە بناغـەکانی ڕەوایی خێڵ، میللەت، نەتەوە، دین، چینەکان و

ئایدۆلۆژیاکان نابنە هێزێک بۆ سیستەم و دەسەڵاتی دیموکراتی، هەر چەندە کە فەرهەنگی هاووڵاتی و فەرهەنگی گشتی دژی، هیچ یەکێک لەو ڕەهەندە فەرهەنگییانە نییە کە ناوم هێنان و بەڵکو ڕێگەی ئازادی و تەعبیر لەخۆکردنیشیان دەداتێ، بەلام بەبێ ئەوەی کە لە سەرەوە، واتە لەلایەن دەسەڵاتەوە، پشتگیری لە هیچیان لە بەرامبەر ئەوی تریان بکرێت[١٠]. ڕەهەندی فەرهەنگیی سەردەمی دیموکراسی تەنها فەرهەنگی گشتی هاووڵاتیبوونە. لە دیموکراسیدا بۆمان نییە بەناوی دین، نەتەوە، چین و ئایدۆلۆژیاوە حوکم بکەین و تەنانەت بۆمان نییە کە ئەو ڕەهەندانە بدەین بە ئۆرگانەکانی دەسەڵات (بەتایبەتی حزب)، هەر چەندە بەتەواوی ئازادین کە داکۆکی لەو فەرهەنگانەی خۆمان بکەین و تەنهاش داکۆکیکردن، نەک هەوڵدان بۆ گشتیکردنی ڕەهەندی فەرهەنگی خۆمان و چ جای هەوڵدان بۆ سەپاندنی ئەو فەرهەنگانە. بەم شێوەیە، وێڕای ئەوەی کە دیموکراسی داکۆکی و بەرگری لە هەموو فەرهەنگەکان دەکات، بەلام لەهەمان کاتدا ڕێگا نادات کە هیچ کام لەو فەرهەنگانە ببنە ڕەهەند بۆ دەسەڵاتی فەرهەنگی و بەم جۆرە فەرهەنگی سەردەمی دیموکراسی، فەرهەنگێکی داکۆکیکەرە نەک هێرشبەر. یەکێک لە ئەرکە سەرەتایی و گرنگەکانی دەرکەوتنی دیموکراسی ڕێگانەدانە بەدەسەڵاتی هیچ دینێکی سیاسی و بەم جۆرە، دیموکراسی دژی مەسیحیەت و کەنیسە نییە، بەڵکو دژی دەسەڵاتی سیاسیی ئیسلام و مزگەوتەکانە. هەر بەپێی ئەوەی کە تاکە ڕەهەندێکی گشتی دیموکراسی کە هاونیشتمانی و هاووڵاتیبوونە، ڕێگە دەگرێت لە سەپاندنی فەرهەنگی نەتەوەیی، دین، چینایەتی و تەنانەت خێڵەکیش، بەلام بەهیچ جۆرێک ڕێگا نادات کە هیچکام لەو کەلتوورانە بکرێتە گشتی و بەسەر دەسەڵاتدا بسەپێنرێت. بەو پێیەش کە حزب هۆکارێکە بۆ دەسەڵات، دیموکراسی دەبێت ڕێگر بێت لەبەردەم دروستبوونی حزبی دینی، حزبی چینایەتی، حزبی نەتەوەیی و ئایدۆلۆژی، بەلام ڕێگر نییە لەبەردەم دروستبوونی سەندیکاو کۆمەڵە فەرهەنگییەکانی کە دەیانەوێت داکۆکی لەو فەرهەنگە دینی، چنیایەتی و نەتەوەییانە بکەن. بەکورتی دیموکراسی ڕێگا نادات جگە لە ڕەهەندی هاونیشتمانی و هاووڵاتی هیچ کام لە ڕەهەندە فەرهەنگی و کەلتوورییەکانی دیکە بکرێنە ڕەهەندی دەسەڵات و

سیستەمی نوێنەرایەتی. ئەمریکا باشترین نوێنەری سیستەمی هاوولاتیبوونە.

ڕەهەندی سێیەم و ئاستی سێیەمی پەیدابوون و گەشەکردنی دیموکراسی ڕەهەندی ئازادی و ڕەسەنایەتیی ئازادیی مرۆڤە، کە توانیویەتی بەڵگەنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوولاتی بەدەست بهێنێت. ئەگەر لێرەدا سەرنج بدەین، دەبینین کە ناوی مافەکانی مرۆڤ و زاراوەی هاوولاتیبوون پێکەوە هاتووە. بەپێی وتەکەی تزفتیان تۆدورف: هاوولاتیبوون هەنگاوێکە بۆ نزیکبوونەوە لە بەدەستهێنانی مافەکانی مرۆڤ[١١]. مافەکانی مرۆڤ وەکو بەیاننامەی ڕەسەنایەتیی مرۆڤ و بەدەستهێنانی مافی تاکەکان لە بەرامبەر ڕەسەنایەتی عەقڵ و فەرهەنگدا، ڕەهەند و ئاستێکی دیکەی گرنگ بۆ ژیان و دیموکراسی پەیدابکات.

دیموکراسی لەم سێ ئاست و بەم سێ ڕەهەندەوە (عەقڵ، فەرهەنگ و ئازادی) دەتوانێت بوونی هەبێت و ئەم سیفەتەش تەنها لە پەیمان و یەکترخوێندنەوەی ئەم سێ دەسەڵاتە دەتوانێت بەردەوام و پایەداربێت. ئالان تۆرین دەڵێت: باشترین پێناسە تائێستا بۆ دیموکراسی، ئیرادەو تێگەیشتنی مرۆڤە بۆ تێکەڵکردنی فکری عەقڵانی و ناسنامەی فەرهەنگی و ئازادی کەسییە[١٢] و مرۆڤ و تاکیش کاتێک دەبێتە خودو بکەری کۆمەڵایەتی، ئەگەر بێت و بتوانێت کۆبوونەوەیەک لەنێوان ئارەزووی ئازادی، پێداویستیی ناسنامەو بانگەوازی عەقڵدا بەدی بهێنێت[١٣]. واتە دیموکراسی دەتوانێت هەر سێ بنەما گرنگەکەی تاکێتی «الفردية» کە ئازادییە، تایبەتمەندی «الخصوصيه» کە فەرهەنگە و گشتیبوون «الجامعية» کە عەقڵ و دەسەڵاتی عەقڵە پێکەوە ببەستێت و کۆمەڵیش کاتێک دەبێتە دیموکراسی کە بتوانێت یەکانگیربوونی، ئازادیی تاکەکان و خودەکان، ڕێزی جیاوازی و فرەیی و ڕێکخستنی عەقڵانیی ژیان بەرهەم بهێنێت. سەرەنجام دەتوانین بڵێین کە دیموکراسی نەتاک ڕەهەندە، نە تاک ناوەندە و نە فرەییە بەتەنها، بەڵکو فرە ڕەهەندو فرە ناوەند و فرە بیرکردنەوەیە لێکدانەوەی زانستی و عەقڵانی، گرتنەبەری بەڵگەی ڕەخنەگرانە، قبووڵکردنی ئەو بنەما جیهانی و گشتییانەیە کە مافەکانی مرۆڤ و هاوولاتی و تاک بانگەواز دەکەن.

پاش ئەوەی کە توانیمان هەرسێ ڕەهەند و ئاستەکەی دیموکراسی بناسین، ئایا

دەتوانین بزانین کە هەڕەشەو مەترسییەکان چین کە دەتوانن ڕێگە لە گەشەکرن و بالاکردنی دیموکراسی بگرن؟ دیموکراسی کە ڕێکەوتن و کۆدەنگی و هاوپەیمانیی نێوان ئەو سێ پێکهێنەرەیە، بەلام بەداخەوە (بەپێی سروشتی مرۆڤ و نیازەکانی) هەریەکێک لەو سێ ڕەهەندە دەیەوێت کە زۆرترین دەسەلات بۆ خۆی بێت و ئەوانی دیکە ببنە پاشکۆی خۆی. دەسەلاتی نوێنەرایەتی و سیستەمی عەقلانی دەیەوێت کە بەناوی دەسەلاتی زۆربەوە، زۆرترین دەسەلات بۆ خۆی بێت و ڕێگا بگرێت لەدەسەلاتی دوو ڕەهەندەکەی دیکە. بۆ ئەوەی بتوانین کە سیستەمی دیموکراسی لە تاک پێناسە و تاک دەسەلاتیی زۆرینە (کە سیستەمی نوێنەرایەتییە) ڕزگاربکەین دەبێت کە ئەو سیستەمە لە دوو ئاستی دیکەدا واتە سیستەمی نوێنەرایەتی دەبێت بەهۆی دوو گەرەنتیی دیکەوە سنووردار بکەین، کە ئەوانیش هەڵبژاردنی ناو بەناو دەستاودەستکردنی دەسەلات و گەرەنتییەکانە بۆ کەمایەتییەکان، واتە سیستەمی نوێنەرایەتی بەتەنها ناتوانێت بەیانی سیستەمی دیموکراسی بکات و دەبێت ئەو دوو ئاستەی دیکەی بۆ زیاد بکرێت. دەسەلاتی فەرهەنگ نابێت ڕێگربێت لەبەردەم کارو چالاکی و ئازادیی فەرهەنگەکانی دیکە، چونکە بیری نەتەوەیی، بیری دەسەلات و بیری دینی و ئایدیۆلۆژی هەوڵ دەدەن بۆ بەدیهێنانی زۆرترین یەکێتی و یەکبوون «التوحید»، لەکاتێکدا بیری دیموکراسی هەوڵ دەدات بۆ پاراستنی فرەیی و جیاوازی و ئازادی و سەرەنجامیش هەر لەم ڕێگایەوە بەدیهێنانی زۆرترین ڕێکەوتن و کۆدەنگی. هێرشی عەقڵ و عەقڵگەرایی کە لەلایەن دەسەلاتی گەل و نەتەوەوە (یان ئەو نوێنەرانەی کە بوونەتە قسەکەری گەل و نەتەوە) بۆ سەر ناسنامە و ئازادییەکانی دیکە، دەبێت ڕێگای بگیرێت. هێرشی ئازادی و فرەیی و جیاوازبوون کە لەلایەن کەمایەتی و خێڵەکان و حزبەکان و سەرمایەدارانەوە کە دەکرێتە سەر ڕەهەندی گشتی و هاولاتیبوون و تاڕادەیەک دەیەوێت دەسەلاتی زۆرینە قبووڵ نەکات و سەرەنجام دەیەوێت هەموو جۆرە ڕێکەوتن و کۆبوونەوەیەک ڕەت بکاتەوە، دەبێت لەلایەن یاساو دەسەلاتی زۆرینەوە ڕێگای لێ بگیرێت و تەنانەت دەبێت دەسەلات و فەرهەنگی گشتی ڕێگر بێت لەبەردەم زۆربوونی هەلاواردن و ئیمتیازەکاندا. بەکورتی هەڕەشەکانی بەردەم بالاکردن و گەشەکردنی دیموکراسی کە خۆی لە هێرشی

فـەرهەنگە جیاوازەکـان بۆ سـەر دیموکـراسی، یان هێرشی فـەرهەنگی تاکگەرایی دەسـەڵات بۆ سـەر فرەفـەرهەنگی، دەنوێنێت دەبێت بەم جۆرەی خـوارەوە ڕێگای لێ بگیرێت:

هێرشی عەقڵ و عەقڵگەرایی ـــــ دەبێت بەئازادی ڕێگای لێ بگیرێت.

هێـرشی ئازادی و فـرەیی ـــــ دەبێت بەدەسـەڵاتی عـەقڵ و هـاووڵاتیـبـوون و پێویستبوونی پێکەوەژیان ڕێگای لێ بگیرێت.

هێـرشی فـەرهەنگی /گـشـتی یان تاک/ ـــــ دەبێت بەئازادی و فـرەیی و هاووڵاتیبوون ڕێگای لێ بگیرێت.

بەم شێوەیە، جارێکی دیکە تێ دەگەین، کە سیستەم و فەرهەنگی دیموکراسی لە هەر سێ ئاستەکەیدا بوون، سیستەم و فەرهەنگێکی داکۆکیکەرە، نەک هێرشبەر.

چۆنییەتی گواستنەوە و پیادەکردنی دیموکراسی لە کوردستان

ناونیشانی باسـەکەی من (کوردسـتـان لە سەرەتای کاروانی دیموکراسیدا)، بەیانی ئەوە دەکات کە کوردستـان هێشتا لەسەرەتای ئەو کاروانەدایە و تا ئێستـاش ئێمە لە بواری پراتیکیدا تەنهـا کەمێک لە دیاردەکـانی دیموکـراسیـمـان بەدەست هێناوە. زەمینەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کوردستاندا بۆ دیموکراسی بوونی هەیەو تەنانەت کـۆمـەڵی کـوردەواریش، من بەکـۆمـەڵێکی کـراوەو شـەفـافی دەبینم و هیچ جـۆرە دەمارگیری و توندڕەوییـەک (بێجگە لە دیاردەی ئیسلامی سیاسی) بۆ هیچ کام لە بیرەکان، فەرهەنگەکان، لە کوردستاندا بوونی نییە و خودی ڕاپەڕینیش کە توانیی لەو بەرینـاییـە کۆمەڵایـەتی و فرەییـیەدا بەدی بێت و بەشی هەرە زۆری کۆمـەڵانی خەڵک بەمەبەسـتی بەدیهاتنی ئازادی و ڕزگاربوون لە دەسـەڵاتی دیکتـاتۆری و تاک ڕەهەندی لەو ڕاپەڕینە مـەزنەدا، بەشـداری بکەن و یەکـەمین بناغـەی گـشـتی و هاووڵاتیمان لە ڕاپەڕیندا بۆ وەدەرنانی داگیرکەران بنیات نا.

دیموکراسی پێش ئەوەی ببێتە سیستەمێکی دیارو ئاشکرا، پێویستی بەوە هەیە کـە زەمـینەی ئـەو بوونەی هەبێت. کـارل پۆپەر پێی وایە کـە دەبێت ئەم زەمـینـانە بۆ

پەیدابوونی دیموکراسی هەبن کە ئەوانیش، ئاشتی، کەمکردنەوەی توندوتیژی، دەوڵەتی یاسا، هاوپشتیی کۆمەڵایەتی و گەشەی ئابووری و پەروەردەو فەرهەنگێکی گونجاو، باشترین زەمینەن بۆ سەوزبوون و گەشەکردنی دیموکراسی. هەر چەندە ئەم زەمینانە لەناو خودی خەڵکدان و دانیشتووان چاوگەی پەیدابوونی ئەو ئامادەسازییەن، بەڵام لە وڵاتێکی وەکو کوردستاندا، کە مێژوویەکی دیموکراسیی کۆنمان نییە کەرێگابدات ئەو تواناو زەمینانەی ناو خەڵک بێتە پەیدابوون و کاریگەری، بۆیە دەبینین کەبەشی هەرە زۆری ئەم کارانە، بەناچاری و لەرێگای پێداویستییەوە، لەلایەن دەسەڵاتەوە پەیدادەبێت. کۆمەڵناسیی گەشەکردن، کە لەلایەن ئالان تۆرینەوە، بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی کۆمەڵەکانی دنیای سێیەم، داهێنراوەو بەمانای کۆمەڵناسیی پەڕینەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە دەناسرێت، پێی وایە کە دەوڵەت هۆکاری سەرەکییە بۆ گواستنەوە لە شێوازێکەوە بۆ شێوازێکی دیکەی ژیان و دەسەڵات و پەرەسەندن(١٤). بەم شێوەیە تێ دەگەین کە بەشی هەرەزۆری ئەو کارە (پەڕینەوە بۆ سەردەمی دیموکراسی) دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵات و دەوڵەت و دەتوانێت کە ڕۆڵی کاریگەر ببینێت بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەو کارە.

بەبڕوای من گەورەترین کارەسات و ڕێگری لەبەردەم دیموکراسیدا لە کوردستان، پەیدابوونی شەڕی نێوان هەردوو بەشەکەی دەسەڵاتی کوردییەو ئەو شەڕە یەکەمین بناغەو زەمینەی سەرهەڵدانی دیموکراسیی نەک تەنها کزو لاواز کرد، بەڵکو هیچی وای نەمابوو لەناوی ببات و ئەو یەکەمین بناغە و زەمینەیەش، بێگومان ئاشتییە. شەڕی نێوان دەسەڵاتی کوردی (کە خۆشبەختانە خەریکە بەرەو نەمان چووە)، لەبەر ئەوەی کە لەسەرەوەی کۆمەڵدا بەرپابوو و بەشی هەرە زۆری خەڵکیش سەربەو دوو دەسەڵاتە بوون، بووە شەڕی نێوان سەرتاپا کۆمەڵی کوردستانی و هیچ نەبێت بۆ ماوەی چەند ساڵێک توانیی گورزی کاریگەر لەو زەمینەیە بوەشێنێت و تەنانەت کرانەوەو شەفافیەتی کۆمەڵی کوردەواریشی تووشی داخران و لێڵبوون و تەماویبوون کردو سەرەنجام کورد و دیموکراسی، زیانمەند بوون. بوونی ئاشتی هەر تەنها ئەوە نییە کە حزبەکان شەڕ نەکەن، بەڵکو دەبێت هۆیەکانی توندوتیژی و دوژمنایەتی لەناو

کۆمەڵدا نەمێنێت و بێگومان بوونی ئەو هەموو هەڵاواردن و ئیمتیازە زۆرو زەوەندانە باشترین خاک و زەمینەن بۆ بوونی توندوتیژی و دوژمنایەتی.

ئەمڕۆ لە وڵاتی ئێمەدا گەلێک هەڵاواردن و ئیمتیازاتی جۆربەجۆر بۆ حزبەکان، خێڵەکان، خاوەن سەرمایە و بازاڕەکان و تەنانەت بنەماڵە و تاکەکان هەیە و دەسەڵات و یاسای ناو کوردستانیش هیچ کارێک ناکات بۆ نەمان و نەهێشتنی ئەو ئیمتیازاتانە، کاتێک کە باسی دەسەڵات و سیستەمی نوێنەرایەتی دەکەین و بەپێی ئەو مستیۆدەی کە لە بەشی یەکەمدا باسم کرد، دەبێت دەسەڵاتی ناو بەناو و تازەکردنەوەی هەڵبژاردن و دەستاودەستکردنی دەسەڵات گەرەنتی بێت لە بەرامبەر ئەو دەسەڵاتە زۆرینەو هەڵبژێردراوەدا. لە کوردستاندا ئیمتیازی دینێک بەسەر دینێکی دیکەدا بەئاشکرا دەبینرێت، لە کوردستاندا دینی ئیسلام، هەموو ئیمتیازێکی بەناوی دینی زۆربەوە هەیەو لەکاتێکدا دینەکانی دیکەی کاکەیی، ئێزیدی و مەسیحی کەمتر لە مافەکانی خۆشیان هەیە. بوونی حزبە ئیسلامییەکان (کە هەروەکو باسمان کرد فەرهەنگی دیموکراسی ڕێگرە لەبەردەم دروستبوونی حزبەکان، چونکە ئۆرگانن بۆ دەسەڵات، لەسەربناغەی دینی، نەتەوەیی، چینایەتی و ئایدۆلۆژی. لە دیموکراسیدا تەنها دەتوانێت بەناوی نیشتمانی و دیموکراتی، ئازادی و هاووڵاتی و هەر ناوێکی دیکە کە تەعبیر لە فەرهەنگی گشتی و هاووڵاتی بکات، حزبەکان دروست بکرێن) بەوهەموو ئیمتیازە زۆرانەوە، لەکاتێکدا کە یاسای حزبەکانی کوردستان ڕێگرە لە دروستبوونی حزبەکان لەسەر بناغەی نەتەوەیی، دینی، ئایدۆلۆژی و چینایەتی و تەنانەت ڕێگریشە لەبەردەم ئەو بەرنامانەی کە دەیانەوێت حزبەکان لەسەر ئەو بیرو باوەڕانە دروست بن، یەکێک لەو هێرشانەی کە دەکرێتە سەر ڕەهەند و ئاستەکانی دیکەی دیموکراسی (هاووڵاتیبوون، دەسەڵاتی نوێنەرایەتی و ئازادیی گشتی) کە لەلایەن ڕەهەندێکی تایبەتی دینییەوە بەرهەم دەهێنرێت.

لەکاتێکدا هەندێک خەڵک بەهۆی هێزو دەسەڵاتی ماڵییانەوە تاڕادەیەک توانیویانە لەبازاڕدا ئازادبن و ببنە بەشێک لە خاوەنەکانی بازاڕی ئازاد، نابێت ڕێگای ئەوەیان پێ بدرێت کە بەئارەزووی خۆیان نرخ لەسەر کالاکانیان دابنێن و دەبێت بازاڕی

ئازاد، کە بێگومان یەکێکە لە مەیدان و ئاستەکانی دەرکەوتنی دیموکراسی، بەگەرەنتییەک کە کەمترین نرخە، سنووردار بکرێت و ڕێگا نەدرێت بازاڕی ئازاد بەتەواوی ئازادبێت لە دانانی زۆرترین نرخدا و چەوسانەوەی زیاتری دانیشتووان، بەڵکو دەبێت بازاڕی ئازاد سەرپشک بکرێت لە دانانی کەمترین نرخ و باشترین جۆری کالاکان و کەمکردنەوەی هەرچی زیاتری چەوسانەوەی هاوولاتییان. بوونی بازاڕێکی ئازادی لەبابەتی ئەوەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا لە کوردستاندا هەبوو، ئایا جۆرێک هەلاواردن و ئیمتیازات نەبوو، بۆ سەرمایەداران و دەوڵەمەندان ؟

بوونی هەلاواردن و ئیمتیازات هۆکارێکی گرنگە بۆ کەمکردنەوەی هاوپشتیی کۆمەلایەتی و ڕێکەوتن و کۆدەنگیی نێوان دانیشتووان، کە بەهاوشانی فرەیی و جیاوازی دەتوانێت بناغەو زەمینەیەکی گرنگ بۆ ئاشتی و هاوپەیمانیی کۆمەلایەتی فەراهەم بکات.

یەکێکی دیکە لە سیماو چالاکییە گرنگەکانی سەردەمی دیموکراسی و بەتایبەتی لە ولاتانی پەرە ئەستێنی جیهانی سێیەمدا، وەکو کوردستان، دەسەلاتی یاسا و سەروەریی یاسایە کە هەمووان هەست بکەین کە ئەو یاسایە سەروەرە و دەمانپارێزێت و بەجۆرێک کە کارل پۆپەر پێی وایە دەسەلاتی یاسا دەبێت دەسەلاتێکی ڕەهابێت[١٥] و هیچ کەس و دەسەلات و فەرهەنگێک بۆی نەبێت کە لەسەرووی یاساوە بێت.

لەوانەیە جوانترین مانای چەمک و دەسەلاتی یاسا لەلای مۆنتسکیۆ پەیدای بکەین کە دەڵێت: (یاسا، بەشێوەیەکی گشتی، عەقڵی مرۆڤایەتییە کە دەتوانێت بەسەر تەواوی خەڵکی زەویدا دەسەلاتی هەبێت). بەشێوەیەکی دیکە ئەگەر بمانەوێت باشتر وتەکەی مۆنتسکیۆ بناسین دەبێ بڵێین؛ کە یاسا ئەنجامی کارکردی عەقڵی مرۆڤە لە چوارچێوەی سیستەمی کۆمەلایەتیدا. کارکردی عەقڵی مرۆڤ بەمانای دۆزینەوەی ئەو عەقڵە پراتیکییە کە دیاریکەری سنوورەکانی یاسادانەری تاکی ناو کۆمەڵە وەکو تاکێک کە جێگاو ڕێگای ئازادی و هەڵسووڕانی هەبێت. بەو شێوەیە، سنووری ئازادی و کاری تاکی کۆمەلایەتی کە لەلایەن یاساوە دەستنیشان دەکرێت لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ئازادی ئەوانەوە پەیدادەبێت. سەرەنجام یاسا گشتێکی جیا و

سەربەخۆ لە ئیرادەی تاکی ئازاد و کۆمەڵایەتی نییە و بەڵکو گشتێکە کە لەناویدا پەیوەندیی هەرکەسێک بەیاساوە بەشێوەی بکەری یاسایی دەناسێنێت. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین کە گشتیبوونی یاسا زامنکەری ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی و ئازادیی تاکەکانە لەناو ئەو گشت و کۆمەڵەدا. لەڕاستیدا، ڕەسەنیی یاسا لە پەیوەندیی نێوان گشتیبوون و تاکەکاندا دەبینرێت، بۆیە دەبێت کە یاسا بەتەنها بەسنووری ئیرادەی یەک کەس، یەک سازمان یان دەزگا، یەک حزب یا گرووپی کۆمەڵایەتییەوە نەبەستینەوە و هەر یاسایەک بەو جۆرە بێت، یان بەو جۆرە کاربکات، هەموو جۆرە ڕەسەنایەتی، گشتیبوونی و ئازادیی خۆی لەدەست دەدات و بەو وتەی ئەفلاتوون: هەر یاسایەک کە تەنها بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی بەشێک دادەنرێت، لەخۆیدا ناوی یاسا نییەو بەڵکو دەبێت وەکو پەیڕەوی حزبەکان، یان کۆمەڵەکان، یان دینەکان، چاوی لێ بکرێت و لە سنوورەکانی یاسادا جێی نابێتەوە[١٦].

ئەوەی ئێستا بۆ ئێمەی خەڵکی کوردستان گرنگە، ئەوەیە کە بزانین سەرەتاو ئەولەویەتەکانی دیموکراسی بۆ سازکردنی زەمینەی دەستپێکی ئەو سیستەمە چییە و چۆن ئەو سەرەتایانە بەدی دێت (هەر چەندە زەمینەیان لەناو کۆمەڵ و خەڵکدا هەیە)، بەڵام دەبێت لەلایەن هێزو توانای خودی کۆمەڵ و دەسەڵاتی کوردییەوە (کە بەپێی دیدی ئالان تۆرین ئەو دەسەڵاتە هۆکاری سەرەکییە بۆ پەرینەوە بۆ دیموکراسی) ئەو ئامادەییانە بکرێتە هێزێکی زیندوو، بەردەوام و هەمیشە ئامادە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵێکی دیموکراسی پڕ لە ئاشتی، دەسەڵاتی یاساو کەمکردنەوەی هەڵاواردن و ئیمتیازات (گرتنەبەری سیاسەتی هاولاتی) ئەو سەرەتایانەن کە هەموو کۆمەڵێک دەبێت هەیبێت بۆ پەڕینەوە بۆ دیموکراسی و بنیاتنانی ئەو سیستەمە. ئەو سێ زەمینەو ڕەهەندە (ئاشتی، دەسەڵاتی یاسا و هاوولاتیبوون) دەبنە هەنگاوی یەکەم و پاشان هەنگاوەکانی دیکەی دیموکراسی دێتە دی و دەتوانین بناغەیەکی پتەوو یاسایی و یەکسانی بۆ ئازادییەکی داکۆکیکەر نەک هێرشبەر، هاوپشتی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی، گەشەی ئابووریی و سەرەنجام لە کۆی ئەمانە دەتوانین پەروەردە و فەرهەنگێکی دیموکراسی و شارستانی بەدەست بێت و کوردستانیش بەهۆی ئەمانەوە دەبێتە کۆمەڵ و سیستەمێکی ئازادی، فرەیی، کۆدەنگی، یاسایی و

شارستانی و له قۆناغی داگیرکراو و کۆیلەتییەوە دەچینە قۆناغێکی باشترو گونجاوتر و زیاتر لە سنوور و ڕەهەندەکانی مرۆڤی ئێستا و حەقیقەت نزیک دەبینەوە. بەبڕوای من باشترین کار ئەوەیە کە ئێستا باسی سەرەتاو دەستپێکەکانی دیموکراسی بکەین و بەرئەنجام گەشەکردنەکان بخەینە قۆناغی ئایندەمان.

سەرچاوەو پەراوێز:

١- کارل پۆپەر، وانەی ئەم سەدەیە. وەرگێڕانی شۆڕش جوانڕۆیی، چاپی سەردەم (سلێمانی)، ٢٠٠١.

٢- ئەم وتەیە هی جاک دریدایە، کتێبی (اطیاف مارکس)، گۆڤاری سەردەم ژمارە ١٤.

٣- الان تورین، (ماهي الديمقرطية؟) دار الساقي ١٩٩٥بيروت.

٤- کارل پاپر، درس این قرن، مترجم علی پایا، تهران طرح نو ١٣٧٦.

٥- الان تورين، نقد الحداثة، ترجمة، انور مغيث المجلس الاعلي الثقافة ١٩٩٧.

تیزی سەرەکیی ئالان تۆرین لەکۆمەڵناسدا سۆسۆلۆجیای بکەرە کۆمەڵایەتییەکانە کە وەکو کاردانەوەیەک بۆ تیزی تالکۆت بارسۆنز، کۆمەڵناسی ئەمریکی، کە سۆسۆلۆجیای سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانە.. بڕوانە جان لچت، پنجاه متفکر بزرگ معاصر، ترجمه محسن حکیمی تهران ١٣٧٧ بەشی پۆست مارکسیزم

٦- یلان تورین، ماهی الديمقراطيه؟ دارالساقی بیروت ١٩٩٥.

٧- هەمان سەرچاوە.

٨- هەمان سەرچاوە.

٩- روبرت هولاب، یورگن هابرماس (نقد در حوزه عمومی) ترجمه، د. حسین بشیریه، نشرنی تهران ١٣٧٨ چاپ دوم.

١٠- کارل پۆپەر، وانەی ئەم سەدەیە. چاپی سەردەم (سلێمانی)، ٢٠٠١.

١١- تزفتيان تودوروف، نحن وآلاخرون. ترجمة، د. ربى محمود، دار المدى ١٩٩٨.

١٢- ئالان تۆرین. هەمان سەرچاوەی پێشوو

١٣- ئالان تۆرین. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٤- ئالان تورين، نقد الحداثة، ترجمة، انور مغيث المجلس الاعلى للثقافة ١٩٩٧.

١٥- کارل پۆپەر، وانەی ئەم سەدەیە.

١٦- رامین جهانبگلو، مدرن ها، نشر مرکز، تهران ١٣٧٦.

ناکۆکی و یەکێتیی نێوان کورد

زانای گەورە و فەیلەسووفی سیاسی ئەڵمانی، هیگڵ لە کتێبی «جیهانی ڕۆژهەڵات»دا، مێژووی پەیدابوونی بیر، خود و کەسایەتیی «هوشیاری» دەکات بە سێ بەشەوە و لە هەریەکێک لەو قۆناغانەدا سیفات و کاریگەریی ئەو هێز و ڕەوابییە لەسەر کۆمەڵ و مێژوو شارستانی باس دەکات. قۆناغی یەکەمی ئەو مێژووە لە ولاتی چینە، لەم ولاتە سێ گشتی بە هێز و سەپێنراو دەبنە سەرچاوەی هەموو هێزەکان. هێزەکانی دیکە، جگە لەم سێ گشتە، هیچ نرخ و بەهایەکیان نییە و ئەوەندە نەبێت کە لەژێر سێبەر و لە خزمەتی ئەو گشتانەدا بن. گشت لە چین پێک هاتووە لە سروشت، دەسەلات «ئیمپراتۆر» و باوک. وەکو ئاشکراشە مرۆڤی چینی و خودی چینی هیچ هێز و ئیرادەیەکی نییە لە دانان و لابردنی ئەم گشتانەدا. بۆیە لێرە «خود»، «ئیرادە» و «هوشیاری» ناتوانێت بوون و ڕەواییەکی سەربەخۆی هەبێت و هەموو مێژووی ئەو ولاتە مێژووی ئەو گشتانەیە و تا ئێستا گشتی سەپێنراوی دەسەلات لە بەرگی کۆمۆنیزم و دەسەلاتی تۆتالیتار درێژە بەژیانی خۆی دەدات. یەکێتی و یەکبوونی چینیش هەر یەکێتییەکی سەپێنراوی سەروو دەسەلاتی خەڵکە (خودەکان)، یان ئەو یەکێتییە بۆیە هەیە چونکە هەر گشتی سەپێنراو دەسەلات و هێزی هەیە.

قۆناغی دووەمی دەرکەوتنی نێوان «خود» و «گشت» لە هندستانە، لێرەدا گشت تێک دەشکێت و دابەش دەبێت بۆ (بەشە) جیاوازەکان، بەلام هیچ کام لەو بەشانە ناتوانن جێگای گشت بگرنەوە و لە کۆی و تێگەیشتنی هەموو بەشەکانیش، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، گشت پێکناهێنرێت، بۆیە هیگڵ بەم ولاتە دەڵێت «ولاتی بێ شیرازە» و ولاتی «العدم» نەبوون. لێرەدا نەهوشیاری، نەخود، نە ئیرادە ناتوانن ببنە خاوەنی کەسایەتیی کاریگەر لەسەر خودی خۆیان و لەسەر بەدیهێنانی گشت و لەسەر تەواوی مێژووی ئەو ولاتە، ناوێکیش لەمانە هەبێت، تەنها مانای ئەو

دیاردانەیە، نەک خودی ئەو دیاردە ئاشکراو دیار و خاوەنی کاریگەرییە.

هندستان ئەو وڵاتە گەورەیە و بەو هەموو توانا و دەسەڵاتەوە، بەڵام لە ناو خۆیدا بێ توانا و شیرازەیی، ناکۆکی برسێتی، نەخوێندەواری و سەرەنجام (نەبوون!) بەرهەم دێنێت، چونکە بە ڕاستی نەیتوانیوە «گشت» لە کۆی بەشەکان (ئاینەکان، نەژادەکان، نەتەوەکان و ناوچەکان) پێک بهێنێت.

قۆناغی سێیەمی دەرکەوتنی «ڕۆح» خود و هوشیاری و کەسایەتی لە وڵاتی ئێرانە، بە قسەی هیگڵ لە ڕۆژئاوای ئێران، لە میدیا و لە کوردستانە، لەگەڵ دەرکەوتنی «ڕووناکی» و «زانینی» دینی زەردەشتی، وەرچەرخانێکی گەورە دێتە ناو مێژووی مرۆڤایەتی و بۆ یەکەم جار مرۆڤایەتی پێ دەنێتە ناو مێژوو، چونکە بۆ یەکەم جار زانین و ڕووناکی دەبێتە ناوەرۆکی گشت. لە دینی زەردەشتدا خودا (ئاهورامەزدا) واتە (سەروەری زانا) ئەو کەسەیە کە خاوەنی زانایی، ڕووناکی، ڕاستگۆیی و ئیرادەیە و دەبێت ئافەریدەکانیشی (مرۆڤ) وەهابن، ئاهورامەزدا (فرووهەر) واتە مرۆڤ لە خۆی بە کەمتر نازانێت و بە هاوشانی خۆی دەناسێت و داوای یارمەتیی لێ دەکات بۆ شەڕی ئەهریمەن کە ڕەمزی نەزانی، تاریکی درۆ و بێ دەسەڵاتییە، ئاهورامەزدا (خودا)ی زوڵم و زۆر و سزادان نییە و هەروەکو خودای بەخشین و بەڵێندانیش نییە، داوا دەکات کە مرۆڤ لەسەر زەوی، بەهەشتێک بەو چەکانەی کە ناومان هێنان (ڕووناکی، زانایی، ڕاستگۆیی و ئیرادە) دروست بکات، بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا زانایی و ئیرادە دەبێتە سەرچاوەی هێزەکان و پاشان ئاواکردنی «گشت»ێکی دڵخواز لە کۆبوونەوەی هەموو ئەو سیفەتە جوانانەی کە سیفەتی هاوبەشی خودا و مرۆڤن، لێرەدا گشت سەپێنراو نییە، گشت لە ئەنجامی ڕێکەوتنی نێوان بەشەکان پەیدادەبێت، چونکە ئاهورامەزدا، مرۆڤ لە خۆی بە کەمتر نازانێت و داوای یارمەتی لێ دەکات بۆ جەنگی دژی زۆرداری و تاریکی.

هیگڵ لە کۆتاییی کتێبەکەیدا دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە دینی مەسیحیش بە تایبەتی مەسیحی لە ڕۆژئاوای ئەوروپا، ئاینی (مەزهەب) پرۆتستانت ڕێبازێکە کە کاریگەریی دینی زەردەشتی لەسەرە و شارستانی ئەوروپا و بە تایبەتی گەلانی جەرمانی لە

ئەنجامی ئەو (ڕێکەوتنەی) نێوان بەشەکاندا دروست بووە، لە ڕاستیدا تا ئێستا نهێنیی ئاسوودەیی و بە هێزی و شارستانی ئەورووپای ڕۆژئاوا دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوتنی نێوان بەشەکان، هێزەکان، خودەکان و ڕەواییەکان و توانیویانە لە کۆی ئەمانە کشتێکی دڵخواز پێک بهێنن و پێشکەوتنێکی بەرچاو و کاریگەریش ئاوا بکەن کە لە بەرژەوەندی هەموو بەشەکاندا بێت.

داوای لێبووردن لە خوێنەرانی بەڕێز دەکەم بۆ ئەو پێشەکییە درێژە، بەڵام ئەگەر وا نەبووایە نەدەکرا، یان لە ڕاستیدا من نەمدەتوانی مەبەستی خۆم بەیان بکەم، لە کوردستانی پاش نەمانی گشتەکان، لە دوای سەردەمی ڕابەرە بەهێزەکانەوە، پاش پەیدابوونی چەند «بەش»ی کوردی و چەند «خود» و چەندین «هۆشیاری» و چەندین «ئیرادە»، ناتوانرێت کە یەکێک لەو بەشانە ببێتە گشتێکی سەپێنراو. ئەو سەردەمانە کە یەکێک لە ڕابەرەکان، خێڵەکان، ڕاپەڕینەکان، شێوە زمانەکان، ناوچەکان و ئامادەییەکان، بووبوونە «گشتی سەپێنراو!» لە بەر دوو هۆی گرنگ، یەکەم بە هۆی بەهێزی و بە توانایی ئەو ڕابەرانەوە (بەشانەوە) بوو، دووەمیش لەبەر بێ هێزی بەشی هەرە زۆری نەتەوەی کورد بوو، بەڵام ئێستا ئەو گشتانە بەرەو بێ هێزیی هەنگاودەنێن و لە ڕاستیدا لە گشتبوون کەوتوون و بەشەکانی دیکە بەرەو بەهێزی هەنگاو دەنێن و قبووڵ ناکەن کە ببنە یان (بە زۆر بکرێنە) بەشێکی حساب بۆ نەکراو و لە پەراوێزدا دانراو. ئێستا لە کوردستاندا چەندان حزبی بەهێز و خاوەن مێژووی سەروەری و قوربانیدان هەیە، ئێستا لە کوردستاندا گەلێک ڕێبازی ئاینی جیاواز لە ئیسلام هەن (ئەهلی حەق، ئێزدی، عەلەوی، شەبەک) و وێڕای جیاوازیش لەناو (ئاینە) ئیسلامییەکان (واتە بوونی تەسەوف، قادری، نەقشبەندی، مەولەوی و نوورسی) لە کوردستاندا چەندین ئامادەیی (ئابووری، مەعریفی، سەربازی و کۆمەڵایەتی) جیاواز هەیە، بە ڕاستی ناکرێت لە سەردەمێکدا کە ئەو هەموو جیاوازی و فرەییە هێز و دەسەڵاتی یەکێک «بەشەکان» بسەپێنێت و ببێتە «گشت!» و دەوری بەشەکانی دیکە بسڕێتەوە. سەرچاوەی یەکەمی ناکۆکیی نێوان کورد، بە داخەوە لەوە پەیدا دەبێت بەشێکی زۆری خودەکان و هێزەکان، هێز و ڕەوایی بۆ ئەوانی دیکە بە سروشتی نابینن و هەموو ڕاستی و ڕەوایی تەنها هەر لەلای خۆیان

دەبینن، ئەو ڕەوشە کاریگەرییەکەی هەر بەوە نەوەستاوە کە ئەو هێزانە لەناو خۆیاندا ناکۆکن، بەڵکو لەسەر ئاستی وڵات و کۆمەڵیش کاردانەوەی خراپی هەبووە. تەماشا دەکەیت پێشکەوتن و کاری بە کۆمەڵ و بەرپرسیاریی نیشتمانی زۆر بەرەو لاوازی دەچێت، لە سەردەمێکدا کە کەمترین (ڕێکەوتن) لە نێوان هێزە کوردەکاندا هەیە، لە سەردەمێکدا کە کەمترین کاری نیشتمانی و بە کۆمەڵ لە گۆڕێ نییە، لە سەردەمێکدا کە هیچ پرۆژەیەکی یەکێتی نەتەوەیی و لە ئەنجامی کۆبوونەوەی ئەو بەشانەدا نییە، لە سەردەمێکدا کە پارچەکانی کوردستان زیاتر بە یەکتری دوور دەکەونەوە ئایا دەتوانین خەیاڵی ئەوە بکەینەوە کە خزمەتی وڵات و نیشتمان بکەین، کە پرۆژەیەک بۆ خزمەتی گشتی پێشنیاز بکەین، یان هەوڵ بدەین کە ئەو ناوچانەی کە ئێستا ڕزگار نەکراون، ڕزگار بکەین، بە داخەوە تەنها ناکۆکی و نەبوونمان بەرهەم هێناوە.

یەکەمین کارێ کە ئێستا لە بەردەم چارەنووسی کوردستاندا کاریگەریی گرنگی دەبێت، دیسان قبووڵکردنەوەی ئەو پرەنسیپەیە کە ئێمە هەموومان هەموو بەشەکان تەنها بە (ڕێکەوتن) دەتوانین گشتێکی کوردستانیی دڵخواز دروست بکەین و بیکەینە سەرچاوەیەک بۆ هەموو کارەکانی ئایندە و سەرچاوەیەک بۆ پێکەوە بەستنی حزبەکان، پارچەکان، ئاینەکان و ئامادەییەکان. لە ڕاستیدا کورد هەموو زەمینە و سەرچاوەکانی کاری گشتی و بە کۆمەڵی هەیە، کورد لەو مەیدانانەدا توانیویەتی نەتەوەیی بوونی خۆی بپارێزێت، کورد توانیویەتی زمانی کوردی بپارێزێت و بتوانێت زمانی جیاواز و سەربەخۆی خۆی بهێڵێتەوە و هەموو ئەمانە دەبنە گشتیبوون و ئەو کۆبوونەوەیەش بە دەوری خۆی دەتوانێت ببێتە سەرەتایەک بۆ بەدیهێنانی پرۆژەیەکی نەتەوەیی و یەکێتیی بەشەکان و ڕێکەوتنی نێوان خودەکانی ناو کورد سەرەتای هەنگاوەکانی دەست پێ دەکات.

لەو وڵاتانەی کە خاوەنی دەوڵەتن دەستوور دەبێتە سەرچاوەیەک و پەناگەیەک بۆ هەموو بەشەکان و دەکرێتە گشتێکی دڵخوازی نێوان هەمووان، بەڵام ئەگەر ئێمەی کورد نەتوانین دەستوورمان هەبێت، خۆ دەتوانین کۆنگرەیەکی بەهێزی یەکبوون و دامەزراندنمان هەبێت و بیکەینە سەرچاوەیەک بۆ وەلانانی ناکۆکی و گەورەکردنی

خاڵە هاوبەشەکان و ئاواکردنی یەکێتیی بەهێز و قبووڵکراو لە لایەن هەمووانەوە. ئەو کۆنگرەیە دەتوانێت کۆنگرەی حزبەکان، پارچەکانی کوردستان، ئاینەکان و ئامادەییەکان و زاراوەکان بێت و بۆ پێکەوەنانی سەرچاوە و بناغەیەکی دیموکراسی و گشتی بۆ کوردەواری، بەڵام سەرەتای ئەو کارەش بەوە دەست پێ دەکات، کە هەریەکە لەلای خۆیەوە خودەکانی دیکە، هێزەکانی دیکە، ڕەواییەکانی دیکە بخوێنێتەوە و چۆن خۆی بە خاوەنی ڕاستی دەزانێت، ئاوا ئەوانیش بناسێت.

مەسەلەی ڕێکەوتن و سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی گشت بۆ ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی سەروەری و دەوڵەتن، ئەگەر مەسەلەی بەردەوامبوون و پێشکەوتن بێت، ئەوا بۆ کورد ئەو پرسە دەبێت جێگەی بوون یان نەبوونی کورد، واتە (کوردبوون) تەنها و تەنها بە یەکێتی و ڕێکەوتنی نێوان بەشەکان دەتوانێت بوون و هێز و بەردەوامبوونی هەبێت.

تا ئێستا زۆر جار باسی وشەی هەق و ڕەواییمان کرد و ئاماژەمان بەوە دا، کە بە داخەوە «بەشەکانی» کورد هەقیقەت و ڕەوایی نێوان خۆیان نابینن و هەریەکە ئەوی دیکە بە ناهەق و ناڕەوا دەزانێت.

بۆئەوەی بتوانین لە چەمکی «هەق» و «ڕەوایی» تێ بگەین پێویستمان بە لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی، سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبێت، بۆ زانینی کاریگەریی گرنگی ئەو دیاردەیە لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی پەیدابوون و هاتنەدیی هەق و ڕەوایی لە سەردەمە مێژوویی و ساتە فەلسەفییەکاندا بەم جۆرە بووە.

سەردەمی یەکەم (ساتی یەکەم):

بەدەستهێنانی بیر، هێز و ڕەواییە، کە بابەتی ئەم زانستە فەلسەفییە سیاسییە بریتییە لە بیری هەق، واتە بیرکردنەوەی گشتی سەبارەت بە مافەکان و هاتنەدی و جێبەجێبوونیان. بیرکردنەوەی گشتی بۆ هەق بریتییە لە خودی عەقڵ و سروشتی عەقڵانی ئەو بابەتە و دەتوانین بە شێوەیەکی ڕوونتر بڵێین کە بابەتی هەق و ڕەوایی، بیرێکی ژیرانەیە سەبارەت بە هەق و بەدیهاتنی ئەو عەقڵە.

ئەو کاتەی مرۆڤ بیری کردەوە، بڕیاری دا کە مافەکانی خۆی لە سروشت و کۆمەڵ بستێنی، ئەو کاتەی مرۆڤ بەری درەختەکانی خوارد، ئاژەڵی ڕاوکرد،

خانووی دروست کرد بۆ ژیان، خێزانی پێکەوەنا، لە کۆی چەند خێزانێک خێڵی دروست کرد، لە کۆی چەند خێڵێک میللەت «القوم»ی دروست کرد و لە ئەنجامی یەکگرتنی دوو میللەت یان زیاتر نەتەوەی پێک هێنا، توانیی کاریگەری بکاتە سەر سروشت و کۆمەڵ، توانیی بیر و بیرکردنەوەی سەبارەت بە ژیان و (مافەکانی کە بە دەستی خۆی بەدی هێنابوو، جێبەجێی دەکرد بەرهەم بهێنی) ئەوکاتە هێز و ویستی پەیداکرد و لە ئاکامی بەردەوامبوونی ئەم هێزانەدا خۆی سەلماند و توانیی لە سروشت خۆی جیابکاتەوە و کاریگەریشی لەسەر خودی سروشت دابنێ.

بەم شێوەیە لە سەردەمی یەکەمدا (لە ساتی یەکەمدا) کاریگەریی لە سروشت کرد و بە دەستی خۆی مافەکانی خۆی سەند، بیرکردنەوەی خۆی سەبارەت بە مافەکان و هێزی خۆی نەخشاند و توانیی سروشتی عەقڵانی بە هەق ببەخشێت و وا بکات کە بیرکردنەوەی مافی هەبێت و بە پێی وتەی هیگڵ «ڕۆحی خودی» خۆی بەدەست بهێنێت و ڕاستەوخۆ توانیی خۆی لە سروشت جیابکاتەوە و بتوانێت بە شێوەی «خود»ێکی سەربەخۆ دەربکەوێت و ببێتە خاوەن سنوورەکانی خۆی.

واتە سەردەمی یەکەم لە ڕەوایی بەدەستهێنانی خود و بیرکردنەوەی عەقڵانی و خاوەن مافە، دەربارەی «خود».

سەردەمی دووەم (ساتی دووەم):

وێڕای ئەوەی کە خود توانیی خۆی و مافەکانی و بیرکردنەوەی ژیرانە، پاش ئەوەی لە سروشت و کۆمەڵ «بابەت» جیابووەوە، بەڵام سروشت و کۆمەڵ کە سەرچاوەی بەدیهێنانی ئەو دیاردانەیە وەکو «بابەت»ێکی سەربەخۆ لە خود هەر دەمێنێتەوە و هەروەکو چۆن خود ڕەوایی خۆی بەدەست هێنا، بە هەمان شێوەش بابەت دەتوانێ کاریگەریی گەورە لەسەر مرۆڤ و هێزەکانی و بیرەکانی بکات. ئەو بەرهەمانەی کە مرۆڤ بەدەستی هێنا لە خود، بیر و ڕەواییی ئەوانیش سەرەڕای ئەوەی کە کاریگەرییان لەسەر خودی مرۆڤی خاوەندار هەیە و کاریگەریی بابەتیشیان لەسەر مرۆڤەکانی دی و لەسەر کۆمەڵیش (کە لە چەندین مرۆڤ) پێک هاتووە، هەیە واتە بەدەستهێنانی بیر، هێز ئیرادە و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی (خێزان، خێڵ، دابەشکردنی کار، دەسەڵات) هەرچەندە بەرهەمی خودی مرۆڤە و لە ئەنجامی

پێداویستییەکانی مرۆڤەوە بەرهەم دێت، بەڵام ئەم بەرهەمانەش کاریگەریی بابەتییان لە خودی مرۆڤەکە و ئەوانی دیش دەبێت. کاتێک کەسێک خێزان پێک دەهێنێت ئەوکاتەی خودی ئەو خێزانە (پێکهێنراوە) کاریگەریی بابەتیی دەبێت لەسەر هەردوو کەسی خێزانەکە (ئافرەت و پیاو) واتە کاریگەرییەکە لەهەردوو سەرەوە دەبێت لەسەر یەکتری و سەرەڕای پێداویستییە ماددی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی خێزان.

واتە خێزان کە بەرهەمی پێداویستییەکانی «خود»ە، بەڵام لە ساتی پێکهێنانییەوە دەکەوێتە ئەوەی کە کاریگەریی بابەتی بکاتە سەر ئەوانەی کە پێکیان هێناوە، کاریگەریی بابەتی واتە کارلێکردنێک کە لە سەروو ویست و هێزی مرۆڤەوە دەبێت. بیریش هەر بەو شێوەیە، بیر بەرهەمی پێویستی و ژیانی مرۆڤە، بەڵام هەر لە ساتی پێکهاتنییەوە کاریگەریی بابەتیی لەسەر مرۆڤی خاوەن بیرو ئەوانی دیکە دەبێت، هەموو دامودەزگا کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکان و هەموو مێژووی مرۆڤایەتیش کە ئەمانەن هەموویان بەرهەمی بیر و هێز و ئیرادەی«خود»ن بەڵام وێڕای کاریگەریی خودی، کاریگەری بابەتی و سەروو دەسەڵاتی خۆیان دەبێت.

بەم شێوەیە ئەم بەرهەمانە، ئەم بیرانە، ئەم هێزانە و ئەم خودانە دابەش دەبێت بۆ خود و بۆ بابەت و دەبێتە پێداویستییەکی هۆشیارانە، کە ئەمەش (زانست و فەلسەفە) لێی دەکۆڵێتەوە و مێژووش پەیدادەکات و پاشان هۆشیارییش دەگاتە پلە باڵاکانی دیکەی عەقڵ وەکو (زانین، بیرکردنەوە و ئیرادە).

مارکسیزم بەم سەردەمە و بەم ساتە فەلسەفییە دەڵێت: (بوونی ماددی)، بەڵام هیگڵ ناوی دەنێت (ڕۆحی بابەتی) و مرۆڤایەتیش سەرەنجام دەگاتە زانست، فەلسەفە و مێژوو، چونکە کاریگەریی هێزەکانی مرۆڤ و ڕەواییەکانی تەنها ناوەستێتە سەر کارکردن لە مرۆڤ بەڵکو لە ئاستێکی بابەتی و لە سنووری سروشت و کۆمەڵدا کاریگەریی گەورەی دەبێت یان باشتر بیناسێنین کارلێکردنی گەورەیان لەسەر یەکدی دەبێت واتە خود و بابەت. بۆیە تەماشا دەکەین کە ڕۆحی بابەتی (کە سەرچاوەکەی هەمان هێزی خودی و هێزەکانی سروشت و کۆمەڵە) دەبێتە ئەو ڕۆحە کە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی عەقڵانیی پێداویستییەکانی ڕۆح و خود، پاش ئەوەی کە خودەکە بەجێ دەهێڵێت و کاریگەریی لە جیهانی دەرەوەی خۆی دەکات

(ئەم دنیـایەی دەرەوە مـەبەست لـە سـروشت نیـیـە، چونکە سـروشت بە بـوون و بە نەبوونی مـرۆڤـیش هەر هەیە)، بەڵکو مـەبەست بیـروباوەڕی مـرۆڤـە لـەسـەر کۆمـەڵ و دەوروبەر و پێداویستـییـەکانی، ئەم جیـهانەش بە گشتـی دنیای دەزگا و دامـەزراو و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە وەکو زمان، یاسا، خێزان، کۆمەڵ، دەسـەڵات، دابونەریت، ئەرک و مـافـەکان، ئاکارەکـان «الاخـلاق» و گشت پەیوەنـدییـە کۆمـەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگییەکان.

سەردەمی سێیەم (ساتی سێیەم):

کۆبوونەوە و کـارلێکردنی هـەردوو خود و بابەت، یان ڕۆحی خودی و ڕۆحی بابەتی، هەر لەسـەر ئاستی مـرۆڤە خـاوەندارەکان و لایەنە خـودییەکـان نابێت، بێگومـان وەکو باسـمـان کرد لەسـەر ئاسـتـی کۆمـەڵ و تەنانەت سـروشـتـیش دەبێت، چـونکە مرۆڤ توانیـویەتـی و ئەوەندەی بۆی کـرابێت دەسـتـکاریـی سـروشـتـیش بە قـازانجی خـۆی بکات. بـەڵام دیسـان و سـەرەڕای بـوونی هێـزی کـاریگەری خـود، هەر ناچار دەبێت پێـویستی بابـەت بێت، جـا یان ئەو بـابەتە خـودی کـۆمـەڵ و سـروشـتـە یان هـەروەکو ئامـاژەمان پێ دا کاریگەریی بابەتییانـەی هێزەکانی مرۆڤ و خودە، بۆیە پەنا دەبرێتە بەر یەککگرتنی ڕەوایـی و هێـزی خـودی لـەگـەڵ ڕۆح و هێـزی بابـەتی و لێـرە بەدواوە گەلێک بەرهـەمی گرنگی مێژوو، زانین و ئیـرادە لە کـاروانی مرۆڤـایەتیدا پەیدادەبێت کــە ئەوانیش ئەفـســانە، دین، فــەرهــەنگ، وەهـم و فــەنتــازیاکــان. لە ســەردەمــە ســەرەتاییـەکـاندا ڕەوشی مـرۆڤ زیاتر ڕەوشـێکی ئەفسـانەیی و دینییـە، بەڵام پاش ئەوەی کە زیاتر هێز و زانین پەیدا دەکات ڕەوشـەکە دەبێتە ڕەوشـێکی کۆمـەڵایەتی و زانستی زیاتر. لە سەردەمـە کۆنەکاندا و لە پەرستنی ئەفسـانەیی و دینیدا مرۆڤ ئەو وێنانـەی دەپەرست کـە تێکەڵاو بـوون لە وێنە و سـیـفـەتەکـانی خـۆی لەگـەڵ وێنە و سـیفـەتەکانی سروشت و ئەو هێزانەی کە ئەم پێیان نەدەوێرا. بۆیە تەمـاشـا دەکەیت کـە خـوداوەندی پێک هێنا و لە تێکەڵاوێک لە وێنە و سـیـفـاتەکـانی خـۆی و وێنە و سـیفـاتەکانی کە ئەم دەرۆسـتـیـان نەدەهات، یان دەسـتـی پێـیا نەدەگەیشت و لێـیـان دەترســا، بـەڵام لە ســەردەمـی پێـشـکـەوتندا مــرۆڤ دروست وێنە و ســیــفــاتە ڕاسـتـەوخـۆکـانی خـۆی دەپەرسـتی و تـوانیی ئەو سنوور و وێنانەی کـە جاران خۆی

لەوان بە کەمتر دەزانی لە خۆیدا بەرجەستە بکات و هەندێک جار تێشی دەپەڕاند، درۆکهایم زۆر ڕێک بۆی چووە کە دەڵێت:

مرۆڤ ئێستا ڕاستەوخۆ خۆی دەپەرستێ، سەرەڕای بەدیهاتنی ئەم هێزانە و ئەم کاریگەریی یەکگرتنانە تەماشا دەکەین کە مرۆڤ بە تەنها خۆی ناتوانێت هێزەکانی خۆی، سنوورەکانی خۆی، ڕاستییەکانی خۆی، مافەکانی و ڕەواییەکانی بەدەست بهێنێت و لە بەرامبەریشدا هێزەکانی دی هەر بەو جۆرە پێویستییان بە یەکگرتن بوو، جا ئەو هێزانە ئایا مرۆڤەکانی دیکەن؟ یان چینەکانی دیکەن، یان نەتەوەکانی دیکەن و بە تەنهایی ناتوانن ژیان بەسەربەرن و لە سەردەمی بەهێزبوونی هێزە کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و سیاسییەکاندا ڕەواییەکانی نابەسترێتەوە تەنها لە لایەنێک لەم لایەنانە، بەڵکو پێویستە بۆئەوەی بیرکردنەوە و هێز و ڕەوایی بگاتە ئەنجامی پێشکەوتوو مرۆڤانەی خۆی، ساتی چوارەم و سەردەمی چوارەم بێتە دی.

سەردەمی چوارەم (ساتی چوارەم):

ڕێکەوتنی نێوان «خود» و «بابەت» بە تەنها ناتوانێت لێکۆڵینەوەیەکی کاریگەر بێت لەم سەردەمەدا کە بە سەردەمی بەهێزی و ڕەوایی گەورەی نێوان خودەکانە، واتە گەلێک خودی بەهێز و خاوەن دەسەڵات پەیدابوون کە ئەوانی کاریگەریی خودی و بابەتییان لەسەر خۆیان و ئەوانی دیکە هەیە. جا یان ئەوەتا ئەو کاریگەرییە دەبێتە سڕینەوە و لەناوبردنی خودەکانی دیکە لە لایەن یەکێک لە هێزەکانەوە، هەروەکو چۆن بەردەوام هێزەکان و خودەکانی داگیرکەری کوردستان دانیان بە بوون و بە ڕەوایی کورد نەناوە و هەوڵی لەناوبردنیان داوە لە بەرامبەریشدا خودی کوردی و خەباتی چەکداری ئەو خودە دروشمی ڕووخانی دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی بنیات ناوە واتە کاردانەوەی کوردیش لە ئاراستەی لەناوبردنی خودەکانی بەرامبەر بووە (ئەگەر بۆی کرابێت) یان چۆن (بە داخەوە) لایەن، هێز و خودەکانی نێو کوردستان هەوڵی لەناوبردنی یەکیان داوە، واتە سڕینەوەی بیر، هێز و ڕەوایی بەرامبەر، یان چۆن سوپای داگیرکەری عەرەبە ئیسلامییەکان دەیانویست بیر، دین و ڕەوایی میللەتانی دەروبەر لەناوبەرن و بیانکەن بە ئیسلام، واتە شتێکی جیاواز، سەربەخۆ و ڕەوا لە ئیسلام نەهێڵن یان چۆن کۆمۆنیزم دەیویست بە (دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا) چینەکەی

بەرامبەر و هێزەکەی و بیرەکەی و فەرهەنگەکەی نەهێڵێت و سەرەنجام ئەوەی فاشیزم دەیویست، سڕینەوەی نەژادی غەیری ئاری و، ئەمانە هەموویان دەتوانن نموونەی باش بن بۆئەوەی مرۆڤایەتی نەگاتە خاڵی چوارەم و سەردەمی (ڕێکەوتن) لە نێوان هێز و بیرو ڕەواییەکاندا ئەویش بە داخەوە بە لەناوبردنی بەرامبەر. لەو کاتەی مرۆڤایەتی پێی ناوەتە سەردەمی چوارەم و سەردەمی بوونی چەندەها هێز و بیروڕەوایی و خود، جارێکی دیکە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان ناتوانن کورد لەناوبەرن و کوردیش هیچی سەوز نەکرد لە دروشمی ڕووخانی دەسەڵاتەکان دەبوایە داوای ڕێکەوتنی لەگەڵ بەرامبەر بکردایە. جا یان ئەو ڕێکەوتنە بە پێی سەنگ و سووکی هێزەکانی لامەرکەزی دەبێت، ئۆتۆنۆمی دەبێت مافی فەرهەنگی فیدرالی یان جیابوونەوە دەبێت لە ڕاستیدا جیابوونەوە شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕێکەوتن.. چونکە لێرەدا لەناوبردنی بەرامبەر باس ناکرێت.

سوپای داگیرکەری ئیسلامی، نەیتوانی هەموو ئاواتەکانی خۆی بێنێتە دی و بە تەواوی ئەو میللەت و نەتەوە غەیرە عەرەبانە لە چوارچێوەی (ئومەتی ئیسلامیدا) بتوێنێتەوە و سەرەڕای ئەوەی کە بە داگیرکردن، باج و خەراج و سەرانە بە زۆر نەتەوەکانی دیکەیان کرد بە ئیسلام، بەڵام جارێکی دیکە ئەو نەتەوانە ڕۆحی خودی و بابەتییان خستەوە ناو ئیسلام و بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەستکاریی ئیسلامیان کرد، هەروەکو کوردناس و ڕۆژهەڵاتناس فریدریک بارت دەڵێت:

گیانی نەتەوەکان توانی شیعەی دوانزە ئیمامیی ئێرانی لەناو ئیسلامدا بۆ فارسەکان بەرهەم بهێنێت، تەسەوف و عیرفان بۆ تەواوی ئارییەکان و ئەهلی هەق کاکەیی، ئێزدی، عەلەوی، شابەک بۆ کوردەکان بێنێتەدی و جارێکی دیکە ئەو نەتەوانە وێنە ڕاستییەکانی خۆیان بپەرستن و وێنە و سیفاتە سەپێنراوەکان ڕەت بکەنەوە، کۆمۆنیزم نەیتوانی «دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا» بەردەوام بکات و سەرەنجام خۆیشی زەربەی کاریگەری بەرکەوت و بەرەو لاوازبوون و هەڵوەشانەوە کۆبوون هەنگاو دەنێت و خۆشبەختانە فاشیزم و نازیزم بەرەو لەناوچوون و دیسان جارێکی دیکە بیرەکان، هێزەکان، ڕەواییەکان، بوونەکان بە جیاوازی لە یەک مانەوە و بەردەوام بوون، ئێستا پاش ئەم هەموو لێکدانەوەیە، ئایا هێزە گەورەکانی کوردستان

دەتوانن یەکتری لەناوبەرن؟ دەتوانن هەریەکە بەزۆر خۆی بکاتە گشتی سەپێنراو؟ دەتوانن بیرەکانی دیکە، هێزەکانی دیکە، ڕاستییەکانی دیکە و ڕەواییەکانی ئەوانی تر نەهێڵن؟ بێگومان وەڵام نەخێرە و تەنها ڕێگای چارەنووسساز، سەلماندنی ئەوانی دیکە و کۆکردنەوەی «بەشەکان» بۆ پێکهێنانی ڕێکەوتن و پەیمانی کۆمەڵایەتی و ئاواکردنی گشتی کورد بوون.

سەرچاوە:

١- هيگل: العالم الشرقي. امام عبدالفتاح امام بيروت ١٩٨٤

٢- هيگل: اصول فلسفة الحق: ترجمة: د. امام عبدالفتاح امام بيروت ١٩٨٤

٣- القومية مرج العصر ام خلاصة؟ مجموعة من الباحثن المختصين، ترجمة فالح عبدالجبار، بيروت ١٩٩٥

پەیوەندی و دامەزراندنی کوردی

پێکهێنانی دەوڵەت، پێش هەموو شتێک پێویستی بە پەیداکردنی پەیوەندی و دامەزراندنی بەهێز و هاوبەش هەیە، کە بتوانێت گشت بەشەکان و چین و توێژەکانی ئەو نەتەوەیە یان ئەو وڵاتە لە پەیوەندییەکی بەهێزو بەردەوامدا بەرجەستەبکات. هەر لەسەرەتای پەیدابوونی هۆشیاری و شارستانی لای مرۆڤ پێداویستیی پەیوەندی و هاوکاری بەئاشکرا دەرکەوتووە، بەجۆرێک کە زۆربەی سۆسیۆلۆجیاو بیروباوەڕە ئاینی و سیاسییەکان یەکێک لە پایە بەهێزەکانیان پیشاندان و سەلماندنی پەیوەندی و هاوکارییە بۆ بەدیهێنان و ئاواکردنی نیشتمان، وڵات و نەتەوە.

لە کۆمەڵی کوردەواریدا بەهۆی بڵاوبوونەوەی باوەڕی دینی لە سەردەمی زۆر کۆنەوە هەر لە میهرایی، زەردەشتی، جوولەکە، مەسیحی و مانی، هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی یەکبوون یان پەیوەندیی هەمیشە وەکو پێداویستییەکی زۆر گرنگ خۆی نواندووە. نەتەوەی کورد سەرەڕای داگیرکردن و چەوساندنەوەو دابەشکردنی وڵاتەکەی لەلایەن داگیرکەرانەوە، میللەتێکی خاوەن تواناو ئامادەیی بەرچاوە لە بوارەکانی دین، زانست و زانین، ئابووری و خۆبەختکردن و قوربانیدان و ئامادەیی سەربازی. دەوری ئیدارەو دەسەڵاتی کوردی، پارتەکان و ڕووناکبیران و پێشڕەوان ئەوەیە کە ئەم ئامادەییانە بەرەوپێش بەرێت و بیان گۆڕێت بەپایەکانی دەسەڵات و دواییش بەرەو خودی دەسەڵات و قەوارەی دامەزراو و هاوبەشی کوردستان.

سەرەتای پەیدابوونی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردی، بەهۆی بەهێزیی ڕابەرە دامەزرێنەرەکانی وەکو (بەدرخان، نەهری، پیران، ڕابەرانی ئاگری داخ، دێرسیم، سمکۆ، شێخ مەحموودی حەفید، قازی، بارزانی)و بێهێزی و نائامادەیی بەشەکانی دیکەی کۆمەڵی کوردەواری، ئەو ڕابەرانە، خودی خۆیان هێزو هێمای پەیوەندی و یەکێتی ناو کۆمەڵی کوردستان بوون و بوونی ئەوان و هێزو بەردەوامییان، گەرەنتییەکی بەهێزی پەیوەندی و هاوبەشی بوو لە کۆمەڵی کوردستاندا. قۆناغی

دووەمی بزووتنەوەی سیاسی و چەکدارانەی نیشتمانی کوردستان، کە قۆناغی نەمانی ئەو ڕابەرە بەهێزانە و دابەشبوونی شۆڕش و پارتەکانی کوردە بۆ ڕابەرایەتیی جیاوازو دەرکەوتنی چەند بەرنامەو پارتی جۆراوجۆر. لەم قۆناغەدا گشتی کوردی دابەش دەبێت؛ واتە پەیوەندی و هێزی دامەزرێنەرو بەردەوامی کوردی دابەش دەبێت، کە بێگومان ئەم ڕەوشە هەلومەرجێکی زۆر سروشتییە و هەموو نەتەوەکان و کۆمەڵەکانی جیهان هەر بەو شێوەیە بەرەو پێشکەوتن و ئازادی هەنگاویان ناوە، هەروەکو زانا و فەیلەسووفی سەدەی نۆزدەی فەرەنسا «ئێرنست رینان» دەڵێت: دابەشبوون مەرجی ئازادییە[1].

بەڵام ئەوەی کە زۆر ناسروشتی و جێگای داخە ئەوەیە کە لەم قۆناغەدا کورد نەیتوانی، وەکو قۆناغی یەکەم، گشتێک ئاوابکات و پەیوەندی و دامەزراندنێکی دیکە بەرهەم بهێنێت، ئەویش بەهۆی ئەوە بوو کە هەر کام لە بەشەکان، پارتەکان، هێزەکان دەیانویست خۆیان ببن بەگشت، واتە لەڕێگای سەپاندنی خۆیان و بێدەنگ کردن و سەرکوتکردنی ئەوانی دیکەوە، ئەم قۆناغە کە تەواوی هەشتاکان و نەوەدەکان و تائێستای گرتۆتەوە بووە مایەی پەیدابوون و بەهێزبوونی شەڕەکانی ناوخۆ لە هەر سێ بەشی باکوورو ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان لەنێوان پارت و بەشەکانی بزووتنەوەی کوردی، کە گەلێک هەل و زەمینەی گەورەی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییان لەکیسی کورد دا.

کۆمەڵی کوردستان بەچاولێکەری، فارس، تورک و عەرەب و وەکو ئەوان، دەیویست بەشێک یان هێزێک یان پارتێک بەزۆر بکاتە گشت و بەشەکانی دیکە بکاتە پاشکۆ، ڕابەران و سەرکردەکان ئەوەیان لەبیر نەبوو کە ئەم سەردەمە (سی ساڵی دوایی) سەردەمی سەپاندن نییە، ئەگەر سەریش بگرێت بەبەهای نەبوونی ئازادی و پێشکەوتن و ژیانێکی بەهرەمەند دەبێت و ئەگەریش قەوارەو دەوڵەتیش بەو جۆرە بێتەدی، هەروەکو دەوڵەتە سەپێنراوەکانی عیراق، ئێران، تورکیاو سووریا دەبێت، واتە دەوڵەتی سەپێنراو و دیکتاتۆری. کوردستان بەهۆی داگیرکردن و زیاتر لەبوونی داگیرکەرێک و دینێک و فەرهەنگێک بووەتە کۆمەڵێکی فرەو جۆراوجۆرو هیچ کامیش لەو بەشانە نەیانتوانیوەو ناتوانن ببنە گشت و لەجێگای بەشەکانی دیکە کاربکەن و

ولات و کۆمەڵ بەڕەنگ و دەنگی خۆیان تاپۆ بکەن. باشترین ڕێگا کە ئێستا لەبەر دەستدایە ئەوەیە کە گشتی کوردی یان پەیوەندیی و دامەزراندنی کوردی لەڕێگای ڕێکەوتن و هاوبەشی و خوێندنەوەی بەشەکان، هێزەکان، ئامادەییەکان و پارتەکانەوە بێتە دی، واتە پەیداکردن و دروستکردنی گشتێکی دڵخواز و پەیوەندییەکی ئازادی نێوان بەشەکان لەسەر بناغەی ئەرک و مافەکانی هەموولایەک. ئێستا کاتی ئەوە بەسەرچووە کە بەشێک یان پارتێک بەزۆر خۆی بکات بەگشت و ئەوانی دیکە پەسەند نەکات یان بەجۆرێک پەسەندی بکات کە ببنە بەشی خزمەتکاری ئەو گشتە سەپێنراوە، چونکە لەڕاستیدا خۆیشی هەر بەشە. ئەم سەردەمە هیچ بەشێک ناتوانێت هەرگیز ببێتە گشت و تەنها ڕێگایەک بۆ پەیداکردنی گشت، کە هیچ کۆمەڵ و نەتەوەیەک ناتوانێت بەبێ ئەو گشتەو بەردەوامی خۆی زەمانەت بکات، تەنهالەڕێگەی ڕێککەوتن و پەیوەندیی نێوان بەشەکانەوە دێتەدی.

ئەم لێکۆڵینەوەیە پرۆژەیەکی سەرەتاییە بۆ دەرخستنی ئاسۆی پەیوەندی و دامەزراندنی پایە بەردەوامەکانی دەسەڵات و گشتی کوردی. ئەم دەسەڵاتە یان ئەم دەسەڵاتە هاوبەشانەی دامەزراندنی کوردی بەدیل نین بۆ پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، بەڵکو تەواوکەری کارەکانیانن و بەبڕوای من هەوڵێکی بەدەربەستە بۆ دیسان پێکەوەبەستن و دامەزراندنی پەیوەندی و بناغەیەکی هاوبەشی کوردەواری هاوچەرخ و ئازاد و دیموکراتی.

هەرچەندە ئێستا لەناو کۆمەڵی کوردیدا، پارتەکان هێماو بەرجەستەکەری هێزو ئامادەییەکانی ناو کوردستانن، بەڵام ئامادەییەکانی کوردستان زۆر فراوانتر لە پارتەکان و ئەو ئامادەییانە سەرچاوەی هەموو هێزو دەسەڵاتێکی ناو کۆمەڵن. ئەگەر بەوردی تەماشای کۆمەڵی کوردستان بکەین، دەبینین کە ئامادەیی (ئابووری، دینی، زانستی و سەربازی) بەشی هەرە زۆری کۆمەڵی بەخۆوە خەریک کردووە و زۆربەی کۆمەڵی کوردستان لەو ڕێگایانەوە بوونی خۆیان و خزمەتی خۆیان بۆ کوردستان بەردەوام دەکەن و ئەو ئامادەییانەش لە پانتایی و زەمینەیەکی جەماوەریدا درێژە بەژیانی خۆیان دەدەن.

هێزەکانی خەباتی کورد گەلێک جار هەوڵی لەیەکتر نزیکبوونەوەیان داوە و

تائێستــا چەند قــەوارەو چوارچێـوەیان بۆ ئەو ڕێکەوتن و پەیوەندییــە ســازداوە. بەدیهێنانی بەرەی کــوردســتــانی، کـۆنگرەی نەتەوەییی کــوردســتــان و کـۆنگرەی نیشتـمـانیی کــوردســتــان دەتوانرێت وەکــو هــەوڵێـک لەم ڕێگایەدا چاوی لێ بکرێت. وێڕای ئەوەی کــە ئەم هەوڵانـە دەبێت بە هەنـد بگیـرێت و ڕێزی لێ بگیــرێت، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت کە ئەم هەوڵانە هەموویان هەوڵی سیاسی و حزبی بوون و لە ســەرەوەی کۆمـەڵ، دەیانەویست ئەو پەیوەندی و ڕێکـەوتنە بەدی بهێنن، هەوڵدان بۆ دامەزراندنی بناغەیەکی بەهێزو بەردەوام کە گەورەترو فراوانترو جەماوەریتر بێت لەکاری حزبەکان، ئەو بناغەیە بتوانێت بۆ نەوەکانی دیکەو خەباتی ئاینده بمێنێتەوە. هەوڵەکانی ڕێکەوتن و پەیوەندی پێشوو تەنها وەکو هەوڵی (سیاسی؟) کە لەسەرەوە لەلایەن پارتەکــانـەوە بەدی هـاتووە بـۆ ڕێکەوتن و دروســـتکردنـی ناوەندی بڕیـاری سیاسی.

بەڵام هیچ هەوڵێک نەدراوە کە خەڵکی کوردستـان بەتوانا و ئامادەییـەکانیـانەوە بەشــداربن لە دامـــەزراندنی بنـاغــەیەکی پتــەو، هــاوبەش و بەردەوام کــە بتــوانێت زەمــینەیەک بۆ کــارو خــەباتی ئایندەو لە هــەمــان کــاتیــشــدا بەشــی زۆری خــەڵکی کــوردســتــان و ئامــادەیی و بەرژەوەندییـەکـانیــان بەشــداربکات لە دامـەزرانـدنی ئەو بنـاغــەیەدا. کــۆنگرەی پەیوەندی و دامـــەزراندنی کــوردان ســـەرەڕای ئەو پارتـانەی بەشــدارن، دەتوانێت تواناو ئـامــادەیی کــوردســـتــان لـە ڕێگەی نـوێنەرو کــەســـانی شــارەزاوە بەشــداری بکـات. تواناو ئـامــادەیی (دینی)، (ئابووری)، (فــەرهەنگی)، (سەربازی) کە لە کوردستـانداو لە زەمینەیەکی جەماوەریدا خەڵک بەسەر ئەو تواناو ئامــادەییـانەدا دابەش بوون، دەبێت لە ڕێگەی نوێنەرانی شـارەزاو لەدروسـتکردنی بناغـەی (پەیوەندی و دامەزراندنی کوردی)و لە ڕێگای کۆمـەڵەی دامـەزرێنەرانەوە[٢] «الجمعـيـة التأسـيـسـية» بۆ ئایندەی کوردستـان ئەو بناغـەیە دابمەزرێن. نوێنەران و شـــارەزایانی دینـی، ئابووری، فـــەرهەنگی و ســـەربازی و نوێنـەرانی پارتە بەهـێـزو سـەرەکییـەکـانی کورد و کـەسـایەتییـە نـاودارەکـان، ڕووناکبیـران دەتوانن کۆمـەڵەی دامەزرێنەرانی کوردو یەکەمین بنـاغەی هاوبەشی و دامەزراوی کورد، بەدی بهێنن.

بەم شـێـوەیە دێینـە سـەر باسی تواناکـان و ئامـادەییـەکـانی ناو کـوردسـتـان و

چۆنییەتی هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو تواناو ئامادەییانە بەرەو پایەکانی پەیوەندی و دامەزراندنی کوردی.

١- **توانا و ئامادەیی دینی:** یەکێک لە سەرچاوەکانی بوون و مانەوەی کورد وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ، تواناو ئامادەیی دینییە، پەیامی دینیی کورد، هەر لە پەرستنی میهر (ڕووناکی و زانایی)، تا دینی زەردەشتی و تاپەیدابوونی ئیسلام و پاشان سەرهەڵدانی ئاینەکانی ئەهلی حەق، ئێزدی، عەلەوی و تەسەوفی کوردی و پەرەسەندنی ڕێبازەکانی تەسەوف لەلای کورد دەتوانێت دوو هۆی گرنگمان بۆ پەیدابکات، یەکەم، لە کوردستاندا میللەتێکی خاوەن پەیام و بیروباوەڕی دینی و شارستانی هەمیشە هەبووەو، دووەم: ئەو نەتەوەیە هەرچەندە بەزۆر کراوەتە ئیسلام و دینی نەژادی و نەتەوەییی خۆی لێ زەوت کراوە، بەڵام هەمیشەو بەردەوام لەڕێگای ئەو ئاینانەوە کە ناوم هێنان لەهەوڵی ئەوەدا بوون کە ناوەرۆکی دینی (مرۆڤی خودایی)[٣] یان (ئاینی یەزدانی)[٤] کە هەمان پەیامی میهر و زەردەشتە، لە بەرگی ناچاری و زۆرجاریش لە بەرگی ئیسلامدا (نموونەی تەسەوف) بەردەوام بکات.

ئەگەر کۆنگرەی پەیوەندی و دامەزراندنی کوردی بخوازێت، دەتوانێت ئەم ئاینانەو کەسانی شارەزایان لە کۆمەڵی دامەزرێنەراندا بەشداری پێ بکات و ئەم تواناو ئامادەییە بکرێتە سەرچاوەیەکی بەهێزو پیرۆزی کوردان. کۆبوونەوەی ڕابەران و شارەزایانی دینی دەبێتە هۆیەک بۆ لێک نزیک بوونەوەیان و پێکهێنانی هێزێکی پتەوی دینی و نەتەوەیی و باڵاکردنی ئەو ناوەرۆکە دینییە و ڕێگەگرتن لەهەموو ئەو هەوڵانەی لەلایەن داگیرکەرانەوە بەناوی دینەوە دەکرێتە سەر ناوەرۆکی دین و کێشەی ڕەوای نەتەوەی کورد.

یەکێک لەو نەتەوانەی کە توانیویەتی ڕەوشی دینی، نەژادی و تایبەتی خۆی بپارێزێت، بێگومان کوردە. کورد لەڕێگای ئاینەکانی ئەهلی حەق، (کاکەیی)، ئێزدی، عەلەوی، شابەک و درووز، توانیویەتی ناوەرۆکی پەرستنی میهرو زەردەشت بپارێزێت، هەرچەندە ئەو کارە لە دەربڕین و بەرگی جیاواز لەو زەردەشتی بوونەش بێت. هەروەها کاتێک کە کورد ئیسلام بووەو هەر بەو شێوەیە هەوڵی داوە کە شێوەی

پەرستنی هەر هەمان ناوەرۆکی زەردەشتی بێت، ئەگەرچی ڕواڵەت و دۆگما ئیسلامییەکانیشی قبووڵ کردبێت، تەسەوفی کوردی یەکێکە لەو هەوڵانەی کە دەیەوێت ناوەرۆکی دینی کوردی (مرۆڤی- خودایی) لەبەرگی ئیسلامدا بەردەوام بکات. باشترین ڕێگا: یەکەم: کۆکردنەوەو ڕێکخستنی تواناو ئامادەیی و دینیی کوردی بۆ خزمەتی پەیوەندی و دامەزراندنی کوردی، دووەم، زیندوو هێشتنەوەی ناوەرۆک و ناسنامەی دینی کوردی، ئەوەیە کە شارەزایان، ڕابەران و ڕووناکبیرانی ئاینەکانی کوردستان بەشێک بن لە کۆمەڵەی دامەزرێنەرانی کوردستان و ئەوانیش بەپێی بناغەی ئەرک و ماف، دەوریان هەبێت لە دامەزراندنی کوردیدا.

٢- تواناو ئامادەیی ئابووری:

یەکێکی دیکە لە هێزە کاریگەرەکان لەسەر خەباتی ئایندەی کوردستان بوون و توانای ئامادەیی ئابووریی و خەباتی ئابوورییە. دەبێت سەبارەت بەڕەوشی ئابووریی کوردستان شارەزابین و بزانین لەم زەمینەدا چیمان پێ ئەکرێت؟ کوردستان وڵاتە هەرە ئاوەدانەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوینە، زۆربەی سەرچاوەکانی ئاو، نەوت، خاکی بەپیت و کەش و ئاو و هەوای جیاواز و گونجاو بۆ ژیانی کشتوکاڵی و کانزاکان لە ئامادەیی ئابووریی کوردستان بەجۆرێکە کە وڵاتێکی دەوڵەمەندە لەهۆیەکانی ژیان، چ بە پێودانگی ڕابردوو یان بەپێوەری ئاینده. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بەردەوام دەوروبەری کوردستان چاو ببڕنە خێرو بێری وڵاتەکەمان و داگیری بکەن و تاڵانکردنی کوردستان بکەنە بەشێک لەئابووری و ژیان و داهاتی خۆیان، هەر ئەم هۆیەش بووەتە ئەوەی کە هەرگیز کورد بیر لە داگیرکردنی دەوروبەری نەکاتەوە، چونکە لەباری گوزەران و ژیانەوە پێویستی بەسەرچاوەکانی ئەوان نەبووە کە دیارە نەشیان بووە. بەکورتی کوردستان بەردەوام هەموو هۆیەکانی ژیانی ئابووریی تێدا دەست کەوتووە. دوژمنانی کورد دەرکیان بەوەوە کردووە کە بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتی داگیرکەری خۆیان ، دەبێت ئابووریی کوردستان تووشی نەزیف بکەن و کورد نەبێتە خاوەن کەسایەتیی ئابووری سەربەخۆی خۆی. بەڵام سەرەڕای بارودۆخی تاڵان و داگیرکردنی کوردستان، کورد بەردەوام هەوڵی ئابووری داوەو سەرباری ڕەوشی نائارامی و پشێویی، ژیان لە کوردستاندا بەنیسبەت

دراوسێکانەوە باری ئابووریی گونجاوی هەبووە.

کۆنگرەی دامەزرێنەری کوردستان دەبێت توانا و ئامادەییی ئابووری لەبەرچاو بگرێت و هەوڵ بدات کە چوارچێوەو ڕێکخراوی ئابووری لە خزمەتی کوردا بهێنێتە بوون. لە بەندەکانی پەیمانی نیشتمانیدا خەباتی ئابووری وەکو یەکێکی دیکە لە خەباتەکانی نەتەوەیی کورد بناسێنێت و بتوانێت ئەو هێزە بکاتە دەسەڵاتێکی نیشتمانی و ئاراستەکراوی خەباتی کوردان. تواناو دەسەڵاتی ئابووری وادەکات بەردەوام هەوڵ و دەسەڵاتەکانی سەر بەشۆڕشی کوردستان لەدوژمنان و هێزەکانی دیکەی ناوچەکە سەربەخۆ بێت و هەمیشە کاریگەریی خۆی لەسەر پەیوەندی و دامەزراندنی کوردی بەجێ بهێڵێت.

بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد، ڕەوشێکی سەرەکی بەخۆوە بینیوە، ئەویش ئەوەیە کە تەنها بزووتنەوەیەکی سیاسی و چەکدارانەی بووەو هەمیشە لەو مەیدانەدا جەنگاوە ئەگەر ئەوەش بزانین کەداگیرکەران هەم لەو مەیدانەدا لە کورد بەهێزتر بوون و دیسانیش توانیویانە بەهەموو ڕێگایەک سەرکوتی ئەو چالاکییە سیاسی و چەکدارییە بکەن و جگەلەوەش کە ئەو بزووتنەوەیە تەنها لە لادێکان و چیاکاندا ماوەتەوە نەیتوانیوە بەرەو شارەکان بچێت و بەتایبەتی ئەو شارانەی کە گرنگیی ئابووریی بەرچاویان هەیە، وەکو کەرکووک، خانەقین، کرماشان و ناوچەکانی سەر دەریای ناوەڕاست. کورد دەتوانێت لە ڕێگای ئابووری و خەباتی ئابووری ئاراستەکراوەوە دیسان بچێتەوە ئەو ناوچە گرنگانەو لەو ڕێگایەوە بوون و هێزی خۆی لەو ناوچانەدا سازبداتەوە. دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە کورد دەتوانێت لەڕێگای یاسای خودی ئەو وڵاتانەوە خەباتی ئابووری و بوونی ئابووریی خۆی لەو ناوچە گرنگانەش بەرێتە پێشەوە، بەبێ ئەوەی تووشی هیچ جۆرە ڕەوشێکی نائارام و سەربازی ببێت. واتە دەبێت خەباتی ئابووری ئەو مەنتیقەمان فێربکات، کە ئەوەی بە چەکدارانی و سیاسی بۆمان نەسەندراوەتەوە، دەتوانین بەخەباتی ئابووری بەدەستی بهێنینەوەو بەشێوەی «التسلل التدريجي المستمر» دزەکردنی شێنەیی و بەردەوام خەباتی ئابووری بەرینە پێشەوە.

هاوکاری و هاوبەشیی نوێنەران و هێزەکانی ئامادەییی ئابووریی کوردی لەگەڵ

نوێنەران و شارەزایانی دەسەڵاتەکانی دینی، فەرهەنگی و سەربازی ڕێگایەکی دیکەیە بۆ پەیوەندی و دامەزراندنی کوردی.

٣- تواناو ئامادەیی فەرهەنگی:

سەرچاوەکانی کوردبوون مێژووی کوردە، فەرهەنگی کورد و زانیاری کوردە، پەیامی مێژوویی و مرۆڤایەتی کوردە. یەکێک لەو نەتەوانەی کە هەمیشە خاوەنی پەیامی فەرهەنگی و زانستی بووە، نەژادی ئاری بوون و بێگومان کوردیش کۆنترین میللەتی ئارییاییە و لە کۆنەوە پەیامی بیری باش، وتەی باش و کردەوەی باشی هەبووە کە هەمان پەیامی میهرو زەردەشتە.

زمانی کوردییش وێڕای هەوڵی داگیرکەران بۆ تەسک کردنەوەی سنوورەکانی بەڵام هەمیشە ئەو سنوورانەی بڕیوەو هەوڵی داوە کە بەردەوام یەکێک بێت لە سەرچاوەکانی کوردبوون. ئەگەر تەماشای زمانی کوردی بکەین بۆمان دەرئەکەوێت نەک لەژێر باری چەوسانەوەی تورکی و عەرەبیدا تایبەتمەندییەکانی خۆی لەدەست نەداوەو تەسلیمی ئەو زمانانە نەبووە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە سەربەخۆیی خۆی لە زمانی فارسییش پاراستووە، هەرچەندە فارسی لەگەڵ کوردیدا خاوەنی هەمان مێژوو، فەرهەنگ و ڕووناکبیری بووە. زمانی کوردی لە هەر سێ زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی زیاتر توانیویەتی پاراوی و سەربەخۆیی بپارێزێت.

هەوڵدان بۆ دانانی بناغەیەک بۆ کاری هاوبەش و گەشەپێدان و باڵاکردنی وتارو پەیامی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردی لە هەموو بوارەکانی فەرهەنگ، مێژوو، دین و ڕووناکبیرییەوە ئامادەبوونی نوێنەران و شارەزایانی ئەم زانستانەیە لە کۆنگرەی دامەزرێنەرانی کوردی، دەرگایەکی باش دەکاتەوە بۆ پەیوەستبوونی ڕووناکبیران و شارەزایان کە لە پانتاییەکی زیاتردا، خەبات و شۆڕشی کوردان دەوڵەمەند دەکەن.

هەوڵدان بۆ ناساندن و کۆکردنەوەی ڕەمزەکانی فەرهەنگی کوردی و تەکنۆکراتی کوردی لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات و پێشڕەوی کردنیان بەئاراستەی پەیوەندی و دامەزراندنی کوردی و پێکهێنانی کۆنگرەی کوردی لەگەڵ ڕابەران و نوێنەرانی دەسەڵاتەکانی دینی و ئابووری و سەربازیدا.

٤- سەرچاوەی چوارەمی بوونی کورد و مانەوەی گیانی بەرگری و خۆبەختکردن و ئامادەیی سەربازییە، بەدژی داگیرکەران:

نەتەوەی کورد لە ئاستێکی بالاّ و زەمینەیەکی فراوانی جەماوەریدا، خەباتی قارەمانانەو فیداکاری بەدژی چەوسانەوە، دابەشکردن بەردەوام کردووە. کەم ماڵ و بنەماڵە هەیە کە لەم مەیدانەدا بەشدارییان لە خەباتی کوردا نەکردبێت و زۆربەی خێزانەکان شەهیدێک یان زیاتریان بۆ ڕزگاریی وڵات پێشکەش کردووە.

پرسی سەربازیی کورد لەوەدایە کە هەرچەندە مەیدانێکە بۆ بەرەنگاری، بەڵام بەڕاستی مەیدانی گرنگی بوون و پەیوەندی و دامەزراندنی کوردانە. دەسەڵاتی سیاسی، کۆنگرەی نەتەوەیی و ڕابەرانی کورد دەتوانن لەم زەمینەیەدا کاری گرنگ بکەن و مێژووی خەباتی پێشمەرگایەتیی کوردستان وەکو سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی کەلتووری کوردان بناسرێت و بیکاتە بناغەیەک بۆ پەندو ئامۆژگاری و لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ کاری ئایندەی کوردستان. پرسی کورد پێویستی بەپەرەپێدانی گیانی سەربازی هەیەو دەبێت هیچ گومانێکمان نەبێت کە ئێستاو داهاتووش پێویستمان بەهێزی سەربازی و ڕێکخراوەیی و سوپاو ئەرتەش دەبێت. دەبێت لەم زەمینەیەداو بەیارمەتیی پسپۆرانی ئەو مەیدانە بۆ ڕێکخستنی کەناڵی سەربازی و فیداکاری کوردو کۆنگرەی سەربازی، نوێنەران و شارەزایان بەشداربن و ئەو توانا و ئامادەیییە سەربازییە ڕێک بخەن.

نوێنەرانی ئەم مەیدانە لەگەڵ شارەزایان و نوێنەرانی تواناو ئامادەیییەکانی کە باسم کردن دەبنە بەردی بناغەی کۆنگرەی دامەزرێنەری کوردستان.

کۆنگرەی پەیوەندی و دامەزراندنی کوردی، وێڕای ئەوەی کە ئامادەیییەکانی (دینی، ئابووری، فەرهەنگی، سەربازی) کوردستان لەگەڵ کەسایەتییە ناودارەکان، نوێنەران و شارەزایانی بواری یاسایی و ڕووناکبیرە ناسراوەکان کۆ دەکاتەوە. دەتوانێت پرۆژەی دەستوور یان یاسای بنەڕەتی ساغ بکاتەوە و بیخاتە بەردەم ڕیفراندۆمی جەماوەری. لەکاتی سەرکەوتنی ئەم پرۆژەی پەیوەندی و دامەزراندنە، دەوری پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان چی لێ دێت. یەکەم ئەگەر حزب و ڕێکخراوەکان لەم زەمینەیەدا، واتە زەمینەی یەکبوون و دامەزراندنی کوردی،

پەتێگەیشتنی باشەوە کاربکەن، دەتوانن گەلێک سوود بەو پەیوەندییە بگەیەنن. دووەم، سەبارەت بەئیدارەو حکوومەت هەر کام لە پارتەکان لە هەڵبژاردندا دەنگی زۆرتریان بەدەست هێنا، بەڕێوەبردن و حکوومەت بەدەستەوە دەگرن.

بەڵام دامەزراندن و پەیوەندی کوردی لەوە گرنگترو چارەنووسسازترە، ئەمەیان پەیوەندیی بە پایە گرنگ و هاوبەشەکانی قەوارەی کوردەوە هەیە و سەرەنجام دەبێتە سەرچاوەی بڕیاری «مرجعیة القرار» کوردی، لە کاتێکدا حزب و حکوومەت ئۆرگانی راپەڕێنەرن.

پەیوەندیی نێوان (ناسنامە)و (دامەزراندن)

ناسنامە بەمانای "چی بوون"و لە نیازی سروشتیی مرۆڤ بەمەبەستی ناساندن و جیاکردنەوەی خۆی لەوانی دی، سەرچاوەی گرتووە. هەستی نەتەوەیی بوون، یان سەر بە شتێک بوون لە بونیادی خودی مرۆڤەوە پەیدا دەبێت و وەکو یەکێک لە پێداویستییە گرنگەکانی خۆی دەنوێنێت. یەکەمین هەنگاوی پەیداکردنی ناسنامە وا دەکات کە مرۆڤ بکەوێتە هەوڵدان بۆ پەیداکردنی زانیاری و شارەزایی لەبارەی (چیبوون ؟)ی خۆی، خێزانەکەی، خێڵەکەی، شارەکەی و نەتەوەو وڵاتەکەی، بۆ ئەم مەبەستە ئاگایی و هۆشیاری، وەکو پێویستی و نیازێکی گرنگ دەرئەکەون. ئاگایی و هۆشیار کۆمەڵایەتی وەکو دیاردەیەکی گرنگی نەتەوەکان دەبنە یەکێک لە پێکهێنەرە گرنگەکان. بۆ نموونە هۆشیاری و ئاگایی میللەتی کورد سەرەڕای ڕەوشی داگیرو پارچە پارچە کردن، ئەوەیە کە بەهەر نرخێک بێت کورد بەکوردی مایەوەو وەکو ئەوانی دیکەی لێ نەهات و نەبوو بە تورک، فارس و عەرەب.

بەشێک لە بیریاران و ڕووناکبیرانی زانستەکان چەند توخمێکی تایبەتی بە پێکهێنەرەکانی ناسنامە، دادەنێن، جوگرافیاناسەکان (خاکی هاوبەش) و مێژووی هاوبەش بەسەرچاوەی ناسنامە دادەنێن. زانستی کۆمەڵایەتی زمانی هاوبەش، دینی هاوبەش دەکەنە سەرچاوە بۆ ناسنامەو پاشان زانستی سیاسی پشت بەبونیادی سیاسیی هاوبەش، گەل، کۆمەڵی مەدەنی و پەیوەندی و دامەزراندن و هاوولاتیبوون دەبەستێت بۆ ناساندنی ناسنامەی نەتەوەیی یان نیشتمانی.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لەهەموو ئەمانەو کۆبوونەوەی دەسەڵاتەکانی ناو کۆمەڵ و هەوڵدان بۆ بەڕەسمی ناسینی ئەرک و مافەکان و سنووری دەسەڵاتی هەر یەکێک لە ئامادەیی و دەسەڵاتەکانی تری وەکو دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن، یاسادانان، (دادوەری)و دەسەڵاتی چوارەم، رای گشتی، لە دەستوورێکدا کە لەلایەن ڕیفراندۆمی گشتیی ئەو نەتەوەیە یان ئەو وڵاتە دەنگی بۆ درابێت، دەبێتە باشترین بەرجەستەکەری ناسنامەی نیشتمانی و باشترین پەیوەندی و دامەزراندنی لێ پەیا دەبێت و کۆمەڵی مەدەنی و دیموکراسیش لە ئەنجامی کار و هەڵوێستی هاوپەیوەندی و کاریگەریی ئەو هێزانەوە خۆی دەنەخشێنێت.

دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ناسنامە دیاردەیەکی پێکهاتووە لە هەموو ئەم توخمانەو چەند توخمێکی دیکەی وەکو، فەرهەنگی هاوبەش، ئەدەب و هونەر و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی.

مۆدێرنیزم، یەکێکی دیکەیە لەو توخمانەی کە لەم زەمینەیەدا هاوبەشی دەکات و دەتوانێت هۆکارێکی زۆر باش بۆ گەشەپێدان و بەردەوامبوونی ئەو ناسنامەیە بکات. مۆدێرنیزم دەتوانێت بە هێنانی چەمکی نوێی و نوێتر کە هۆکاری بەردەوامی و گەشەی ئەو ناسنامەیە کۆمەکی باش بکات. زاناو کۆمەڵناسی فەرەنسی، ئالان تۆرین[5] سێ توخم دادەنێت بۆ پەیدابوونی قەوارەیەکی دیاریکراو و، گەشەو بەردەوامی، ئەوانیش دەسەڵاتی عەقڵ، کە سیستەمی نوێنەرایەتییە بۆ هەموو دەسەڵاتەکانی یاسادانان، بەڕێوەبردن و دادوەری. دەسەڵاتی فەرهەنگ، کە باشترین چوارچێوە بۆی سیستەم و فەرهەنگی هاوولاتیبوونە لەسەر بناغەی ئەرک و مافەکان و سێیەم دەسەڵاتی ئازادییە، کە توانییەتی مافەکانی مرۆڤ و مافی تاکەکان بەدی بهێنێت. ناسنامەیەک کە بەم شێوەیە پێک بێت و گەشە و بەردەوام بێت و دەتوانێت، گشتی خوازراو یان پەیوەندیی نێوان بەشەکان یان هەمووان لە پەیوەندی و دامەزراندندا بەرجەستە بکات.

بێگومان باشترین بەرجەستەبوونی ناسنامەی هەر نەتەوەیەک کاتێک دەبێت کە لە مەودای دەسەڵاتی جوگرافیای سیاسیدا، ئاشکرابێت. ئەمیش بەدەوری خۆی کاریگەرییەکی زۆر گەورە و چارەنووسسازی دەبێت لەسەر چۆنییەتی پەیدابوون و

بەردەوامبوونی هەلومەرجی مانەوە و هەستی چیبوون و پەیوەندی بوون بۆ ئەو چوارچێوە جوگرافی و فەرهەنگی و مرۆڤایەتییە. بەم شێوەیە کاتێک ولاتێک یان نەتەوەیەک، سەرەڕای ئەوەش کە وەکو ئەوانی دیکەی دەوروبەری نییە، دەکرێت بلێین زیندووەو سەربەخۆیە کە کەسایەتیی نەتەوەییی سەربەخۆی هەیە لە هەموو ئەو زەمینانەی کە باسمان کردن. کەسایەتی و ناسنامەی هەر نەتەوەیەک کاتێک مانای کردەیی و ڕەسمی پەیدا دەکات یان دەڵێین دەکەویتە بارێکی کارپێکراوەوە کە چۆنییەتی کارکردنی ئەو دیاردە پێکهێنەرانەی کە باسمان کردن، لە ئاستێکی ڕەسمی و میللیدا کاری خۆیان بکەن(٦)

"یەکبوون و دامەزراندن"و "ناسنامەی" دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان(٧)

بەپێویستی دەزانم بۆ زیاتر تێگەیشتن لە دامەزراندنی بناغەی جێگیری دەوڵەت و خستنەڕووی ناسنامەی نەتەوەییی؟ ئەو دەوڵەتانە، سەرنجێک لەڕەوشی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لەم زەمینەیەدا بدەین و لەوە تێ بگەین کە ئەو پایانە چین کە ئەو دەوڵەتانەی لەسەر دامەزراوە؟ تا چ ڕادەیەک ئەو پایانە توانیویانە یەکیتی و دامەزراندنی ئەو قەوارانە بپارێزێت؟ نەتەوەی کوردی دابەشکراو بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا و لە سایەی ئەو ناسنامە ئێرانی، عیراقی، تورکی و سوورییەدا لە چ مەینەتی و نەهامەتیدا ژیانی بردووەتە سەر و نەیتوانیوە ئەو هەلومەرجە سەپێنراوە ڕەت بکاتەوە، کە ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی لێ گرتووە!

یەکبوون و دامەزراندنی ئێرانی و (هویت ملی ایرانی):

بۆ ئەم مەبەستە ناگەڕێینەوە بۆ مێژووی زۆر کۆنی ئێران، بەڵکو تەنها باسی سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی (١٥٠١ - ١٧٢٢)و بەدواوە دەکەین، پایەکانی دامەزراندنی ئێران لەو کاتەوە تائێستا هەر وەکو خۆی ماوە، سەرەڕای گۆڕانی دەسەلات و دەستووریش.

× یەکەمین پایەی یەکبوون و دامەزراندنی ئێرانی بریتییە لە بە زۆر سەپاندنی یەکێتیی خاکی ئێران «تمامیت ارضی ایرانی»و «یکپارچگی» یان ئەوەی کە بیریاران

و تیۆرمەندانی ڕەواییدان بەیەکبوونی ئێرانی پێی دەڵێن (ایران، سرزمین آریایان)[٨] بۆ مسۆگەرکردن و زامنکردنی یەکپارچەییی جوگرافی و مرۆڤیی ئێران بەهەنگاوی یەکەمی ناسنامەی سیاسی و ئێرانی دەزانن. بۆ ئەم مەبەستە زۆرێک لە پسپۆرانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران و بەتایبەتی فارسەکان، سەر بەهەر پەیڕەوێکی ئایدۆلۆژی و فیکری بن، ناتوانن یان نایانەوێت کە بەهیچ جۆرێک ئەم پایە گرنگەی دەوڵەت و دامەزراندنی ئێرانی بخەنە ژێر گومان و پرسیارەوە. بێگومان زۆر ئاشکرایە کە ئەم جوگرافیا بە زۆر سەپێنراوە بووەتە مایەی چ زوڵم و چەوسانەوەیەکی لە ڕادەبەدەری نەتەوەکانی غەیرە فارسی ئێرانی.

× سەپاندن و سەردارکردنی زمانی فارسی بەسەر زمانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران، دەبێت ئەوەش بزانین کە فارس لە نیوەی دانیشتووانی ئێران کەمترن.

× دینی ئێرانی، واتە مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمام، هەر لە سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی، کرایە مەزهەبی ڕەسمیی ئێرانی، ئەگەر ئێرانییەکان، واتە دەسەڵاتدارانی ئێران ڕوویان نەکردایەتە مەزهەبی شیعە، ئەگەر شا ئیسماعیلی سەفەوی ئەو مەزهەبەی بەدینی ڕەسمیی ئێران ڕانەگەیەندایە، ئەوا ئێستا ئەمرۆ ئەگەری وڵاتێک یان چوارچێوەیەکی سیاسیی سەربەخۆ بەناوی ئێران و بەم تایبەتمەندییانەی ئێستاوە بوونی نەدەبوو[٩]

مەلاکانی شیعە و دەزگای دینی، بەدرێژایی چەند سەدەیەکی مێژووی ئێران، ڕۆڵ و نەخشی تایبەتی سیاسی و ئابووریان هەبوو. خودی ئیمپراتۆریای ئێرانی لە سەرەتای سەدەی شانزدەوە لەسەر بنەمای مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمام، یان وەک ئیمپراتۆریایەکی مەزهەبی دامەزرا. ئەو تەشەیوعەی کە لێرەدا باس دەکرێت دیاردەیەکی ئیکونۆگرافیک (ICONOGRAPHIC)و پاڵپشتیکراو بە ڕۆڵی جیۆپۆلەتیک کە مانەوەی ئێران و یەکپارچەییی ئەو وڵاتەی زامن کردووە. مەزهەبی شیعە کاریگەرترین ئامرازی پێکەوە گرێدران و دامەزراندنی نەتەوەکانی ئێران و ئایدۆلۆژیای ئێرانی بووە، چونکە شیعە، لە ئێراندا ٩٠٪ی خەڵکی ئێران پێک دەهێنێت.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە دەزگای دینی و مەلاکانی شیعە توانایەکی

گەورەی ئابوورییان لەڕێگای مولّكداری و پەیوەندییان بەبازاڕەوە هەبووەو هەیە بەجۆرێک کە ئەم هێزە ئابوورییە دەسەلاّت و جێگایەکی گرنگی بەوان داوە کە بەدرێژاییی مێژووی کۆتاییی سەدەکانی و هاوچەرخی ئێرانی، بەردەوام هێزێکی سەربەخۆ و بەدەسەلاّت بوون لە دەرەوەی دەسەلاّتی شا و حکوومەتی ئێرانی، ئەوەی کە دەسەلاّتی دامەزراوەی دینیی ئێرانی وا لێ کردووە کە بە بەردەوامی دەسەلاّتیان هەبێت، تا ئەو کاتەی کە بەتەواوی دەسەلاّتیان گرتە دەست و کۆماری ئیسلامییان- لە راستیدا کۆماری شیعەیان- ڕاگەیاند، ئەوەیە کە بەشێکی زۆری دەسەلاّتی دادوەری و پەروەردە و فێرکردنیان بەدەستەوە بوو، بۆ نموونە تاکۆتاییی دەیەی دووەمی سەدەی بیست پیاوانی دینی بە تەواوی هەموو کاروباری پەروەردە و فێرکردنیان بەدەستەوە بوو[١٠].

× سەرەڕای ئەمانەش فەرهەنگی ئێرانی، ئەدەب و هونەر، زمان و مێژوو دینی کۆنی ئێرانی، یەکێکی دیکە لە پایەکانی دەوڵەتی ئێرانی بەدرێژاییی مێژوو پێک دەهێنێت. بەڕاستی ئێرانییەکان هەقی خۆیانە شانازی بەم پایە گەورەیەی شارستانی بوون و فەرهەنگی بوونەوە بکەن. ئاشکرایە کە تەنها ئەم پایەیە کە نەتەوەکانی دیکەی نافارسی ئێرانی وەکو کورد، عەرەب، بلووچ و ئازەری سوودی شارستانییان لێ بینیوە، بەلاّم پایەکانی دیکەی بوون و مانەوەی دەوڵەتی ئێرانی بەردەوام بووەتە مایەی مەینەتی و چەوسانەوەی ئەو نەتەوانە. لە سەردەمی پەرەسەندنی ناسیۆنالیزم و ڕابوونی ئەو نەتەوانەی کە ڕێگای پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیان لێ گیراوە، ئێران یەکێک دەبێت لەو دەوڵەت و (دامەزراندنانەی) کە زەبری کوشندەو کاریگەریان بەردەکەوێت و ئەو پایانەی کە ئەو دەوڵەتەیان لەسەر دامەزراوە، سەرەڕای هێز و دەسەلاّتیان سەردەمی ڕەوایی و پیرۆزییان بەسەردەچێت.

دەوڵەتی میلیتاریستی تورک:

ڕاگەیاندن و دامەزراندنی دەوڵەتی تورک، بەناوی کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ لەسەر چەند پایەیەکی نەگۆڕو بەردەوام کە بەپرەنسیپەکانی ئەتاتورک ناسراون، دامەزراوە کەئەمانەن:

× سوپای تورکیا پاسەوان و سەرچاوەی سەرەکییە بۆ پاراستنی گەل و نیشتمان و هەر ئەویشە کە زامنی سەلامەتیی ناوەوەو دەرەوەی تورکیا دەکات. ئەم سوپایە لەگەڵ تێپەڕبوونی سەردەمەکاندا بووە بەدامەزراوەیەکی تایبەتی و خاوەن سەرکردایەتیی سەربەخۆ لە دەسەڵاتی حکوومەت و دەوڵەتی تورکیا. ئەگەر ئەو حکوومەت و دەسەڵاتانە لەڕێگای ڕاستی ئەتاتورکی لایان دابێت و پەیڕەوییان لەو پرەنسیپانە نەکردبێت، ئەوا ئەو سوپایە زۆر بەتوندی هاتووەتە ناو بازنەی دەسەڵاتەوەو چەندین کۆدێتای سەربازی، یان هەروەکو خۆیان دەڵێن «ڕاست کردنەوە» یان لە ساڵەکانی ١٩٦٠، ١٩٧١، ١٩٨٠ لەپێناوی مانەوەو بەردەوامبوونی پایەکانی ئەتاتورکی دەوڵەت ئەنجام داوە، دیارە ئەم ڕەوشە تایبەتمەندییەکی سەیرو سەرسووڕهێنەری تورکیایە و لە دەستووری هیچ وڵاتێکدا نابینرێت کە سوپا سەرچاوەی دەسەڵاتەکان بێت لە دەستوری هەرە زۆری وڵاتەکاندا سوپا پاسەوان و پارێزەری وڵاتەو هیچ نەخشێکی سیاسیی نییە[11].

* ڕژێمی کۆماری، ڕژێمی هەمیشەیی تورکیا دەبێت، واتە گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی سەڵتەنەت و خەلافەت، نابێت بەگوێرەی دەستوور پەیڕەویی لێ بکرێت.
* تورکیا تەنها لە نەتەوەی تورک پێک دێت و بەهۆی دەسەڵات و تایبەتمەندی خۆیەوە ڕاوەستاوە.

یەکێک لەو وتانەی کە بەردەوام بۆ سەپاندنی زمانی تورکی و هزری نەتەوەیی تورک بەسەر میلەتانی دیکەدا، ئەتاتورک دووپاتی دەکردەوە، ئەوەبوو کە چەند خۆشە مرۆڤ هەست بکات کە تورک بێت، پێش ئەوەی کە ئەتاتورک دەسەڵات پەیدا بکات و هەموو دەسەڵاتەکانی تورکیا بەدەستەوە بگرێت بۆ مەبەستی سەپاندنی زمانی تورکی و ڕێگەگرتن لەجیابوونەوەی نەتەوەکانی دیکەی ناو تورکیا، کورد، ئەرمەن،

عـــەرەب، یۆنانـی و لاس، کـــۆنگرەیەکی لە ئەرزرۆم پێک هێنا لە٢٣ی تەمـــوزی ١٩١٩(١٢) لەلایەنگرانی خـۆی، کە پاشـان بـوون بەپارتی گـەلی کـۆمـاری و ڕایان گەیاند:

* هەموو زەوییەکانی ناو تورکیا یەکەیەکی تەواو پێک دێنن و بەهیچ جۆرێک شیاوی پارچە پارچە کردن نییە.
* هەمـوو ئەو کەمـە نەتەوانەی کە تورک نین و لە تورکـیـا دەژین نابێت هیچ مـاف و ئیـمـتـیـازێکیـان هەبێت و داواکـانیـان زیان بـە سـەروەریی تورکـیـاو قـەوارەی کۆمەلایەتیی بگەیەنی.
* تورکـیـا دەوڵەتێکی سکولارە (عـیلمـانی)و هەمـوو کـاروبارێکی دین، بـە تەواوی لە دەوڵەت جیاوازە.
* ڕژێمی کـۆمـاری عیلمـانی لەسـەر بناغـەی میللی بوون (POPULISTE) دامـەزراوە، واتە لەڕێگای نوێنەرایەتیی دیموکـراسی ئەوروپییـەوە، حـوکـمی گـەل بۆ گـەل و بەهۆی گەلەوە بنیات دەنرێت و هەمـوو هاوولاتییان لەبەردەم یاسادا یەکسـانن لە ڕاسـتـیـدا ئەمـە تەنـهـا ئیـددیعـا و لاسـاییـکردنەوەی ڕواڵەتەکـانـی دیموکـراسی ڕۆژئاوایە و تۆزقاڵێک ڕاستیی تێدانییە.
* ڕژێمی ئابووریی تـورکیا بریتـییـە لە سیسـتـەمی ئازادی چاودێریکراو کە ئەمـەش مـانای ئەوەیە دەوڵەت هـەقی هەیە، چاودێری و سـانسـۆری چالاکـیی ئابووری کەرتی تایبـەتـی بکات و لەکاتی پێویسـتدا دەست بـخاتە کارەکانەوە ئەگەر وای هەست کرد کە زیانبـەخشـە بۆ بـەرژەوەندی گشـتی و دەوڵەت، ئەمـەشیـان تەنها هەوڵدانێکە بۆ بەڕەسمی ناسین و پەردەپۆش کردنی سەرمایەداریی دەوڵەتی.

بەم جۆرە دەردەکەوێت کە هەمـوو پایەکانی دامـەزراندنی دەوڵەتی تورکی لەڕێگای دەسـەلاتی سـەربازییـەوە سـەپێنراوەو دانیـشـتـووانی تورکـیا بەهەمـوو نەتەوەکانەوە کـەمـتـرین بەشـدارییـان لەو زەمـینانـەدا نیـیـە. ڕێگەگـرتن لە مـافی چارەنووسی نەتەوەکان، قەدەغـەکردنی زمـان و فـەرهـەنگی نەتەوەییـان نەخشـێنەری بنەمـاکـانی ئەتاتورکن. لەسـەر بناغـەو پایەی ئەو چەوسانەوەیە دەوڵەتـی تورکیا ناسنامەی خـۆی سـەپاندووە.

دەوڵەتی کەمایەتیی دەسەڵاتدار لە عیراق

کۆنگرەی قاهیرە لە ١٢ی ئازاری ١٩٢١ بەسەرۆکایەتیی ونستۆن چەرچل، وەزیری کۆلۆنی «مستعمرات» ئەو کاتەی بەریتانیا، بۆ دیاریکردنی پایە نەگۆڕ و بەردەوامەکانی دەوڵەتی ناسیۆنالیستیی عیراقی، بە سەرەنجامی هەوڵەکانی بەریتانیا دادەنرێت، بۆ بە زۆر دامەزراندن و داسەپاندنی ئەو دەوڵەتە بەسەر گەلانی عیراقدا، ناسیۆنالیزمی عەرەبی سوننە مەزهەبی عیراق کە دەسەڵاتی دەوڵەت و حکوومەتی پێ سپێردراوە، نەیدەتوانی لەڕێگای سەربەخۆیی و کۆکردنەوەی پایە هاوبەشەکانی عیراقەوە، پەیوەندی و دامەزراندنی وڵاتی عیراق بنیات بنێت. بۆچی ناسیۆنالیزمی سونەنی عیراق نەیدەتوانی دامەزراندنی خوازراو و گشتی بۆ عیراق بنیات بنێت، چونکە یەکەم عەرەبی سوننە لەعیراقدا کەمایەتین هەم لە کورد و هەم لە شیعەی عیراق کەمترن و لەڕاستیدا لە ١٥٪ی دانیشتووان پێک دەهێنن. دووەم، بەردەوام سوننە لە ناسنامەی فەرهەنگی بێ بەش بوون و هەمیشە پاشکۆیەکی گوێڕایەڵی دەسەڵاتە داگیرکەرو چەوسێنەرەکانی عیراق بوون. لەکاتێکدا کورد و عەرەبی شیعە ڕەوشێکی جیاوازیان هەبووەو بەردەوام خاوەنی ناسنامە و تایبەتمەندی میللی و فەرهەنگیی خۆیان بوون(١٣) هەر لەم کۆنگرەیەدا کۆنگرەی قاهیرە، پایە سەرەکی و نەگۆڕەکانی دەوڵەتی عیراق ئاشکرا کرا. تا ئێستا و بەدرێژاییی ئەو مێژووە، ئەم پایانە نەگۆڕاون و ئەو دەوڵەتە لەسەر ئەو پایانەو بەزۆر بەسەر گەلانی عیراقدا سەپێنراوە. پایە نەگۆڕەکانی دەوڵەتی عیراق ئەمانە بوون:

* پاشکۆیەتیی سیاسی.
* بەکارهێنانی ڕژێمێکی پڕ لە توندوتیژی و چەوسانەوە- دژی زۆربەی خەڵکی عیراق و لەلایەن کەمایەتی.
* پایەی نەگۆڕی ناسیۆنالیستی، ناسیۆنالیستی عەرەبی.
* بەزۆر بەمەزهەبی کردنی دەوڵەت، واتە دەسەڵات بۆ عەرەبە نەک بۆ کورد، بۆ سونەی عەرەبە نەک بۆ شیعەی عەرەب.
* لەشکری عیراق- بۆ پاڵپشتی و داسەپاندنی دەسەڵاتی کەمایەتی و ملکەچ کردنی

زۆربەی خەڵکی عیراق کورد و شیعەی عەرەب[١٤].

کاتێک لە ساڵی ١٩٢٤ بەدواوە، بەریتانیا بەزەبری هێزی سوپاو لە تەموزی ئەو ساڵەدا باشووری کوردستانی بەعیراقەوە لکاند، ئەوا دەوڵەتی عیراقی سەرقاڵی کێشەیەکی دیکە کرد. بەدرێژایی مێژووی دەوڵەتی عیراق جۆری حوکم و ڕژێم لە بەغداد هەر چۆنێک بووبێت کێشەی نێوان کوردستان و دەوڵەتی عیراق، درێژەی هەبووەو هەروەها کێشەی نێوان زۆرایەتیی شیعەی ستەمدیدە و کەمایەتیی سونەی حوکمڕان، بەردەوام بووە. ئەم دوو کێشەیە لەهەر قۆناغێکدا شێوەو ڕواڵەتی نوێ و سەختیان بەخۆیانەوە گرتووە. ئەمەش وای کردوە کە ئەم دەوڵەتە ئەوپەڕی شەڕخوازی و دڕندەیی بەرامبەر بەشی هەرە زۆری خەڵکی وڵات بەکار بهێنێت و ئەمڕۆش لەهەر کاتێکی دیکە، دژوارتر و خوێناویتر مامەڵە دەکات و بەتەواوی ڕەواییی دەوڵەتی عیراق کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە[١٥].

دەوڵەتی کۆماری عەرەبیی سووریاش، بەناوەکەیدا دیارە کە ئەو دەوڵەتە یەکەمین پایەی دامەزراندنی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی عەرەبییە و پاشان زامنکردنی دەسەڵاتی تایەفەی شیعەی عەلەوی، کەکەمایەتیی ناو سووریا پێک دەهێنێ کە لە ١٣٪ی وڵاتن، حوکمی میلیتاری و سەپاندنی زمان و فەرهەنگی عەرەبی دژی کەمە نەتەوەکانی تر، لە پایە نەگۆڕو بەردەوامەکانی دەوڵەتی سوورین. تەنانەت ئەو کاتەش کە لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسادا بوو هەر بەو شێوەیە بوو یان بەڕوونتر بڵێین خودی دەسەڵاتی ئیمپریالیستیی فەرەنسا، ئەو پایانەی دامەزراند.

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت دامەزراندنی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردیان داگیرو دابەش کردووە، گرنگترین پایەی دامەزراندنیان ستەم و چەوسانەوەیە، بەدڵنیاییەوە دیکتاتۆری و سەپاندن بۆ گرەنتیی مانەوە و بەردەوامبوونی پایەکانی دیکەی ئەو دەوڵەتانە بووە.

بەڵام پەیوەندی و دامەزراندنی کوردی وەکو باسمان کرد دەتوانێت لەسەر ئەو پایە گرنگ و هاوبەشانە دوور بێت لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری، چونکە ئەو پایانە سەرەڕای ئەوەی کە بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان تیایدا بەشدارن هەر بەو ڕادەیەش دەتوانێت تواناکانی کوردی دەربخات و هێزو چالاکیی زیاتریش بدات بە مرۆڤی

کوردو دەسەڵاتی کوردی و کۆتایی بەو ئەفسانە درێژ ماوەیە بهێنێت کە دەڵێت: کوردەکان هەرگیز نەیان توانیوە ناسنامەیەکی ڕەسمیی سیاسی بەدەست بهێنن، ئەگەرچی بەدرێژاییی چەندین ساڵ هەوڵی سەرنەکەوتوویان لەم زەمینەیەدا بەگەڕخستووە[١٦].

پەراوێزەکان

* یەکەم جار کە ئەم وتارەم نووسی، ساڵی ١٩٩٨ ناوم نا(یەکبوون و دامەزراندنی کوردی) کە بەدوو هۆکار بەو ناوە نووسیم، یەکەم، وەکو چاولێکەرییەک بۆ یەکبوون و دامەزراندنی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و دووەم لەبەرئەوەی تا ئەوکاتە خۆم لەژێر کاریگەریی میتافیزیکیی چەمکی «یەکێتی» و یەکبوون ڕزگارم نەبووبوو، کە بێگومان ئەو چەمکە میتافیزیکییە هەر لە سەردەمی ئەفلاتون و لەسەر دەستی ئەو هەتا ساڵانی ١٩٧٠و دواتریشی خاياندو تەواوی بیرو فەلسەفەی ڕۆژئاواو جیهانی بەهەموو ڕێبازەکانییەوە وێڵی دوای ئەو یەکێتی و یەکبوونە میتافیزیکییە بوون. خوێندنەوەکانی ساڵانی دواییم، واتە ساڵی ٢٠٠٠ هەتا ئێستا بەشێنەیی منی لەهەژموونی ئەو چەمکە ڕزگارکرد و سەرەنجام لەدوای خوێندنەوەم بۆ بابەتەکانی، هابرماس، دریداو ئالان تۆرینەوە تێ گەیشتم کە لەجیاتی یەکێتی و یەکبوون، پەیوەندی و کۆدەنگی بەکاربهێنم، ئەگەرچی جیاوازییش لەو پەیوەندی و کۆدەنگییەدا هەبێت.

١- تزفتیان تودو روف، نحن والاخرون، ترجمة د. ربي محمود، دار المدي ، ١٩٩٨

٢- کۆمەڵەی دامەزرێنەران، لەعەرەبیدا دەبێتە (الجمعية التاسيسة) لە عیراقدا لەدوای ساڵی ١٩٢١و بەفەرمانی مەلیک فەیسەڵ لەکۆبوونەوەی شارەزایان، کەسایەتییەکان، سەرانی هۆزەکان، دەرەجەدارانی سەربازی پێک هات، لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر یەکەمین کاری بەڵشەفییەکان پێکهێنانی کۆمەڵەی دامەزرێنەران بوو بۆ دانانی دەستوور.

لەدوای شۆڕشی ئیسلامی و پاش چەند مانگێک هەڵبژاردن لە شارەکان دەستی پێ کرد بۆ ئەندامێتیی کۆمەڵەی دامەزرێنەران یان ئەوەی بەفارسی ناویان ناوە (مجلس خبرگان)و لەکوردستان شەهید قاسملوو بەزۆریی دەنگ بۆ ئەو مەجلیسە هەڵبژێردرا.

٣- مرۆڤی خودایی ئەو زاراوەیەیە کە د. پیروز مجتهد زادە بۆناوەرۆکی دینی ئاریایی (ئێرانی) بەکاری هێناوە کە هەمان پەیامی میهرو زەردەشتە، کەباسیان لەوە کردووە مرۆڤ خواییە و دەتوانێت بەشێک لە سیفەکانی خودا (دانایی، ڕاستگۆیی، بەهێزی) لەخۆیدا پەیدابکات.

بڕوانە: د.پیروز مجتهد زادە، هویت ایرانی در استانه سدەی بیست و یکم، مجلەی اطلاعات سیاسی- اقتصادی، شمارە ١٢٩- ، ١٣٠

٤- ئاینی یەزدانی، هەر هەمان مانای مرۆڤی خودایی دەدات و هێمایە بۆ وەسفکردنی پەیام و دینی کوردی. ئەم زاراوەیە لەلایەن میهردادی ئێزەدی بەکارهاتووە. بڕوانە:

ئاین و تایەفە یەزدانییەکانی لەناو کوردستان، میهردادی ئیزەدی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ٢٧ساڵی ١٩٩٨.
٥- الان تورین، ماهي الديمقراطية، ترجمة، حسن قبسي، دار الساقي ١٩٩٥
٦- د.پیروز مجتهد زاده، هويت ایرانی در استانه سده بیست ویکم، مجله اطلاعات سیاسی- اقتصادی، شماره ١٢٩- ١٣٠
٧- لێرەدا بەپێویستم زانی هەمان دەربڕینی خودی ئەو دەوڵەتانە بەکاربهێنم و هەمان ڕوانگەی ئەوان بۆ دامەزراندنی قەوارەی خۆیان، بخەمە ڕوو:
٨- بەکارهێنانی ئەم زاراوە و دەربڕینانە هی خودی ئەو تیۆرمەند و بیریارە ئێرانییانە و مەرج نییە بڕوای منیش وەکو ئەوان بێت بڕوانە د. پیروز مجتهد زاده، هەمان سەرچاوە.
٩- د.پیروز مجتهد زاده، هەمان سەرچاوە.
١٠- بۆ زیاتر شارەزابوون لەم بارەیەوە بڕوانە.
د. كمال مظهر، دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر، بغداد ١٩٨٥، ل ١٨٢- ١٨٦
د. رفیق سابیر، ئیمپراتۆریای لم، چاپی سوید، ١٩٩٨، ل١١٠- ١١٤
١١- بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە ئەم سەرچاوانە:
د.رەفیق سابیر، ئیمپراتۆریای لم، چاپی سوید، ١٩٩٨ ل٨٢
- اتاتورک وخلفاء ه ل٢٥٣
د.جرجيس حسن، تركيا في الستراتيجية الامركية بعد سقوط شاة.
١٢- اتاتورک وخلفاء ه ل١١١
١٣- جرجيس فتح الله، آرا ء محظورة في شؤن عراقية معاصرة، ستوكهولم ١٩٩٤، ل ١٩
١٤- حسن العلوي، الشيعة والدولة القومية في العراق(١٩١٤- ١٩٩٠)، ل ١٥٩- ١٦٠
١٥- د. رەفیق سابیر، هەمان سەرچاوە، ل٨٥ ل١٨٢
١٦- CIA سی ئای ئەی، اسناد لانە جاسوسی، کردستان(١) شمارە ٣١، ل ٣٩

پارت و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان
لە سەردەمی دیموکراسیدا

پێشەکی

دیموکراسی هەروەکو دیاردەکانی دیکەی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی، لە چەندین روانگە و بەرژەوەندی جیاوازەوە پێناسە کراوە و تا گەیشتە ئەو کاتەی کە دیموکراسی دەبێتە سیستەمێکی پەیوەندیی بەردەوامی نێوان دەوڵەت و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. لە سەردەمەکانی رابردوودا دەمانویست بەهۆی دیموکراسییەوە لە کۆت و بەندی نەزانین، بێ مافی، وابەستەیی و دەسەڵاتی رەهای جاران رزگارمان بێت و هەربەو هۆیەوە دەستمان بگات بە سەردەمی عەقڵ و سەروەری و مافی هاووڵاتیبوون و بەهرەمەندبوون لە ئازادی. بەپێی بۆچوونەکانی کۆمەڵناسی ناوداری فەرەنسی (ئالان تۆرین) سێ دەسەڵات، سێ ئاست و رەهەندی گرنگی بۆ دیموکراسی دیاری کردووە و مێژووی بەردەوامی و گەشەی دیموکراسیش لە ئەنجامی کاریگەریی و پەیوەندیی نێوان ئەو سێ دەسەڵاتە، بەکاتی ئێستا گەیشتووە:

دەسەڵاتی عەقڵ، کە توانیویەتی سیستەمی نوێنەرایەتی بەرهەم بهێنێت و بەمەرجێک ئەم سیستەمە سنووردار بکرێت، بەهۆی هەڵبژاردن و نوێکردنەوەی هەڵبژاردن، دەستاودەست کردنی دەسەڵات و گەرەنتییی مافی کەمینەکان لە لایەن دەسەڵاتی عەقڵ، کە بەهۆی هەڵبژاردن و سیستەمی نوێنەرایەتییەوە دەبێتە دەسەڵاتی زۆربە.

دەسەڵاتی فەرهەنگ، وەکو رەهەندی کەلتووریی دەستەڵات، کە لە سەردەمی ئێستا توانیویەتی بگاتە ئاستی هاووڵاتیبوون، بەهەردوولایەنی ئەرک و مافی دانیشتووانەوە. لە ماوەی مێژووی مرۆڤایەتیدا دەسەڵات و دەوڵەتەکان چوار

سەردەمی فەرهەنگییان لە بواری دەستەڵاتدا بڕیوە کە بە جۆرێک ئەو ئاست و ڕەهەندە فەرهەنگییانە بوونەتە بناغە و سەرچاوەی ڕەوایی بۆ دەسەڵات. فەرهەنگی خێڵ و دابونەریتی هۆزەکان، سەرچاوەن بۆ دەسەڵاتی خێڵ، واتە (شاهۆزەکان) یان ملوک الطوائف. فەرهەنگی دینی یان ئاینی (مەزهەب) و هێز و توانای بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان سەرچاوەی ڕەوایی بۆ دەسەڵاتی ئیمپراتۆریا و میرنشینەکان فەراهەم دەکات. ئەم قۆناغە لەڕووی نەژادییەوە، دەگاتە قۆناغی میللەت «الاقوام». فەرهەنگی نەتەوەیی و دەوڵەتی نەتەوە بناغە و ڕەهەندێکی گونجاوی چینی سێیەمە (بۆرژوازی) و بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدە و تا ناوەڕاستی سەدەی بیست بۆ دامەزراندنی سەردەمی یەکەمی دەسەڵاتی دیموکراتی کە بەڕادەیەکی بەهێز پابەندی دەسەڵاتی (دەوڵەت- نەتەوە) و سەرەنجام فەرهەنگی هاوولاتیبوون، دەبێتە ئاست و فەرهەنگی گونجاوی سەردەمی دووەمی دیموکراتی واتە سەردەمی هاوولاتیبوون. هاوولاتیبوون، ڕەوشێکی فراوانترە لە ڕەهەندی نەتەوەیی و دیموکراسیش لە هاوولاتیبووندا باشتر دەتوانێت دەربڕینێکی گونجاوتر و ئازادتر لە داواکارییە فەرهەنگییەکانی دانیشتووان بکات بەدەر و زیاتر لە حاڵەتی خێلایەتی، دینی یان مەزهەبی، ناوچەیی و نەتەوەیی. دەسەڵاتی ئازادی، یان ڕەهەندی ئازادی کە توانیویەتی مافەکانی مرۆڤ و هاوولاتیبوون و مافی تاکەکان بەرهەم بهێنێت. سەرەنجام دیموکراسی دەبێتە سیستەمێکی پەیوەندی و کاریگەری بەردەوامی نێوان ئەم سێ ئاست، ڕەهەند و دەسەڵاتە. هەرسێ ئاست و دەسەڵاتەکەش بەهۆی هێز و کاریگەریی ئاستەکانی دیکەوە سنووردار دەکرێت و لە حاڵەتی داکۆکیکردندا، نەک هێرشبردن، دەپارێزێت.

لە سەردەمی یەکەمی دیموکراتیدا، کە بە سەردەمی دەسەڵاتی دەوڵەتی نەتەوە، دەسەڵاتی بیرۆکراتی و شۆڕشگێڕ و قسەکەری بەرژەوەندی گشتی و بەرجەستەکەری یەکێتی دەناسرێت و وەکو سەرچاوەیەکی عەقڵانی و ڕەوایی، ئازادی وا سنووردار کرابوو کە تەنها بووبووە هەوڵی خۆ دەربازکردن لە مەترسیی هەژموون و توندوتیژی هەردوو لایەنەکەی دیکەی دەسەڵاتی (دیموکراتی!). واتە سنووردارکردنی ئازادی لە بەرامبەر هەژموون و دەسەڵاتی زیادەڕەوی دەسەڵاتی

عەقڵ، سیستەمی نوێنەرایەتی و دەسەڵاتی هەڵبژێردراو، یان دەسەڵاتی فەرهەنگ، جا ئەو فەرهەنگە نەتەوایەتی بێت یان ڕەوایی شۆڕشگێڕانە یان فەرهەنگی دینی و دینی سیاسی بە تایبەتی لە وڵاتانی ئیسلامیدا.

سەردەمی دووەمی دیموکراتی، کە بە سەردەمی پەیدابوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەناسرێت و هەندێک کۆمەڵناسان و فەیلەسوفانی سیاسی بە قۆناغێکی گرنگی دادەنێن لە ژیان و سیستەمی دیموکراتیدا کە ئاسۆیەکی نوێی بۆ پەروەردە و کولتووری دیموکراسیش هێناوەتە ژیان. پەیوەندییەکی پێویست و پتەو هەیە (لەم سەردەمەدا) لە نێوان فەرهەنگی دیموکراتی بەشێوەیەکی گشتی و چەمکی خودی کارکەر «الذات الفاعلة» و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. بیر و هۆشی دیموکراتی بەهۆی هەموو ئەوانەی کە سووربوون لەسەر بەدیهێنانی مافەکان و ئاواکردنی ژیانێکی باشتر و گونجاوتر لە بەرامبەر دەسەڵاتە بیروکرات (ئەوانەی ئەوروپا و ئەمریکای باکوور) و دەسەڵاتە ڕەها و سەپێنراوەکان (جیهانی سێیەم) کە ڕۆژ بە ڕۆژ دەسەڵات و ناوەندێتی و زوڵم و زۆریان زیاد دەبوو. ئەو خەڵکانەی کە بەشێک بوون لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەر لە کرێکاران و ڕۆشنبیرانی گدانسک (پۆلۆنیا)، تا کرێکاران و خوێندکارانی تیان ئان مێن (چین)، تا خەباتکارانی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان (ئەمریکا) و تا دەگاتە خوێندکارانی مایسی ١٩٦٨ (ئەوروپا) و تا خەباتکارانی نەتەوە چەوساوەکانی جیهانی سێیەم و بە تایبەتی بزووتنەوەی دژی نەژادپەرستی، ئاپارتاید (لە ئەفریقا). خەبات و تێکۆشانی ئەم بزووتنەوانە قۆناغی دووەمی دیموکراتی بەدی هێنا کە لەمەودوا پێی دەڵێین (دیموکراسی بەشداربوون). لەم سەردەمە بەدواوە، دیموکراتی دەبێتە سیستەم و ژیانێکی پەیوەندی و کاریگەریی بەردەوام لە نێوان یەکێتیی عەقڵانیی ئامانجدار و ئامێری، فرەیی یادەوەری و فەرهەنگ و بزووتنەوەکان و سەرەنجام کۆکردنەوەی هەردوو ڕەهەندی ئاڵوگۆڕ و ئازادی. ئەم سەردەمە دەبێتە سەردەمی پاشەکشەی (دیموکراتی !) گشتیکراو و سەپێندراو، ماڵئاوایی لە دیموکرایتی تاک ڕەهەند و تاک فەرهەنگ و تاک دەسەڵات.

بەهۆی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە دیموکراسی لە هەندێک ئەرک و مافی

دەستووری و ئازادیی نێگەتیف و یاسایی کراوەوە، دەبێتە خەباتێکی ڕۆژانە، بەردەوام و شێنەیی کە خودی ئەو بکەرانە (بزووتنەوانە) بەهۆی پەروەردە و ڕووناکبیریی نوێوە (کە لەسەر بناغەی ئازادی و یاسا و هاوولاتیبوون بنیات نراوە) لە دژی هەژموون و دەسەلاتی زیادەڕۆی دەزگاکان، فراوانتر دەکرێن. بەم جۆرە، سەردەمی دووەم سیاسەتی خود و ئازادی و بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکانە، دەیەوێت ئازادی بخاتە ناو هەموو ئەو سنوور وبونیادە کۆمەلایەتییانەوە کە تا ئێستا بەهۆی دەسەلات و حالەتی فەرهەنگی کۆنەوە، بوونەتە یان(کراونەتە!) ڕەوشێکی ئاسایی و فۆلکلۆری. بەکورتی ئەم سەردەمە، سەردەمی سنووردارکردنی دەسەلاتەکانە (نەک نەهێشتنی) و بەدیهێنانی هەرچی زیاتری داواکارییەکانی زۆربەی کۆمەڵە. دیموکراتی دەبێتە شێوەیەک لە ژیانی سیاسی کە دەتوانێت ژمارەیەکی زۆری خەڵک بەهرەمەند بکات لە ئازادی و فراوانترین خواست و داواکاریی مرۆڤەکان بەدی بێنێت.

ئەوەی لەم سەردەمەدا زۆر گرنگە ئەوەیە، فێرببین کە سەرەڕای جیاوازیمان چۆن لەگەڵ یەکدیدا بژین. چۆن جیهانێک پەیدابکەین کە هەمیشە کراوەبێت و زۆرترین و فراوانترین حالەتی فرەییی گونجاوی تێدابێت؟ وەلامی ئەمەش ئەوەیە کە نابێت واز لە یەکێتیی نێوان خۆمان و فرەییەکان بهێنین، کە بێ ئەو یەکێتییە پەیوەندی و بەردەوامبوون، کارێکی مەحالە و لە هەمان کاتیشدا نەمانی جیاوازی و فرەیی، ژیانمان بەرەو نەمان و مردن دەبات. گرنگی و پێداویستیی بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان لەوەدایە کە هەردوو ئاستەکە دەپارێزێت، واتە دەتوانێت بەهۆی ئەرک و پابەندبوونمانەوە بە یاسا، دەسەلاتی عەقڵ و حالەتی هاوولاتیبوونەوە، یەکێتی و هاودەنگی و کۆدەنگیمان بپارێزێت و دیسان بەرهەمی بێنێتەوە، وەبەهۆی فرەیی و داواکاریی ئابووری و مافی ژیانێکی باشتر و گونجاوتر، فرەیی و جیاوازیمان گەشە دەکات و سەرەنجام ژیانێکی پڕ لە تێگەیشتن لە هەمان کاتدا ئاڵووالا بنیات دەنێت.

نابێت وا لە دیموکراتی بگەین کە بالا دەستی یەکێتی و گشتیبوونە بەسەر تایبەتمەندی و فرەییەکاندا، بەڵکو دەبێت بە کۆی ئەو گرەنتییە یاساییانەی بزانین

کە ئاستەکان و دەسەڵاتەکانی کۆمەڵ و دیموکراتی بۆ یەکتری دەسەلمێنن و سەرەنجام دیموکراتی، هەروەکو شارل تایلۆر دەڵێت دەبێتە: سیاسەتی خوێندنەوەی بەرامبەر و لەلای (ئالان تۆرین)یش دەبێتە: ئیرادە و تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ پەیوەندیی نێوان ئارەزووی ئازادی، پێداویستیی ناسنامە و بانگەوازی عەقل. ئالان تۆرین دەڵێت، ئەم پێناسەیە باشترین ناساندنی تا ئێستای دیموکراسییە. لێرە بەدواوە، چەند ئەرک و سیفەتی گرنگ بۆ دیموکراتی زیاد دەبێت و سەرەنجام دیموکراتیی بەشداربوون، دیموکراتیی راوێژکاری و دیموکراتیی ئازادیخواز پەیدادەبێت.

ئەو کۆمەڵ و دەسەڵاتەی کە وا دەزانێت یاسا و دامودەزگاکانی باشترین وکاراترین دامودەزگایە، بێگومان حاڵەتێکی گشتیکراو و سەپێندراو بەسەرخەڵک و دانیشتوواندا دەسەپێنێت و دەسەڵات بۆی نییە و بێگومان لەمەودوا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ناهێڵێن کە وێناکردنی تایبەتی بۆ خێر و شەڕ بەسەر خەڵکدا بسەپێنرێت و بەڵکو دەبێت پێش هەموو شتێک ئەوە قبووڵ بکات کە خەڵک بیروڕاو پرۆژەکانیان دەربڕن و ڕێگا بدرێت بەشدارییەکی فراوان بۆ ئەم پرۆژانە، لەلایەن یاسا و دەسەڵاتەوە فەراهەم بکرێت.

سەردەمی شۆڕشەکان

لەم وڵاتانەی کە ئێمەی تیادا دەژین، کە باسی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت یەکسەر خەیاڵی خەڵکی بۆ دوو دیاردەی دیکە دەچێت، کە ئەوان هەرچەندە جیاوازییان لەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە، هەیە کە ئێمە دەمانەوێت باسیان بکەین، بەڵام لەڕاستیدا گەلێک کاریگەریی گرنگیان لە سەر ژیان و مێژووی مرۆڤایەتی داناوەو کە بەهۆی حیزب و شۆڕشەکانەوە، ڕەوش و سەردەمێکی زۆر نوێ لە جیهاندا پەیدا بووە. بۆ زیاتر شارەزابوونی شۆڕشەکان، کە بێگومان ئەوانیش بەشێکن لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، پێویست دەبێت بەپێی لێکدانەوە نوێکان، شارەزاییمان لەو بارەوە هەبێت. ئەنتۆنی گیدنز، کۆمەڵناسی ناوداری بەریتانی، لە کتێبە گرنگ و گەورەکەی دەربارەی (کۆمەڵناسی)، لەم خاڵانەی خوارەوەدا، باسی شۆڕشەکان و کاریگەرییان لەسەر مرۆڤایەتی دەکات :

١- ژمارەیەک شۆڕش لە بەشێکی ناوچەکانی جیهان و لە ماوەی سێ سەدەی رابردوودا روویان داوە، شۆڕشی ساڵی ١٧٧٦ ئەمریکا و شۆڕشی ١٧٨٩ فەرەنسا، ئامانج و هیوای وایان پێشنیاز کرد کە بەشێوەیەکی فراوان ژیانی سیاسییان بەرەو پێشەوە برد. لە سەدەی بیستدا زۆرتری شۆڕشەکان ئامانجی سۆسیالیستی، مارکسی یان (ناسیونالیستییان) هەبوو.

٢- شۆڕش چەمکێکی وەهایە کە بەئاسانی ناتوانرێ پێناسە بکرێت. لەبەر ئەوەی کە شۆڕش لایەنی هەڵگێڕانەوەی سیاسیی کردووەتە ئامانج بۆیە دەبێت خاوەنی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بێت، کە ئامادە دەبێت بۆ بە دەستهێنانی هیواکانی لە توندوتیژی سوود وەربگرێت و بتوانێت هەم دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت و هەم پاشان ریفۆرم و چالاککاری دەست پێ بکات.

٣- گەلێک تیۆری جۆراو جۆر دەربارەی شۆڕش خراونەتە روو. لێکدانەوەی مارکس بۆ شۆڕش بە تایبەتی جێگایەکی دیارو ئاشکرای هەیە، نەتەنها لە بەرئەوەی بەرهەمی فیکری ئەو ـ کە بە شێوەی جۆراو جۆر باس و لێکدانەوە هەڵدەگرێت ـ بە ڵکو لەو روانگەیەوە کە تا ئەندازەیەکی زۆرو بەرچاو کۆمەکی کرد بە سازدان و باسکردنی رەوەندە راستییەکانی شۆڕش، کە لە سەدەی بیستەمدا روویان دا.

٤- لەو جێگایەوە کە شۆڕش بۆ خۆی دیاردەیەکی ئاڵۆزە، بۆیە گشتیکردنی ئەو هەلومەرجانەی کە دەبنە هۆی روودانی شۆڕش کارێکی دژوارە. زۆرترینی شۆڕشەکان، لە هەلومەرجێکدا روودەدەن کە دەسەڵاتی حکوومەتی پێشوو لە بەریەک هەڵوەشابێت (بۆ نموونە لە ئەنجامی جەنگ)، لە شۆڕشەکاندا گرووپ یان پارتێکی چەوساوە دەتوانێت بزووتنەوەیەکی جەماوەریی گەورە پەیدا بکات و بەرەو بەردەوامی و گەشەی بەرێت. شۆڕشەکان، زۆربەیان ئاکامی نەخوازراوی ئامانجەکانی شۆڕش دەبێت، و بەرەو کەمبوونەوەو دابەشبوونی ئەو هیوایانە هەنگاو دەنێن کە پێشتر لە بەرنامەیاندا شۆڕشیان بۆ سازدابوو.

٥- رژێم و سیستەمەکانی دوای شۆڕش زۆربەیان دەسەڵاتگەران و دەسەڵات کۆنترۆڵ دەکەن و رێگا بە هێزەکانی دیکە نادەن بەشداربن و سوود لە رەوایی شۆڕشگێری وەردەگرن، شۆڕشەکان گەلێک ئامانجی گەورە و درێژماوەیان بۆ

ئەو کۆمەڵانە داناوە، کە کاری تیا دەکەن، ئەگەر چی جودا کردنەوەی ئەم پەیام و ئامانجانە لە هۆکارەکانی دیکەی کە کاریگەرن لەسەر گەشەی ئەو کۆمەڵانە کارێکی ئاسان نییە.

٦- زۆربەی شۆڕشەکان پشتیان بەستووە بە کاری توندوتیژی بەکۆمەڵ. زۆربەی شۆڕشەکان پێش ئەوەی دنیایەکی نوێ بنیات بنێن، دنیای کۆن یان (ئێستا) دەڕمێنن، بە پێچەوانەی ڕیفۆرم (چاککاری) تا شتێک بنیات نەنێ شتێکی دیکە ناڕووخێنێت.

٧- تاکە ئەڵتەرناتیڤێک لە بەرامبەر شۆڕش جگە لە ڕیفۆرم و دیموکراسی، پەیدابوونی بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان کە چوارچێوەی هەوڵ و توانای کۆمەڵێک خەڵکە بۆ بەرەژەوەندی هاوبەش و چاکترکردنی هەلومەرجی ژیان و جیهان. ئەم بزووتنەوانە، کۆمەلایەتی و جەماوەری و بێ توندو تیژی تەنها ئەوەندە نین کە بوونەتە بەدیلێک بۆ شۆڕشەکان، بەڵکو هەندێک ڕەوش و هیوای وا پێشنیاز دەکەن، کە دەبێت باشتر لێیان تێ بگەین و جوانتر دەربارەیان بکۆڵینەوە.

دەور و کاریگەریی پارتەکان

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بەولاوە، دوو جۆر بزووتنەوەی دژی ڕژێم لە ئەورووپا و شوێنەکانی دیکەی جیهان پەیدا دەبن کە لە سەرچاوەی (کۆمەلایەتی یان چینایەتی و نەتەوایەتی) ئیلهام وەردەگرن. بزووتنەوەی یەکەم، واتە بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان یان چینایەتییەکان باسی سەرکوتی پرۆلیتاریا و هەژارانیان بەدەستی بۆرژوازی دەکرد و ئەوانەی جۆری دووەم، واتە بزووتنەوەکانی نەتەوایەتی لە سەرکوتی خەڵکی ستەمدیدە و (نەتەوەکان و کەمایەتییەکان) بەدەستی دەسەلاتە بێگانەکان، سەرچاوەی بوونی خۆیان و خەباتیان دەسەلماند. هەردوو جۆرە بزووتنەوەکە بانگەوازی بەدیهێنانی «یەکسانی» یان دەکرد و لە سێ زاراوە گرنگەکەی شۆڕشی فەرەنسە ئازادی و یەکسانی و برایەتی ڕەواییی خۆیان بەدی دەهێنا.

ئەم بزووتنەوانە، لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بیست لە هەموو جێگاکاندا پێکهاتە و ڕێکخراو و حیزبی تایبەتییان بۆ ئەو مەبەستە پێک

هێنا و ئەو بزووتنەوە و حیزبانە کاری یەکەمی خۆیان بەوە دانا کە دەبێت دەسەلات بەدەستـەوە بگرن و دیسانەوە دەوڵەت لە سـەر بناغـەی ڕەوایی چینایەتی یان نەتەوایەتی بونیـات بنێنەوە. ئەم بزووتنـەوە (چینایەتی یان نـەتەوایەتی) کۆمەلایەتییانە هەوڵیان دەدا لە ڕێگای شۆڕش یان پارلەمانەوە، دەسەڵات بە دەست بهێنن، بەلام ئەوەی کە زۆربەی بەرچاوە، ئەوەبوو کە ئامانجی یەکەم و گرنگی خۆیان تا ڕادەی چارەنووسساز، بە دەستـهێنانی دەسەلات بوو، وە هەر لە سەر شێوەی دەسەلات، چەندین حیزبیان بۆ ئەم مەبەستە پێک هێنا. لە کاتێکدا کە بۆچوونی زاڵ لەو سەردەمەدا بۆ دەوڵەت، بۆچوون و تیۆری دەوڵەتی ناوەندی و بیرۆکراتی بوو، بۆیە دەبینین چەندەها پارت بەو شێوەیەی دەوڵەت ، بەلام بچووکتر، پێک هاتن. تا ساڵی ١٩٤٥ سێ جۆری ڕۆشن و جیاواز لە یەک لەو حیزبانە لە سەرتاسەری دنیا پێک هاتن :

حیزبە سۆسیال ـ دیموکراتەکانی ئەنترناسیۆنالی دووەم، پارتە کۆمۆنیستەکانی نێونەتەوەیی سێیەم و حیزبەکان یان بزووتنەوە جۆراو جۆرەکانی نەتەوەیی (ڕزگاریخوازی) نەتەوەو گەلەکان .

قۆناغی یەکەمی بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان کە بە توندی گرێدرابوو بەو بزووتنەوانە (چینایەتی یان نەتەوایەتی) بۆ ماوەی نزیکەی سەد ساڵ و تۆزێکی خایاند و لە ئەنجامی دەسەلات و گیروگرفتەکانی ئەم بزووتنەوەو دەسەلاتانە جۆرێکی دیکە لە بزووتنەوەکان پەیدابوون کە لە ناوەڕاستی دەهەی ١٩٦٠ بە دواوە لە ئەوروپا و ئەمریکا و ئاسیاو ئەفریقا توانییان گومان و پرسیاری گەورە لە ڕەوایی و کارایی بزووتنەوە و پارتەکانی قۆناغی یەکەمی بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان پێک بهێنن. بزووتنەوەکانی دەهەی شەست کە زیاتر لە دەوری «تاک» و داخوازییەکانی تاک دەسووڕایەوە بە جۆرێک بوون کە واقیعیەتی ئابووری، سیاسی و دیموکراتی وای لێ هاتبوو، کە ئەو بزووتنەوە نوێیانە، بزووتنەوە و حیزبە کۆنەکانیان خستە ژێر پرسیارەوە، ئەم ڕووداوانە لە خۆیدا، توانییان چەند ڕەوتێکی نوێ و بۆچوونی نوێ بۆ بوون و سەرچاوە و زەمینە و ئامانجەکانی بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان، بەدی بهێنێت. هەروەکو باسمان کرد، هەرچەندە پارتەکان لە ئەنجامی بزووتنەوە

کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیدا بوون، بەڵام چەند سیفات و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە کە جیایان دەکاتەوە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان :

یەکەم، پەیوەندی و بەشداری لە بزووتنەوەکاندا، پێویستی بە پابەندبوونی تەواو بەجۆرێک لە بیرو باوەڕی تایبەتی نییە، بەڵام بەشداربوون و ئەندامێتی لە پارتەکاندا وا دەخوازێت کە پابەند بوونی تەواو بە بیروباوەڕەوە، یەکێک بێت لە مەرجەکانی بنیاتنانی ئەو پارتانە.

دووەم، سیفەتی ڕێکخراوەیی حیزبەکان، وا پێویست دەکات کە لایەنی توندوتۆڵ و ئاستەکانی ڕێکخستن بوونی هەبێت و بەجۆرێک کە شێوەیەک لە شێوەکانی بیرۆکراتی (دیوان سالاری) لە هەموو پارتەکاندا هەیە. لە پارتدا حاڵەتی ڕێکخستن و فەرمان و ئاستەکانی سەرەوە و خوارەوە بەئاشکرا دەبینرێت، لە کاتێکدا بزووتنەوەکان زیاتر حاڵەتی ئازادی و کۆبوونەوە و بەشداریکردن لە چالاکییەکاندا، بە خۆوە دەگرێت.

سێیەم، ئامانجی یەکەم و پیرۆزی حیزبەکان بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتە و هەر بۆ ئەمەش، گومان کردن لە دەسەڵات و بونیادی پێشوو، یەکێکی دیکە دەبێت لە کارەکانی. ئامانجە زۆر و درێژ ماوەکانی حیزب، بەردەوام دوا دەخرێت بۆ سەردەمی بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات و گۆڕینی دەسەڵاتی کۆن.

چوارەم، بەو ڕادەیەی کە پارتەکان، سەربە بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتن، هەر بەو ئەندازەیە دەیانەوێت یەکێتیی ڕیزەکانی حیزب و پاشان یەکێتیی ڕیزەکانی کۆمەڵ لە دەوری بەرنامە و ئایدۆلۆژیای خۆیان بەدی بهێنن. بەم جۆرە یەکەمین کاری حیزب، تەنانەت پێش بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتیش، هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی یەکێتی لە دنیا و ژیانێکی پڕ لە جیاوازی و فرەیی.

پێنجەم، قەتیس مانی کاری حیزبەکان، تەنها لە کار و مەیدانی سیاسی و دانانی حیزب و سیاسەت بە ناوەڕۆک و سەرکردەی بەشەکانی دیکەی کۆمەڵ و ڕای گشتی. یەکێک لە کارە دژوارەکانی حیزب هەوڵدانە بۆ دروستکردن و بەهێزکردنی ناوەندێتیی سیاسی و بە جۆرێک کە بەشەکانی دیکەی خەبات و ڕای گشتی بە پاشکۆی حیزب دادەنرێت.

شەشەم، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، جیاوازیی تەواو ئاشکرا لە نێوان پارتەکان و بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکاندا نییە، چونکە بەدیهێنانی ژیانێکی سیاسیی گشتی و ئازاد، وا دەخوازێت کە هەموو ئەمانە (رێکخراوەکان، پارتەکان و بزووتنەوەکان) لە پەیوەندی و کاریگەرییان لەسەر یەکتر، ڕەوش و دەسەلات و کۆمەڵێکی باشتر بنیات بنێن. واتە دەبێت ئەوە قبووڵ بکەین کە ئێستا بوونی پارتەکان کارێکی پێویستە. بەلام دەبێت کەموکوڕی و لاوازیی پارتەکان بەپێی پێوەرەکانی دیموکراسیی ئێستا نەهێلرێت.

پارتەکان و دیموکراسیی نوێ

دیموکراسی بەبێ سیستەمی نوێنەرایەتی، کە دەسەلاتی عەقڵ و زۆربەیە، بوونی نییە. هەڵبژاردنی ئازادی دەسەلاتداران لە لایەن خەڵکەوە، دەبێتە کارێکی بێ مانا، ئەگەر بێتو ئەم خەڵکانە نەتوانن دواکاری و کاردانەوە و پێداویستییەکانی خۆیان بە شێوەیەکی یاسایی و ڕێگاپێدراو نەخەنەڕوو. یەکێک لە کەناڵەکانی شێوەسازکردنی ئەم دواکاری و کاردانەوانە، لە ڕێگای حیزبەکانەوە دەبێت و تا ئێستا حیزبەکان دەتوانن یاریکەرێکی گرنگی گۆڕەپانی دیموکراتی بن. مەرج و زەمینەی دەورو کارایی حیزبەکان لە بەدیهێنانی دیموکراسییەکی باشتردا، پێویستی بەوە هەیە، کە زەمینەکانی کاری حیزبەکان و ئەو ڕەخنانەی لە خەباتی پارتەکان دەگیرێت و ئاسۆی چاکردنی، ئەم کارانە بەرەو هەلومەرجێکی باشتر بەرین :

زەمینەی یەکەم، ئەگەر ژیان و بەرژەوەندییەکان، جیاواز و فرەن، ئەگەر بێتو هەرکەسێک (یان هاوولاتییەک) ڕستێک پێداویستی و داواکاریی هەبێت کە پەیوەندییان هەیە بە ژیان، کار وخێزان وپەروەردەی منالەکانی و ئاسایشی وبیروباوەڕیەوە. بۆیە دەبێت ئەوە قبووڵ بکەین کە مەحاڵە بتوانین سیاسەتێکی گشتی و دیاریکراو بنیات بنێین کە هەموو ژیان، بەرژەوەندی و ئاسایشی هاولاتییان لە خۆ بگرێت و سیاسەتێکی باش و گونجاو بێت بۆ زۆربەی کۆمەڵ و هەموو لایەنە سیاسی و کەمایەتییە دینی و فەرهەنگی و میللییەکان تیایدا بەهرەمەند بن. بۆیە ئەوەی ئەم پێداویستی و داواکاریيانە سیفەت و حالەتی نوێنەرایەتی و یاسایی

وەربگرن، پێویستی بە کۆدەنگی و هاوبەرژەوەندی هەیە و دەبێت نوێنەرانی ئەم داواکارییانە، لە هەموو ئاستەکاندا، لەگەڵ یەکدی گفتوگۆ بکەن و سەرەنجام بتوانن لە شێوەیەک لە یەکێتی و کۆدەنگی بۆ نوێنەرایەتیی ئەم پێداویستییانە بەدی بهێنن. پارتەکان دەتوانن لەم زەمینانەدا (پێداویستی، داواکاری و کاردانەوەکان) ڕەواییەکی باشتر بۆ بوون و گەشەو بەردەوامبوونیان پەیدا بکەن. ئەم ڕەوشە، دوو خاڵی گرنگی لێ دەکەوێتەوە، یەکەم، حیزبەکان دەتوانن لە کۆی داواکاری و بەرژەوەندی هاووڵاتییان، لە حاڵەتی تاکە بەرژەوەندی (بەرژەوەندی چینایەتی) وتاکە بیروباوەڕەوە بەرەو حاڵەتی فەرمیی بچن و دیسان خۆیان نوێ بکەنەوە. لەم زەمینەیەدا، گرنگیدان بەئازادیی سیاسی بۆ بەشی هەرە زۆری کۆمەڵ لەلایەن پارتەکانەوە، دیموکراسی دەباتە بەرزترین پلەی بەهێزی، کاتێک کە کاردانەوە و ئۆپۆزسیۆنی کۆمەلایەتی لە ئاستێکی فراواندا، بەرهەم دێت دیموکراسی ڕەوشێکی جێگیر و ئازادییەکی زیاتر بەخۆوە دەگرێ. ئەو وڵاتەی کە زۆرترین بەرجەستەبوونی ئازادی و فراوانترین ئازادیی سیاسی (یان بەشێوە کلاسیکییەکەی خەباتی چینایەتی و کۆمەلایەتی) لە خۆدا بەرهەم هێناوە، واتە بەریتانیای مەزن، لەو وڵاتەدا دیموکراسی جێگیرترین ڕەوشی سیاسی بەخۆوە گرتووە. هەروەکو چۆن سۆسیال-دیموکراسیی ئەورووپای باکوور ئاسۆ و هۆشی دیموکراتی بەرەو سەرکەوتن برد، کە هەمیشە هەلومەرجێکی کراوەی بۆ خەباتی چینایەتی (ئازادیی سیاسی) لە نێوان پارتەکانی کرێکاران و پارتە بۆرژوازییەکاندا یاسایی کردبوو. دووەم، حیزبەکان دەتوانن لە حاڵەتی کۆمەلایەتی (چینایەتی) دیسپلینکراو خۆیان نەجات بدەن و هەوڵ بدەن هەرچی زیاتر لە بەدیهێنانی بەرژەوەندی و خۆگرێدان بە چینێکی دیاریکراو یان توێژێکی دیاریکراو ڕزگاربکەن، و بتوانن لە کۆی بەرژەوەندییەکان، بەرژەوەندییەکی گشتیی دیموکراسی لە پارتەکانیاندا نوێنەرایەتی بکەن.

هەرچی زیاتر حیزبەکان بتوانن لەم بەرژەوەندییانە دووربکەنەوە، زیاتر دەتوانن لە هاوپەیمانیی بەرژەوەندی تایبەت و لە ڕەوشێکی کەمایەتیی بیروکراتی دووربکەونەوە. یەکێک لە دوژمنە گەورەکانی ئازادی و دیموکراسی، بوونی هەڵاواردن و ئیمتیازاتی ئابووری و سیاسی و دەسەڵاتی کەمایەتییە بیرۆکراتەکانە. زۆربەی

پارتەکـانی سـەردەمی یەکـەمی دیموکراسـی (سـەدەی نۆزدە تـا ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەم) لە ئەوروپا و ئەمریکا، تووشی ئەم نەخۆشییـانە بوون، زۆربەی هەرە زۆری پارتەکانی جیهانی سێ تا ئێستاش هەر بەوجۆرەن.

زەمینەی دووەم، ئەگـەر پارتەکان بتوانن، ببنە قسـەکەر و نوێنەری سیاسیی فرە داواکـاری و فـرە بـەرژەوەندی، هەر بـەو ڕادەیە دەتوانـن لە زەمـینەی فـەرهەنگی و تێـوری (ئایدۆلۆژی)دا ڕەوشـێکی ئازادتر و فـرەتر بـەرهـەم بهـێنن و سـەردەمی تاک بیروباوەڕی و یەکێتی خوازی بیروباوەڕەکان بەسـەر دەچێت. حیزبەکان ئەگەر بتوانن لە کۆی بیروباوەڕەکانی (دیموکراسی، لیبرالی،سۆسیالیستی، نەتەوایەتی، مۆدێرن و فرەمۆدێرن) ئەڵتەرنـاتیـفێکی باشـتـر بەرهەم بهێنن، چاکتـر دەتوانن لە داخوازی و بەرژەوەندییە فرە و گشتییەکانی خەڵک با تێ بگەن و سەرەنجام حاڵەتی ناوەندێتی و بیـرۆکـراتی بەسـەردەچێت. زەمـینـەی مـاددی و کـۆمـەڵایەتی، ئەم فـرەییـیـە لە بیـروباوەڕدا، جگە لە بنیـاتنانی کۆی بەرژەوەندییـەکـان، تێگەیشـتنی هەلومـەرجی بزووتنـەوە کـۆمـەڵایەتیـیـەکـانە (بزووتنەوەی ئافـرەتان، منـاڵان، کـەمـایەتیـیـەکـان، پارێزەرانی ژینگە، بزووتنەوە چینایەتییەکان).

دەبێت یاسـای دیموکـراسی و حـیـزبە سـیـاسـیـیـەکـان، ڕێگە بدات بە توێژە کۆمـەڵایەتییـەکـان بۆ خـۆڕێکخسـتن و بەدیهـێنانی بزووتنەوەی داواکاریی یاسـایی، هەروەهـا بتـوانـن لە ڕێگای نوێنەرەکـانیـانەوە بەشـداری لە ژیانـی سـیـاسـی و پارلەمـانیدا بکەن (یان لە ڕێگای نوێنەرانی پارتەکانـەوە، یان ڕاستەوخۆ سەندیکا و کۆمەڵە و N. G. O. ڕێکخراوە ناحیزبی و ناحکومییەکان بتوانن لە ژیانی سیاسی و پەرلـەمـانیـدا بەشـداربن)، ئـەم ڕەوشـە، واتە نوێنەرایەتیی سـیـاسی و یاسـاییی بزووتنەوە کۆمـەڵایەتییـەکان، لە بیروباوەڕی ڕۆژئاواییدا بە باشـترین شـێوە بەرهەم هاتووە. ژیانـی سـەندیکایی لە فـەرهەنگی سـۆسـیـال- دیموکـراسیـدا، زەمینەیەکی بەهێزە بۆ سـەرهەڵدانی پارتە کرێکارییەکانیان پارتە سۆسیالیستەکان کە توانییان ببنە بـاسکی سـیـاسـیی ژیانی سـەندیکایی. دامـەزراندنی پارتی کـاری بەریتـانیـا لە سەرچاوە و زەمینەی یەکێتیی سەندیکاکانی ناو TUC، یان پەیوەندیی بەتینی نێوان یەکێتـیی کاری سویدی LO و پارتی سۆسـیـال- دیموکراتیدا. ئەم هەلومـەرجە لە

ئیتالیا و ئیسپانیاش هەر بەو شێوەیە کە خەباتی کرێکاری زەمینەیەکی بەهێزە بۆ هێز و توانای پارتە کرێکاری و سۆسیالیستەکان.

زەمینەی سێیەم، پەیوەندیی نێوان ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی سیاسی، هەر تەنها ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو بەهۆی هەندێک هۆکاری ناوەنجی و بەهۆی کاری ئەوانەی دەبنە کارکەری ناوکۆیی نێوان ئەم دوو ژیانە. یانەکان، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، یەکێتی و سەندیکا پیشەییەکان و گرووپە ڕووناکبیرییەکان و تەنانەت کۆڕ و کۆمەڵە ئابووریی و فەرهەنگییەکان ئەو هۆکارە و پەیوەندییانەن کە لە پانتایی و قووڵایی کۆمەڵدا، دەتوانن زەمینەی دیموکراسی فراوانتر بکەن و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەو زەمینەیەدا باشتر گەشە بکەن. کاری ئەم ناوەندانەی پەیوەندی لە نێوان سیستەمی سیاسی و ژیانی کۆمەڵایەتی، چەندین ڕێگا و هەڵبژاردنی جیاوازی سیاسی بۆ بەشداریکردن و دەوڵەمەندکردنی سیاسی بەدی دەهێنێت، ئەم هۆکارانە دەتوانن ببنە زەمینەیەکی باش بۆ سەرهەڵدانی پارتە نوێکان یان ڕیفۆرم و چاککردنەوەی پارتە کۆنەکان، لەم کاتانەشدا نابێت وا تێ بگەین کە حیزبەکان ئەڵتەرناتیفی ئەو ناوەندانەی پەیوەندی و کاریگەرین.

تەسککردنەوە و گورزلێدانی دیموکراسی، لە یەکێک لە مەیدانەکاندا، هەوڵدانە بۆ کەمکردنەوەی ئەم هۆکارانەی پەیوەندی و کاریگەری. لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا و جیهانی سێ، زۆربەی پارتەکان لە دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ بازاڕ و کەسانی دەوڵەمەندا دروست کرد و ئابووری و بازاڕ ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەسەڵاتداراندا بوونە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دەوڵەمەندبوونی سیاسی و دەستەڵاتدارەکان و زەمینەی بەدیهاتنی «فەساد» بەشێوەیەکی ڕەسمی و پاڵپشتکراو دروست بوو. بۆ پاراستنی ئەم پەیوەندییە ڕاستەوخۆیە (ئابووری و بازار لەگەڵ دەسەڵاتداران)، پشتکردنە خواستەکانی جەماوەر و بەهێزکردنی بیروکراتی. پەیوەندیی نێوان پارتەکان و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەک لەڕێگای ئەو ناوەندانەی پەیوەندی و کاریگەری، دەبێتە هۆی پاشکۆیەتی ئەو ڕێکخراوانە و سەرەنجام کزبوون و بێ دەسەڵاتیی ئەو ناوەندانە و بۆ پاراستنی ئەم پاشکۆیەتییە، بێگومان پێویست دەبێت کە خودی ئەو ڕێکخراوانە

بکرێنە بەشێک لەو حیزب و دەسەڵاتە. ئەزموونی وڵاتانی جیهانی سێ، بۆ بەرقەرارکردنی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان ژیانی کۆمەڵایەتی و سیستەمی سیاسی و سەرەنجام بۆ پاشکۆکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای ئەو بەناو ڕێکخراوە جەماوەرییانەوە.

زەمینەی چوارەم، بەڵام سەرەڕای بوونی ناوەندێک لە نێوان ژیان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و سیستەمی سیاسی، یان بەشێوەیەکی گشتی ژیانی سیاسی، نابێت وا تێ بگەین کە پارتەکان سەربەخۆن لە هێزە کۆمەڵایەتییەکان. هەرسێ ڕژێم و بیروباوەڕە سۆسیالیستەکان، هەر لە کۆمۆنیزمی لینینزمەوە تا دەگاتە هەندێک لە سۆسیال- دیموکراتەکان، پێش هەموو شتێک لەبەر سەربەخۆیی ودابڕانی ئەو حیزبانە بوو لە ژیانی کۆمەڵایەتی کە سەرەنجام پاشکۆکردنی هێزە کۆمەڵایەتییەکان، کرایە ئامانج. دیموکراسیی ئازادیخواز و بەشداری و ڕاوێژکاری وا پێویست دەکات کە هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەهۆی ناوەندەکانی پەیوەندی و کاریگەرییەوە، ڕێگای کار و بەشداری و سیفەتی نوێنەرایەتییان هەبێت، بەجۆرێک بێت بتوانێت مانایەکی دیکە و جیاواز لە حیزبەکان بۆخۆی و بۆ بەشداری لە ژیانی دیموکراسیدا بەرهەم بهێنێت.

چی ڕوودەدات کاتێک کە هێزە سیاسییە چالاکەکان (حیزبەکان) گوێ نەدەن بە داواکاریی هێزە کۆمەڵایەتییەکان؟ چی ڕوودەدات کاتێک پارتەکان دەیانەوێت ڕاستەوخۆ لە ڕێگای خۆیانەوە، بۆچوون و ڕێگاچارەسەری سیاسی پێشکەش بکرێت، واتە ڕێگا نەدرێت بەبوون و کاری ئەو ناوەندانەی پەیوەندی و کاریگەری؟ یەکەمین شت ئەوەیە کە سیفەتی نوێنەرایەتی لەو هێزە کۆمەڵایەتی و ناوەندانە دەسەنرێتەوە و تەنها حیزبەکان دەبنە دەمڕاستی کۆمەڵ و بەشەکانی دیکەی کۆمەڵ، دەخرێتە پەراوێزەوە. ئەم ڕەوشە ئەم بەرهەمە خراپانەی دەبێت: هاوسەنگیی نێوان ئەم هێز، ناوەند و حیزبانە تێک دەچێت، یەکێک لە سیفەتە گرنگەکانی دیموکراسی و یەکەمین مەرجی دیموکراسی ئازادیخواز، واتە هەوڵدان بۆ سنووردارکردنی دەسەڵات، لەنێو دەبرێت. ئەم هەلومەرجە دەبێتە سەپاندنی حیزبەکان و دیموکراسی تا ڕادەی دەسەڵاتی حیزبێک یان چەند حیزبێک کەم و تەسک دەکرێتەوە. ئالان

تۆرین، کۆمەڵناسی فەرەنسی ئەم هەلومەرجە ناو دەنێت (Partiocraty) (پارتیۆکراتی).

زەمینەی پێنجەم، کەس ناتوانێت دیموکراسی بەبێ بوونی پارتەکان وێنا بکات، دیموکراسی بەبێ هێز و توانای هێزە سیاسییە کاراکان، بەمانای ڕاستەقینەی بوونی نییە. ئەگەر ئەوە پەسەند بکەین کە دیموکراسی دەبێت نوێنەرایەتی بەرجەستە بکات، هەر بۆیە دەبێت هێزە سیاسییەکان و پارتەکان، کە مەرجێکی گرنگی دیموکراسین، پێویستە لە پێناوی خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵدا کاربکەن، نەک تەنها لە خزمەتی خۆیاندا. لەگەڵ ئەمانەشدا، دیموکراتی هەموو کاتێک دەبێت حاڵەتی ڕیفراندۆمی «استفتاء» بەخۆوە بگرێ، کە لە هەموو ئاستەکانی پارتەکان، ڕێکخراوە دیموکراتی و جەماوەرییەکان و ناوەندەکانی پەیوەندی وکاریگەریی نێوان ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی سیاسی، بەئەنجام بگات. بەڵام بەتەنها دەسەڵاتی پارتەکان یان پارتیۆکراتی دیموکراسی لەناو دەبات و سیفەتی نوێنەرایەتیی لێ زەوت دەکات، یان دەسەڵات و هەژموونی کۆمەڵە ئابوورییە دەسەڵاتدارەکان دەسەپێنرێت و هەموو ئەمانەش لە چاوەڕوانیی دیکتاتۆریدا دەبن. مەترسیی پارتیۆکراتی بەرەو زیادبوون دەچێت، کاتێک کە ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە کارانە دەکەونە حاڵەتی پەرتەوازەیی و دابڕان.

دیموکراسی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

سیستەمی نوێنەرایەتی وا دەخوازێت کە داواکارییە کۆمەڵایەتییەکان بتوانن نوێنەرایەتی خۆیان بکەن، واتە بتوانن بەپێی یاساکانی دیموکراسی ئەو یارییە سیاسییە بکەن کە بەردەوام دەسکەوتی بۆ پەیدا دەکەن و بەپێی بڕیار و پەسەندی زۆرایەتی ئەو داوایانە بەدی بهێنن. هەرچەندە هەندێک کات ئەم داواکارییانە یان جێبەجێ ناکرێن لەبەرئەوەی لەلایەن سیستەمی سیاسییەوە وەڵامیان نییە کە بەهۆی هەژموونخوازی هەندێ لە دەوڵەتەکانەوە یان سنووردارن، یان ئیفلیجن یان لەناوبراون. دیموکراسی لەم حاڵەتەدا جگە لە دەسەڵاتێک کە بەناوی هەڵبژاردن و زۆربەوە ناوەڕۆکی دیکتاتۆری لەبەرگی سەردەمدا پەیدا دەکات. داواکاریی هەندێک

له بزووتنەوە، کۆمەڵایەتییەکان، نابێتە جێگایەک بۆ دانوستان و گوێگرتن، لەبەرئەوەی ئەو بزووتنەوانە دەیانەوێت ئەو هێزە دیاریکراوانە ئامادە و چەکدار بکەن کە دەیانەوێت خودی دیموکراسی و سیستەمی سیاسی و نوێنەرایەتی لە ناوبەرن. هێرشی ئەم هێزە کۆمەڵایەتییانە، یان بەناوی دین (نموونەی ئیسلامی سیاسی)، یان بەناوی چین و ئایدیۆلۆژیاوە (نموونەی کۆمۆنیزم) دەیەوێت کە تەواوی ژیان و فەرهەنگی دیموکراسی لەنێوبەرێت. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دوو مەرجی زۆر گرنگ، پێویستن بۆ بەدیهاتنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە دیموکراتەکان، یەکەم، ڕژێم و دەوڵەتێکی دیموکراتی هەبێت کە گوێی لە داواکارییە کۆمەڵایەتییەکان بگرێت و نەک تەنها ئەمە، بەڵکو دەبێت خودی دیموکراسی پارمەتیدەری ئەو بزووتنەوانە بێت. دووەم، دەبێت ئەو داواکارییانە حاڵەتێکی هێرشبەر و دوژمنانە وەرنەگرێت و دەبێت یارمەتیدەر بێت بۆ بەهێزکردنی سیستەمی دیموکراسی و دیموکراسیش لە حاڵەتی نوێنەرایەتییەوە بەرێتە حاڵەتێکی بەشداری، ڕاوێژکاری و ئازادیخوازی.

ئامانجی کاروانی کۆمەڵایەتی، ئازادبوونی خودەکانە، خودیش بەتەواوی جووت نییە لەگەڵ (تاک)، چەمکی خود، بریتییە لە بکەری کۆمەڵایەتی کە دەتوانێت پەیوەندی کۆمەڵایەتی (نەک یەکێتی کۆمەڵایەتی!) بکاتە ڕەهەندێکی ڕەسەن لە تاک و کۆمەڵ و بزووتنەوەکاندا. خود، ناوی ئەو بکەرەیە کە کاتێک دەگاتە ئاستی مێژوویی، واتە دەگاتە ئاستی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، دەتوانێت بەرهەمی نوێ و پێوەری نوێ بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی بەدی بهێنێت. خود و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بڕبڕەی دیموکراسییە، کە سەرلەنوێ کۆمەڵ بەرهەم دێنێتەوە. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان تەنها کاردانەوەیەک نییە لەبەرامبەر سیستەم و دەسەڵات و دیموکراسی، بەڵکو ئەوان دیسان سیستەم و کۆمەڵ بەرهەم دەهێننەوە و خۆشیان دەبنە بەشێک لەو پەیوەندییانە. کاریگەری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان تەنها لە کاری سیاسی و بەرهنگاربوونەوەدا نییە و بەڵکو لەوە دایە چەند دەتوانێت کاریگەربێت لەسەر ڕای گشتی. بیروباوەڕی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، لەسەرچاوەیەکی ئایدیۆلۆژییەوە بەرهەم نایەت، بەڵکو بیروباوەڕێکی فرە و ئازادییە و هەموو بیروباوەڕەکان، بەمەرجی فەرهەنگ و پەروەردەی دیموکراسی قبووڵ بکەن، لەناو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا

جێگایان دەبێتەوە و هیچ کامیشیان لەو بیروباوەڕانە نابنە ناوەند و ئەوانی دیکە ببنە پەراوێز، ئەمە یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی جیاواز لە پارتە سیاسییە کلاسیکییەکان (کۆمۆنیست، سۆسیالیست، ناسیۆنالیست و دینی) کە ئەوان بیروباوەڕی خۆیان بە ناوەند و ئەڵتەرناتیڤی ئەوانی دیکە دەزانن. من بڕوام وایە کە دەبێت نەوەیەکی نوێ لە پارتەکان لەدایک بێت کە فرە بیروباوەڕبن و بیرە سەرەکییەکانی ئێستای دنیا لە پەیوەندی و کاریگەرییان لەگەڵ یەکدیدا (واتە بیروباوەڕەکانی سوسیالیزم، دیموکراسی، هاووڵاتی و پێشکەوتن) بەرجەستە بکەن و هیچ ناوەند و جێگایەکی نایاب بۆ بیروباوەڕێکی دیاریکراو دانەنرێت و هیچ کام لەو بیرانە نەکرێتە سەرکردە و ئیلهامبەخش و ئەوانی تریش پابەند بکرێت بەو سەرکردە و ناوەندەوە.

بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، یەکێک لە سیفەتەکانی ئەوەیە کە لەپاڵ هەوڵدان بۆ هێنانەدیی داواکارییەکانی، بەرامبەر دەخوێنێتەوە و هەلومەرجی ئەو بەرامبەرەی کە داوای بەدیهاتنی داخوازییەکانی لێ دەکات، تێ دەگات و بەو بۆنەیەوە ئیمانۆیل لونیاس: خوێندنەوەی بەرامبەر مەرجی یەکەمی دادپەروەرییە. پەیوەندی و کاریگەریی بزووتنەوەکان لەگەڵ سیستەم و دەوڵەتدا، لەم ڕێگایەوە ئاسۆی باشتری بۆ دەکرێتەوە. هەر ئەم خاڵە وامان لێ دەکات، تێ بگەین کە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەیەکی ئاسۆییە، نەک ئەستوونی و بیروکراتی و بەپێچەوانەی حیزبە کلاسیکییەکانەوە کە بیروکرات و توێژ توێژن، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، حاڵەتێکی ئاسۆیی و کراوەی هەیە و لەنێو خۆیدا و لەگەڵ بزووتنەوەکانی دیکەشدا، ڕەوشی سەرکردایەتی و بیرۆکراتی پەسەند ناکات.

بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، ڕیفۆرمیستە و هەوڵی چاککردن و سازدانەوەی دووبارەی ژیان و کۆمەڵ دەدات، واتە ئەم بزووتنەوانە نە شۆڕشگێڕن، واتە هەوڵی ڕووخان نادەن، بەڵکو دەیانەوێت هەلومەرجێکی پۆزەتیف نەک نێگەتیف و توندوتیژ و ئاڵۆز، بەرهەم بێنن. لەبەر ئەوەی کە ئاسۆییە، خوێندنەوەی بەرامبەر تێ دەگات و ڕیفۆرمیستە، بۆیە سەرەنجام بزووتنەوەکان حاڵەتێکی هارمۆنی وەردەگرن، هەروەکو جان جاک ڕۆسۆ، دەڵێت: هارمۆنیی بەشەکان، نەک تەشویش و نەبوونی یەکسانی.

بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، هەروەکو دیموکراسی سێ ڕەهەندی دیکەی گرنگی هەیە واتە سیفەتی عەقڵانی و پابەندبوون و پاراستنی هاووڵاتی (بە ئەرک و مافەکان) و بەدیهێنانی خود و ئازادی کردووەتە ئامانجی خۆی و هەموو ئەمانەش بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە. هەر سەبارەت بە بەدیهێنانی خود و ئازادیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەو حاڵەتە یەکێتییە پێش وەختە سەپێندراوانە (نەتەوە، چینەکان (پرولیتاریا و بۆرژوازی)، دین، و دابونەریتەکان) پەسەند ناکات و هەوڵ دەدات لەژێر سەپاندنی ئەم حاڵەتە یەکێتییە ڕزگاری ببێت، بەڵام بەبێ ئەوەی کەمترین توندوتیژی بەکار بێنێت. هەروەکو چۆن بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بە بەشێک نییە لە چینی کۆمەڵایەتی، هەر بەو جۆرەش نابێت کە ببێتە بەرجەستەکەری هیوا و بەرژەوەندی توێژە کۆمەڵایەتییەکانیش (ئەندازیاران، پزیشکان، کرێکاران....) بەڵکو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی هەوڵ دەدات لە شوێنی کار و ژیانی ئەوانەی پێکەوەن داواکارییەکان بەرزبکاتەوە و ڕێکخراو و پەیوەندی پێویست دروست بکات. بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو هەوڵ دەدات کە هاوکاری و پشتیوانیی بەشەکانی دیکەی کۆمەڵ پەیدا بکات بەبێ ئەوەی کە ئەوان ئەڵتەرناتیفی ئەمان بن یان ئەم ئەڵتەرناتیفی ئەوان بێت. پاسای گشتی بێ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لەم حاڵەتەدا دەبێتە (بوون کۆی تاکەکان).

لە دنیای مۆدێرندا، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دژی سازمانە ڕەسمییە بیروکراتەکان کاردەکەن، هەردوو ئەمانەش، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوی بیروکراتی، یەکێکن لە تایبەتمەندییەکانی دنیای ئێستامان. ناکۆکیی نێوان ئەم دووانە، وا دەکات کە ئازادیی سیاسی دژی سەپاندن و بیروکراتیزم، بەردەوام بە زیندوویی بمێنێتەوە بۆیە دەتوانین یەکێکی دیکە لە پێناسەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، لە زەمینەی دژایەتیی سەپاندن و بیروکراتی، پەیدا بکەین و بزووتنەوەکان دەبنە کۆششێکی کۆمەڵایەتی بۆیە بەدەستهێنان و بەرەوپێشەوە بردنی سوودی هاوبەش، یان پەیداکردنی ئامانجێکی هاوبەش، لەڕێگای کاری بەکۆمەڵ لە دەرەوەی سنووری دەزگا ڕەسمییەکان.

بەم بۆنەیەوە، دەبێت بزانین کە هێڵی جیاکەرەوە لە نێوان بزووتنەوە

کۆمەڵایەتییەکان و دەزگا ڕەسمییەکاندا، کارێکی ڕۆشن نییە. چونکە ئەو بزووتنەوانەی کە بەتەواوی جێگیربوون بەشێوەیەکی ڕەسمی کاردەکەن و وردە وردە تایبەتمەندیی بیرۆکراتی پەیدا دەکەن (دەکرێت مەسەلەی دروستکردنی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان لەلایەن پارتەکانی کوردستان، شێوەیەک بێت لەم ڕەوشە). هەر بۆیە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەوانەیە بە تێپەڕبوونی کات ببنە ڕێکخراوی ڕەسمی، لەکاتێکدا زۆر کەم (بەدەگمەن) ڕێکخراوە، دەگۆڕێن بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.

سیفەتێکی دیکەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوەیە کە جیاوازە لە گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان، بەڵام ئەم جیاوازییە هەمیشە ئاسان نییە. گرووپەکانی هاوبەرژەوەندی، ئەو ڕێکخراوانەن کە بە مەبەستی کاریگەری لەسەر سیاسەتمەداران، بەجۆرێک کە لە خزمەتی ئەندامەکانیان بێت، پەیدابوون. لە کوردستانی خۆماندا، گەلێک ڕێکخراوی لەم جۆرە، لە سەرەوە دروست کراو لەلایەن دەسەڵاتەوە، یان لەلایەنی کەسانی سەربەو توێژە کە لە دەسەڵاتدا کاردەکەن یا نزیکن لە سەرچاوەی بڕیارەوە. ڕێکخراوەکانی پزیشکان، ئەندازیاران، پارێزەرانهتد دەکرێت شێوەیەک بێت لە شێوەکانی گرووپی هاو بەرژەوەندی. ڕێکخراوی دیموکراتی و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، بزووتنەوە و ڕێکخراوبوونە بۆ شوێنی کار و ژیان، واتە هەموو ئەوانەی لە کاری تەندروستیدا ژیان پەیدا دەکەن، بە پزیشک، کارمەند و کرێکارەوە دەبێت لە بزووتنەوەیەکی تایبەتی و لە ڕێکخراوێکی سەر بەو کارە (تەندروستییە) هیواکانیان بەدی بهێنن و هەر بەو ئەندازەیەش دەبێت هەوڵ بدەن بۆ بەدیهێنانی خێری گشتی لە بواری تەندروستیدا. ڕێکخراوی تەندروستیی وڵاتی سوید، هەموو ئەو کەسانەی تێدایە کە لەو بوارەدا کاردەکەن . نەک وەکو ڕێکخراوەکانی وڵاتی خۆمان، کە سەندیکای پزیشکاران جیاوازە لە سەندیکای کارمەندانی تەندروستی. لە وڵاتی ئاڵمان یەکێک لە گەورەترین سەندیکاکان، کە ناوی سەندیکای فلزکارانە، ٧٠٪ی ئەندامانی لە ئەندازیاران پێکهاتووە و ئەوی دیکەشی لە کرێکاران و کارمەندانی کە لەو ڕشتەیەدا کاردەکەن. بەڵام لە وڵاتی ئێمە سەندیکایەکی تایبەتی هەیە بۆ ئەندازیاران، کە زۆربەیان پێکەوە کار ناکەن، تەنیا خاڵی ناوکۆیی و هاوبەشیان ئەوەیە کە ئەندازیارن، واتە هاوبەرژەوەندیین. ئەندازیارانی ڕێگاوبان، شارەوانی، ئاوەدانکردنەوە و کەرتی تایبەت پێکەوە لەسەر

بناغەی هاوبەرژەوەندی سەندیکایان پێک هێناوە، کە بێگومان کارەکانیان لەیەکتری جیاوازە و مەبەستم ئەوەیە پێکەوە کار ناکەن. بەڵام ئەندازیارانی هەر یەکێک لەو بەشانە لەگەڵ کارمەندان و کرێکارانی هەمان بەش هیچ جۆرێک هەوڵدانی هاوبەش ناکەن بۆ بەدیهێنانی بزووتنەوەی شوێنی کار و ژیان. دامەزرانی رێکخراوی دیموکراتی و (ناحزبی!) لەسەر بناغەی هاوبەرژەوەندی، کە بێگومان نەک بە تەنها حاڵەتی چینایەتی بەپیرۆز رادەگرێت، بەڵکو حاڵەتی توێژبەندی «اصناف» زێتر قووڵ دەکاتەوە. بێگومان توێژبەندی لە حاڵەتی چینایەتی کۆنەپەرستترە. یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی بزووتنەوەی دیموکراتی و کۆمەڵایەتی لە رێگای رێکخراو و سەندیکا و کۆمەڵەکانەوە، کەمکردنەوەی جیاوازیی چینایەتییە، لە هەردوو مەیدانی ئابووری وفەرهەنگی، نەک قەتیس مان لەو حاڵەتەدا. هەمیشە رێکخراوی هاوبەرژەوەندی، چینایەتی و توێژبەندی بەرەو بیرۆکراتی و نزیکبوونەوە لە دەسەڵات مل دەنێ و دەسەڵاتیش لەو رێگایەوە باشتر دەتوانێت، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی پەرت و لێکدابڕاو بکات و سەرەنجام بیکاتە پاشکۆی خۆی. گرووپەکانی هاوبەرژەوەندی زیاتر لە رێگای پەیوەندیی سیاسی و تایبەتی لەگەڵ لێپرسراوی حیزبی و حکوومیدا کارەکانی خۆیان بەرەو پێشەوە دەبەن، بەڵام بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، لەرێگای کاری بەکۆمەڵ و جەماوەری و چالاکیی ئاشکرا، زەمینەی دیموکراتی لە کۆمەڵدا فراوانتر دەکەن، ئەمە سەرەرای کارکردنی یاسایی و رێکخراوەیی.

تا ئێستا بەشێوەیەکی بەرایی، پێناسە و سیفات و جیاوازیی نێوان بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و حیزبەکان و رێکخراوەکانی بەرژەوەندی هاوبەش، باس کرد. بەڵام بۆ ئەوەی بە باشتر لەم مەیدانە شارەزابین و جوانتر بتوانین بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بناسین، پێویستمان دەبێت جارێکی دیکە پەنا ببەینە بەر کۆمەڵناسی ناودار، ئەنتۆنی گیدنز و کتێبە نایابەکەی دەربارەی کۆمەڵناسی و بزانین ئەو چۆن سەبارەت بەجۆرەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەدوێت. گیدنز بیروڕای (داڤید ئابرل)ی سەبارەت بە جۆرەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەم جۆرە خاڵبەندی کردووە:

١- ئەو بزووتنەوانەی کە دەیانەوێت دنیا بگۆڕن و دنیا هەڵگێڕنەوە، ئامانجی ئەوان بۆ هەموو کۆمەڵ یان چەند کۆمەڵ و چەند وڵاتە. ئەو گۆڕانەی کە ئەندامانی ئەم بزووتنەوانە دەیانەوێت بەدییان بهێنن، گشتی و بێ سنوور و زۆربەی جاریش بە

ڕێگایەکی توندوتیژە. نموونەی ئەم بزووتنەوانە، بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکان یان بزووتنەوەی دینیی ڕادیکاڵ (لای خۆمان ئیسلامی سیاسی). بۆ نموونە، زۆرێک لە بزووتنەوەکانی هەزارەی مەسیحی دەیانەوێت، کەموزۆر پێکهاتەی تەواوی کۆمەڵ بگۆڕن، کە بە بڕوای ئەوان سەردەمی ڕزگاری لە پێشەوە بوو.

٢- بزووتنەوە ڕیفورمیست و چاکخوازەکان، کە ئامانجی دیاریکراو و سنووردارییان بۆ چاککردنی بەشێک لە لایەنەکانی ژیان و گۆڕانی، خستبووە بەرنامەی خۆیانەوە. دوو جۆری دیکە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی هەیە، ئامانجیان ئەوەیە دابونەریتەکان یان هەندێک لە بیروباوەڕی کەسەکان، بگۆڕن.

٣- بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان، کە لە هەوڵی ئەوەدان خەڵک لەو جۆرە ژیان وبیرکردنەوەیە ڕزگار بکەن، کە ئەوان پێیان وایە بۆگەن بووە. بەشێکی زۆر لە بزووتنەوە دینییەکان و بە تایبەتی ئیسلامییەکان بەم شێوەیە بیر لە ڕزگاری دەکەنەوە. بیروباوەڕی ئەم بزووتنەوەیە بەو شێوەیە (کە گەشەی مەعنەویی تاکەکان نیشانەی ڕاستەقینەی بەهای ئەوانە).

٤- سەرئەنجام، ئەو گرووپانەی کە تا ئەندازەیەک پێیان دەوترێت بزووتنەوەکانی ئاڵوگۆڕ، ئامانجیان گۆڕانێکی جزئی (بەشییە) لە تاکەکاندا. ئەوان نایانەوێت تەواوی دابونەریتەکان بگۆڕن، بەڵکو دەیانەوێت هەندێک تایبەتمەندیی دیاریکراو بگۆڕن (زۆربەی بزووتنەوە ناسیونالیستەکان، بەم شێوەیە بیر دەکەنەوە).

زەمینەکانی پەیدابوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان:

دیسان ئانتۆنی گیدنز، لەو کتێبەیدا، دەچێتە لای (نیل سمڵسەر) و باسی شەش پێشمەرجی بەدیهاتنی کاری بەکۆمەڵ یان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەشێوەی تایبەتی، دەکات:

یەکەم، زەمینەی بونیادی کە هەموو ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییانەن کە ڕێگە دەدەن، یان ڕێگرن لە بەدیهاتنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.

دووەم، فشار و زۆری بونیادەکان کە دەبنە مایەی ناکۆکی- یا لە زاراوەی مارکسیدا، ململانێکان- کە سەرچاوەیەکە بۆ پەیدابوونی بەرژەوەندی ناکۆک و دژ بەیەک لە دەروونی کۆمەڵدا. ئەم فشارانە بەشێوەی نیگەرانی دەربارەی ئاییندە،

پشێوییەکان، نارۆشنییەکان ومیان هەڵوێستی ڕاستەوخۆ بۆ ئامانجەکان دەردەکەون. سەرچاوەی فشار، لەوانەیە بەشێوەی گشتی یان تایبەتی جێگا و ڕێگای دیاریکراویان هەبێت. بۆ نموونە نایەکسانی و هەڵاواردنی نێوان گرووپە میللییەکانن، یان چین و توێژەکان سەرچاوەی ناکۆکی و سەرەنجام بەدیهاتنی ئەو بزووتنەوانەن.

سێیەم، کاریگەریی بیروباوەڕەکان و بەتایبەتی ئەو باوەڕانەی کەچوونەتە دۆخێکی گشتیکراو. بزووتنەوەکان تەنها لە وەڵامی پشێوی و گومانەکان یان دوژمنایەتییەکان لە بەرامبەر ئەوانی دیکەدا، پەیدانابن، بەڵکو ئەوان لەژێر کاریگەریی بیرو ئایدیۆلۆژیای دیاریکراو و پێشتر ئامادەکراو، شکڵ دەگرن، کە بەهۆیانەوە داواکاری و نەیارییەکان بەرجەستە دەکرێت و ڕێگا چارەشیان بۆ دەدۆزرێتەوە. بۆ نموونە، بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکان لەسەر ئەو بناغەیە دامەزراون، کەبۆچی بێدادی ڕووی داوە وچۆن دەتوانرێت ئەوانە لە ڕێگای خەباتی سیاسییەوە کەم بکرێتەوە.

چوارەم، هۆکاری خێرادەر، ئەو ڕووداوانەی کەدەبنە هۆی بەشداریی خەڵکی لەبزووتنەوەکاندا و کەڕاستەوخۆ دەبێتە مەیدانی کاری بزووتنەوەکان. ڕووداوی (ڕۆزا پارکز)ی ڕەش پێست کە نەیانهێشت لە ئۆتۆبوسدا لەو شوێنەدا دابنیشی کە بۆ ڕەشەکان نەبوو تیا دا نیشت، لە شاری مۆنتگمری لە ویلایەتی ئالاباما (ئەمریکا) ساڵی ١٩٥٥ بە سەرەتای دەستپێکردنی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی ئەمریکا، کۆمەکی کرد.

پێنجەم، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، کاتێک بە ئەنجام دەگەن کە گروپێک یان پارتێک، بتوانێت هێز و یارمەتی بۆ فەراهەم بکات. ڕابەرایەتی و جۆری هۆکاری پەیوەندیی نێوان بەشداربووان، هاوڕێ لەگەڵ پشتیوانیی سەرچاوەی دارایی و ماڵی دەتوانێت، پێشمەرجێکی باشی پەیدابوونی بزووتنەوەکان بێت.

شەشەم، لە کۆتاییدا چۆنییەتی پەیدابوون و گەشەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، بەتوندی لەلایەن (کارکردنی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی) کاری تێ دەکرێت. دەزگا

دەسەڵاتدارەکان دەتوانن بە دەستێوەردان و گۆڕینی زەمینەی بونیادی و ئەو فشارانەی کە بوونەتە هۆیەک بۆ بەدیهاتنی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، وەڵام بدەنەوە. بۆ نموونە، دەکرێت لەهەلومەرجی ناکۆکی نەتەوایەتیدا، هەندێک کار و هەنگاو بگیرێتە بەر کە لە توندوتیژیی ئەو بزووتنەوانە، کەم بکاتەوە یان زیاتریان بکات.

مێژوویی بوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان وەڵامێکی ناعەقڵانی نین لە بەرامبەر هەڵاواردن و بێ مافیی کۆمەڵایەتی. ئەوان لە ئەنجامی چەندین دیدگا و ستراتیژی مێژوویی کە ئەوە پیشان دەدەن بە چ شێوەیەک لەبەرامبەر بێ مافی و نەبوونی دادپەروەریدا خەبات دەکەن. لە دیدی «ئالان تۆرین» دا، ناتوانین کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان وەکو چەند ئەنجومەنێک یان هاوکارییەک کە لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی دابڕابن، بناسین، بەڵکو لە پەیوەندی و کاریگەریی بەردەوامدان لەگەڵ تەواوی ڕەوشی کۆمەڵ. هەر لێرەوە، دەگەینە ئەو ئامانجەش، کە بزووتنەوەکان کاردانەوەشن بەرامبەر ئەو کارانەی کە لەدژی ژیانێکی ئارام و دیموکرات و بەهرەمەندە. سەرەنجام تۆرین دەگاتە ئەو ئاکامەی کە دەبێت زانینی باش سەبارەت بە بزووتنەوەکان لە مەیدانی کار و کاریگەرییان لەناو کۆمەڵدا، بەدەست بهێنین و لێکدانەوەی بزووتنەوەکان لەو کارانەدا دەبێت کە لەبەرامبەر دەزگا ڕەسمییەکان و بیروکراتی و سەپێندراوەکان، باشتر ڕۆشن دەکرێتەوە.

یەکەمین کەس کە باسی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کردبوو، «لۆرنز فۆن شتاین» لە کتێبی «بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی فەرەنسا لە ١٧٨٩- تا ئەمڕۆ» کە لە ساڵی ١٨٤٢دا چاپی کرد، لەلای شتاین، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بەم جۆرە باس کرا؛ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی وەکو خەباتی سەربەخۆییخوازیی کۆمەڵایەتیی کرێکاران گەیشتە لووتکە، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە سەدەی نۆزدەدا، تاڕادەیەکی زۆر بە هەمان بزووتنەوەی کرێکاری یەکسان کرابوو.

هەڵبەتە ئەم دیدە، یان ئەم ناسینە بەتەواوی ڕۆشن نەبوو، چونکە پاشتر لەلای

«توکڤیڵ» دەبینین کە گرنگیی زیاتر بە بزووتنەوەی دیموکراتی، نەک کرێکاری دراوە، کـە لەلایەنی چینـی ناوەندەوە پشـتـیـوانیی دەکـرا، بەڵام کـاریگەریی بزووتـنەوەی کرێکاری لە بزووتنەوەی دیموکراتیدا بەرەو زۆربوون دەچوو کە سـەرەنجام بزووتنەوە و پارتەکـانی سـۆسـیال- دیموکراتی تاڕادەیەکی زۆر هـەردوو بزووتنەوەکەی ئاوێزان کرد.

لە کۆمەڵەکانی ئەورووپا و ئەمریکای باکوور، لەدوای شۆڕشەکانی سەدەی نۆزدەوە، بەشێکی زۆری خەڵک لەو وڵاتانەدا دەستیان کرد بە بەشـدارییِ کاریگەر و ئاگاهانە لە بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکانیان. دەتوانین ئەم هەلومەرجە مێژووییە وەکو سەرەتایەک بۆ پەیدابوونی بزووتنەوە جەماوەرییەکان باس بکەین کە لە نێو ئەمانەدا، لە کۆتاییی سەدەی نۆزدە، بزووتنەوەیەکی کرێکاری و سۆسیالیستی وەکو بوونێکی کۆمەڵایەتی بەرجەستە خۆی ئاشکرا کرد. پاشان بزووتنەوە میللی و نەتەوەییەکانی ئەورووپا و ئـەمـریکا و بەشی هەرەزۆری وڵاتەکـان، توانیـیـان گـرنـگی و کـاریگەریی خـۆیان لـەسـەر بزووتنـەوەکـان بەجێ بهـێـڵن. بزووتنـەوەی ئافـرەتـان و لاوان بۆ بەشداربوون لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، دەورێکی کاریگەری لە فراوان کردنی پانتاییی دیموکراسیدا، نواند. ئەم بزووتنـەوانە بوونە سەرچاوەی بەدیهاتنی پارت و کۆمەڵە و سەندیکاکان، کە باشترین نەخشێنەری کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە بوون. ئەم بزووتنەوانە تا ناوەڕاستی سەدەی بیست، بەردەوام بوون و تا ئەو کاتە ئەکتەری سەرەکیی شانۆی دیموکراسی وکۆمەڵایەتی بوون.

لە ساڵانی دەهەی پەنجا و شەش بەدواوە چەندین بزووتنەوەی نوێی جیاواز لەوانی پێـشـوو پەیدابوون کـە بەئاشـکرا گـرنگیـیـان دەدا بە کـاری جـەمـاوەری، نەک ڕێکخـراوەیی. ئەم بزووتنەوانە لە ڕواڵەتدا پەراگـەندە دەردەکـەوتن، یان بڵـێین (ئازادتر) دەرکـەوتن و شـێـوەی ڕێکەوتن و کـاری هاوبەش پشـتی نەدەبەست بە ئاستەکانی ڕێکخراوبوون، بیرۆکراتی و لە بیروباوەڕیشدا نەدەگەڕانەوە بۆ دید و ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراو: بەڵکو بەشێوەی فـەرهەنگی گشـتی و مـافی مـەدەنی و فراوانکردنی ئازادیـی سیـاسی دەردەکەوتن، ئەم زەمینەیە پاشان توانیی نەوەیەکی نوێ لە کۆمەڵەکان، سەندیکاکان و پارتەکان بەدی بهێنێ. دەکرێت پارتەکانی سەوز،

کۆمەڵە فەرهەنگی و لێکۆڵینەوە کراوەکانی بیر و فەلسەفە، بە باشترین نەخشێنەری ئەم سەردەمە بناسرێن.

وێڕای جیاوازیی نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان (ئەوانەی پێشوو و ئەوانەی دوای ناوەڕاستی سەدەی بیست)، چونکە بزووتنەوەکان لە پانتاییەکی فراواندا بوونیان هەیە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سەرقاڵی هەڤرکیی کۆمەڵایەتی و سیاسین، کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی جۆرەها بیرو ئایدولۆژی و لە کۆتاییدا توانیویانە لە مێژوویەکی درێژدا بەردەوام بن و لەسەر تەواوی ئەو مێژووەش، شوێن دابنێن. وێڕای ئەمانە، گرنگی و تایبەتمەندیی ئاشکرای بزووتنەوەکان (کۆن و نوێ) ئەوەیە کەئەوان (بەدیهێنەری خود و بەدیهێنەری کۆمەڵی نوێن. لەم ڕەوەندە خۆ بەدیهێنەرەدا، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە ئەو هێزانەی کە ڕژێمی جێگیری پێشوو بەرەو ڕووی خەبات دەکەنەوە و سەرەنجام کۆمەڵ بەرەو جۆرەها کاناڵ و هەڵبژاردنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەرەوپێش دەبەن.

ئەم هێزە نوێهێنەرانە، وێڕای ئەوەی کە ڕژێمەکانی پێشوویان خستووەتە ژێر گومان و پرسیارەوە، لە جێگای ئەوانە ڕژێمە دیموکراتییەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، یان ئەوانەی پێیان دەوترێت (دیموکراسیی جێگیر) لە دنیای سەرمایەداریی ڕۆژئاوا. ڕژێمە سۆسیالیستە (ئۆتۆکراتییە جێگیرەکان)کانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیان بەدی هێنا و پاشان لە دنیای سێیەمدا، وڵاتانی تازە ڕزگاربوویان بەدی هێنا و کەبەرەو (نوێ سازی) و(پیشەسازیبوون) چوون. ئەگەرچی دەکرێت ڕەخنەی گرنگ لەم ڕژێمانە بگیرێت، بەتایبەتی لە ڕوانگەی ئازادی و کرانەوەوە، بەڵام ئەمان کاریگەریی بەرچاویان لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی هەبوو.

کاریگەریی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

أ- کاری کۆمەڵایەتی یان بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کە سەرچاوە لە بیروباوەڕی دیاریکراو یان لە فەرهەنگێکی دیاریکراو وەردەگرێت، دەتوانێت کاریگەریی گەورەی لەسەر ژیانی دیموکراتی هەبێت. بزووتنەوەکانی کرێکارانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، کە بەشی هەرە زۆری سەرچاوەکانی بریتی بوون لە بیروباوەڕی

سۆسیالستی و بیروباوەڕی ڕیفۆرمستی و بەتایبەتی ڕێکخراوبوونی تریدیۆنیونی، توانییان دوو کاریگەریی زۆر گەورە لە کۆمەڵ بکەن. لەلایەکەوە، توانییان هەلومەرجی ژیانی ئابووری و سیاسیَ و فەرهەنگیی خۆیان باشتر بکەن و لەلایەکی دیکەشەوە، پانتایی دیموکراسییان لە کۆمەڵدا فراوانتر کردەوە. بەم شێوەیە لەوە تێ دەگەین کە بزووتنەوەی کۆمەلایەتی سەرەڕای ئەوەی کە داواکاریی تایبەتی هەیە، بەهەمان شێوەش دەتوانێت بەرنامەی سیاسی وکۆمەلایەتیی بۆ تەواوی کۆمەڵ هەبێت و بانگەوازی هەندێک لە پرنسیپە گشتییەکان بکات. بزووتنەوەی کرێکاران، بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی نەتەوەکان، بزووتنەوەی ئافرەتان ولاوان، بزووتنەوەکانی بەرهنگاربونەوەی ڕژێمە کۆنەکان و بزووتنەوەی کەمایەتییە نەتەوەیی و دینییەکان.

ناتوانین ناوی بزووتنەوەی کۆمەلایەتی لەو هەولانە بنێین کە داواکارییەکانیان جێبەجێ ناکرێت. ئەو بزووتنەوانەی کە هەموو ڕێگایەکی پەیوەندی لەگەڵ سیستەمی دیموکراتیدا دەبڕن، لە سنووری بزووتنەوەی کۆمەلایەتی دەردەچن. ئەم بزووتنەوانە، یەکەمین کار کە دەیکەن پەنا دەبەنە بەر کاری سەربازی و جەنگی نێوخۆ، کە سەرەنجام ئاستەنگی کۆمەلایەتی پەیدا دەبێت. بزووتنەوە ئیسلامییە چەکدارەکان، لە ولاتانی ئیسلامیدا جۆرێکن لەو بزووتنەوانەی کە دژی دیموکراسی و دژی هەموو بزووتنەوەکانی دیکەن. واتە کاریگەریی ئەم بزووتنەوانە، کاریگەرییەکی نێگەتیڤە.

ب- بزووتنەوەی کۆمەلایەتی و دیموکراسی لە تەنیشت یەکەوە دەڕۆن، هەرگیز دژی یەکتر نابن و لە یەکتری جیا نابنەوە. ئەو ڕژێمە سیاسییەی کە تەنها حاڵەتی توندوتیژی لە بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکاندا دەبینێت و داواکارییەکان بە مەحاڵ دەزانێت، بێگومان سیفەتی نوێنەرایەتی پێشێل دەکات و دژی ئیرادەی خەڵک دەوەستێت. بەلام ئەم قسانە، لەگەڵ بزووتنەوە چەکداری و تیرۆریست و بونیادگەراکاندا وێک نایەتەوە. بونیادگەریی دینی، یان بونیادگەریی شۆڕشگێڕانە و ڕادیکاڵ، کە بانگەوازی ڕووخان و نەمانی خودی سیستەمی دیموکراتی دەکات، ئەگەرچی ئەو سیستەمانە کەموکوڕیشیان هەبێت، بێگومان دژی دیموکراسی و بزووتنەوەی کۆمەلایەتی ئازاد کار دەکات، جا ئەگەر ئەو

کارکردنە چەکداری بێت یان سیاسی. نموونەی ئیسلامی سیاسی (بە باڵی چەکدار و سیاسی) و کۆمۆنیزمی بەناو کرێکاری، لە وڵاتی خۆماندا دیارترین ئەو بزووتنەوانەن کە کاریگەریی نەریتیان لەسەر دیموکراسی و پانتاییی جەماوەریی دیموکراسی (واتە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و جەماوەری) هەیە.

ج) بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، ناتوانێت کۆمەڵایەتی و ئازاد بێت ئەگەر بێتو لە ئامانجەکانیدا بەها و بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو نەگرێت. بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ژیانی سیاسی، تارادەی پێکدادانی دوویەرە یان چەند بەرەیەک کە قسەکەری چینەکان و توێژەکان بن، کەم ناکاتەوە. بەڵکو بەردەوام هەوڵی فراوانکردنەوەی مەیدانی دیموکراتی و ئازادیی سیاسی دەدات کە زۆرترین هاوکاری وزەمینە بۆ هەڵبژاردنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری فەراهەم دەکات و کە لەڕێگای هێزە کۆمەڵایەتییە کاریگەرەکانەوە، هەمیشە خێرو بەرژەوەندی گشتی دەکرێتە ئامانجی هاوبەشی نێوان سیستەم و بزووتنەوەکان. هەر بۆیە تەماشا دەکەین، کە گەورەترین بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دروشمی گشتی و فراوانییان لە جۆری ئازادی، یەکسانی، مافەکانی مرۆڤ، دادپەروەری وهاوکاری کە دروشمی خێر و بەهای گشتین.

ئالان تورین، کە خاوەنی تیۆری سۆسیۆلوجیای بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە، پەیوەندیی نێوان دیموکراتی و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، لە بیری کۆمەڵناسیدا بەم جۆرە باس دەکات: پەیوەندیی بەهێزی نێوان چەمکی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی و داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ باشتر دەردەکەوێت، کە کاتێک لە نێوان ئەو بزووتنەوانە و خەباتی چینەکاندا جیاوازی دادەنێین. ناکۆکی چینایەتی باری مرۆڤایەتیی بەشێوەیەک قورس کردبوو کە بەناوی حەتمیەتی مێژووەوە، بانگەوازی سەرکەوتنی عەقڵی دەکرد کە پێویستی بە شۆڕش و ڕاپەرینی جەماوەری هەبوو: ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبووە هۆی کاری شۆڕشگێڕانە، زیاتر لەوەی ببێتە هەوڵی بنیاتنانی ژیانی دیموکراسی. گۆڕینی خەباتی چینایەتی بە چەمکی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی (لە جێگایەکی دیکەدا، دەڵێت، ئازادی سیاسی) ڕێگەمان دەدات کە سۆسۆلۆجیایەکی نوێ پەیدا بکەین (کە پێی دەوترێت

کۆمەڵناسیی کارایی مێژوویی یان خودی مێژوویی) و جێگای تیۆری مێژوویی و سۆسیولۆجیای ئازادی لەجیاتی تیۆری حەتمیەت. چونکە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە کە هێزە کۆمەڵایەتییەکان ئازاد بکات، نەک بەدیهێنانی کۆمەڵێکی «مثالی»، یان سروشتی یان بەدیهێنانی کۆتایی مێژوو، کە هەموویان بەشێکن لە تیۆری حەتمیەتی شۆڕشگێڕانە.

د) بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بە پێچەوانەی بانگەوازی خەباتی چینایەتی یان بونیادگەریی ئیسلامی، بزووتنەوەیەکی شارستانی و مەدەنییە. پێش ئەوەی کە رەخنە بێت لە هەندێک لایەنی نێگەتیڤی دیموکراسی و سیستەم (کە بێگومان رەخنەگرە لەم لایەنانە) دووپاتی خودی سیستەمی دیموکراتی دەکاتەوە. هەروەکو سانتیاگۆ کاریللۆ، خاوەنی بیروباوەڕی ئۆرۆکۆمۆنیزم (کۆمۆنیزمی ئەوروپی) دەڵێت: دیموکراسی لەڕووی بنەما و بونیادەوە سیستەمێکی باشە. پاشان دێتە سەر رەخنەکانی لە خودی ئەو دیموکراسییە. دڵنیاییی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر سیستەمی دیموکراتی باشتر دەتوانێت زەمینە و کاری دووبارە بنیاتنانەوە و نوێکردنەوەی ئەو کۆمەڵە سازبدات. گرنگی بەرچاوی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە کە وێڕای داواکاری و رەخنەی بەردەوام، بەڵام هەتا بۆی دەکرێت لە توندوتیژی دوور دەکەوێتەوە. بیری توندوتیژی لەوپەڕی ناکۆکیدایە لەگەڵ دیموکراسی و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی. هەربۆیەش بزووتنەوەکان بەردەوام ئەو دەسەڵاتانە دەخەنە ژێر پرسیارەوە، کە هەوڵ نادەن دانوستانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە فراوانترین پانتاییدا بەکار بێنن. لەکاتێکدا ئەو دەوڵەتانە یان ئەو سیستەمانە لە دەرەوەی کۆمەڵی خۆیان، لەگەڵ دەوڵەتەکانی دی بۆ بەدیهێنانی داواکارییەکان، رەوشێکی توندوتیژی بەخۆوە ناگرن، هەر بەو ڕادەیە دەتوانن دەوڵەت و حیزبەکانیش بەرەو ئەو هەلومەرجە ئاشتییە بەرن.

ه) کارو چالاکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەدیهێنانی ئازادییەکی سیاسی باشتر، ژیانێکی ئابووریی گونجاوتر، سیستەمێکی کراوەتر و دیموکراسییەکی فراوانتر، دەبێتە هۆکارێک و پاشان دەبێتە زەمینەیەک بۆ ئەوەی ئەم داواکارییانە

بینە بەشێک لە فەرهەنگ و پەروەردە و سەرەنجام ببنە شێوەیەک لە ژیان و دابونەریت، کە دەسەلاٚت و هێزەکانی دواتر نەتوانن بە ئاسانی ئەم بنافە فەرهەنگییانە لەناوببەن یان بەرتەسکیان بکەنەوە. بزووتنەوەی کۆمەلاٚیەتی دەتوانێت خودی ئەو ڕێگا وخەباتانەش کە بۆ ئەم هیوایانە بەکاری دەهێنێت، واتە کاری بەکۆمەڵ، دانوستانی کۆمەلاٚیەتی، ئاڵوگۆڕی بیروڕاکان و خستنەڕووی زیاتر لە ڕێگاچارەیەک، بکاتە فەرهەنگ و شێوەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەلاٚیەتی و بەهۆی ئەمانەشەوە پانتایی ئازادی و دیموکراسی فراوانتر بکەنەوە.

و) بزووتنەوە کۆمەلاٚیەتییەکان کە نوێنەری کەمایەتییەکان (دینەکان)، (نەتەوەکان) یان(ڕەگەزی دیکەن)، کە داکۆکی دەکەن لەو خەڵکە ستەمدیدەیە و دەیانەوێت ڕاستەوخۆ بێنە مەیدانی کاری کۆمەلاٚیەتییەوە ڕازی نابن کە ببنە بزووتنەوەی دووەم یان هێزی یەدەکیی ئەو بزووتنەوانەی کە نوێنەری زۆرایەتین. بزووتنەوەی نەتەوە بندەستەکان، کۆتایی هێنا بە ئەفسانەی نەتەوەی بالاٚ دەست، بزووتنەوانەی ئافرەتان کۆتایی هێنا بە ئەفسانەی زۆرایەتیبوونی پیاوان و نایابیی دەوری ئەوان، هەر بەو شێوەیەش بزووتنەوەی کەمینە دینییەکان دەتوانێت دەسەلاٚت و هەژموونی دینی زۆربە بخاتە ژێر پرسیارەوە.

ڕاپەڕینی سالّی ١٩٦٨ خوێندکارانی ئەورووپا، چەمکی ئایدیۆلۆژیکی (پێشڕەوایەتی)ی پرۆلیتاریای پیشەسازیی لە گۆڕ نا. ئەم دەورە پێشڕەوایەتییە کەلێک پێش ئەو مێژووە بووبووە شوێنی گومان، بەلاٚم هەرگیز بەم ئەندازە بەرچاو و کاریگەرە نەبوو، چونکە لە ١٩٦٨ خوێندکاران و کرێکاران و بەشدارانی ئەو بزووتنەوەیە ئەوەیان سەلماند کە پرۆلیتاریای پیشەسازی، بەشێکن لە چینی کرێکار و زۆربەی جاریش کەمایەتین و خەباتکارانی ١٩٦٨ سەلماندیان کە کەس پێشڕەو و ناوەندی بزووتنەوە کۆمەلاٚیەتییەکان نییە.

بزووتنەوە کۆمەلاٚیەتییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی نیوەی دووەمی سەدەی بیست بەملاوە، توانییان زەمینەیەکی جەماوەریی بەهێز بۆ تێکشکاندنی ئەو بیرو فەلسەفانە ساز بدەن، کەباسی دەوری پێشڕەوی یان نایاب و سازدەریان بۆ یەکێک

له پێکهێنەرەکانی بوون یان مەعریفە (عەقڵ، بونیاد، شۆڕش، حەتمییەت، غەریزە، ئیرادە، سیاسەت، ئابووری، فەرهەنگ و تەنانەت خودی بیرو فەلسەفەش) خەباتکارانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، پێش بیرمەندان و فەیلەسووفەکان رایان گەیاند کە بوون و مەعریفە و ژیان لە کۆی تاکەکان پێک هاتووە.

ز) سەرکەوتنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان (کۆنەکان و نوێکان) کاریگەرییەکی سێ لایەنەیان لەسەر ژیان و رەوشی کۆمەڵەکان دانا. یەکەم، هەلومەرجی یاسایی و حقووقی و سیاسەتەکانی دەوڵەتیان گۆڕی، دووەم، هەلومەرجی دەروونیی خودی بزووتنەوەکانیان بەرەو باشتر گۆڕی و سێیەم، بەشێوەی گشتی تەواوی بیرو هۆشەکانیان بەرەو پێشەوە برد و لەمەودوا کۆمەڵەکان بەبێ ئەو بزووتنەوانە هەڵ ناکەن. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان توانییان گەلێک ئاڵوگۆڕی گرنگ لەناو بیروباوەڕەکاندا بەدی بهێنن. ئەوان توانییان مارکسیزم و سۆسیالیزمی کلاسیک بەرەو سۆسیال- دیموکراسی بەرن و پاشان سۆسیال- دیموکراسیش بەرەو بزووتنەوە و حیزبەکانی رێگای سێیەم و سەوز و حیزبەکانی ئازادی بەرن. رەخنەی بزووتنەوە نوێکانی خوێندکاران و کرێکاران و نەتەوەکان و ئافرەتان هەر تەنها لە پارتە کۆنەکانی (چەپی کۆن) بەشێوەی سۆسیالیست و نەتەوەیی، نەبوو بەڵکو خودی چەپی نوێ و رێکخراوە نەتەوەییە نوێکانیان بەرەو کرانەوە و فرەیی برد. هەر بەو بۆنەیەوە میکائیل گۆرباچۆف دەڵێت: دیموکراسی زیاتر، یەکسانە بە سۆسیالیزمی زیاتر. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان توانییان، مەسەلەی دەسەڵات و دەسەڵاتی ناوەندی و حزبەکان بەرەو دابەشبوون بەرن و هەر بەو بۆنەوە، تێکۆشەر و زانای ئیتالی گرامشی دەڵێت: بە دیهاتنی شێوەکانی دیکە لە دەسەڵات و هەژموونی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەناو خەڵک و لە چوارچێوەی هێزی کۆمەڵایەتیی سەربەخۆ لە دەسەڵات، رێگا خۆش دەکات بۆ بەدیهاتنی سەربەخۆیی خودەکان و گرووپەکان .

سەرچاوەکان:

١- ألان تورين، ماهي الديموقراطية؟ ترجمة، حسن قبيسي، دار الساقي، بيروت ، ١٩٩٥
٢- اريك هوبزباوم، الامم والنزعة القومية. ترجمة، عدنان حسن، دار المدى، ، ١٩٩٩
٣- ألان تورين، هەمان سەرچاوە.

٤- بروانه: الان تورين، نقد الحداثة، ترجمة انور مغيث، المجلس الاعلى للثقافة ,١٩٩٧
ايمانويل والرشتاين، سياست وفرهنگ در نظام متحول جهانی، نشرنی ,١٣٧٧
باتامور، جامعه شناسی سیاسی، ترجمه منهوچهر صبوری، انتشارات کیهان ,١٣٦٦
أنتونى گيدنز، جامعه شناسی، ترجمه، منوچهر صبوری، نشرنی چاپ چهارم ,١٣٧٧
٥- ألان تورين، ماهي الديموقراطية؟
٦- هەمان سەرچاوە.
٧- أنتونى گيدنز، جامعه شناسی، ترجمه منوچهر صبوری، نشرنی ,١٣٧٧ ل ل ٦٧٧- ,٦٧٨
٨- ايمانويل والرشتاين، سياست وفرهنگ در نظام متحول جهانی، ترجمه، پیروز ایزدی، نشرنی تهران، ,١٣٧٧
٩- ألان تورين، ماهي الديموقراطية ؟
١٠- هەمان سەرچاوە.
١١- هەمان سەرچاوە.
١٢- الآن تورين، نقد الحداثة. ترجمة انور مغيث، المجلس الاعلى للثقافة ,١٩٩٧
١٣- الان تورين، ماهي الديموقراطية؟
١٤- هەمان سەرچاوە.
١٥- أنتونى گيدنز، هەمان سەرچاوە.
١٦- ئەم زانیاریەم لە هاورییانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی بیستووە، لە کۆڕێکدا کە من بۆ ئەو مەبەستە و هەربەم ناونیشانە، لە نەخۆشخانەی منالآن بۆ ئەوانم سازدا.
١٧- أنتونى گيدنز، هەمان سەرچاوە. ل ٦٧٣
١٨- أنتونى گيدنز، هەمان سەرچاوە. ل ٦٧٤
١٩- باتامور، جامعه شناسی سیاسی، ترجمه منوچهر صبوری، انتشارات کیهان، تهران ,١٣٦٦
٢٠- باتامور، هەمان سەرچاوە. ل ٥٩
٢١- ألان تورين، ماهي الديموقراطية؟ ل ٨١
٢٢- ألان تورين، هەمان سەرچاوە. ل ٨٢
٢٣ - باتامور، جامعه شناسی سیاسی، ترجمه منوچهر صبوری، انتشارات کیهان. ١٣٦٦
٢٤ - ايمانوئيل والرشتاين، سياست وفرهنگ در نظام متحول جهانی، ترجمه پیروز ایزدی، نشرنی، تهران ,١٣٧٧
٢٥ - هەمان سەرچاوە. ل ,١١٧
٢٦ - هەمان سەرچاوە. ل ,١١٨

پێرست

کورد و گەڕان بەدوای خۆدا
پێشەکی 5
بەشی یەکەم 13
بەشی دووەم 37
بەشی سێیەم 61
ڕەوشی جیهانی و پرسی کورد 82
ڕەوشی سیاسیی کوردستان بەرەو کوێ؟ 121
کوردستان لە سەرەتای کاروانی دیموکراسیدا 137
ناکۆکی و یەکێتیی نێوان کورد 151
پەیوەندی و دامەزراندنی کوردی 163
پارت و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی دیموکراسیدا 183